


# کۆمەڵێک بابەت و بیروڕایی

# هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر مستەفا مەعرووفی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥

١- گوتاری سیاسیی کورد لە دۆخی ئاڵۆزی ئەمڕۆدا دەبێ چ بێ؟
٢- دوژمنایەتی لەگەڵ رۆژئاوا تەنیا خاڵی هاوبەشی ئێران و رووسیە
٣- خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆی رازی و چاوەڕوانییەکان
٤- بیری دیموکراسی لە نێوان ململانێی ئێران و عەرەبستاندا
٥- بەرپرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا
٦- پیرۆز بێ ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستدا
٧- کاریگەرییەکانی ململانێی ئێران و عەرەبستان لەسەر رەوتی رادیکالیزم و مەسەلەی دیموکراسی لە ناوچەدا
٨- رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی و هەڵسەنگاندنێکی کورت
٩- ئەمر بە مەعرووف یان ئەمر بە هەرج و مەرج؟
١٠- تارماییەک لە خستنەڕووی کێشەی کورد لە ئێراندا
١١- تێڕوانینێک لە نەورۆزی ئەمساڵ
١٢- بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە ٣٦ ساڵەی شۆرشی گەلانی ئێراندا
١٣- رۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەرفەتێک بۆ زمانی کوردی
١٤- هەڵوێستی دوو چەشنەی رۆژئاوا لەبەرامبەر تێرۆریزمدا

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤


١- سانترالیزمی پایتەخت، سانترالیزمی سیاسی (سەرنجێک لە سەر ڕاگواستنی پایتەخت)

٢- پەسندکرانی زمانی کوردی بە فەرمی لە پاڕلمانی عێراق (لە غیابی زمانی فەرمیی سەرتاسەریی کوردیدا)

٣- فەرهەنگستانی زمانی فارسی مافی بڕیاردان لەسەر زمانی کوردیی نیە

٤- بۆمبارانی پیرانشار لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣دا، زامێکی سارێژ نەبوو

٥- دژایەتی لەگەڵ خوێندن بە زمانی زگماکی لەباری زانستیو لۆژیکییەوە بێبەهایە

٦- دژایەتی لەگەڵ خوێندن بە زمانی زگماکی لەباری زانستیو لۆژیکییەوە بێبەهایە

٧- شەڕی ئیسرائیلو حەماسو کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچە

٨- بەر پرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا (بە بۆنەی 22 ساڵەی تێرری د. شەرەفکەندی)

٩- مەترسیی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٠- زیادکردنی ماوەی خزمەتی سەربازی لە پێناوی چی دا؟

١١- هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٣- ئایا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو هەلومەرجێکی نوێ دەچێ؟

١٤- مەسەلەی کورد بەر لە هەر شتێک مەسەلەیەکی سیاسییە

١٥- هەڵسوکەوتی ئێران لەگەڵ قەیرانی ئەتۆمی

١٦- فەسادی ئیداری لە ئێران گەورەترین مەترسی یان گەورەترین بەرهەم!

١٧- لەدایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی ڕۆژی پێشمەرگە (بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەوە)


## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣


١- ڕووخانی ڕێژیمی سووریە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێ؟

٢- « کوردستان»و گەشەی زمان

٣- تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیو مەترسییەکانی

٤- تێزی: « کۆماری»و « ئیسلامی» ، کێشەی سەرکۆمارو ڕێبەر

٥- شەپۆلێکی نوێ لە گیرانی رۆژنامەنووسان

٦- دەستەبەندی‌یەکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی‌و دووره دیمەنی هەڵبژاردن

٧- هاشمیی رەفسەنجانی‌و ئەگەرەکانی هەڵبژاردن

٨- بەرنامەکانی رووحانی لە نێوان میانەرۆیی و توندرۆیی‌دا

٩- نیگەرانی‌یەکان لە بارەی کوردستانی سووریەوە

١٠- ئاکارە دێموکراتیکەکانی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان

١١- خوێندن بە زمانی زگماکیی نەتەوەکانی ئێران

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٢

١- روانگەیەکی کۆن بۆ کێشەی لەمێژینەی کورد، شەڕ یا پێشگیری لەشەڕ (بەشی دووهەم و کۆتای)

٢- پێگە لەرزۆکەکانی رووسیە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا

٣- رووسیە دوای هەڵبژاردن چۆن دەتوانێ ببێتە ئەکتەرێکی چالاکتر؟

٤- بۆ دووەم ساڵرۆژی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوچارەنووسەکانی

٥- رۆژنامەنووسیی کوردی و پرسی زمان

٦- قەیرانی لوبنان بەرەو کوێ؟

٧- شوێنی کورد لە رووداوەکانی سووریەدا

٨- میسر بەرەو کام ئەزموون؟

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ و ٢٠١١

١- ئێعدامو توندوتیژی دەرگایەک بەرووی کۆماری ئیسلامی‌دا ناکەنەوە

٢- لە بارەی پێوەندیی ئێرانو چین دا

٣- خیبرەگانی چاوەدێر بەسەر رێبەردا یان رێبەری چاوەدێر بەسەر خیبرەگانDا؟!

٤- ئەمن پێم وایە لەم قۆناغەدا تا نەتەوەی کورد بە ئازادی و مافەکانی دەگا، لاوی کورد ئەرکی سەرشانیەتی کاری سیاسی بکا.

٥- هەڵدانی سەرەتانیی سوپای پاسداران
٦- ئایەتوڵڵا مونتەزیری سەمبولی ئازایەتیو بەخۆدا هاتنەوە
٧- پرۆژەی کرانەوە بە رووی کورد داو مەبەستو هۆیەکانی
٨- تەمەنێک تاوانباری
٩- خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بۆ ئۆباما هەڵگری چ پەیامێکە؟
١٠- قەیرانی ئەتۆمی بۆ داپۆشینی قەیرانی نێوخۆ
١١- بەڵێ بۆ هەموو شێوە مەشرووعەکانی خەبات
١٢- سی ساڵەی شەڕی کوردستانوهەوڵەکانی کورد بۆ ئاشتی
١٣- با مەنتیقی سیاسی بەسەر رقەبەری و ململانێی ناسالم دا زاڵ بێ
١٤- راسیزم لە تەمومژی کۆنفرانسی ژنێڤ دا
١٥- رۆژنامەنووسیو بزووتنەوەی سیاسی دوو باڵی ناسیۆنالیزمی کورد
١٦- ٣٠ساڵەی دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٧- بەسیجی یان جاشەتی
١٨- لە پێشوازی ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا
١٩- شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە فەلەستین
٢٠- داگیرسانی پێنج سەدەمین مۆمی کوردستان
٢١- شەپۆلێکی دیکەی رەشبگیری
٢٢- لە دە ساڵی قەتڵە زنجیرەییەکان دا
٢٣- لاوی کورد لە پێناوی چ دا بەسیج دەبێ؟
٢٤- بیدەنگی بیروڕای گشتی لە ئاست پەرەگرتنی تاوانەگانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا

# نیگەرانی لەبارەی داهاتووی سیاسیی کورد لە سووریە

شۆڕشێک کە ساڵی ٢٠١١ لە سووریە دەستی پێکرد، بەشێک لەو شۆڕشانە بوو کە لە وڵاتانی عەرەبیدا وەرێ خران و بە "بەهاری عەرەبی" ناویان دەرکرد. ئەم شۆڕشانە جگە لە وڵاتی توونس، وەک شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، لە جیاتی جێگیربوونی دیموکراسی ـ لانیکەم تا ئێستا ـ دوو ئاکامی سەرەکییان لێ کەوتۆتەوە: شەڕی نێوخۆیی و سەرهەڵدان و گەشەکردنی رادیکالیزمی ئیسلامی. شۆڕشی سووریە چ لەبەر ئەوەی سەرنەکەوتوە، چ لە رووی درێژەکێشان و رادەی زۆری قوربانییان و زەرەرو زیانەکانیەوە شۆڕشێکی تایبەت بە خۆیەتی. نائەمنییەکانی سووریە پەلوپۆیان بۆ سەرتاسەری جیهان، بە تایبەتی ئورووپا هاویشتوە.  ئەگەر بارودۆخی سووریە نەبووایە، لەوانە بوو "داعش" دروست نەبووایە و لانیکەم نەیتوانیبا لایەکی عێراق و سووریە داگیر بکا و ئاسایشی وڵاتانی جیهان بشێوێنێ.

لەبەر ئەمە ئێستا لە ئاکامەکانی شۆڕش لە سووریە دوور لە پێشبینین. ئێستا وا دیارە سەرەکیترین و خێراترین رێگاچارە ئەوەیە کە جارێ ئاگری ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە دامرکێ. تەنانەت ئەو وڵاتانەی بە لێبڕاوییەوە پێیان لەسەر لاچوونی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دادەگرت، وردەوردە رێگای پاشەکشە لەو سیاسەتە دەگرنە پێش.

جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەک پێداگرترین نەیاری بەشار ئەسەد پاش سەفەری بۆ رووسیا، لەکاتی سەردانی بۆ وڵاتی یۆنان لە ١٧ی دیسامبردا رای گەیاند: "کات و چۆنیەتیی لاچوونی بەشار ئەسەد روون نیە"!، لۆران فابیووس وەزیری دەرەوەی فەرانسەش لە وتووێژێک لەگەڵ رۆژنامەیەکی فەرانسەییدا دەڵێ: " لەسەرکارلاچوونی بەشار ئەسەد بەر لە گواستنەوەی دەسەڵات پێویست نیە".

کەوابوو هەرنەبێ لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات لە سوویە ناو دەبرێ و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و وڵاتانی بڕیاردەر (ئەمریکا و رۆژئاوا بە تورکیە و عەرەبستانەوە لە لایەک، رووسیە و ئێران لە لایەکی دیکەوە) خەریکن کاری بۆ دەکەن، وا دیارە لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد بۆ ئەم قۆناغە رێککەوتوون. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆنی سووریە هەر وا لەسەر لاچوونی ئەو پێداگرە، بەڵام رەنگە هێزی ئەوەی نەبێ قسەی خۆی بەرێتە پێش.

لە رۆژانی ٨ تا ١٠ی دیسامبر(١٧ تا ١٩ی سەرماوەز)ی ئەمساڵدا کۆنفرانسی دژبەرانی بەشار ئەسەد لە ریاز پێتەختی عەرەبستانی سەعوودی بەڕێوە چوو. ئەم کۆنفرانسە بە روونی ریزبەندیە سیاسییە جیهانی و ناوچەییەکانی پێوە دیار بوو. هەر وەک شۆڕشەکە بە هۆی دەستتێوەردانی ئێران، تورکیە و عەرەبستان و پاشان هاتنەوە ناوەوەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بە لاڕێدا چوو و گەیشتە ئەم رۆژە، لە ئاکامەکانی ئەم کۆنفرانسەوە دیارە رێگاچارەکەشی نەک بە ئیرادەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سووریە، بەڵکوو بە ئیرادەی بەلاڕێدابەران و دەستتێوەردەرانی پلانی بۆ دەدەنرێ.

ئەوەندەی ئێران و رووسیە لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد و رژێمەکەی سوورو یەکدەستن، ئەمریکا و رۆژئاوا بە تورکیە و عەربستانەوە ئەوەندە لەسەر ئاڵتەرناتیڤ و داهاتووی سووریە یەکدەست نین. عەرەبستا و تورکیە لە جیاتی پشتیوانی و یارمەتیدانی هێزە دیموکرات و نیشتیمانییەکان، بە ئاشکرا یارمەتی بە هێزە توندڕەوە سوننییەکان دەکەن. عەرەبستان بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ شیعە بە رێبەرایەتیی ئێران لە ناوچەدا و تورکیەش وێرای ئەمە بۆ دژایەتی لەگەڵ کورد لە سووریە ئەم سیاسەتەیان گرتۆتە پێش. ئەم سیاسەتە لە کۆنفرانسی ریازدا بە تەواوی پێڕەو کراوە.

پێکهاتەی کۆنفرانسی ریاز بریتی بوو لە ئیئتیلافێکی سیاسی لە کەسایەتییە سیاسی، مەزهەبی و نەتەوەییەکانی سووریە بە رێبەرایەتیی خالید خۆجە و ٣ هێزی نیزامیی دژبەری رژێم، بریتی لە " سوپای ئازادی سووریە"، "جیش الاسلام"و "احرار الشام". ئەم دووانەی دوایی پێکهاتەیەک لە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانن. پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پ‌ی‌د) وەک هێزێکی سیاسیی کورد و یەکینەکانی پاراستنی گەل(YPG) وەک باڵی نیزامیی ئەو هێزە لە سووریە بۆ کۆنفرانسەکە بانگ نەکرابوون. ئەوە لە کاتێکدایە کە کورد و هێزە سیاسی و نیزامییەکانی کاریگەرترین و لێبڕاوترین هێزی دژی داعشن و قوربانییانی سەرەکیی داعش و هێزە تێرۆریستییەکانی وەک "جبهە النصرە"ن.

بڕیارە گرنگەکانی کۆنفرانسی ریاز بریتین لە: هەڵبژاردنی هەیئەتی وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد، راگەیاندنی ئاگربەس لە نێوان حکوومەتی بەشار ئەسەد و دژبەرانیدا و ڕێگا خۆشکردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی بەبێ بەشداریی بەشار ئەسەد. وڵاتانی رۆژئاوا بە هێندێک تێبینییەوە پێشوازییان لە کۆنفرانسی ریاز کردوە، چونکە "بەرەی دیموکراتیک"یش کە لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی لێدەکرێ بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگ نەکراوە. بەڵام کۆنفرانسەکە لەلایەن رووسیەوە کەوتە بەر رەخنە و ئێرانیش ئەم کۆنفرانسەی بە " کۆبوونەوەی تێرۆریستانی سووریە" ناو برد.

رۆژی ١٩ی دیسامبریش ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە ئەم رێکخراوەیە ئەرکدار دەکا لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوودا زەمینەی وتووێژی ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ حکوومەتی سووریە پێک بێنێ و ئاگربەسێک لە نێوان هەردوو لادا بەرقەرار بکا کە داعش و جەبهەی ئەلنوسرە نەگرێتەوە. بەڵام لە بڕیارنامەی کۆنفرانسەکەدا باس لە داهاتووی بەشار ئەسەد نەکراوە، ئەوەش بەو مانایەیە کە پێداگری لەسەر لاچوونی بەشار ئەسەد نەماوە.

بەڵام جێی پرسیارە کە بۆچی کورد دەگەڵ ئەو سەنگ و رۆڵەی بەتایبەتی لەشەڕ دژی داعشدا هەیەتی لەو کۆنفرانسەدا پشتگوێ خرا؟ بێگومان سیاسەتی موحافەزەکارانەی عەرەبستان رێگە نادا هێزێکی سکۆلاری سیاسیی ـ نەتەوەیی لە کۆنفرانسێکدا بەشدار بێ کە بە پێشنیاری ئەو و لە وڵاتی ئەودا دەگیرێ. هەروەها تورکیە بە هۆی پێرەویی پەیدە و یەپەگە لە سیاسەتەکانی پ.ک.ک نفووزی خۆی بۆ پێشگیری لە بەشداریی ئەو دوو هێزە بەکار هێنا. بەڵام سیاسەتەکانی ئەم هێزە کوردییەش بە هەردوو باڵی سیاسی و نیزامییەکەیەوە بێ کەموکووڕی نیە: گیروگرفتی سەرەکیی کورد لە سووریە ئەوەیە کە بە داخەوە هێزە سەرەکییەکانی کورد لەم وڵاتەدا لە جیاتی ئەوەی بە پێناسەی خۆیانەوە بێنە نێو هاوکێشە سیاسییەکان و بەرنامە و تێکۆشانیان لەسەر "مەسەلەی کورد لە سووریە" چڕ بکەنەوە، خۆیان بە کێشەی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە خەریک کردوە. لە کاتێکدا

هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە مەبەستی کەڵکوەرگرتن لە ناتەبایی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا لە دژی رێژیمی وڵاتی خۆیان پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دادەمەزرێنن، کورد لە سووریە رێگای دوژمنایەتیی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەدی هەڵبژارد. لە کاتێکدا کورد لە سووریە لەگەڵ رێژیمی سووریە کێشەی هەیە نەک لەگەڵ تورکیە. لە هەموو وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا هەر بەم جۆرەیە کە کورد لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتی خۆی کێشەی هەیە و هەر دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتی خۆشیدا چارەسەری بکا. کێشەی کورد لە سووریە نەک لە ئانکارا، کێشەی کورد لە عێراق نەک لە ئانکارا و تاران، کێشەی کورد لە تورکیە نەک لە بەغدا و تاران...بەڵکوو هەر کامەیان لە وڵاتی خۆیان چارەسەر دەبێ. لە لایەکی دیکەش سووریە ئەگەر بیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکا لەگەڵ کوردی وڵاتی خۆی چارەسەری دەکا بۆ لەگەڵ پ.ک.ک یان هێزێکی دیکەی کورد لە وڵاتێکی دیکە دەیکا؟!. کێشەی کورد لە تورکیە ئەوکاتە چارەسەر دەبێ کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تورکیە و نوێنەرانی کورد لە تورکیە بە ئاکامێک بگا. بۆ نموونە لە ئێران ئەگەر رۆژێک، رێژیمی ئێستاش نەبێ، هەر رێژیمێکی دیکە بێتە سەرکار، مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵ ئەو چارەسەر دەکرێ، بۆ دەکرێ لەگەڵ هێزێکی دیکەی کورد لە تورکیە یان عێراق چارەسەری بکا؟! هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێ دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیی یەکتر بن نەک جێگرەوە و ئاڵتەناتیڤی یەکتر. بە داخەوە ئەم سیاسەتەی بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە وای کردوە کە لە جیاتی ئەوەی هێزە کوردییەکان وەک نوێنەری "مەسەلەی کورد لە سووریە" سەیر بکرێن وەک رەوتێک لە ریزبەندییە سیاسییەکانی ناوچە سەیر دەکرێن کە لە ریزبەندیی ئەواندا جێی نابێتەوە.

بەرێوە چوونی کۆنفرانسی ریاز رەنگە هەنگاوێکی موسبەت و کاریگەر بێ بۆ هێوربوونەوەی شەڕی نێوخۆیی سووریە و بێگومان سەرەتای رێگایەکی دوور و درێژە تا گەیشتن بە ئارامی و سیباتی سیاسی لەم وڵاتەدا، بەڵام پشتگوێخستنی کورد هەر لەیەکەم هەنگاوی چارەسەری شەڕی نێوخۆیی سووریەدا سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی دیکە لە کێشەی کورد لەم وڵاتەدا دەبێ. پێکهاتەی ئەم کۆنفرانسە هەرچەند ئاڵتەرناتیڤی حکوومەتی بەشار ئەسەد نیە، چونکە هەیئەتی وتووێژەکانی لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد دیاری کردوە نەک پێکهاتەی حکوومەتی دوای بەشار ئەسەد، بەڵام ئەم پێکهاتەیە لە داهاتووی سووریەدا دەور و رۆڵی بنەرەتیی دەبێ و هەر لە ئێستاوە ئاشکرایە کە دەور و رۆڵێک بۆ کورد لە لایەن ئەو ئیئتیلافەوە لەبەرچاو ناگیرێ. ماوەتەوە ئەوە کە داخوا رووسیەو ئێران لەسەر دەور و رۆڵی کورد لە داهاتووی سووریەدا کێشە دەکەن و سوورن لەسەر بەشداریی کورد لە داهاتووی ساسیی سووریەدا؟ یان وەک وڵاتانی رۆژئاوا لە دانانی دەوڵەتی سووریە لە ریزی "مێحوەری شەڕ"ڕا بگرە تا " پشتیوانی لە رووخانی رێژیمی ئەسەد" و دروشمی وەک " بەشار ئەسەد لە داهاتووی سووریەدا نابێ جێگای هەبێ"، هاتوونەتە سەر ئەو رایە کە "لاچوونی بەشار ئەسەد جارێ پێویست نیە"! ئایا رووسیە و ئێرانیش لە ریککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا پشت لە دۆستەکانیان ناکەن؟ رێژیمی سووریە کە رابردوویەکی دوورو درێژی لە حاشاو ئینکاری کورد لەم وڵاتەدا هەیە و بە هەر نرخێک بێ دەیەوێ جێگەیەک لە داهاتووی سووریەدا بۆخۆی بپارێزێ ئامادە دەبێ لەبەرامبەر تەوژمی نەیارانی کورددا دیفاع لە کورد بکا؟ با ئەوەش بمێنێتەوە کە داخوا بەرەی رووسیە و ئێران بە رێژیمی بەشار ئەسەدیشەوە چەندەیان باوەڕ بە مافی رەوای کورد هەیە؟

لە ژمارە ٦٧٠ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٤ی دێسامبری ٢٠١٥

## گوتاری سیاسیی کورد لە دۆخی ئاڵۆزی ئەمڕۆدا دەبێ چ بێ؟

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە هیچ کات جیهان بە رادەی ئێستا بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاڵۆز نەبووە. ئەو شەڕو ئاڵۆزیانەی لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن . هەر چەند شەڕی نێوان دوو یان چەند وڵات لە دژی یەکتر نیە و زیاتر شەڕی نێوخۆیین . بەڵام بە هۆی تێوەگلانی وڵاتانی دوور و نزیک لە راستیدا لایەنی جیهانییان بەخۆوە گرتوە. شەڕی نێوخۆیی سووریە زیاتر لە هەمووان ئەو لایەنەی پێوە دیارە. سێ لایەنی دژ بە یەک لەو شەڕانەدا . ئەگەر بە روونی و بە ئاشکراش را نەگەیەنرابێ . لانی کەم هەست پێ دەکرێ لە بەرامبەر یەکتردان: ئەمریکا و هاوپەیمانانی، رووسیەو هاوپەیمانانی و داعش و لایەنگرانی. هەر کام لە هێز و دەوڵەتانی ناوچە کەم و زۆر، خۆیان بە یەکێک لەو سێ رەوتە بە تایبەتی رۆژئاواو رووسیە بە نزیک دەزانن یان لە ریزی یەکێک لەمانەدان. کورد لەو ئاڵۆزی و ململانێیەدا دەبێ چ بکا؟ چ هەڵوێستێک بگرێتە پێش؟ هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە داعش و گرووپە جیهادییەکان روونە؛ لە راستیدا ئەگەر ئامانجی سەرەکی ئەو گرووپە تێرۆریستانە کورد نەبێ،لانیکەم بەشی هەرە زۆری قوربانیانی کردەوەکانی ئەو گروپانە لەم ناوچەیەدا کوردن. هەر ئەمەش بۆخۆی گەلێک پرسیار دەخوڵقێنێ. بۆیە لەم وتارەدا باسی دابەشبوونی وڵاتانی ناوچە بەسەر ئەو دوو جەمسەرە (رۆژئاوا و رووسیە) کە لە ناوچەدا تا رادیەک شکڵی مەزهەبیی (شیعە/ سوننی) بەخۆوە گرتوە و دۆخی ئاڵۆزی کورد دەکرێ.

کوردستان بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی نیەو لە نێوان چوار وڵاتدا بەش بووە، رەنگە نە هەموو دۆستەکانی لەلایەک بن و نە هەموو دوژمنەکانی لە لایەک. ئەم دابەشبوونە وای کردوە کە وڵاتانی دەرەوەش بە تایبەتی زلهێزەکان، یەک سیاسەت و یەک هەڵوێستیان بەرامبەر بە هەموو کورد بە گشتی نەبێ. لە روانگەی رۆژئاواوە کورد لە عێراق دۆست و هاوپەیمانە، ئەوان بزووتنەوەی کورد لە تورکیە بە تێرۆریست دەزانن، چونکە دەوڵەتی تورکیە هاوپەیمانیانە. ئەوان باس لە کێشەی کورد لە ئێران ناکەن، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنە لە ئێران دەگرن، بەڵام وەک رێژیمی پێشووی عێراق و رێژیمی ئێستای سووریە دوژمنی ئەوان نیە. کورد لە سووریە بە هۆی بەربەرەکانیی ئازایانەی لە بەرامبەر داعشدا لەلایەن رۆژئاواوە پشتیوانیی لێ دەکرێ، بە هۆی ئەوەش کە لە دژی رێژیمی ئەسەد چالاک نیە، لەلایەن رووسیەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ. یەکەم جارە دوو لایەنی دەستڕۆیشتووی رەقیب هەڵوێستێکی پۆزەتیڤیان لەسەر کورد هەبێ، هەرچەند بە ئامانجی جیاوازیشەوە بێ. دوای هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت، رووسیە یەکەمجارە عامیلی کورد دێنێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەوە. بە گشتی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی کورد تابیعێکە لە باردۆخی ئاڵۆزی ناوچە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ لەو ململانێ و رەقابەتەی کە دەوڵەتانی دەوروبەر و وڵاتانی دیکە لەم ناوچەیەدا هەیانە، ئایا دروستە هێزە کوردییەکانیش لەگەڵ ئەو ململانێیە بکەون و لە بەرامبەر یەکتردا هەڵوێست بگرن؟ ئایا دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد لە نێوان لایەنە دژبەیەکەکانی ناوچە دا دابەش بن؟ ئایا ستراتیژییەک و قازانجێکی درێژخایەن نیە کە سەرەڕای تاکتیک و بارودۆخی جیاواز بیێتە گوتاری سیاسیی هاوبەش بۆ نەتەوی کورد؟

ئەوەی دێتە بەرچاو ململانێی دوو تەوەرەی رووسیە و ئێران و هێزە شیعییەکانی ناوچەیە لە لایەک و ئەمریکاو تورکیە و عەربستان واتە سوننییە میانڕەوەکان لە لایەکی دیکەوە، داعش و رادیکالیزمی ئیسلامییش پێچەڵپووچییەکی زیاتری بەو هاوکێشانە بەخشیوە. هەرچەند هەم ئەمریکا لە ئەمریکای سەردەمی شەڕی سارد بەهێزترە و هەم رووسیە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی سەردەمی شەڕی سارد بچووکتر و لاوازترە، بەڵام رەقەبەرایەتیی ئەم دوو لایە توانیویەتی کەشێکی تا رادەیەک وەک سەردەمی شەڕی سارد بەسەر وڵاتانی ناوچەدا بسەپێنێ. ئاشکرایە کە لەو دابەشبوونەدا کوردیش دۆست و هاوپەیمانەکانی و بگرە دوژمنەکانی دابەش دەبن.

یەکەم جار نیە کوردستان دەبێتە شوێنی ململانێ و مەیدانی دەستێوەردانی لایەنە دژ بە یەکەکان. دابەشبوونی کورد بەسەر لایەنە دەرگیرەکاندا دەرسی زۆر تاڵی تێدان. بە داخەوە زۆر جار کێشە یان خەمە هاوبەشەکانی کورد نەبوون بە پلان و ستراتیژیی هاوبەشی هێزە کوردییەکان و زۆربەی هێزە کوردییەکان روویان لەو قازانجە کاتی و ناوچەییانە بووە، تەنانەت ئەگەر بە زیانی هێزێک یان پارچەیەکی دیکەی کوردستانیش تەواو بووبێ. ستراتیژی و قازانجی درێژخایەنی نەتەوەیی فیدای تاکتیک و قازانجی کاتی و ناوچەیی بووە. بە داخەوە لە مێژووی هێزە کوردییەکاندا کەم دیتراوە کە هێزێک لە پێناوی قازانجە گشتییەکانی کورددا واز لە قازانجە کاتی و تایبەتییەکانی خۆی بێنێ. ئەوە گەورەترین خاڵی لاوازی هێزە کوردییەکانە کە ئەوەندەی دۆستایەتی و هاوپەیمانەتییان لەگەڵ دەوڵەت و لایەن دەرەکییەکان بەهێزە، ئەوەندە لەگەڵ یەکتری بەهێز نیە. زۆربەی هێزە کوردییەکان لە جیاتی ئەوەی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا وەک دەرفەت سەیر بکەن، وەک ستراتیژی سەیر دەکەن. لە جیاتی ئەوەی هاوپەیمانەتی لەگەڵ یەکتر وەک ستراتیژی سەیر بکەن وەک تاکتیک سەیر کردوە، بۆیە دەبینین دۆستایەتی و هاوپەیمانەتی لەگەڵ لایەنە دەرکییەکان دەوام و قەوامی زیاترە لە هاوپەیمانەتی و دۆستایەتی لەگەڵ یەکتر. لە یەک قسەدا پەیمانی کاتی و تاکتیکی لە نێو کورددا بەهێزترە بووە لە ستراتیژی و پەیمانی نەتەوەیی.

هێندێک جاریش کورد لەو کێشە و ململانێیەدا ئەزموونی زۆر سەرکەوتووی هەن. نموونەی سەرکەوتووی ئەم ئەزموونە هەڵوێستی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دایە، بە تایبەتی لە کاتی شەڕ و ململانێکاندا. بۆ نموونە؛ پێوەندی و دۆستایەتیی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی سەدام حوسێن لە عێراق هیچکات بە زیانی کورد لە عێراق نەبوو، تەنانەت لەو قۆناغەدا دۆستایەتیی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی باشووری کوردستان گەیشتە ئەو پەڕی خۆی. لەوەش سەرنجراکێشتر ئەوەبوو لە ساڵی ۱۹۹۱دا کە هێشتا رێژیمی سەدام لەسەر کار مابوو، بێ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ ئەو ریژیمە بپسێنێ پشتیوانیی لە راپەڕینی باشووری کوردستان کرد و تەنانەت پاشان خەباتە چەکدارانەکەشی بە قازانجی ئەو بەشە راگرت. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بزووتنەوەیە لە نێوان سی دەوڵەتەکەی دیکەی زاڵ بەسەر کوردستاندا تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دۆست بوو، نەک هەر هیچ کردەوەیەکی بە زیانی کوردی ئەو بەشە نەکرد، بەڵکوو دۆستایەتی و هاوپەیمانەتیی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لەو بەشە (سەردەمی کۆماری کوردستانی لێدەرچێ) لە هەر کات نزیکتر و پتەوتر بوو.

هەر چەند ئێران پێوەندیی بە بزووتنەوەی کورد لە باکووری کودستان هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات ئەو هەلەی نەقۆستۆتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە پێوەندیی هەبێ. هۆیەکەی ئەوە بووە کە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی

کوردستان جگە لە پێوەندییەکی سالم باوەڕی بە هیچ جۆرە پێوەندییەکی دیکە نەبووە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیە ئامادە بێ لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی دۆستانەی هەبێ . هەر وەک ئێران لەگەڵ کوردی تورکیەدا هەیەتی . بێ ئەوەی ئەو پێوەندییە وەک دەرفەتێک لە دژی بزووتنەوەی کورد لە وڵاتی خۆی بەکار بێنێ، هەڵەیە کە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات پێوەندییەکی ئەوتۆ دانەمەزرێنێ.

بۆ نەتەوەی کورد کە دوژمنەکانی سەرەڕای هەموو کێشە و ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتر، لە سەرکوتی کورد و بزووتنەوەکەیدا هاوکار و هاوهەڵوێستن، جێی خۆیەتی بە دوای دۆست و هاوپەیماندا بگەڕێ. هێزەکوردییەکان نابێ حیساب بۆ تۆمەتی دەوڵەتانی زاڵ بکەن کە گۆیا بزووتنەوەی کورد دەسکرد و پلانی نەیارەکانیانن و بەسراوە بە بێگانەن. ئەو تۆمەتانە بۆ ئەوەن کە لە بێدەنگی و سانسۆردا بزووتنەوەکە کپ بکەن. دەوڵەتانی ناوچە کە لە کاتێکدا بۆ مانی خۆیان لە بەرامبەر راپەڕینی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیاندا پەنا بۆ هێزی دەرەکی دەبەن یان لە کاتێکدا یارمەتی بە گرووپە لایەنگرەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا دەدەن، ناتوانن دیپلۆماسیی کورد بخەنە ژێر پرسیار و تۆمەتی نارەوای لێ بدەن. بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ناوچەییدا قەتیس نەمێنێتەوە، پێویستە کورد بە دوای دۆست و هاوپەیماندا بگەڕێ و دیپلۆماسییەکی کارای بە نێوەرۆکێکی نەتەوەییەوە هەبێ.

دیپلۆماسیی کورد پێویستە پێڕەوەی لە هێندێک پرەنسیپ بکا کە گوتاری نەتەوەیی کورد بەهێز بکا و سوودی بۆ هەموو هێز و لایەنە کوردییەکان هەبێ. پێوەندی و دۆستایەتیی هێزێکی کوردی لەگەڵ لایەنێکی دەرەکی دەبێ لەسەر بنەمای قازانجی هاوبەشی ئەو دوو لایەنە بێ، بە مەرجێک ئەو پێوەندییە بە زیانی هیچ کوردێک نەبێ. ئەگەرقازانجی ئەو پێوەندییە بە زیانی هێزێکی دیکەی کورد بوو، پێویستە واز لە قازانجەکە بێنێ. ئەگەر دۆستایەتی لەگەڵ لایەنی دەرەکی بە زیانی لایەنێکی کوردی بوو، دۆستایەتییەکە فیدای قازانجی لایەنە کوردییەکە بکرێ. با لە پێوەندییەکاندا تاکە پێوانە ئەوە بێ کە ئەو پێوەندییە نابێ بە زیانی هیچ کوردێک بێ.

هەروەک گوترا کوردستان بەهۆی دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتدا نە هەموو دوژمنانی و نە هەموو دۆستانی لەلایەک نین، کەوابوو نە هەموو قازانجەکان و نە هەموو زیانەکانیشی لە یەک لاوەن. دیسان ئە پرسیارە دێتە پێش کە ئەدی کورد چۆن دیپلۆماسی بکاو پێوەندیی لەگەڵ لایەنە رەقیب و تەنانەت دژبەیەکەکان دابمەزرێنێ. هەر هێزێک لە هەر پارچەیەکی کوردستان مافی خۆیەتی لەگەڵ دەوڵەتێک یان هێزێک بە پێی قازانجی هاوبەشیان دۆستایەتی بکا، با ئەو دەوڵەتە یان ئەو هێزە دژی کوردی وڵاتی خۆشی بێ. ئەگەر سەبارەت بەوەکە دەوڵەتێک دژی کوردی وڵاتەکەیەتی، هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە دۆستایەتی نەکەن، ئەوە هیچ هێزێکی کورد نابێ لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک پێوەندیی هەبێ. ئەمەش بە واتای ئەویە کە کورد لە نێوان چوار دەوڵەتدا قەتیس دەمێنێتەوەو هەموو دەرگاکانی لەسەر خۆی داخستوون. کەوابوو لە رەقابەت و ململانێی ناوچەییدا هەم دەوڵەتان پێویستیان بە پێوەندی لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا هەیە و هەم هێزە کوردییەکان قازانجیان لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا هەیە. بەڵام ئەو پێوەندییانە دەبێ پێڕەوی لە هێندێک پرەنسیپ بکەن، ئەگینا کورد دیسان ناچارە هەر لەو بازنە دیپلۆماسییەی پێشوودا بخولێتەوە و هەر ئەزموون و شکستەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە. ئەو پرەنسیپانە لە چەند خاڵدا کورت دەکرێنەوە:

١ . پرەنسیپی سود و زیان؛ هەر هێزێک یان پارچەیەکی کوردستان دەتوانێ بە پێی قازانجەکانی خۆی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتێک یان بەرەیەک دابمەزرێنێ، بە مەرجێک ئەو پێوەندییە بە زیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان یان هێزێکی دیکەی کورد نەبێ. واتە پێویستە سروشتی ئەو پێوەندییانە بگۆڕێ کە دەوڵەتان پێیان وایە ئەو کاتە دەبێ ئامادە بن پێوەندی لەگەڵ هێزێکی کوردی دابمەزرێنن کە لە دژی هێزێکی دیکەی کوردی بەکاری بێنن. پێویستە ئەو پێوەندییە لەسەر بنەمای پێویستی و قازانجی هاوبەش بێ، ئەگینا ئەگەر هێزێکی کوردی لەسەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ هێزێکی دیکەی کورد ئیمتیازێک لە دەوڵەتێک وەربگرێ دەبێ ئەو ئیمتیازەی لە دژی هێزێکی دیکەی کورددا سەرف بکا، کەوا بوو لەلایەک هیچی لەو ئیمتیازە بۆ نامێنێتەوە کە وەری گرتوە و لە لایەکی دیکەش کێشەی نێوماڵی کورد قووڵتر دەبێتەوە. لەم کاتەدا تەنیا لایەنی سەرکەوتوو دەوڵەتی ئیمتیازدەرە.

٢ . پرەنسیپی دۆستایەتی؛ لە سیاسەت دا قازانجە هاوبەشەکانی دوو یان چەند لایەن، ئەو لایەنانە دەکا بە دۆست. لە دڵداریدا "دڵ" مەرجی دۆستایەتییە، بەڵام لە سیاسەتدا "قازانج". ئەوە سەیر دەبێ کە هێزێکی سیاسی لە پێناو دۆستایەتیدا واز لە قازانجی نەتەوەکەی بێنێ! هێزی وا هەبووە کە لە پێناو پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا حاشای لە بزووتنەوەی کوردی ئەو وڵاتە و تەنانەت "کورد" لەو بەشە کردوە. راز و نهێنیی بێماف مانەوەی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی دوای ٣ سەدە تێکۆشان، هەر لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکانەوە تا ئێستا ئەوە بووە؛ میرنشینە کوردییەکان لە جیاتی یەکگرتن و پاڵپشتی یەکتر، هەر کامەیان لە دژی ئەوی دیکە پەنای بۆ دەوڵەتێکی دەوروبەر، تەنانەت دوژمن بردوە. ئێستاش بە داخەوە ماهییەتی ئەوجۆرە پێوەندییانە بە شێوەیی ئەمڕۆیی و مۆدێرن وەک خۆی پارێزراوە.

٣ . سەربەخۆیی لە بڕیارداندا؛ تەقریبەن هەموو هێزە کوردییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردیان لە بەرنامەدا هەیە؛ هەر یەکەو لە روانگەی خۆیەوە. سەیر ئەوە دەبێ لە کاتێکدا هێزێک بیەوێ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک بەدەست بێنێ، بەڵام بۆخۆی بڕیاری خۆی بەدەست نەبێ! هێزێکی سەربەخۆ نابێ چاوەڕێی ئەوە بێ بزانێ دۆست و هاوپەیمانەکەی لەسەر مەسەلە سیاسییەکان بۆچوونی چیە تاکوو بۆچوونەکانی خۆی لەگەڵ ئەو بگونجێنێ. تەنیا پێوانە بۆ هێزێکی سیاسیی کورد . بە پێی لێکدانەوەی خۆی . دەبێ قازانجەکانی نەتەوەی کورد بێ، با لەگەڵ قازانج و بۆچوونەکانی دۆست و هاوپەیمانەکەشی ناتەبا بێ. بە کورتی هێزێکی سیاسیی کورد لە نێوان دۆستایەتی و قازانجەکانی نەتەوەکەیدا، دەبێ قازانجی نەتەوەکەی هەڵبژێرێ.

٤ . دەخالەت نەکردن لە کاری پارچەکانی دیکەی کوردستاندا؛ دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا چ لە رووی نەتەوەیی و چ لە رووی ئایینییەوە یەکدەست نین. تەنانەت لەرووی فەرهەنگی و بارودۆخی ئابوورییشەوە جیاوازن. لەوەش زیاتر لە رەقابەت و ململانێ لەگەڵ یەکتریش دان و تەنانەت شەڕیشیان لەنێواندا بووە. کەوابوو بەپێی ئەمە بارۆدۆخی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازە و دۆست و دوژمنی هەرکامیشیان جیاوازە. هێزی کوردی کە ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی وڵاتی خۆیەتی دەتوانێ لەگەڵ نەیاری ئەو دەوڵەتە یان رەقیبی ئەو دەوڵەتە دۆست بێ،ئەو دەوڵەتەش بۆخۆی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی هەیە. دەستێوەردان لەکاروباری کوردی سەر بە وڵاتی دەوڵەتە دۆستەکەیدا بە واتای لایەنگری لە یەکێکیانە،لایەنگری لەهەر کامیان بێ، دۆستایەتی لەگەڵ ئەوی دیکەیان جێی پرسیارە. زۆر ساویلکانە دێتە بەر چاو کە دەوڵەتێک ئامادە نەبێ کێشەی کورد لەگەڵ کوردی وڵاتی خۆی چارەسەر بکا، بەڵام

لەگەڵ کوردی وڵاتێکی دیکە بیکا! لە باشترین حاڵەتدا کوردی پارچەیەکی دیکە دەتوانێ رۆڵی بەرپوانیی لە نێوان دەوڵەت و کوردی وڵاتەکەیدا هەبێ نەک ئاڵەتەرناتیڤ.

٥ . ستراتیژیی هاوبەش لە ئاستی نێونەتەوەییدا؛ کورد ئەگەر لە ناوچەدا بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی و دابەشبوونی بەسەر چوار پارچەدا قازانج و مەسڵەحەتێکی یەکدەستی نیە، لە ئاستی نێونەتەوەیی دا دەتوانێ گوتارێکی یەکدەستی نەتەوەیی هەبێ و کێشەکانی کورد سەرەرای ئاڵۆزی و فرەلایەنیان بە یەکەوە ببەستێتەوە. ئەگەر دەوڵەتێکی زاڵ بە سەر کوردستاندا لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکە دۆست بێ، خۆ دژی کوردی وڵاتی خۆیەتی، بەڵام بۆ بیرورای گشتیی جیهان یان ناوەندێکی نێونەتەوەیی مەسەلەکە بەم جۆرە نیە. ستراتیژییەکی هەڵەیە ئەگەر مەسەلەی کورد لەبەر چاوی بیرورای گشتیی جیهان تەنیا لە چوارچێوەی بەشێک یان ناوچەیەکی کوردستاندا کورت بکرێتەوە. دیپلۆماسیی کورد پێویستە لەسەر ئەو بنەمایە دابمەزرێ کە جیهانیان بزانن سەرەرای ئەوەی کورد دابەش کراوە، بەڵام کێشەکانیان یەکە. کێشەی کورد تەنیا کێشەی وڵاتێک نیە، کە چارەسەر بێ و تەواو. چارەسەر بوونی کێشەی کورد لە وڵاتێکدا تەنیا چارەسەر بوونی کێشەی ئەو وڵاتەیە، نەک کورد. تەنانەت هەتا ئێستا کێشەی کورد لە عێراقیش چارەسەر نەبووە. ئەگەر چارەسەریش بێ کێشەی عێراق چارەسەر بووە؛ کێشەی کورد هەر لەجێی خۆیەتی. تەنانەت ئەگەر لە تورکیەش چارەسەر بێ، دیسان کێشەکە هەر دەمێنێ. کەوابوو کێشەی کورد بەسراوەتەوە بە یەکتر، هەر چەند بۆ هەر کام لە پارچەکانی کوردستان فۆرمۆڵێکی جیا هەیە، چونکە وەک گوترا وڵاتەکان لە زۆر رووەوە جیاوازن، بگرە هێزە کوردییەکانیش جیاوازن. دەگوترێ ئەمریکا دۆستی کوردە؛ بۆیە وا دەگوترێ چونکە بە خۆشییەوە سەربازەکانی شانبەشانی پێشمەرگە لەسەنگەردان، لە رووی ئابووری و دیپلۆماسییەوە یارمەتییان دەدا، بەڵام بزووتنەوەی کورد لە تورکیە بە نارەوا بە "تێرۆریست" ناو دەبا. لە روانگەی ئەمریکاوە مەسەلەی کورد لە " باکووری عێراق"دا کورت دەبێتەوە، خۆ نابێ کوردێک وەک ئەمریکا فکر بکاتەوە.

بە کورتی؛ لە رابردوودا دیتمان کە بەشێک لە هێزی کورد لە بەرەی کۆمۆنیزمدا بە فێرۆ چوو بە هیوای ئەوەکە رۆژێک یەکیەتیی سۆڤیەت خێرێکی بۆ کورد دەبێ. ئێستا بەشێک لە هێزی کورد ئەو قیبلەیەی لە دەوڵەت و گرووپە توندرەوە مەزهەبییەکاندا دۆزیوەتەوە. رێگاکانی چارەسەری کێشەی کورد لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە،لە رووی مەزهەبی و ئیدئۆلۆژییشەوە کورد نەتەوەیەکی فرە چەشنە، بەڵام لە رووی نەتەوەییەوە یەک نەتەوەیە، هەر بۆیەش پێویستە تەنیا بە پێناسەی نەتەوەییەوە بچێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە. رەنگە هەر بەشە و هەر گرووپەی قازانجی جیا لەبەشەکانی دیکەی هەبێ، بەڵام لەو ئاڵۆزی و کێشە ناوچەییانەدا هیچ هێزێکی کوردی نابێ بە قازانجی خۆی هەڵوێستێک بگرێتە بەر کە بە زیانی نەتەوەکەی لە جێیەکی دیکە و لە پارچەیەکی دیکە تەواو بێ. با قازانجە نەتەوەییەکان ئامانجی ستراتیژی و قازانجە ناوچەیی و گرووپییەکان تاکتیکی بن.

لە ژمارە ٦٦٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢٣ی نوامبری ٢٠١٥

# دوژمنایەتی لەگەڵ رۆژئاوا تەنیا خاڵی هاوبەشی ئێران و رووسیە

بەشداریی ئێران و رووسیە لە شەڕی سووریەدا تا ئێستا لوتکەی هاوکارییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە هاوکێشە سیاسی و ململانێکانی ناوچە دایە. هەرکام لەم دوو وڵاتە بە مەبەست و هۆکاری جیا هاتوونەتە نێو شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە. بەڵام لە یەک خاڵدا یەک دەگرنەوە: بەربەرەکانی لەگەڵ رۆژئاوا و دژایەتی لەگەڵ حوزووری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا.

پێوەندیی دۆستانەی ئێران و رووسیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی تەمەنی یەکیەتیی سۆڤیەت کە هێشتا ئایەتوڵڵا خومەینی لە ژیاندابوو. رەنگە شەڕی ئێران و عێراق کاریگەریی لەسەر کەمڕەنگکردنەوەی دروشمی "نە شەرقی نە غەرب"ی کۆماری ئیسلامی دانابێ کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی زۆر پڕڕەنگ بوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی نەدەکرا لە کاتێکدا شەڕی لە دژی ئەمریکا ڕاگەیاندبوو و ئەمریکای بە "شەیتانی گەورە" لەقەڵەم دەدا و سیاسەتی دژی سۆڤیەتییش بەڕێوە بەرێ و هەر لەو کاتەشدا درێژە بە شەڕ لەگەڵ عێراقیش بدا. بۆیە هەر لەسەرەتاوە دروشمی "نە شەرقی نە غەربی" جێگای خۆی دا بە "خەبات لە دژی ئیستیکباری جیهانی بە رێبەرایەتیی ئەمریکا" و ئاسەوارێک لە دروشمی "مەرگ بۆ شوڕەوی" نەما کە لەسەرەتادا هاوکات لەگەڵ دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" دەگوترایەوە.

بۆ یەکەتیی سۆڤیەتی ئەوکات و رووسیەی ئێستا کە لە مێژووی هاوچەرخدا ئێران مەیدانی تەراتێنی بریتانیا و پاشان ئەمریکا بووە، چ درفەتێک لەوە باشتر کە خۆ لە رێژیمێک نزیک بکەنەوە کە رق و قینێکی سەیری لە رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا هەیە. تەنانەت یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ئەم مەبەستە وەفادارترین دۆستی خۆی لە ئێراندا واتە حیزبی توودەی کردە قوربانی. لە کاتێکدا ئەم حیزبە لەوپەڕی بێڕەحمی دا سەرکوت و پرش و بڵاو کرا، یەکیەتیی سۆڤیەت بەردی بناخەی دۆستایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی دژ بە ئەمریکای داڕشت. ئەم دیپلۆماسییە دوای هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ فیدراتیڤی رووسیە بە میرات مایەوە و ئێستا لە هەر قۆناغێکی دیکە گەرم و گوڕترە.

ئەگەر دژایەتیی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا خاڵی کۆکەرەوەی ئێران و رووسیەن، هاوکاری و هاوهەڵوێستییان لە دەستێوەردان لە شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ هەر کامیان ئامانج و مەبەستی جیای لە پشتە.

رووسیە سیاسەتێکی بەرزەفڕانەی لە بەربەرەکانی لەگەڵ رۆژئاوادا گرتۆتە بەر؛ پێی وایە گەیشتۆتەوە قۆناغی شەڕی سارد یانی ئەوکات کە بلووکی کۆمۆنیستی بە رێبەرایەتیی سۆڤیەت و بلووکی سەرمایەداری بە رێبەرایەتیی ئەمریکا لە بەرامبەر یەکدا بوون. بەڵام رووسیەی ئەو کات جگە لەوەی کە چەندین کۆماری دیکەی لەگەڵ بوون، وڵاتی چین و چەندین وڵاتی کمۆنیستی و سۆسیالیستیی

دیکەی لە ئورووپای شەرقی و ناوچەکانی دیکەی جیهان لەگەڵ بوون، هەڵگری ئیدئۆلۆژییەکی بەهێزی وەک مارکسیزم ـ لێنینیزم بوو، بەڵام ئێستا وڵاتێکی لیبراڵی لەسەر بنەمای بازاری ئازادە. لە هەلومەرجی ئێستادا رووسیە دیەوێ ناوچە ژێرنفووزەکانی خۆی پەرەپێبدا. داگیرکردنی دورگەی کریمە و هێرش بۆ سەر ئۆکراین و دەستێوەردان لە شەڕی سووریەدا لە ریزی ئەو هەوڵانەدان. یارمەتی بە ئێران و پشتیوانی لە رێژیمی ئێرانیش هەر ئەم سیاسەتەی لە پشتە. سیاسەتی دەستێوەردانی رووسیە لە شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوکات و هەماهەنگ لەگەڵ دەستێوەردانەکانی ئێران لەم ناوچەیەدا بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئامانج و مەبەستەکانی ئێران ـ جگە لە سیاسەتە دژە رۆژئاواییەکانی ـ جیاوازن لە ئامانج و مەبەستەکانی رووسیە.

کۆماری ئیسلامی لە دەستێوەردان لە شەڕو کێشەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ رووسیەدا بە دوای چەند ئامانجێکدا دەگەڕێ؛ یەکەم، دیەوێ خۆی وەک زلهێزێکی ناوچە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیشان بداو رۆڵی رێبەرایەتیکردنی جیهانی ئیسلام بگێڕێ. دووەم، لە نفووزی وڵاتانی سوننی مەزهەب لە ناوچەدا کەم بکاتەوە، بە تایبەتی نفووزی عەرەبستانی سعوودی. هەر بۆیەش رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە مەیدانی ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە. سێیەم، بەهێزکردنی گرووپ و لایەنە شیعە مەزهەبەکان لە ناوچەدا. چوارەم و گرنگترین خاڵ، سەرپۆشدانان لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکانی؛ رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەر رێژیمێکی قەیرانخوڵقێن لە رێگای هەڵایساندنی شەڕو کێشە دەرەکییەکانەوە دەرفەتی سەرکوتی نارەزایەتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نێوخۆ بەدەست دێنێ. هەروەها بیانووی پشتگوێخستنی ویست و داخوازەکانی خەڵکی دەست دەکەوێ و لە جیاتی کێشە نێوخۆییەکان سەرنجی خەڵکی بۆ لای "دوژمن"ی دەرەکی رادەکێشێ.کەوابوو لە هاوپەیمانەتیی ئێران و رووسیەدا و هاوهەڵوێستییان لە شەڕ و کێشەکانی ناوچەدا جگە لە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ رۆژئاواو ئەمریکا هەر کامیان ئامانج و مەبەستی جیایان هەیە. ئەم هاوپەیمانەتی و هاوهەڵوێستییە لەگەڵ رووسیەدا تەنانەت ئێرانی تا رادەی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری بردۆتە پێش؛ ئەم هاوپەیمانەتییە وایکردووە کە ئێران بە قازانجی رووسیە پاشەکشە لەو سامانە گەورەیە بکا کە لە دەریای خەزەردا هەیە. ئێران لە کاتێکدا خۆی بە رێبەری مسوڵمانانی جیهان لە قەڵەم دەدا بەڵام، چاوپۆشی لە سەرکوتی مسوڵمانانی چیچێنی و تاجیکی و ...هتد دەکا. تەنانەت کار گەیشتۆتە جێگایەک کە چەند رۆژ لەوە پێش لە کاتی مووشەکبارانی دژبەرانی رێژیمی بەشار ئەسەددا لە لایەن رووسیەوە ۴ مووشەک لە خاکی ئێران کەوتن، ئێران نەک هەر ئیعتیرازێکی نەکرد، بەڵکوو حاشای لێکرد.

رێژیمێک کە بە دروشمی "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی" هاتە سەرکار، هەر لەسەرەتاوە پشتی لە "ئازادی"کرد. جۆری هاوپەیمانەتیی لەگەڵ رووسیەدا 'استقلال'ەکەشی بردۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەو هاوپەیمانەتییە بەستراوەیی رێژیمی پێشوو بە ئەمریکاوە وەبیر دێنێتەوە کە گەلێک ئەزموونی تاڵی لە مێژووی ئێراندا تۆمار کردن.

لە ژمارە ٦٦٦ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

# خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆی رازی و چاوەڕوانییەکان

هەوڵی خوێندن بە زمانی کوردی و خوێندنی ئەدەبیاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە لە ئارا دایە. جگە لەو بەشەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کۆنەوە کاری بۆ کردوە، هەوڵ دراوە لە چوار چێوەی قانوونی ئەساسییشدا ئەو ئامانجە فەرهەنگییە بێتە دی. هەرچەند لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا خوێندنی زمانی "اقوام" لە پەنا زمانی فارسی بە رەسمی ناسرواە، بەڵام هەتا ئەم دوییانە کە بە خۆشییەوە "زانکۆی رازی" لە شاری کرماشان بڕیاری داوە بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکاتەوە، لە چوارچێوەی سیسیتمی پەروەردە و فێرکردنی دەوڵەتی ناوەندیدا ئەو ئەرکە بەڕێوە نەدەچوو. دیارە دەبێ بگوترێ کە ئەم هەوڵە پێشتر لە "زانکۆی کوردستان" لە شاری سنە بە ئاکام گەیشتبوو و پاشان بڕیار درا بگوازرێتەوە بۆ زانکۆی رازی.

با لە پێشدا بگوترێ کە کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی رازی بەر لەوەی پێدانی ئیمتیازێک بە کورد و منەتێک بێ لەسەر کورد، تەنیا دانان بە بەشێک لە مافە فەهەنگییەکانی کوردە کە بە ناهەق تا ئێستا لێی زەوت کراوە. پاشان ئەوە بەشێکی کەم و لە چوارچێوەیەکی تەسکی مافە فەرهەنگییەکانی کورد دایە. مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک لایەن، بە تایبەتی لایەنی سیاسیی هەیە و مەسەلەی چارەنووسی نەتەوەیەکە. بەڵام کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەسکەوتێکە لە چوارچێوەی مافە فەرهەنگییەکانی کورددا بۆ ئەم قۆناغە و لە چاو رابردوو جێی بایەخە و تەنانەت جێی هیوایە، هەرچەند هەتا ئێستا نەچۆتە بواری عەمەلییەوە، گەلێک کەموکووڕی و کەند کۆسپی لەسەر ڕێگان.

کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی تەنیا لە زانکۆی رازی بۆخۆی یەکێک لە کەموکوڕییەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. رنگە ئەوە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەمە سەرەتایە، بەڵام ئەگەر هەر لەم زانکۆیەدا سنووردار بکرێ و هەموو زانکۆو لقەکانی زانکۆ لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش نەکرێتەوە ئەمە بە تەنیا خزمەتێکی ئەوتۆ بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی ناکا. کردنەوەی ئەم بەشە ئەگەر زانکۆیەکانی دیکەش بگرێتەوە کارێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەبێ. تەنانەت هەوڵدان بۆ کردنەوەی ئەم بەشە لە زانکۆکانی سەرانسەریش بە تایبەتی لە تاران کارێکی پێویست و رەوایە. خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی کە هەر لە کۆنەوە لە مۆسکۆ، پاریس و بە گشتی لە وڵاتانی بێگانە دا هەبووە، بۆچی رەوا نیە کە لە ئێرانیش هەبێ کە ۱۰ میلیۆن کوردی لێ دەژی.

کەموکوڕییەکی دیکە ئەوەیە کە خوێندن بە زمانی کوردی تایبەت بکرێ بە ئاستی زانکۆ. ئەگەر هەوڵەکان درێژەیان هەبێ رەنگە وەک ئەوەی دەیان ساڵە لە باشووری کوردستان تەنانەت لەسەردەمی رێژیمی بەعسیشدا هەبوو و ئێستاش خەریکە لە باکووری کوردستان وەدی دێ و لە رۆژئاوای کوردستانیش پەرەو دەکرێ، پێویستە لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە هەموو ئاستەکانی خوێندن دا

بێتە دی، بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا. منداڵانی کورد تەنانەت لە وڵاتانی ئوروپاییشدا ئەو مافەیان هەیە، پێویستە لە وڵاتی خۆشیان هەیانبێ.

هەوڵی دیکەش بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دراون؛ زانکۆی رازی لە کرماشان پێشتریش ئەم هەوڵەی دابوو. ئەمەی ئێستاش لە راستیدا قەرار بوو لە زانکۆی سنە دابمەزرێ. بێگومان لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش داخوازی بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەیە. جێی خۆیەتی ئەم هەوڵانە هاوئاهەنگ بن. ئەگەر لە زانکۆیەکانی دیکەش بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرایەوە پێڕەوی لە یەک سیاسەتی پەروەردەیی بکرێ و پێڕەوەی لە زمانی کوردی وەک زمانێکی ستاندارد بکرێ لە جیاتی ئەوەی لە داهاتوودا هەر زانکۆیەک لە هەر شارێک پێڕەوی لە شێوەزاری ئەو ناوچەیە بکا. ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێ، لە جیاتی خزمەت زیان بە زمانی کوردی دەگا.

ئەوە لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی رازی چاوەڕوان دەکرێ کە پێوەندی و هامۆشۆیەکی بەردەوامی لەگەڵ ئەزموونی دوورو درێژی خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە دەرەوەی ئێران بە تایبەتی باشووری کوردستان هەبێ. کەڵکوەگرتن لە مامۆستایان و پسپۆڕانی ئەو بەشە لە دەرەوە، موتالای کتێب و سەرچاوە کوردییەکان و سەدان و بگرە هەزاران لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی بێگومان لەسەرکەوتنی ئەو بەشە لە زانکۆی رازی دەورێکی زۆریان دەبێ و بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی رازی ئەگەر بەو روانگەیەوە بچێتە پێش، بە مەرجێک کەندو کۆسپی سیاسیی نەیەتە سەر رێ، دەتوانێ بناخەیەکی پتەو بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ خوێندنی زمانی و ئەدەبیاتی کوردی دابڕێژێ و سەرکەوتنی گەورە لە ئەرکی خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا بەدەست بێنێ.

رێکەوتی : ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# بیری دیموکراسی لە نێوان ململانێی ئێران و عەرەبستاندا

کوژرانی ٤٦٥ حاجیی ئێرانی لە رێورەسمی حەجدا لە رۆژی ٢ی حەزەڵوەر(٢٥ی سێپتامبر)دا لاپەڕێکی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە ململانێی نێوان ناوەندی دەسەڵاتی شیعە (ئێران) و ناوەندی دەسەڵاتی سوننی (عەرەبستان) لە ناوچەدا. ئەم ململانێیە کە لە هاوکێشە سیاسی و تەنانەت نیزامییەکانی ناوچەدا بە روونی دیارە بە کوشتاری ٢٧٥ حاجیی ئێرانی لە هاوینی ١٣٦٦دا پێی نایە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. بەرەورووبونەوەی ئەم دوو وڵاتە ئێستا لە هەر کات زیاتر خەبات بۆ دێموکراسی و پێشکەوتن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕستیدا خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ناوچەی بەرەو دەمارگرژیی مەزهەبی و مەترسییە چاوەڕونکراوەکانی بردوە.

عەلیی خامەنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی لە دژکردوە بە رووداوی ٢ی خەزەڵوەردا بە توندی هێرشی کردە سەر حکوومەتی ئالی سەعوودی و و تەنانەت هەڕەشەی شەڕی لەو وڵاتە کرد. فەرماندەی سوپای پاسدارانیش پێشتر ئامادەیی هێزە چەکدارەکانی ئێرانی بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە راگەیاندبوو.

رێبەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی سەلاحییەت و لیاقەتی حکوومەتی سەعوودییان بە توندی بردۆتە ژێر پرسیار و خوازیاری ئەوەن کە بەڕێوەچوونی رێوڕەسمەکانی حەج بدرێتە دەست شوورایەک یان ناوەندێک پێکهاتوو لە وڵاتانی ئیسلامی. ئێران لە کاتێکدا بابەتێکی وا دێنێتە گۆڕێ لە بە میلیۆن سوننیی نیشتەجێی تاران مافی دانانی مزگەوتێکی سوننیان نیە و سەرەڕای بوونی دەیان میلیۆن سوننی لە ئێراندا سوننی لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا بەشدار نیە و تەنانەت لە ئاستی مامناوەندییشدا حزوورێکی ئەوتۆی نیە. ناوچە سوننی نشینەکان لە ناوچە هەرە دواخراوو پشتگوێ خراوەکانن.

رووداوی حەج و دەستێوەردانی ئەم دوو وڵاتە لە شەڕی نێوخۆی یەمەن، سووریە و کێشە نێوخۆییەکانی بەحرەین، پاکستان و ئەفغانستان، کێشەی سنووریی ئێران و ئیمارات و دەستێوەردانی عەرەبستان، بە کردەوە ئەم دوو وڵاتەی لەبەرامبەر یەکتردا راگرتوە. ئەم دوو وڵاتە لە ناوچەدا یان لە ململانێی سیاسی دان یان لەو جێگایانەدا کە شەڕە لە رووی نیزامییەوە لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکانی شەڕن. ئێران و عەرەبستان لە وڵاتی یەمەن بە کردەوە لە شەڕ دان.

هاوکێشە سیاسییەکان بەم جۆرەیە کە؛ ئێران توانا ئابووری و نیزامییەکانی خۆی بۆ یارمەتیدان و بەهێزکردنی هێز و دەسەڵاتە شیعییەکان و عەربستانیش ئەو توانا ئابووری و نیزامییانە بۆ هێز و دەسەڵاتە سوننییەکان بە کار دێنن.

لە مێژوودا زۆر شەڕی گەورەو خوێنایی مەزهەبی لە ناوچە دا روویان داوە. لووتکەی ئەم شەڕانە شەڕی نێوان ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بووە، کە رەنگە لە گرنگترین هۆکاری داواکەوتوویی و وێرانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووبێ ـ کە ئێستاش هەروا ماوەتەوە ـ. ئەم شەڕە ئێستا لە شێوەی (ئێران ـ عەرەبستان)دا خۆی دەنوێنێ.

مەترسیی ئەم ململانێیە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین پێکهاتەی حەشیمەت یان پێڕەوانی ئەم دوو مەزهەبە لە ناوچەدا زۆر چڕو پڕ و تێکئـاڵاوە. کارەساتی تەقینەوەکان لە عێراق و لە پاکستان، کوشتاری بێ بەزەییانە لەم دوو وڵاتە، تەنانەت سەرهەڵدانی داعیش مەترسییەکەی لە هەر کات زیاتر کردوە. لە راستیدا شەڕی مەزهەبی لە ترسناکترین و بێ بەزەییانەترین جۆرەکانی شەڕن کە ئێستا ئەم دوو وڵاتە پەرەی پێ دەدەن.

لە کاتێدا کە ئێران و عەرەبستان خەریکی کێشە و ململانێن لە ناوچەدا، لە جیاتی ئەوەی وزەو توانای خۆیان لە بەرەوپێشبردنی وڵات و رێفۆرم و رێگاوبان و بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵکدا بەکار بێنن لە شەڕ و توانای نیزامی و یارمەتیدانی تاقم و گرووپە چەکدار ـ دیارە تێرۆریستییەکان ـ دا بە فیرۆ دەدەن.

لە دۆخێکی وا دا گیانی مەدەنی و بیرکردنەوە لە ژیانێکی هێمن و ئارام جێگای خۆی دەدا بە بیری توندرەوانە و قووڵبوونەوەی دەمارگرژیی ئاینی و پەرەگرتنی گرووپ و هێزە مەزهەبییەکان.

بە قووڵبوونەوە کێشەی ئێران و عەرەبستان کە هەڵگری دوو ئیدئۆلۆژیی جیاوازی مەزهەبین، دەسەڵات لە هەردوو وڵات چڕتر و بەهێزتر دەبنەوە و مەسەلە نێوخۆییەکانی هەردوولا لە لایەن دەسەڵاتەکانیانەوە بە بیانووی دوژمنی دەرەکییەوە پشتگوێ دەخرێن و بزووتنەوە مەدەنی و ئازادیخوازەکان نەک هەر گوێیان پێ نادرێ بەڵکوو سەرکوت دەکرێن. لە دۆخێکی وادا بیری دیموکراسیخوازی جێگای خۆی دەدا بە بیری توندرەوانەی مەزهەبی و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانە و هێزە دێموکراتەکان جگە لەوەی کە لە ژێر سەرکوتی بەردەوام دان، زەمینەی گەشەکردن و بەهێزبوونیان زۆر بەرتەسک دەبێتەوە.

ئەوەی لە بارەی کوردستانەوە دەبێ بگوترێ: بە قووڵبوونەوەی کێشەی نێوان ئێران و عەرەبستان کە لە راستیدا کێشەی دوو بەرەی جیاوازی مەزهەبین،ئەم کێشەیە تەنانەت کار دەکاتە سەر ئەو نەتەوە و ناوچانەی کە هیچ بەرژەوەندییەکیان لەو کێشەیەدا نیە. نەتەوەی کورد نموونەی هەر بەرچاوە لەم بارەیەوە؛ لە شەڕە مەزهەبییەکاندا جگە لەوەی کە کوردستان بۆتە شەرگەی ئەم دوو لایەنە، بەڵکوو بە هۆی هەستی ئایینی بەشێک لە هێزو وزەی کورد لە خزمەتی لایەنێک بە تایبەتی لایەنی سوونی دابووە. لە ئاکامدا کوردستان وێران بووە و کورد خوێنێکی زۆری داوە، بەڵام کورد هیچ کات لە دەسکەوتەکاندا بەشدار نەبووە، ئینجا پاش هەر شەڕێک لایەنی سەرکەوتوو لە جیاتی پاداش، تەنیا سەبارەت بە کوردبوون کوردستان وێران و کوردی قەڵاچۆ کردوە.

سەبارەت بەوەی کورد لە ئێرندا لە پێڕەوانی هەردوو مەزهەب پێک هاتوە، و سەبارەت بەوەش کە حکوومەتی ئێران دژایەتیی لەگەڵ هەردوو گوتاری نەتەوەیی و سوننیدا هەیە، ئەو مەسەلەیە هەڕەشە لە یەکەتیی نەتەوەیی کورد دەکا. ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆسەر بیری نەتەوەیی و بزووتنەوەی دیموکرسیخوازیی کورد کە لە راستیدا زیندووترین بزووتنەوە و پتەوترین سەنگەری دیموکراسی لە ئێراندا بووە. ئەگەر دوژمنایەتی و ململانێی ئەم دوو وڵاتە زیاتر پەرە بگرێ و بگاتە قۆناغی شەڕی راستەوخۆ، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێز بوونی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کە بیری دێموکراسی و نەتەوەیی بە نیشانەیەک لە کوفر دەزانن.

لە ژمارە ٦٦٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە / رێکەوتی : ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥

# بەرپرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تیرۆریزمدا

٢٣ ساڵ لەوە پێش لە رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هومایوونی ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووریی دێهکوردی دۆستی حیزبی دێموکرات لە بێرلین لە رێستورانێکدا بە ناوی میکۆنووس بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

هەرچەند تیرۆریزم دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵام لەوکاتەوە کە رادیکالیزمی ئیسلامی لە شکلی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارەوە. دوو خوێندنەوەی توندڕەوانە لە ئیسلام، دوو جۆر تیرۆریزمی مەزهەبیی لێ کەوتۆتەوە کە هەر چەند تا رادەیەک لە شێوە و تاکتیکدا وەک یەکن بەڵام لە رووی مەزهەبییەوە جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکن. یەکەمیان خوێندنەوەیەکی توندرەوانە لە مەزهەبی شیعە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆنەوە بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکا، دووەم، خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی سوننی کە تالیبان لە ئەفغانستان بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکرد و پاشان ئەلقاعیدە بە خوڵقاندنی رووداوی ١١ی سێپتامبر لە نیۆیۆرک گەیاندییە لووتکە و ئێستاش داعش باڵی بەسەر هەموو گرووپە تێرۆریستەکانی دیکەی ئەم رەوتەدا کێشاوە.

رەوتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی پێش روتی گرووپە تێرۆریستەکانی وەک تالیبان، ئەلقاعیدە، ئەلشەباب و بووکولحەرام لە ئەفریقا و داعش لە سووریە و عێراق دەستی پێ کرد. ئەوکات لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠دا پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە کردەوەی خۆکوژی ناوەندو پێگەکانی ئەمریکایان لە ناوچەدا بە تایبەتی لە لوبنان دەتەقاندەوە، زۆر کەس وەک ئەو رووداوانەی سەیر دەکرد لە سەربازانی ژاپۆنی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لە دژی کەشتییەکانی ئەمریکا ئەنجامیان دەدا. ئەو کات کە ئازادیخوازانی ئێرانی بە تایبەتی کوردەکان لە ئێران و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی دەبوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، تێرۆریزم لە پێچ و پەنای پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابووریەکاندا پەردەی بێدەنگیی بەسەر دادەکشا. ساڵی ١٩٨٩ لە قەلبی ئورووپا و لەبەر چاوی بیرورای گشتی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو تێرۆرکرا و تێرۆریستەکان بە دەستی خوێناوییەوە بەرێ کرانەوە بۆ تاران. دەیان تێرۆری دیکەی لەم چەشنە لە ئورووپا بە هۆی سات و سەودای ئابووری لەگەڵ ئێران بەردیان لەسەر دانراو بە بێدەنگی سپێردران. هەتا ئەو وەختەی تێرۆریزمی هەڵقوڵاو لە رادیکالیزمی ئیسلامی داوێنی وڵاتانی ئورووپایی، بە تایبەتی ئەمریکای نەگرتەوە، رۆژئاوا وەخەبەر نەهات. سەرەنجام ئەوان بۆیان دەرکەوت سوودە ئابوورییەکانی سات و سەودا لەگەڵ تێرۆریستان زۆر لە مەترسییەکانی کەمترە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کە لە چاو ترۆریزمی ئەلقاعیدەو داعیش تێکەڵ بە فرت و فێڵ و نهێنی کاری بووە، لە رەوتی دادگای میکۆنۆسدا پەردەی لەسەر داماڵراو رووی ئاشکرای رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەر کەوت. دادگای ئەڵمان ٣ ساڵ دوای

تێرۆری میکۆنۆس بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی دەستووری تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان داوە.

بۆ یەکەم جار وڵاتانی ئورووپا هەڵوێستیان لە دژی ئێران گرت و سەفیرەکانی خۆیان لە تارانەوە بانگ کردەوە. ئەوە زەبرێکی قورسی لە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دا. هەرچەندە وڵاتانی ئورووپایی پاشان پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران دەست پێ کردەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە دەری خست ئەگەر دنیای متمدن و پێشکەوتوو لە دژی تێرۆریزم هاودەنگ بێ دەتوانێ پاشەکشەی پێ بکا.

لە کاتێکدا یادی ٢٢ ساڵەی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە وڵاتانی جیهان مەترسییەکانی تێرۆریزمی دەوڵەت و ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکانیان بۆ دەرکەوتۆە خۆیان لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی جیهان دا بە بەرپەرس دەزانن، بۆیە ٤٠ وڵات بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس ئیئتیلافێکیان لە دژی داعش پێک هێناوە. ئێران ڕێگەی پێ نەدرا لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بێ. بیانووە رواڵەتییەکەی هەرچییەک بێ، ئەم ڕێگە پێنەدانەی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی تێرۆریسییەکەی. دەبێ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بە تەجروبە بۆیان دەرکەوتبێ کە تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ کات مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێران نەبووە و زۆر جار هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دیکەش. هەروەها داعیش هیچ کات مەسەلەیەکی سووری یان عێراقی نیە بە تەنیا، بەڵکوو دەتوانێ ئاسایشی هەموو وڵاتانی جیهان بشێوێنێ. ئەگەر وڵاتانی جیهان لە بەرامبەر تێرۆریزمدا هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن، تێرۆریزم هیچ سنوورێک ناناسێ.

لە ژمارە ٦٤٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی : ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٥

# پیرۆز بێ ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیستدا

لەبەرەبەری یادی ٢٦ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە دوایین کۆبوونەوەی گشتیی شوورای ناسیۆنال سوسیالیستدا کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی ژووئیەدا لە نیویۆرک پێک هات، بە خۆشیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە جیهانیە هەڵبژێردرا. ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕێکخراوەدا کە دوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین ڕێکخراوی جیهانییە، نیشانەی زیندوویەتی و تواناو ئیعتیباری حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

لە مێژووی ٧٠ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا مێژووی ٣ دەیەی دوایی ئەم حیزبە بە جۆرێک گرێ دراوە بە مێژووی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستەوە. دوو ڕێبەر و سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات دوای بەشداری لە کۆنگرەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە تێرۆر کران، حیزبی دیموکرات جارێک بۆتە ئەندامی چاوەدێر و لەم کۆبوونەوەیەشدا بۆتە ئەندام؛ لە کۆنگرەی ١٧یەمی ئەنتێر ناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٨٦دا لە لیما پێتەختی وڵاتی پێرۆ د. قاسملووی نەمر وەک میوان بەشدار بوو. هەموو هەوڵی قاسملووی نەمر ئەوە بوو حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕێکخراوە جیهانییەدا ببێتە ئەندام و دەنگی بزووتنەوەی کورد بەو تریبوونە جیهانییە رابگا. لە کۆنگری ١٨شدا ساڵی١٩٨٩ لە ستۆکهۆڵم د. قاسملوو بەشدار بۆوە، بە داخەوە زۆری نەبرد دوای ئەم کۆنگرەیە لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش بەدەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی وێڕای عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و د. فازڵ ڕەسووڵ کوردی باشووری کوردستان و دۆستی حیزبی دیموکرات شەهید بوون. سێ ساڵ دواتر لە کۆنگرەی ١٩ ئەنتێر ناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە بێرلین پێتەختی ئەڵمان د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات وەک میوان بەشدار بوو، بە داخەوە ئەویش، یەک ڕۆژ دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە لە بێرلین وێڕای فەتاحی عبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، همایوونی ئەدەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووریی دێهکوردی دۆستی حیزبی دیموکرات بەدەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران. لە کۆنگرەی بیستەمی ئەم ڕێکخراوەیەدا لە نیۆیۆرک سکرتێریی گشتیی ئەوکاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەشدار بوو و بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو کۆنگرەیەدا وەک ئەندامی چاوەدێر لەم ڕێکخراوەیەدا وەرگیرا. لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی شوورای گشتییشدا بە هەوڵ بە بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک مستەفا شەڵماشی نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات و بە پشتبەستن بە هەوڵە لەمێژینەکانی ئەم حیزبە بە خۆشییەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ئەندام لەم ڕێکخراوەیەدا وەرگیرا.

گرنگیی ئەندامەتی لەم ڕێکخراوەدا ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە دوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین و بەرینترین ڕێکخراوی جیهانییە. بە دەیان حیزب و ڕێکخرای چەپ و دیموکرات لە سەرانسەری جیهان تێیدا بەشدارن. هێندێک لەو حیزب و

ڕێکخراوانە لە وڵاتانی خۆیان یان دەسەڵاتدارن یان لە دەسەڵاتدا بەشدارن یان ئۆپۆزیسیۆنن و لە مەیدانی سیاسیدا کاریگەر و شوێندانەرن. ئەم ڕێکخراوە وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکەی نێونەتەوەیی ئەگەر بڕیارەکانی قابیلی ئیجرا نین، بەڵام لە ڕووی دیپلۆماسییەوە تریبوونێکی گرنگی نێونەتەوەییە و بۆ گەلی کورد زۆر گرنگە کە حوزووری هەبێ و لەوێوە دەنگی بە خەڵکی جیهان ڕابگا.

بوونە ئەندامی حیزبی دیموکرات لەو ڕێکخراوە جیهانییەدا نیشان دەدا کە حیزبی دیموکرات لە لایەک هەروا لەسەر باوەڕەکانی سۆسیالیزم وەک سیستمێکی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی و ئینسانی سوورە و لەلایەکی دیکەش نیشان دەدا کە خاوەنی جێگە و پێگەی نێونەتەوەییە کە ئەمەش نفووز و ئیعتیباری ئەم حیزبە دەسەلمێنێ. بوونە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنتێر ناسیۆنالیست سۆسیالیستدا، دوای ٣٦ ساڵ سەرکوت و تێرۆر و سانسۆری کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەم حیزبە، حوزووری کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی توانا لە ناستەمترین و دژوارترین و تەنانەت نامومکینترین هەلومەرجەکان لەم ساڵانەی دواییدا، و خۆڕاگریی ئەم حیزبە لەو هەلومەرجە دژوارەی ئەمڕۆدا، نیشانەی زیندوویەتی و پوتانسییەلێکی گەورەیە کە لەم حیزبە دا هەیە. ئەگەر دەرفەتی ئازادبوونی ئەم پوتانسیەلە برەخسێ بێگومان لە مەیدانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەکتەری سەرەکییە و لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیشدا لە ریزی ئەکتەرە سەرەکیەکانیدایە. بێگومان ئەگەر ئەم حیزبە ڕەگی لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەکوتابێ و لە هەناوی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵنەقوڵابێ و وەک حیزبێکی سەربەخۆو خاوەن ئیرادە بوونی خۆی نەسەلماندبا، لەو هەلومەرجە دژوارەدا کە ئەمڕۆ تێیدایە، نەی دەتوانی بەو دەسکەوت سەرکەوتنانە بگا.

ڕێکەوتی : ١١ی جووڵای ٢٠١٥

# کاریگەرییەکانی ململانێی ئێران و عەرەبستان لەسەر رەوتی رادیکالیزم و مەسەلەی دیموکراسی لە ناوچەدا

ململانێی ئێران و عەرەبستان لە ناوچەدا دوای سەرهەڵدانی داعش و شەڕی نێوخۆیی یەمەن پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم ململانێیە کە بەر لە هەموو شت لە دیپلۆماسیی نەوتدا و پاشان پێشبڕکێ لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا خۆ دەنوێنێ، کاریگەریی لەسەر پەرەگرتنی توند ڕەوی و بەهێزبوونی رەوتە رادیکاڵەکانی لایەنگری هەردوو لا لە ناوچەدا هەیە و پاشان کاریگەریی لەسەر کێشە نەتەوەییەکانیش دەبێ. مەسەلەی دیموکراسی ئاڵقەی ونبووی ئەم رووداوانەیە. مەترسییەکانی ئەم ململانێیە و ئەگەری کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان لەو مەسەلانەن کە لەم چەند دێڕەدا باسیان دەکرێ.

دوو بەرەی شیعە و سوننی

ئێران و عەرەبستان پێش سەرهەڵدانی داعش و شەڕی یەمەنیش پێوەندییەکی باشیان نەبوو، تەنیا لە سەردەمی سەرکۆماریی سەید محەممەدی خاتەمی (١٣٤٨ ـ ١٣٧٦)دا پێوەندییەکی تا رادەیەک ئاسایی لە نێوانیاندا هەبوو، ئەگینا لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماریی ئیسلامییەوە ئەو پێوەندییە تێکەڵ بە ململانێ، کێشەی دیپلۆماسی و تەنانەت رووداوی خوێناوییش بووە. لە ساڵی ١٣٦٨دا نزیکەی ٤٠٠ ئێرانی لە ڕێورەسمی حەجدا کوژران و بریندار بوون. لەوساڵەدا خۆپیشاندانی ئەو بەشە لە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی لە مەککە کە خولیای ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان لە کەللەی دابوو کەوتە بەر دەسرێژی پۆلیسی عەرەبستان و لە خوێن وەردرا.

رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە نیۆیۆرک هاوکێشەی سیاسیی لە ناوچەدا بە قازانجی ئێران گۆڕی. تا ئەو کاتە رادیکالیزمی شیعی کە ئێران نوێنەرایەتیی دەکرد وەک گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئەمریکا بە تایبەتی و رۆژئاوا بە گشتی دەهاتە بەر چاو. بەڵام رادیکالیزمی سوننی کە ئەلقاعیدە نوێنەرایەتیی دەکرد هاوکێشەکانی گۆڕی. هێرش بۆ سەر ئەفغانستان (٢٠٠٢) و عێراق(٢٠٠٣) بە کردەوە رۆڵی ئێرانی لە ناوچەدا زیاتر کرد. ئێران لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقدا نەک هەر نەی توانی خەونی لەمێژینەی بۆ دەسڕاگەیشتن بە کەربەلا بەدی بێنێ، بەڵکوو لەبەرامبەر عێراقدا شکستێکی تێکەڵ بە جامی ژەهری خوارد. لە ٢٠٠٣دا بێ ئەوەی سەربازێکی بە کوشت بدا دەستی بە کەربەلا راگەیشت. لە راستیدا عێراق لەو کاتەوە بۆتە ناوچەی ژێر نفووزی ئێران.

شەڕە نێوخۆییەکانی سووریە، یەمەن، عێراق، خۆپێشاندانی شیعەکان لە بەحرەین کە لە راستی دا شەڕی نێوان هێزە رادیکاڵییە شیعە و سوننییەکانە بواری دەستێوەردانی ئێران و عەرەبستانی لەو شەڕاندا لە دژی یەکتر پێک هێناوە. هەر کامیان لە هەوڵی ئەوەدایە لایەنگرانیان بەهێز بکەن و مەیدانی نفووزی خۆیان بەرین بکەنەوە بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچە دا بپارێزن. ئێران

لێبڕاوانە لە هەوڵ دایە کەوانەی شیعی (ئێران ـ عێراق ـ سووریە ـ لوبنان) پێک بێنێ، لە هەرسێک وڵاتدا جگە لە پشتیوانیی ئابووری سەربازەکانیشی حوزووریان هەیە و بە کردەوە لەشەڕدا بەشدارن.

تەحریمی نەوتیی ئێران لەلایەن ئەمریکا لە دوو ساڵ مەوبەرەوە و هاوکات چوونەسەری ڕێژەی بەرهەمی نەوت لە لایەن عەرەبستانەوە ئەم ململانێیەی زیاتر کردوە. ئێران پێی وایە عەرەبستان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکاندا بەرهەمی نەوتی خۆی دەباتە سەر بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بتوانێ تەحریمەکانی سەر ئێران درێژە پێ بدا.

ململانێی ئەم دوو وڵاتە تەنانەت لە ئاستی کێشەی نێوان دوو وڵاتیش تێ پەڕیوە و ئاقاری ناوچەیی بەخۆیەوە گرتوە. ئەو وڵاتانەی لە رووی مەزهەبییەوە و هەروەها لە رووی قازانجی ئابووری و ستراتیژیەوە لێک نزیکن خستۆتە بەرەیەک و بە کردەوە بەرەیەک بە ڕێبەرایەتیی عەرەبستان و بەرەیەکیش بە ڕێبەرایەتیی ئێران لە ناوچەدا بەرامبەر یەکتر راوەستاون.

مەسەلەی دیموکراسی لەم ململانێیەدا

بێگومان دیموکراسی لە پەرەگرتنی ئەم ململانێیەدا جێگایەکی نیە؛ کێشەی ئێران و عەرەبستان نە کێشەی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریە و نەکێشەی راست و چەپ و نە کێشەی داگیرکەر و ئازادیخواز. کێشەکە پێشبڕکێی نفووزی ئەو دوو لایەنە کە لە شکڵی کێشەی مەزهەبیدا خۆی دەنوێنێ. ئیمکانات و پشتیوانیی ئەم دوو لایەنە بێگومان رەوت و هێزە رادیکاڵییە ئیسلامییەکانی دوو لایەن دەگرێتەوە. پەرە بە دەمارگرژیی ئایینیی دوو لایەن دەدا، سەرنجی خەڵکی ناوچە بە تایبەتی توێژی لاو کە بەرامبەر بە رووداوەکان زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە هەستیارن و زووتر دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن، بۆ لای خۆی رادەکێشێ. ئەمە راست ئەو شتەیە کە رەوتە رادیکاڵە ئیسلامییەکان گەرکیانە. ئەوان لە دۆخێکی وادا سەربازەکانیان رادەکێشن و تەیاریان دەکەن. ئەم ململانێیە دەمارگرژیی ئایینی زیاد دەکا و گیانی مەدەنییەت و ئۆگری بە ئەمنییەت کەم دەکاتەوە. بیری دیموکراسی و پێکەوە ژیان و گەشەی ئابووری و بیری چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای وتووێژەوە لاواز دەکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هێزە پێشکەتنخواز و دیموکراتەکان کە هەرلە بنەڕەتدا بەهۆی سەرکوت و رابردووی دوور و درێژی دیکتاتۆری لە ناوچەدا هێزی سەرەکی نین، لاوازتر بن و بکەونە ژێر کاریگەریی شەڕە مەزهەبییەکانەوە.

مەترسییەکانی ئەم ململانێیە لەسەر نێوخۆی ئێران و کوردستان

ئێران لە رووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییەوە فرە چەشنە؛ رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئێران هەم لە رووی نەتەوەیی و هەم لە رووی ئایینییەوە لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیان. نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینە جیاجیاکانی ئێران لە کۆنەوە بێبەش و چەوساوەن. لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم رەوتە زیاتر بەرەو خراپی چووە، تەنانەت شەڕی خوێناویی تێدا رووی داوە. مەترسیی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە لە ئەگەری قووڵبوونەوەی ئەم کێشەو ململانێیە گرژی و تەنانەت شەڕی ئایینی لە ئێراندا روو بدا کە رادەی زەرەر و زیانەکانی بۆ کەس پێشبینی ناکرێ.

مەترسییەکانی ئەم ململانێیە بۆسەر کوردستان یەکجار جیددیە؛ کورد لە ئێراندا لە دوو گرووپی سەرەکیی شیعە سوننی پێک هاتوە. لە ئوستانی کرماشانەوە بەرەو باکوور بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان مسوڵمانی سوننین، بەرەو باشووریش بەشی هەرە زۆری مسوڵمانی شیعین. ئەم دوو بەشە لە خانەی نەتەوەییدا یەکن؛ لە بێمافیی نەتەوییدا هاوخەمن و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دا هاوخەبات. دیارە کەمایەتیی ئایینیی دیکەی وەک مەسیحی، جوولەکە، ئەهلی حەقیش لە کوردستان دەژین. مەترسیی ئەوە هەیە لە ئەگەری قووڵبوونەوەی ئەو ململانێیەدا زیان بە یەکەیەتیی نەتەوەیی کورد لە ئێرندا بگا. مەترسیی ئەوە لە گۆڕێدا دەبێ کە بزووتنەوەی کورد لە ململانێکدا زیانی پێ بگا کە نە ئەو و نە ئەگەر قازانێکی هەبێ قازانجەکە بۆ ئەو دەبێ. مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە مێژە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی و دیموکراتیک لە گۆڕێ دایە. کۆماری ئیسلامی لە مێژە هەوڵدەدا ئەم مەسەلەیە بە پێچەوانەیەوە پێناسە بکا. ئەو کاتەی کێشەی لەگەڵ ئەمریکا هەیە بزووتنەوەی کورد بە دەسکردی ئەمریکاو رۆژئاوا لەقەڵەم دەدا، تا لەگەڵ عێراق لە شەڕ دابوو بە دەسکردی رێژیمی بەعسی لەقەڵەم دەدا و لەم دوییانەشدا رووداوەکانی مەهاباد و چەند شاری دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە دەسکرد و پیلانی عەرەبستان! لەقەڵەمدا.

سەرەنجام. ئەوەی بۆ کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی کورد گرنگە ئەوەیە کە لە سروشتی ئەو ململانێیە ئاگادار بن. مەترسییەکانی کە بریتیین لە پەرەگرتنی دەمارگرژیی ئایینی و بەهێزبوونی رادیکالیزم کاریگەریی خراپیان لەسەر رەوتی دێموکراسی لە ناوچە و لە کوردستاندا هەیە کە تاقە رێگای بەدەستهێنان و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی کوردە.

رێکەوتی : ١٥ی جوونی ٢٠١٥

# رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی و هەڵسەنگاندنێکی کورت

٢٢ی ئاوریلی١٨٩٨ یەکەم ژمارەی»کوردستان»، یەکەم رۆژنامەی کوردی لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە لە شاری قاهیرە دەرچوو.١١٧ ساڵ لەو مێژووە تێپەڕیوە. دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە لە رووی سیاسی و فەرهەنگییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە؛ لەو ماوەیەدا رۆژنامەنووسیی کوردی لە بواری جیاجیادا گەلێک خزمەتی بە نەتەوەی کورد کردوە، بەڵام کەندو کۆسپێکی زۆریشی لەسەر رێگای هەن. هەرچەند چارەنووسی ئەم رۆژنامەیەش لە چارەنووسی کوردی بێ ماف و لەتلەتکراو جیا نەبوو، بەڵام بوو بە دەسپێکی رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی کە هەتا ئێستا بە بێ ئەوەی خاوەنی دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆ بێ، درێژەی هەیە.

لەم وتارەدا لە دوو روانگەوە سەیری رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی کراوە؛ یەکەم، ئەو کاریگەرییە پۆزەتیڤانەی کە رۆژنامەنووسیی کوردی لەسەر دۆخی سیاسی و رۆشنبیریی کوردی هەبووە و هەیە، دووەم، ئەو کەموکورتی و کۆسپانەی کە رۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵیان بەرەو ڕوویە.

لە رووی فەرهەنگییەوە رۆژنامەنووسیی کوردی کاریگەرییەکی یەکجار پۆزەتیڤی لەسەر کورد هەبووە. ئەگەر نەڵێین یەکەم رۆژنامەی کوردی یەکەم هەنگاوی کورد بۆ نووسینی پەخشانە (نثر)، دەتوانین بڵێین لە یەکەم هەنگاوەکانە. هەتا ئەو کاتە زمانی نووسین وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە، زمانی هۆنراوە و شێعر بوو. هەتا ئەو سەروبەندە شێعر ئەرکی باسکرنی هەموو مەسەلەکانی لەئەستۆ بوو؛ مەسەلە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسیەکان، مێژوویی و چیرۆک هتد بە زمانی شێعر بوون. بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا نەدەکرا هەموو شتێک هەر بە شێعر و هۆنراوە بێ، چونکە هەم زەحمەتە، هەم تەنیا شاعیران لەدەستیان دەهات. بۆیە بۆ باسکردنی مەسەلە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و زانستییەکان و گەیاندنیی هەواڵ و رووداوەکان پێویست بوو پەخشان دابکەوێ. دەستپێکرانی رەوتی رۆژنامەنووسی و بە واتای دەستپێکردن یان لانی کەم پەرەگرتنی پەخشان نووسی بوو.

دەرچوونی رۆژنامەی کوردی لە کاتێکدا سەرکوت، ئینکار و حاشاکردن لە بوونی کورد سیاسەتی باوی وڵاتانی دابەشکەری کوردستان بوو، خزمەتێکی زۆری بە چەسپاندن و تەسبیتی زمانی کوردی کرد. زمانێک کە تەنیا لایەنی زارەکی هەبێ، یان بەرەو دابەشبوون دەچێ یان فەوتان، جا ئەگەر هەوڵی تواندنەوە و ئاسیمیلەکرنیشی لەسەر بێ مەترسییەکە چەند بەرابەر دەبێ. زمانێک بە نووسین تۆمار دەبێ، لە خۆرا نیە لەو جێگایانەدا کە نەیارانی کورد کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ قسەکردن و ئاخاوتن بە زمانی کوردی نیە، گیروگرفتیان لەگەڵ خوێندنی و نووسین بە زمانی کوردی هەیە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا رۆژنامە بە زمانی کوردی توانیویەتی لەم بوارەدا خزمەتێکی گەورە بکا.

لە بواری مێژوودا، بەشی زۆری مێژووی کورد یان بەدەستی بێگانە یان لە لایەن دوژمنانیەوە نووسراوە. رۆژنامەنووسیی کوردی توانیویەتی هەم ببێتە سەرچاوەی مێژوویی بۆ نووسەرانی کورد، هەم گەلێک قەڵەم پەروەردە بکا کە بۆخۆیان مێژووی کورد بنووسن.

**ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کاتێکدا کورد خاوەنی دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆ نیە کە پێوەندیی لە نێو هاووڵاتانی کورد دا پێک بێنی، تا ڕادەیەک بوو بە پردی پێوەندیی پارچەو ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان. زۆر جار دیتراوە کە ڕۆژنامەیەک لە پارچەیەک بۆ پارچەیەکی کوردستان و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەستاودەست کراوە.**

**لە هەمووی گرنگتر ڕۆژنامەنووسی بۆخۆی بناخەی بوارەکەنی دیکەی ڕاگەیاندن و تەنانەت کتێب نووسینە. ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا سایتە ئەنتەرنێتییەکان کەم و زۆر بنەمای کارەکانیان لەسەر ڕۆژنامە نووسییە. ئەم دزگایانەش بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە پێشکەوتنە تێکنیکییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەیە و سنووره سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکان ناتوانن پێشیان پێبگرن. ئەگەر لە ڕابردوودا ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەیتوانی سەری خوێنەرەکەی یان هەڵگرەکەی بە با بدا ،لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژنامە بە شەپۆلەکان تەیارن کە بە زەحمەت پێشیان پێ دەگیرێ.**

**لە کاتێکدا کورد هیچ کات پێی وا نەبووە کە دەتوانێ لە ڕێگای چەکەوە مافەکانی بەدەست بێنێ و ئەو چەکەی پێیەتی تەنیا بۆ دیفاع لە خۆی بووە، و لە کاتێکدا سانسۆر و نەبوونی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی دەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی کپ کردوە، ئەوە بەشی زۆری ڕۆژنامەکانن کە بیری ئەحزابی سیاسیی کوردیان بە کورد و غەیری کورد گەیاندوە. کەوابوو ڕۆژنامەنووسی تریبوونی هەرەگرنگی هێزە سیاسییەکانی کورد بووە.**

**ڕۆژنامەنووسیی کوردی تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغەیە ـ هەرچەند هیچ کات جێگای خوێندنی سیستەماتیک ناگرێتەوە . بەڵام تا ڕادەیەک بۆشایی ئەم بوارەشی پڕ کردۆتەوە، بە تایبەتی لە نێو توێژی گەورە ساڵاندا.**
**ئەگەر بێنە سەر باسی کەند کۆسپەکان و کەموکورتییەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بە داخەوە سەرەڕای مێژوویەکی لەقەدەر دوور و درێژ، هێشتا ئەم بوارە کەند و کۆسپی جیددی لەسەر ڕێگان:**

**پێش، هەموو شتێک کورد خاوەنی وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ نیە کە ڕۆژنامە بە شێوەیەکی ڕۆژانە و ڕێکوپێک لەسەرتاسەری کوردستان بڵاو بێتەوەو ڕۆژنامەنووسی ئەرکی پێشەیی خۆی پڕ بە مانای وشەی خۆی بە جێ بێنی. ئەو وڵاتانەش کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ئەوەندە ئازاد و دیموکرات نین کە نووسەرانی کورد و ڕووناکبیرانی کورد بتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەو ئازادییە ئەرکی پێشەیی خۆیان بەجێ بێنن.**

**گیروگرفتێکی گەورەی دیکەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی نەبوونی زمانی یەکگرتوو یان زمانی ستانداردە. جگە لەوەی لەهەر ناوچەیەک دەرفەتی دەرچوونی ڕۆژنامە دەرەخسێ زیاتر بە زمانی ئەو ناوچەیە دەنووسرێ، تەنانەت ئەو ڕۆژنامە کوردیانەی کە دەرفەتی چاپ و بڵاو بوونەوەیان بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ ڕەخساوە پێڕەوی لە پرەنسیپی زمانی یەکگرتوو ناکەن و لانی کەم بە دوو شێوەزار دەنووسن.**
**هەتا ئێستا ڕۆژنامەیەکی کوردی بە تەواوی مانای ڕۆژنامە کە بەبێ وەبەرچاو گرتنی لایەن یان ئیدئۆلۆژی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد و خاڵە هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو جیاوازییە ئایینی، زمانی و ناوچەییەکان بێ، نیە. بۆیە ڕۆژنامەنووسیی کوردی جارێ مەودایەکی زۆری لەگەڵ ستانداردەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە.**

رۆژنامەی کوردی بە هۆی ئەوەی بە تەواوی گرێ نەدراوەتەوە بە ژیانی رۆژانەی خەڵک و نەبووە بە بەشێک لە ژیانی ئەوان، ئەگەر سوبسیدی حیزبێک و رێکخراێکی سیاسیی لە پشت نەبێ ناتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ. رۆژنامەیەک یارمەتیی ماڵیی لە پشت بێ، بەسراوەیی سیاسییشی دەبێ و لە ئاکامدا ناتوانێ وەک رۆژنامەیەکی پیشەیی کار بکا و هەموو ئەو شتانە بڵاو بکاتەوە کە خەڵک مافیان هەیە لێی ئاگادار بن.

بەشی زۆری رۆژنامە نووسیی کوردی لە دوو بارەوە کێشەی سیاسیی هەیە؛ یان بەشێکن لە راگەیاندنی ئەحزاب کە ئاماژە بە کەموکورتیی ئەم رۆژنامانە کرا، یان لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا قەدەغەن. ئەو رۆژنامە کوردییانەش کە لە ئێران یان تورکیە بڵاو دەبنەوە لە باشترین حاڵەتدا دەرفەتی باس لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانیان هەیەو سەرەنجام ئەو دەوڵەتانە کەش و هەوایەکی وایان بۆ دەخوڵقێنن کە بۆخۆیان راوەستن، بۆیە لە نێو ئەمانەدا رۆژنامەیەک بەدی ناکرێ کە خاوەنی تەمەنێک و رابردوویەکی دوور و درێژ بێ.

لەگەڵ ئەوەدا بەشی هەرە زۆری کورد بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ نیە، ناچارە بە زمانی دووەم خوێندن و نووسین فێر بێ، بەو حاڵەش زمان و فەرهەنگی خۆی پاراستوە، لەوەدا کورد زۆر قەرزداری بواری رۆژنامە نووسییە، بوارێک کە بەردی بناخەی بریتییە لە رۆژنامەی کوردستان کە بە دەستی بە توانای میقداد میدحەت بەدرخان دانرا. دەستێکی بە توانا بناخەی مێژوویەکی تا ئێستا ١١٧ ساڵەی رۆژنامەنووسیی دانا، دەستێکی بە توانا یان دەستانێکی بە تواناش پێویستە رێگای بۆ خۆش بکەن و بەرەو پێشی بەرن و لە ستانداردەکانی پیشەی رۆژنامە نووسیی نزیک بکەنەوە.

لە ژمارە ٦٥٤ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢١ی ئاوریلی ٢٠١٥

## ئەمر بە مەعرووف یان ئەمر بە هەرج و مەرج؟

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو حەسەنی ڕووحانی سەرۆککۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی فەرماندەرانی پۆلیسدا گوتی: پۆلیس ئەرکی ئەوە نیە ئیسلام بەڕێوە بەرێ، بەڵکوو ئەرکی پۆلیس ئەوەیە قانوون بەڕێوە بەرێ.

ڕۆژی دووشەممە ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵا کاربەدەست و بڕیاردەرەکانی کۆماری ئیسلامی، کەسانی وەک مەکاریمی شیرازی، سافیی گوڵپایەگانی و نووری هەمەدانی دژکردەوەیان لە بەرامبەر ئەو قسەیەی ڕووحانی دا نیشان دا. ئەو چەند ئایەتوڵڵایە قسەکانی حەسەنی ڕووحانیان بە واتای دژایەتی لەگەڵ "ئەمر بە مەعرووف" دانا و ئەمر بە مەعرووفیان بە ئەرکی هەموو کەس دانا کە دەبێ بەڕێوەی بەرن.

لە ڕوانگەی تیئۆریسییەنەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی واقعیی کۆماری ئیسلامییەوە دەبێ هەر مسوڵمانێک ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکر بکا. ئەم مەسەلەیە لە مێژووی ٣٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا هەرج و مەرج و بێ سەرەوبەرەیییەکی زۆری لە کۆمەڵگای ئێراندا پێک هێناوەو بۆتە سەرچاوەی گەلێک جینایەت و کارەسات لە ئێراندا.

لە ژێر ئەو جۆرە ڕێنوێنیانەدا هەر بەسیجییەکی وەفادار بە کۆماری ئیسلامی بە ئەرکی خۆی دەزانێ دەخالەت لە ژیانی شەخسی و کاروباری ڕۆژانەی خەڵکدا بکا و خۆی بکاتە موعەللیمی ئەخلاقی ئەوان. لە کاتێکدا زۆربەی ئەو بەسیجانە کە لە بەرگی پۆلیس و هێزە ئینتیزامییەکان دان بۆخۆیان لە ڕووی ئەخلاقی و تەربییەتییەوە گیروگرفتێکی زۆریان هەیە.

کاتێک وڵات بە پێی قانوون و بە حوکمی دادگایەکی بێلایەن و دادپەروەر بەڕێوە نەچێ و هەر کەس لە خۆیەوە ڕاست بۆوە و ئەمر بە مەعرووف بکا، کۆمەڵگا بەرەو ئانارشیزم، واتە بێسەرەو بەرەیی و کەسبەکەسییەکی سەیر دەچێ، بێ سەرەوبەرەییەک کە ٣٦ ساڵە خەڵکی ئێران بە دەستییەوە دەناڵێ.

لە ژێر ڕێنوێنییەکانی ئەو جۆرە ئایەتوڵڵایانەدا هەر بەسیجییەکی وەفادار و خاوەن بەرژەوەندی لەو حکوومەتەدا دەتوانێ بە لێکدانەوە و بە عەقڵی خۆی هەڵسوکەوت لە خەڵکی بکا. ژیان گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵک تابیعی حەز و ئارەزوو ئەفرادی بەسیجی و پۆلیسە ئیماندارەکان دەبێ. لە نێو ئەو هەمووە حەز و ئارەزووەی بەسیجییەکاندا ڕوون نیە قانوون چیە و حەق کامەیە.

لە هەلومەرجێکی وا دا مەئموورانی ئەمر بە مەعرووف هەر کات گیر وگرفتی ماڵیان بۆ هاتە پێش یان لە کاتی پێشبڕکێی دەوڵەمەندبووندا، دەتوانن بەرتیل لە خەڵکی وەربگرن و هەر ڕۆژەی بیانوویەک بە خەڵکی بگرن و ئەمر بە مەعرووف زۆر بە ئاسانی جێگای خۆی بدا بە ئەمر بە بەرتیل.

مەئموورانی ئەمر بە مەعرووف بە قەول ئەرکیان پاراستنی ناموسی خەڵک و پێشگیری لە فەسادە. هەر وا بزانە ئەگەر ئەوان نەبن خەڵک نازانێ ئەو جۆرە مەسەلانە چن. لە کاتێکدا مەئموورانی ئەمر بە مەعرووف بۆخۆیان لەم بارەیەشەوە گیروگرفتێکی زۆریان هەیە. لە خۆڕا نیە لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا ئێران لە رووی فەسادەوە لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دایە کە فەسادیان تێدا بەربڵاوە. ئەزموونی ئێران و زۆر وڵاتی دیکە و گەلێک ئەزموونی دیکە لە مێژوودا ئەوەیە کە هەر کات لە وڵاتێکدا کەسانێک خۆیان بە پاک زانی و خۆیان کرد بە قەیووم و موعەللیمی ئەخلاقی خەڵکی، ئەو وڵاتە بەرەو فەساد دەچێ.

ئاکامی ئەمر بەمەعرووف لە ئێراندا گرێ دراوە بە زۆر جینایەتی سامناکەوە. مەئموورە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە کوشتنی رووناکبیران، نووسەران و سیاسەتمەدارانی جیابیران لە نێوخۆو دەرەوە وڵات پێ دەسپێردرا و لە مێژووی ئێراندا بە قەتڵە زنجیرەییەکان ناوبانگی دەرکرد، هەر ئەو سەربازە بێ ناوونیشانانەی ئیمامی زەمان واتە هەمان مەئموورانی ئەمر بە معرووف بوون. مەئموورانی ئەمر بە مەعرووف بوون کە جینایەتەکانی ناسراو بە قەتڵە جاڵجاڵۆکییەکانیان بەڕێوە دەبرد کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بە ناوی نامووسەوە کوژران و تەرمەکانیان لە سەر شەقام فڕێ دەدران.

سەرەنجام لە کارەساتی ئەمر بە مەعرووفدا ئەوە تەنیا ژنانن دەبنە قوربانی و بە ناڕەوا دەکەونە بەر شک و گومانی بێجێی ئەو بەسیجانەی کە بۆ رازیکردنی بەرپرسەکانیان و بۆ دابینکردنی ژیانی پڕ لە شوورەیی خۆیان دەست لە هیچ ناپاکی و جینایەتێک ناپارێزن.

رێکەوتی : ٢٨ی ئاوریلی ٢٠١٥

# تارماییەک لە خستنەڕووی کێشەی کورد لە ئێراندا

تا ئەو کاتەی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی شەشەمی ئێراندا پێک نەهات، کێشەی کورد سنووردار بوو بە کوردستان. وتووێژەکانی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد لەگەڵ ئایەتوڵلا خومەینی و نوێنەرانی حکوومەتی تازە لە یەکەم ساڵەکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییشدا کێشەی کوردی لە سنوورەکانی کوردستان تێنەپەڕاندو نەکەوتە نێو بەرنامەی دەوڵەت یان هێزە غەیرە کوردییەکانەوە. تەنیا شتی بەرچاو لەم پێوەندییەدا ئەوە بوو کە مەسەلەی خودموختاریی کوردستان بەشێک بوو لە بانگەشەی مەسعوود رەجەوەی لە پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردنی یەکەم دەورەی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩)دا کە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

دوای ئەم قۆناغە کێشەی کورد بەڕادەیەک سانسۆر کرا و ئەوەندە لە بیرو زەینی خەڵکی سەرانسەری ئێران دوور خرایەوە وەک بڵێی کوردستان بەشێک لە ئێرانیش نەبێ. تەنیا هەواڵی ناڕاست و شتی سەیروسەمەرە لە لایەن دەسەڵاتەوە لە باری کورد و کوردستانەوە بەگوێی خەڵکی ئێرندا دراوە کە شوێنەواری خراپیان ئێستاش بەسەر بیر و زەینی خەڵکی ناوچە دوورەدەستەکانی ئێراندا هەر ماوە. ئەوەندەی کورد توانی دەردو مەینەتەکانی بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنێ، بە هۆی ئەوەی هەموو دەرفەتەکانی لە نێوخۆدا لێگیرا، قەت نەی توانی بە گوێی هاونیشتیمانانی خۆی لە ئێراندای بگەیەنێ. لەم قۆناغەدا هیچ بێگانەیەک لە ئێراندا بە رادەی کورد بێگانە نەبووە.

لە دوای هاتنەسەرکاری سەید محەممەدی خاتەمی لە ساڵی ١٣٧٦دا بەهۆی کرانەوەیەکی نیسبی و نیوە چڵەوە رووناکبیرانی کورد بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە فەرهەنگییەکان تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کوردیان بەرجەستە دەکرد. لە مەجلیسی شەشەم دابوو کە بە پێکهێنانی فراکسیۆنی کورد بۆ یەکەم جار لە ئۆرگانێکی حکوومەتی لە تاران کێشەی کورد. بە وەبەرچاوگرتنی حەساسییەت و هێڵە سوورەکان . هاتە گۆڕێ. بەڵام لەم قۆناغەشدا کێشەی کورد نەکەوتە نێو ئەجێندای کاری دەوڵەتەوەو ئەم وەزعەش پێڕەویی لە دەسکەوت و پاشەکشەکانی قۆڵی رێفۆرمخواز دەکرد و بە شکست و پاشەکشەی ئەوان هاتنەگۆڕی کێشەی کوردیش لە تاران پاشەکشەی بە خۆوە بینی.

بە هاتنە سەرکاری حەسەنی رووحانی وەک سەرکۆمار و، دیاریکرانی کەسێک وەک «نوێنەری سەرکۆمار بۆ کاروباری کەمایەتییە ئایینی و قەومییەکان» مەسەلەی کورد بزاوتێکی کەم رەنگی لەنێو کۆڕو کۆمەڵی نێوخۆی ئێراندا پێک هێناوە. سروشتی ئە بزاوتەو هۆیەکانی چین؟

با لە پێشدا باسی هۆیەکانی بکەین: یەکەم، رابردووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی کورد و هێزەسیاسییەکانی زەمینەو بەستێنێکی بەهێزی بۆ بیری نەتەوەیی و خۆنواندنی ناسیۆنالیزمی کورد پێک هێناوە. ئەمە وای کردوە بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو کاتانەدا کە

سەرکوت و توندوتیژی زۆره، شێوەی نهێنی و تاکتیکی بە پارێزەوە بە خۆیەوە بگرێ. لەوکاتانەشدا کە کەشوهەوا دەگۆڕێ بە گوێرەی رادەی کرانەوەی کەش و هەوایەکە، خۆی دەردەخا و بوونی خۆی رادەگەیەنێ. دووەم، رووداوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە عێراق، تورکیە، و سووریە کاریگەریان لەسەر ئەم بزاوتە هەیە. سێیەم، پێشبرکێی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەرفەتێکی کەمی بە خۆنواندنی ئیرادەی نەتەوەیی پێک هێناوە. لە ساڵی ١٣٨٨ەوە چەند کاندیدایەکی پۆستی سەرکۆماری بە مەبەستی راکێشانی دەنگی ناوچە کورد نشینەکان لە چوارچێوەیەکی هەرچەند بەرتەسک و سنووردارردا مەسەلەی «قەوم»ەکانی ئێران یەک لەوان کوردیان زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە فەرهەنگییەکاندا هێناوەتە گۆڕێ. ئەم ٣ هۆیە وای کردوە کە مەسەلەی کورد لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران حەساسییەتی زیاتری هەبێ و زیاتر سەرنجەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ.

سروشتی ئەم بزاوتە: ئەم بزاوتە لەلایەن دەسەڵاتی سەرەکیەوە نە هاتۆتە گۆڕێ، و نە پشتیوانیشیی لێ دەکرێ. تەنانەت نوێنەری سەرکۆمار سەبارەت بە وەندە بیروڕایانەش کە لە روانگەی کوردەوە زۆر بە کەم و سەرەتاییش دەژمێردرێن،کۆنەپارێزان و دەمارگرژانی دەسەڵاتدار بە توندی بە گژی دادەچنەوە و لە راستیدا ئەو بەرنامە سنووردار و رووکەشانەش کە رووحانی لە بارەی «قەومییەت»کانەوە هێنابوونیە گۆڕێ لە وەعدو بەڵێن تێنەپریون و عەمەلی نەکروان. ئەو مەسەلانە زیاتر لە لایەن قۆڵێکی دەسەڵاتەوە هاتوونەتە گۆڕێ . با لەوە گەڕین کە چەندە سوورن لەسەر بەرنامەکان و وەعدەکانیان . کە لە کەمایەتی دان و هێندێک جار دەوری ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆش دەگێڕن و لۆسەکانی دەسەڵاتیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆیان بە دەستەوە نیە. بەڵام ئەگەر سەیری وڵاتی تورکیە بکەین دەبینین باسی کێشەی کورد لە لایەن بە دەسەڵاترین پۆست و ئۆرگانەکانی حکوومەتەوە هاتووتە گۆڕێ.

دووەم، بەشی بەرچاوی ئەو کەسایەتییە غەیرە کوردانەی ئەم گوتارە دێننە گۆڕێ یان لە دەسەڵاتدا نین یان لە دەسەڵات دوور خراونەتەوە. لە نێو ئەو کەسانەدا تاقە یەک کەسایەتیی چەشنی «ئیسماعیل بێشکچی»ی تورک یان «ئەلجەواهیریی» عەرەب نابینرێ کە بە دەنگێکی دلێر دیفاع لە مافی کورد بکا و ئامادە بێ زیندانی و دوورخرانەوە وەخۆ بگرێ. تەنانەت گوتاری هێندێک لەو کەسایەتیانە لە پێوەندی لەگەڵ کورددا لە روانگەی حاشا کردن لە سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد و دەکرێ بڵێین مەزنیخوازانەی نەتەوەیی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێ. گوتاری ئەوان ئەوەیە کە:»کورد لە هەر جێیەک بێ ئێرانییە«و پێناسەی ئێرانیش پێناسەیەکی فارسیی هەیە و لە روانگەی ئەوانەوە فارس ئەسڵ و تەورە و ئەوانی دیکەش بەشێک یان شێوەزارێک لە فارسن.

ئەو تێزە کە کورد ئێرانیە زۆر جار لە لایەن رێژیمی پاشایەتییەوە و ئێستاش لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە پێوەندی لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەکار براوە. ئەوان بە هەق کورد و تورک و عەرەبیان بە سێ نەتەوەی بێگانە و لێک جیا زانیوە بەڵام بە نارەوا کورد بە ئێرانی و ئێرانیش بە فارس لەقەڵەم دەدەن. کەچی کورد لە تورکیەو لە سووریەی «بێگانە»دا سەرەڕای خراپیی بارودۆخی،لە چاو کوردی ئێرانی «دایک» وەزعی زۆر باشترە. لە عێراقی «بێگانە»شدا کورد زۆر لە مێژە دان بە بوون و بە مافەکانی دا هێنراوە.

سێیەم، بزاوتی کورد لە ئێراندا لەگەڵ دەسەلاتێکی ئیدئۆلۆژیک بەرەوڕوویە. لە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیدا ئەگەر چارەسەرێکی سیاسییش بۆ کێشەیەک بدۆزرێتەوە، لەگەڵ کۆسپی عەقیدەتی و هێڵە سوورەکانی ئیمان و باوەڕ بەرەوڕوو دەبێتەوە. بەلام لە ڕێژیمێکی سیاسیدا هەر چەند ئەو ڕێژیمە توندو تیژیش بێ، لە بەرامبەر فشارێکی سیاسیدا دەتوانێ چارەسەری سیاسی قبووڵ بکا و لە قبووڵکردنی واقعییەتەکاندا کێشەی ئیدئۆلۆژیکیی نیە. بۆیە بزاوتی کورد لە ئێراندا هەم لەگەڵ قەهری سیاسی بەرەوڕوویە و هەم لەگەڵ عەقیدەی دەمارگرژانەی ئیدئۆلۆژی. ئەم بارودۆخە وای کردوە کە فەزای چالاکیی نەتەوەیی زۆر بەرتەسک بکرێتەوە و تێکۆشەری مەدەنیی کورد بۆ هەنگاوێکی بچووک دەبێ نرخێکی قورس بدا. ئەو چالاکە مەدەنیانەی کورد کە چەندین ساڵە لە زیندان دان یان بە هۆی هێندێک چالاکی کە لە روانگەی دەسەلاتەوە بە تاوان دەژمێردرێن تەنانەت لە ڕێژیمێکی وەک ڕێژیمی سەددام حوسێن لە عێراقدا بە تاوان نەدەژمێردران، یان ئێستا لە روانگەی ڕیژیمی تورکیەوە بە تاوان ناژمێردرێن.

سیمیناری ژمارەیەک لە رووناکبیرانی غەیرە کورد لە شاری سنە لەگەڵ بەرەی یەکگرتووی کورد، هەڵوێستەکانی «نوێنەری سەرکۆمار لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتییە ئایینی و قەومییەکان» تارماییەک لە خرانە رووی کێشەی کورد لە نێو کۆڕو کۆمەڵی ئێراندا بەدی دەخا کە جارێ نە لە لایەن دەسەلاتی سەرەکییەوە بە جیددی وەردەگیرێ و نە تەنانەت وەلامدەری لانیکەمی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و فەزای نەتەوایەتی و بیری پەرەگرتووی ناسیۆنالیزمی کوردن. ئەم هەنگاوانە لە نەوعی خۆیاندا تازەن، بەلام سەرەتای ڕێگایەکی دوورودرێژە کە هەتا کۆماری ئیسلامی لەسەر کارە کورد دەبێ دەست پەنجەی لەگەڵ نەرم بکا و لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامییشدا بۆ خۆپاراستن لە شەڕ و ماڵوێرانی تاقە ڕێگایە کە دەبێ بە ئاکام بگا.

لە ژمارە ٦٥٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠١٥

# تێڕوانینێک لە نەورۆزی ئەمساڵ

خەڵکی ئێران و کوردستان ئەمساڵ ۳۶ەمین نەرۆزیان لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا جێژن گرت. بەر لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەورۆز وەک جێژنێکی کۆن و لەمێژنەی گەلانی ناوچە لە تاجیکستان و ئەفغانستانەوە بگرە تا کوردستان پێشوازیی لێ دەکرا. بەڵام پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نەورۆز واتایەکی سیاسییشی بە خۆیەوە گرتوە؛ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نەرۆز و سووربوونی خەڵکی ئێران لەسەر جێژنی نەورۆز، ئەو رۆژەی بە کردەوە کردوە بە رۆژی رووبەڕووبوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی. نەورۆز لە دوو بارەروە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دژایەتیی دەکرێ:

یەکەم، لە رووی مەرام و ئیدئۆلۆژییەوە. نەورۆز بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام هەبووە، هەرچەند تێکەڵ بە ئەفسانە بووە بەڵام بنەمایەکی ژینگەیی و سروشتیی هەیە. لە جوغرافیای ئەوگەلانەدا کە نەورۆز جێژن دەگرن، نەورۆز بە واتای دەسپێکی وەرزی ژیانەوە و کۆتایی هاتنی وەرزی سەرما و سەخڵەتی بووە. ئەم گۆڕانە سروشتییەش بۆ خەڵکی ئەو کات کە ژیانیان بە وەرزێڕی و ئاژەڵدارییەوە بەند بووە گرنگییەکی تایبەتیی هەبووە، هەر بۆیە جێژنیان بۆ گرتوە و بۆتە بەشێک لە فەرهەنگی ئەم نەتەوانە یەک لەوان کورد. ئاگر کە لە ئایینی زەدەشت دا پیرۆزە، توخمێکی گرنگە لە نەورۆزدا، جگە لە ئاگر جێژن و خۆشی و شایی بەشێکن لە رێورەسمەکانی نەورۆز. ئەمە لەگەڵ فەرهەنگی تەعزییەخانی، رەشپۆشی، شیوەن و رۆڕۆ، لەخۆدان و قوڕوەسەرکردن کە کۆماری ئیسلامی پەرەی پێدەدا یەک ناگرێتەوە. هەربۆیە نەرۆز لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دیاردەیەکی نائیسلامی دادەنرێ لەگەڵ باوەڕ و ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی ناگەنجێ.

دووەم، ترس لە کۆبوونەوەی خەڵک بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی. لە رێورەسمەکانی نەورۆز و چوارشەممە سووریدا کە لاوان بۆ دەربڕینی خۆشی شادی دەرژێنە سەر شەقامەکان و کۆڵانەکان، نیگەرانییەکی زۆر بۆ دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی دروست دەبێ. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە بزووتنەوەی ئازدیخوازانەی خەڵکی ئێران لە مەیدان دایە، رێورەسمەکانی نەورۆز تێکەڵ بە شەر و رووبەڕووبوونەوەی لاوان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەبێ و زۆر جار رێورەسمی ئاگردنەوەی چوارشەممە سووری جێگای خۆی دەدا بە خۆپێشاندان لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

نەورۆزی ئەم ساڵ لە چەند بارەوە گرنگیی تایبەتیی هەبوو؛ ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ئەگەر حیجابی زۆرەملیی لێ دەرچێ وەدی نەهاتوە. نرخ و بایەخەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە رێزیان لێ ناگیرێ. پلە بەرزترین ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان بوونەتە گەپجاڕی خەڵک و مایەی گاڵتە و جەفەنگی خەڵک بە تایبەتی تویژی لاو و جۆک و نوکتەی سەیرو سەمەرە لە بارەیاندا دروست دەکرێ. بەڵام رێورەسمەکانی نەورۆز سەرەڕای ئەوەی ۳۶ ساڵە دژایەتییان دەکرێ، وەک

رابردوو، تەنانەت زیاتریش لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ دەکرێ. ڕێورەسمەکانی نەرۆزی ئەم ساڵ دەریان خست کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ۳۶ ساڵەدا نەک هەر نەی‌توانیوە فەرهەنگ و ئامۆژگارییەکانی بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە بە تایبەتی ئەو نەسلەی لەژێر حاکمییەتی خۆیدا لە دایک بووە، بەڵکوو نەی‌توانیوە نەرۆزو جێژن و خۆشی لە فەرهەنگی گەلانی ئێرانیش بسڕێتەوە.

جگە لەمانەش ئابڵۆقەی ئابووریی سەر ئێران کە بۆتە هۆی دابەزینی بایەخی تمەن و چوونە سەری ئاوسانی ئابووری، نەبوونە کۆسپی جیددی سەر ڕێگای جێژن و شادییەکانی نەورۆزی ئەم ساڵ.

کوردستان هەروەک لە بزووتنەوەی ئازدیخوازانەدا پێشەنگە، لە نەرۆزی ئەمساڵیشدا پێشەنگ بوو. سەرەڕای کەندوکۆسپەکانی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای کاریگەریی شەڕی داعش لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی کوردستان زۆر بە گەرمی بە پێشوازی نەرۆزەوە هات. لە کاتێکدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مافە سیاسی، فەرهەنگی و تەنانەت مافی بەرابەریی ئابووری لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران بێ بەشە، نەورۆزی ئەم ساڵی کردە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی دەنگی حەقخوازانەی خۆی. کەوابوو بۆ گەلی کورد نەرۆز واتایەکی زیاتر لە جێژنێکی کۆن و سوننەتیی هەیە. لە یەک کەلام دا ئەگەر نەورۆز بە واتای ژیانەوەی سروشتە، گیانی ئازادیخوازی و خەباتکارانە بەشێکن لە سروشتی کورد. نەرۆز بۆ کورد بریتییە لە بووژانەوەی سروشتی ئازادیخوازانەو خەباتکارانەی کورد و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە پتەوتر بوونی باوەڕی نەتەوایەتی و تێکۆشان بۆ پاراستنی هوویەتی نەتەوەیی.

ڕێکەوتی : ٢٤ی مارچی ٢٠١٥

# بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە ٣٦ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا

٣٦ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت. میراتگرانی شۆڕش ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی ئیسلامی ناودەبەن. لەوەدا کە شۆڕش لە لایەن ئیسلامییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا قسەیەک نیە، بەڵام ئەوە کە شۆڕش لە پێناو هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی ئیسلامیی چەشنی ئێستا دەستی پێکردبێ بۆچوونێکی هەڵەیە. بەر لەوەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٣٤٢دا بێتە مەیدان لانی کەم دوو هێزی سەرەکی لە ئێران و کوردستان واتە حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژ بوو لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتیان دەکرد.

ئەگەر لایەنگرانی خومەینی توانیان لە پێگەی مزگەوت و بازاڕ و گوندەکانەوە خەڵک بۆ شۆڕش هان بدەن، حیزبی توودەش توانی لە نێو ئەرتەش، زانستگاو دانیشتووی شارەکاندا ئەو ڕۆڵە ببینێ. لە کوردستانیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیی لە شۆڕشی ١٣٥٧دا بینی. لە ساڵی ١٣٥٧دا هەلومەرجێک پێک هاتبوو کە ڕووخانی ڕێژیمی شا ئامانجی چەپ و ڕاست، دیموکرات و مەزهەبی بوو، هەر ئەمەش کاری ڕووخانی ئەم ڕێژیمەی ئاسان کرد.

ئەوەندەی ڕەوتی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی لە بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتدا سوور و لێبڕاو بوو و هەر لەو کاتەشدا بە پلان و بەرنامە بوو، ئەوەندەش ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات و پێشکەوتنخواز پەرش و بڵاو و بێ بەرنامە بوو. هەر بۆیە زۆری نەبرد دیکتاتۆریی پاشایەتی جێگای خۆی دا بە دیکتاتۆریی مەزهەبی.

کوردستان هەروەک لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا سەنگەری بەربەرەکانی لە دژی دیکتاتۆری بوو، لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش بەرەوڕووی هەلومەرجێکی دژوارتر بۆوە، کوردستان بۆ دەسەڵاتداران لە تاران بەهۆی ڕابردووی دوور و درێژی بۆ خەبات لە پێناوی ئازادیدا حەساسییەتێکی زیاتری هەبوو. ئەو سەرکوتە خوێناوییەی تەنیا لە یەکەم ساڵی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کرا، لە سەرتاسەری سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا لە دژی کورد نەکرا. دیارە ئەو باردۆخە سەرانسەری ئێرانیشی گرتەوە. ئەو خوێنەی دوای شۆڕش لە پێناوی دیموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دا درا، زۆر لەو خوێنە زیاترە کە لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا درا. بەڵام فشاری هەرە زۆری ئەم سەرکوت و زەبروزەنگە لەسەر کوردستان بوو.

کوردستان لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ دوو دۆخی پێچەوانەو جیاواز بەرەوڕوویە:

یەکەم، سەرکوت و پەراوێزخستنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دوور خستنەوەی بەشی چالاک و ئاشکرای هێزە کوردییەکان لە کۆمەڵگای خۆیان. دووەم، بڵاوبوونەوەو قووڵبوونەوەی بیری نەتەوایەتی.

یەکەم حیزبی هەڵوەشاوە لە روانگەی دەسەڵاتدارنی رێژیمی تازەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک گەورەترین هێزی کوردی بوو. هاوکات لەگەڵ ئەمە بەکارهێنانی هێزی نیزامی بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵکی کودستان و شکستی هێزە سیاسییەکانی کورد دەستی پێ کرد. هێرشی بەربڵاوی نیزامی بۆ سەر کوردستان و تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی چالاکیی ئەم هێزانەی لە نێوخۆی کوردستان بڕی و ئەحزابی کورد لە نێوخۆدا زیاتر رووبان کردە تەشکیلاتی نهێنی و پێرسۆنێلی ئاشکراشیان روویان کردە دەرەوەی سنوورەکانەوە.

دیاردەی پەرش و بڵاوی و نەبوونی هەماهەنگی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا کە بەر لە شۆرش تایبەت بوو بە ئۆپۆزیسۆنی سەرانسەری، دوای شۆرش ئەم دیاردیە کوردستانیشی گرتەوە. ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ٣٦ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا لە حاڵێکدا تا ئێستا هەزاران کەسی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا لە دەست داوە ژمارەیەک لە دیارترین رێبەرانی تێرۆر کراون، ئێستاش لە پەرش و بڵاویدا درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا. ئەمەش ئاسۆیەکی روون ناخاتە پێش داهاتووی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

بەڵام رەوتی پێچەوانەی ئەمە ئەوەیە کە دوای شۆرشی ئێران وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران چ لە باری بەربڵاویی جوغرافیاییەوە چە لە رووی قووڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتییەوە زیاتر لە هەر قۆناغێکی دیکە پەرەی گرتوە. رووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەری دەخەن کە پوتانسییەلێکی بە هێزی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە کە لە رووداو و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ. بێگومان هۆی سەرەکی ئەمە بۆ تێکۆشانی بە رابردووی هێزە سیاسییەکانی کورد و رابردووی خوێناوییان دەگەڕێتەوە. هۆیەکی دیکە ناکامبوونی شۆرشی ١٣٥٧ە لە گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی کە بریتی بوو لە ئازادی و بەرەوپێش بردنی وڵات. هۆیەکی دیکەش دژکردەوە بە سیاسەتی فەرق و جیاوازیدانانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستانەکە بە کردەوە وەک بێگانە سەیری کورد و کوردستان دەکا.

بە کورتی: ٣٦ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەگەر توانیویەتی پاشەکشەیەکی کاتی و مەقتەعی بە هێزە سیاسییەکان بکا، بەڵام نەک هەر نەی توانیوە بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازی لە نێو کورد دا لاواز بکا، بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوە کە زیاتر گەشە بکا. کۆماری ئیسلامی لەو ٣٦ ساڵەدا لە رووی نیزامییەوە سەرکەوتنی لە کوردستان بەدەست هێناوە بەڵام مەشرووعیەت و مەحبووبیەتی بەدەست بەهێناوە، بە پێچەوانە ئۆپۆزیسیۆنی کورد سەرکەوتنی نیزامیی بەدەست نەهێناوە بەڵام ئامانجەکانی بوون بە ئامانج و نیازی دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لە ئەگەری هەر دەرفەتێکدا دەبێتە هێزێکی کاریگەر و حاشا هەڵنەگر لە ئێران و ناوچەدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ١٠ی فێوریەی ٢٠١٥

# ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەرفەتێک بۆ زمانی کوردی

**لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٩ەوە ڕۆژی ٢١ی فێوریە لەلایەن یۆنیسکۆوە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کراوە. کۆمەڵێک هۆ لە دیاری کرانی ڕۆژێک بۆ گرنگیدان و ڕێزگرتن لە زمانی دایک دەوریان هەیە، بەڵام دیاریکرانی ڕۆژی ٢١ فێوریە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی خوێناوی لە وڵاتی بەنگلادیش. لەو ڕۆژە لە ساڵی ١٩٥٢دا بزووتنەوەی ڕووناکبیران و خوێندکارانی بەنگلادیشی بە ئیعتراز لە سەپاندنی زمانی ئۆردوویی لە لایەن پاکستانی ڕۆژئاواوە کەوتە بەر هێرش و ژمارەیەک خوێندکاری بەنگلادیشی کوژران. ئەو کات بەنگلادیش بەشێک بوو لە وڵاتی پاکستان کە بە پاکستانی ڕۆژهەڵات ناوی دەبرا. خەڵکی بەنگلادیش کە زیاتر لە ٨٠%یان بە زمانی بەنگاڵی دەدوان خوازیاری بە ڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بوون کە بزووتنەوەکەیان کەوتە بەر هێرش. پاش ئەوەی بەنگالییەکان لە ساڵی ١٩٧١دا سەربەخۆییان وەرگرت هەوڵەکانیان بۆ بە جیهانیکردنی ئەو ڕۆژە ، لە ساڵی ١٩٩٩دا بە ئاکام گەیشت.**

### هۆکارەکانی دیاریکرانی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

**جگە لە ڕووداوی سەرەوە وەک هۆی دیاریکرانی ئەو ڕۆژە، بێگومان هۆکاری دیکە بۆ ڕۆژێکی ئەوتۆ گرنگیی خۆیان هەبووە؛ بە گوێرەی سەرچاوە زمانەوانییەکان ٦ تا ٧ هەزار زمان لە جیهان دا هەن. لەبەر ٣ هۆی سەرەکی زۆر زمان لە مەترسیی لە نێوچوون دان: یەکەم، هێژموونیی ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی پیشە سازی بەسەر جیهاندا کە دەبێتە هۆی ئەوەی زمانیان لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بێتەوە. دووەم، هۆی سیاسی لەو وڵاتانەدا کە لەڕووی جۆراوجۆریی نەتەوەییەوە دەوڵەمەندن بەڵام لە ڕووی فەرهەنگی دێموکراسییەوە زۆر لە دوایەن. لەم جۆرە وڵاتانە دا دەسەڵاتی سیاسی زیاتر نوێنەرایەتیی نەتەوەیەک و فەرهەنگێک دەکا کە سەردەستە و لە زۆەبەیاندا بە کردەوە کارێک دەکەن کە یارمەتی بە ڕەوتی ئاسیمیلە بوونی نەتەوە و خاوەن زمانە جیاوازەکانی دیکە دەکا. سێیەم، ئەو نەتەوانەی کە خوێندن و نووسیانیان بە زمانی خۆیان نیە، واتە ئەو زمانانەی کە پێیان ناخوێندرێ و نانووسرێ و زیاتر زارەکین هەر بۆیە بەرگەی شەپۆلی پێوەندییە خێراو بەردەوامەکانی ئەم سەردەمە ناگرن و مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە. لەبەر ئەم مەترسیانە بوو کە یۆنیسکۆ بە مەبەستی دەرخستنی گرنگیی زمانەکان لە جیهاندا ئەو ڕۆژەی دیاری کردوە.**

### گرنگیی ئەر ڕۆژە بۆ زمانی کوردی

له نزیک به ۴۰ میلیۆن کورد جگه له ۵ میلیۆن کوردی باشووری کوردستان که له عێراق دا به شێوەی قانوونی و به ڕەسمی مافی خوێندن به زمانی خۆیان هەیه، له هیچ کام لەو وڵاتانەدا که کوردستانیان له نێواندا دابەش کراوە، کورد مافی خوێندن به زمانی دایکیی خۆی نیه. لەو حەشیمەته ۴۰ میلیۆنییه جگه له ڕێژەیەکی کەم که خوێندنەوەو نووسینیان به زمانی کوردییه، بۆ زۆربه زمانی کوردی تەنیا زمانی بنەماڵه و زمانی زارەکییه. تەنانەت بۆ زۆر کەس خوێندن و نووسین به زمانی کوردی شتێکی به دوور له زەین و ڕەنگه سەیریش بێ! خەڵکی زۆر ناوچەی کوردستان که له منداڵییەوە له ئێراندا به زمانی فارسی، له تورکییه به زمانی تورکی و له سووریه به زمانی عەرەبی دەخوێنن، ڕەنگه لەسەر ئەو باوەڕە هەڵەیه بن که زمانی نەتەوەی باڵادەست شایانی خوێندن و پێنووسینه. دیاریکرانی ئەو ڕۆژه به ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ئەو دەرفەته پێک دێنی که به بۆنەی ئەم ڕۆژەوە زانیاری لەبارەی کێشەکانی زمان و زمانه بێناز و پەراوێزخراوەکان زیاتر بێ و ببێته هۆی وشیاریی فەرهەنگی و وەخەبەر هاتنی زەینی نووستووی ئەو کەسانەی که به بێتەفاوەتی به پەنا زمانی دایکیی خۆیاندا رادەبوورن.

مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی

ئەو مەترسیانەی لەسەرەوە باس کران که هەرەشه له زمانێک دەکەن . کەم و زۆر به هێندێک جیاوازی له ناوچەیەکی کوردستانەوە بۆ ناوچەیەک له پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکه . لەسەر زمانی کوردییش هەن:

هۆی ئابووری و بازرگانی: جگه له باشووری کوردستان که تاک و تەرا هێندێک کاڵاو بەرهەمی کارگەکان هەن که ڕێنوێنی و کاتالۆگەکانیان به زمانی کوردین، ئەگینا کورد ئەو کاڵا و شت و مەکه بازرگانیانه بەکار دێنێ که به زمانانی بێگانه لەسەریان نووسراوە. پێداویستیی ڕۆژانه، خۆراک و کەلوپەلی نێوماڵ به زمانی ئینگلیسی یان زمانی یەکێک لەو نەتەوانه ڕێنوێنیان لەسەر نووسراوە یان ناویان لەسەر دانراوە که زمانی ڕەسمیی یەکێک له دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستانداندان. منداڵێک که دراوی ڕۆژانه له دووکان و فرۆشگاکان خەرج دەکا و خۆراکی دڵخوازی خۆی دەکڕێ به زمانی فارسی، تورکی یان عەرەبی لەسەری نووسراوە، هەر له منداڵەتییەوە یەکێک لەو زمانانه تێکەڵ به چێژ و خۆشییەکانی منداڵی کورد دەبێ، وەک دەڵێن فرچکی پێوە دەگرێ. هەر لەو کاتەوە هێژەموونی و گەورەیی ئەو زمانه وەک زمانی دووەم بەسەر منداڵی کورد دا دەسەپێ. زمانی یەکەم واته زمانی دایک لەبەر چاوی ئەو خاوەنی هیچ کام لەو تایبەتمەندیانه نابێ که له زمانی زاڵ دا هەن. ئەگەر وڵاتانی دیکه و نەتەوە خاوەن بڕیار و سەربەخۆیەکانی جیهان نیگەرانی ئەوەن که بەرهەمه ئابووری و کاڵاکانی وڵاتانی پیشه سازی به سەدان و هەزاران وشەش لەخۆیاندا دێننه نێ زمانەکەیان، زمانی کوردی سەربەاری ئەمەش لەم ڕێگایەوە سەدان و هەزاران وشەی فارسی، تورکی و عەرەبیی دێته نێو زمانەکەی. ئەو سێ نەتەوەیه ئەگەر هەوڵ دەدەن وشەکان بکەن به زمانی خۆیان خێریان بۆ زمانی کوردی نیه و دێنه نێو زمانی کوردییەوە، چونکه کورد دەرفەتی ئەوەی نیه وشەی پێویستیان بۆ دابنێ.

هۆکاری سیاسی: جگه لەوەی که کورد له ئێران، تورکیه و سووریه هەر کامەی به جۆرێک له ڕوانگەی سیاسەت و ئیدئۆلۆژیی حکوومەتەکانی ئەم وڵاتانەوە حاشای لێکراوە، هەر کامەشیان سیاسەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان به جۆرێک دارشتوە که زمان و فەرهەنگی کورد له نێو زمان و فەرهەنگی ئەواندا بتوێتەوە. له هەر جێگایەک کورد لەگەڵ یەکێک لەو نەتەوانه که دەسەڵاتی

حکوومەتی ناوەندیان بەدەستە، تێکەڵە باڵادەستیی سیاسی باڵادەستیی زمان و فەرهەنگیشی بەدواوە بووە. زمان و فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست لە دۆخی هێرش دایە و زمان و فەرهەنگی کورد لە دۆخی بەرگری. ئەگەر ئاوڕێک لە جوغرافیای ناوچە کوردنشینەکان لە رابردووی کۆندا بدەینەوە گەلێک ناوچە لە دراوسێیەتیی نەتەوەکانی دیکەدا پێشتر کوردنشین بوون، بەڵام ئەمڕۆ ئاسەوارێکیان لە کورد تێدا نەماوە یان بە دەگمەن کوردیان لێ دژی. ناوچەی ئەتۆش هەن کە چەند دەیە لەوە پێش پێکهاتەی دیموگرافیان بە زەرەری کورد گۆڕاوە. بێگومان ئەو گۆڕانانە بە شێوەی سیستماتیک روویان داوە و ئاکامی گۆترەکاری و رێکەوت نین،

ئەگینا جارێک لە جێیەک دەبوو پێچەوانەی ئەم رووی دابووایە.

گرنگترین و گەورەترین بەڵگە بۆ ئاسیمیلە کردنی زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە ئەوەیە کە رێگا نادەن تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێ. سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردەیی ئەم وڵاتانە راست و رەوان لە پێناوی زاڵکردنی زمانی رەسمیی دەوڵەتی ناوەندی کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی باڵادەست دەکا لە لایەک و تواندنەوە و کەم بایەخکردنی زمانی دایکیی نەتەوەکانی دیکە لە لایەکی دەکەوەیە. سیاسەتی زمانیی ئەو دەوڵەتانە بەم جۆرەیە کە زمانی ئەوان زمانی فەرمی، زمانی خوێندن، سیاسەت، ماف، زانست، کارو راگەیاندن و هتدە. زمانی ئەوان گرێ دراوە بە ژیانی رۆژانەی خەڵک و بە لایەنە گرنگەکانی ژیانی خەڵک، بە جۆرێک کە بەبێ ئەو زمانە هیچ کارێک بۆ هیچ کەس نەچێتە پێش. کەوابوو زمانی ئەون جێگای نرخ و بایەخ دەبێ، بەو رادەیەش ئەو زمانەی کە پێشگیریی لێ کراوە کە پێی بخوێندرێ و لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا کاری پێ بکرێ نرخ و بایەخی خۆی لەدەست دەدا و تەنیا لە چوارچوەی زمانی بنەماڵە دا و بە شێوەی زارەکی بەرەو داهاتوویەکی ناروون دەڕوا. درێژەی ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێندێک کەس بە چاوێکی نزم سەیری زمانی دایکیی خۆیان بکەن و زمانی دووەم لە لای ئەوان خاوەنی پرستیژ و ئیعتیبار بێ. لە خۆڕا نیە دیاردەی بە فارسی و بە تورکی و بە عەرەبی قسەکردن لە نێو بنەماڵە کوردەکاندا لە هەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیەو سووریە و عێراقدا دەبینرێ.

### ئاسۆی روونی زمانی کوردی

وەک باس کرا یەکێک لەو مەترسیانەی هەڕەشە لە زمانێک دەکەن، ئەوەیە کە ئەو زمانە شێوەی خوێندنەوە و نووسینی نەبێ. تەنیا بە شێوەی زارەکی هەبێ. ئەم دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەزارەکانی ئەو زمانە لە ناوچە جیاوازەکان ئەوەندە لێک دوور بنەوە کە ئیدی هەرکامەیان وەک زمانی سەربەخۆ دەرکەون و لە ئاکامدا زمانەکە بفەوتێ. لە مێژوودا گەلێک زمان بەم جۆرە فەوتاون و زۆر زمانی دیکەش بەرەو ئەو چارەنووسە دەچن. بەڵام نەتەوەی کورد سەرەڕای کەندوکۆسپی حکوومەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا لە مێژە هەوڵ دەدا زمانەکەی بگەیەنێتە ئاستی نووسین و مەترسیی فەوتان و لە نێچوونی لەسەر لا بەرێ. نووسین زمان جێگیر و تۆمار دەکا و پێش بە فەوتانی دەگرێ. زیاتر لە ٣٠٠ ساڵە ئەحمەدی خانی سەبارەت بە نووسینی «مەم و زین» بە زمانی کوردی گوتوویەتی:

دا خەلق نەبێژن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بونیاد

ئەنواعی میللەت خودان کتێبن

کرمانج تەنێ د بێ حسێبن

نالی شاعیری گەورەی کورد لە سەدەی ١٩دا سەبارەت بە نووسینی شێعرەکانی بە زمانی کوردی دەڵێ:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کودییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

دەیان نموونەی دیکە لەم چەشنە لە نێو شاعیرانی گەورەی کورد لە رابردوودا بەر چاو دەکەوێ. لەم بارەیەوە چ لە رووی شێعر و چ لە رووی چیرۆکەوە کورد شان بەشانی نەتەوەکانی دەورو بەری رۆیشتوە.

هەتا دەوڵەتان لە ناوەندا بەهێزتر بوون و وڵاتانی دەوروبەر بەرەو سانترالیزەبوون رۆیشتوون رەوتی گەشەکردن و هەڵدانی خوێندن و نووسینی کوردی شل بۆتەوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد لە رووی نووسین و خوێندنەوەوە بە زمانی خۆی دەستی هەڵ نەگرتوە. بۆیە یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨دا لە دەرەوەی کوردستان و لە قاهیرە چاپ و بڵاو بۆتەوە. هەر کاتێکیش دەرفەتی بۆ رەخسابێ لە رێگای نووسینەوە خزمەتی بە زمانی خۆی کردوە و نەی هێشتوە بفەوتێ. بزووتنەوەکانی کورد لەم بارییەوە دەوری هەرە سەرکیان دیوە. رێکخراو و جەمعییەتە کوردەکان لە سەربەندی شەڕی یەکەمی جیهانی لە باکووری کوردستان چەند بڵاوکراوەیان بە زمانی کوردی دەرکردن. بزووتنەوەی شێخ مەحموود لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بە دەرکردنی رۆژنامەکانی «امید استقلال» و «بانگ حق»، بزووتنەوەی سمکۆ بە دەرکردنی رۆژنامەی ‹روژکرد» و چەندین کۆڤار و رۆژنامە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی نموونەی بەر چاون.

## رۆڵی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان

پاش شەڕی دووەمی جیهانی بە دامەزرانی حیزب و رێکخراوی سیاسی نووسین بەزمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی راگەیاندنی ئەحزابدا پەرەی گرت. هەرچەند ئەمە جێگای خوێندان و نووسینی سیستماتیک لە چوارچێوەی سیاسەتی حکوومەتدا ناگرێتەوە بەڵام مەترسیی نەمان و فەوتان لەسەر زمانی کوردیی لابردوە. باشووری کوردستان لەم بارەیەوە دەسکەوتی قانوونی و سیاسیی هەبووە، بەڵام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوە ئەحزابی سیاسیی کوردن کە بە دەرکردنی رۆژنامە، بەرنامەگەلی رادیۆیی و ئێستاش تەلەڤزیۆنی تارادەیەکی زۆر بۆشایی خوێندن و نووسینی کوردی پڕ دەکەنەوە.

شانبەشانی سیاسەتی فەرهەنگی و زمانیی ئەحزابی کوردی ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی کورد و ئەنجومەنە ئەدەبییەکانیش خزمەتێکی زۆر بەم بوارە دەکەن کە ئەویش لەگەڵ شەپۆلەکانی توندو تیژی و بێدەنگەی حکوومەتی ناوەندی لە هەڵکشان و داکشان دان.

کورد کە لە ناوچەی خۆیدا دەرەتانێکی کەمی بۆ ماوەتەوە بە جۆرێک لە ئابلۆقەی دەوڵەتانی دەروبەری دایە، بۆنە و رۆژە جیهانییەکان دەرفەتێکن بۆ هێنانەگۆڕی کێشە و مەسەلەکانی، گرێدانی کێشە و مەسەلەکانی کورد بە بۆنە جیهانییەکانەوە دەتوانێ تا رادەیەک ئەم ئابلۆقەیە کەم رەنگ بکاتەوە. لانیکەم ئەم بۆنە جیهانیانە هاندەرێکن بۆ تاکی کورد کە مەترسییەکانی سەر رێگای نەتەوەکی هەست پێ بکا. رۆژی جیهانیی زمانی دایکیش دەتوانێ ئەم دەرفەتە پێک بێنێ.

لە ژمارە ٦٥٠ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢٠ی فێوریەی ٢٠١٥

# هەڵوێستی دوو چەشنەی رۆژئاوا لەبەرامبەر تێرۆریزمدا

دوو کارەساتی گەورەی سەدەی بیستەم بریتی بوون لە شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی، هەرچەند هێشتا لەسەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم داین، بەڵام هەتا ئێستا وادیارە گەورەترین کێشەی ئەم سەدەیە مەترسییەکانی "تێرۆریزم"بێ.

رەنگە دیاردەی تێرۆر بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی ئینسان، بەڵام هیچکات بەقەد ئەم ساڵانەی دوایی نەبۆتە کێشەیەکی ئاوا گەورەی جیهانی. ئەم تێرۆریزمە تەنیا وەسیلەیەک و تاکتیکێکی شەڕ نیە کە تێرۆریستەکان لە دژی دوژمنانیان بەکاری بێنن، بەڵکوو ئامانجە و ئەو ئامانجەش لە لای ئەوان پیرۆزە. تێرۆریزمی سەدەی بیست و یەکەم ئیدئۆلۆژییەکی رادیکاڵانەی لە پشتە کە کوشتنی ئینسانەکان بە کارێکی خێر دەزانێ، ئامانجەکەی نێچیرێکی تایبەت نیە کە لەداوی بخا، بەڵکوو ژن و منداڵ، پیر و گەنج، چەکدار و مەدەنی هەموویان وەک یەک ئامانجی ئەو تێرۆریزمەن. تێرۆریزمی ئەم سەردەمە بە چەک و کەرەستەی تیکنۆلۆژیی نوێ تەیارە و وەک مۆتەکە لەهەر وڵاتێک و شەقامێک و لە بەر دەرگای هەر ماڵێک دەخولێتەوە.

رووداوی شارلی ئیبدۆ دوای رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە ئەمریکا شۆکێکی دیکە بوو کە وڵاتانی رۆژئاوای راچڵەکاند. کارەساتی چەشنی شارلی ئیبدۆ هەر لەم پاریسە پێشتر روویان داوە؛ هەمووی ساڵێک لەمەوبەر لە پاریس ٣ ژنی چالاکی سیاسیی کورد تێرۆر کران هەتا ئێستا ئەنجامدەران و بڕیاردەرانی ئەم رووداوە دیار نین، بەڵام لە رووداوی شارلی ئیبدۆ لە ماوەی شەو و رۆژێکدا جینایەتکاران دۆزرانەوە و بە سزای تاوانەکانیشیان گەیشتن. شاپووری بەختیار دوایین سەرۆک وەزیرانی رێژیمی پاشایەتیی ئێران بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە پاریس کوژرا بەڵام پاش رێککەوتنێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، تێرۆریستەکان تەحویلی ئێران درانەوە. چەند رووودای تێرۆریستیی دەکەش هەر لە فەرانسە روویان دا بەڵام لە بەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازاتی ئابووری لە ئێران پەروەندەکانیان بەردیان لەسەر دانرا. لە چەندین وڵاتی دیکەی ئوروووپاییشدا کارەساتی لەم چەشنە بۆ ئازادیخوازانی ئێران روویان دا، جگە لە رووداوی میکۆنووس لە ئەڵمان هەموویان قوربانیی سات و سەودای دەوڵەتانی رۆژئاوا لەگەڵ تێرۆریستەکان کران. تێرۆری د.عبدولرەحمانی قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەن و ناردنەوەی تێرۆریستەکان بۆ ئێران لە بەرامبەر رێککەوتنی ئابووریی نێوان ئوتریش و ئێراندا، نموونەیەکی دیکە لەو هەڵە مێژووییە بوو کە ئێستا دووکەڵەکەی دهچێتەوە دە چاوی خۆیان و وڵاتانی ئوروووپایی لە ژێر مەترسیی تێرۆریزم دان.

لە ساڵی ١٩٨٧ دا دەستووری تێرۆری سەلمان روشدی نووسەرێکی هیندیی نیشتەجێی ئینگلستان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەنییەوە دەرچوو. بونیادی شەهیدی کۆماری ئیسلامی جایزەیەکی چەندین میلیۆن دولاریی بۆ کوشتنی وی دیاری کرد. لە کاتێکدا دەوڵەتانی رۆژئاوایی لە پێشبڕکێی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێراندا بوون کە دەیان نەیاری ئەم رێژیمە لەو وڵاتانە تێرۆر کران و حوکمی تێرۆری سەڵمان روشدی ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر لە جێی خۆیەتی و هەڵ نەوەشاوەتەوە.

**بێگومان سەرکەوتنی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی، حیزبوڵڵای لوبنان و باقیی ڕێکخراوەکانی بەسراوە بە ئەوان لە وڵاتانی دەرەوە، خۆدزینەوەیان لە بەرامبەر دادگادا لە لایەک و خۆگێلکردنی وڵاتانی ئوروپایی لە بەرامبەریاندا لە لایەکی دیکەوە، هەموویان ئەزموونێک بوون بۆ تیرۆریستانی سەر بە ئەلقاعیدەو ڕێکخراوەکانی دەوروبەری. هەڵوێستی دوو چەشنەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر دیاردەی تیرۆریزمدا و کەڵکوەرگرتنی تیرۆریستان لەو ئەزموونانەیە کە ئەمڕۆ ئەوان ئەمنییەت و ئاساییشی وڵاتانی ڕۆژئاویان خستۆتە مەترسیی جیددییەوە.**

**ڕێکەوتی : ١٣ی ژانویەی ٢٠١٥**

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤

========================================

## سانترالیزمی پایتەخت، سانترالیزمی سیاسی (سەرنجێک لە سەر راگواستنی پایتەخت)

لە مێژە دەنگوباسی راگواستنی پایتەخت لە ئێران لە گۆڕێ دایە، تاکوو رۆژی ٣ی بەفرانبار مەجلیسی شوورای ئیسلامی گەڵاڵەی گشتیی راگواستنی پایتەختی پەسند کردو فەرمانی بە دەوڵەت دا کە ئەنجومەنێک بۆ دانانی پلانو بەرنامەی راگواستنی پایتەخت دا بنێ کە لە ماوەی ٢ ساڵدا وردەکارییەکانی راگواستنی پایتەخت گەڵاڵە بکەن. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە کە پێناسەیەک لە پایتەخت بکرێ، پایتەختی وڵاتانی دیکەو ئێران چۆنە، هۆیەکانی سانترالیزەبوون (ناوەندێتی)ی تاران کامانەن. ئایا بە راگواستنی پایتەخت گیروگرفتەکانی پایتەخت لە ئێراندا چارەسەر دەبن؟ ئایا پیسبوونی هەوای تاران، هەڵکەوتنی لەسەر هێڵی بوومەلەرزە و حەشیمەتی زۆرکە وەک هۆی راگواستنی پایتەخت ناو براون، هۆی بنەڕەتیو سەرەکین؟ لەم وتارەدا هەوڵ دراوە تا ئەو جێگایەی دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

### پایتەخت کوێیە؟

پایتەخت یان ناوەندی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا زۆر جار گەورەترین شاری وڵات یان پرحەشیمەت ترین شارە کە ئۆرگانو ناوەندە سەرەکییەکانی دەوڵەتیو ئیداریی لێیە. هێندێک جار وشەی پایتەخت هەر تەنیا بۆ ناوەندی سیاسیی وڵاتان بەکار نایە، بەڵکوو زۆر شار لە جیهاندا هەن کە لە بواری جۆراوجۆردا ناسناوی پایتەختیان پێ دەدرێ، وەک پایتەختی فەرهەنگی یان پایتەختی توریستی یان بازرگانیو...هتد. کەوابوو پایتەخت لە یەکێک لە بوارەکان یان چەند بواردا دەبێتە ناوەندو چالاکییە سیاسیو ئیدارییەکان، فەرهەنگی، ئابووریو چالاکییە کۆمەڵایەتیو مەدەنییەکانی وڵاتێک لەو ناوەندەوە هەڵدەسوڕێن. لە هێندێک بواری وەک دیپلۆماسی، زانستی، ئابووریو ئایینییەوە پایتەخت تەنانەت لایەنی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەگرێو هێندێک شار دەبنە ناوەند لە یەکێک لەو بوارانەدا بۆ سەرانسەری جیهان، وەک رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکو لقەکانی لە شارەکانی دیکە بە تایبەتی لە ئورووپا، واتیکان وەک ناوەندی دنیای مەسیحییەت، ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە نیۆیۆرکو...هتد.

### سیستمی سیاسیو رادەی سانترالیزمی پایتەخت

ئەزموونی پایتەختی وڵاتان دەری دەخا کە پێوەندییەکی راستەوخۆو ئاشکرا لە نێوان رادەی دیموکراسیو پێشکەوتن لەگەڵ

دیسانترالیزم (خۆپاراستن لە ناوەندێتی) لە لایەکو رادەی دیکتاتۆریو دواکەوتووی لەگەڵ سانترالیزم (ناوەندێتی)دا هەیە. بەو واتایە کە لە وڵاتانی دیموکراتو پێشکەوتوودا پایتەخت لەچاو وڵاتانی دوا کەوتوو بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە سانترالیزە نیە. بەو رادەیەی سیستمی سیاسیی وڵات فرەچەشنەو پێکهاتەی نەتەوەیی، سیاسیو جوغرافیایی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ، بەو رادەیەش لە سانترالیزمی پایتەخت کەم دەبێتەوەو ئەو سانترالیزمە دابەش دەبێ. بەو رادەیەش سیستمی سیاسیی وڵات یەکدەستەو دەسەڵاتی سیاسی ئەودەستاودەست نابێو دەسەڵات لەبەر دەستی حیزبێک یان نەتەوەیەک یان کەسانێکی دیاردا کۆ بۆتەوە، بەو رادەیەش پایتەخت دەبێتە سەرەکیترین ناوەندی کاروبارە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان. تاران نموونەی شارێکی سانترالیزەیە کە لە هەموو بارێکەوە مۆرکی ناوەندێتیی پێوەدیارە.

### تاران لە کۆنەوە نموونەی پایتەختێکی سانترالیزە

لە ساڵی ١٣٥٨دا ئایەتوڵلا خومەینی کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەسەڵاتی بێئەملاو ئەولای سیاسیی خۆی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێ، شاری قومی بەجێ هێشتو هەستا چووە تاران، چونکە تاران وەک ئێستا سەرە هەوداى هەموو کاروبارەکانی وڵات بوو. بۆ کەسێک کە دەیەویست دەست بەسەر تەواوی کاروبارەکانی وڵاتدا بگرێ، دەست بەسەرداگرتنی تاران بە مانای دەستبەسەرداگرتنی هەموو وڵات بوو. لە ساڵی ١١٧٠ی هەتاویدا ئاغا محەممەدخانی قاجار کە نموونەی دیکتاتۆرێکی بەدەسەڵاتو خوێڕێژ بوو تاجی پاشایەتیی لە تاران لەسەر ناو ئەم شارەی کردە پایتەخت، پایتەختێک کە جەمسەرو ناوەندی هەموو کاروبارەکانی وڵات بێ، پایتەختێک کە رەنگدانەوەی شێوەی بیرکردنەوەی پاوانخوازانەی شای سەرەڕۆ بێ.

رەزاشای پەهلەوی کە دیکتاتۆرییەکەی ناوبانگی ناوچەییو جیهانیی هەبوو لە ساڵی ١٣٠٤دا هەر لەم شارە تاجی لەسەر نا. تاران کە لەو کاتەوە تا ئێستا نموونەی پایتەختێکی سانترالیستییە، بەردەوام خانەخوێی دیکتاتۆرە پاوانخوازو بەناوبانگەکانی ئێرانە.

### تاران ناوەندی سیاسی

رەخنە لە سەر ئەوە نیە کە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکوومەت (بەڕێوە بردن، یاسادانانو دادوەری) لە پایتەختن. رەخنە لەسەر ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتانە تەنیا لە پایتەختنو ناوچەکانی دیکەی ئێران مافو سەڵاحییەتی ئەو دەسەڵاتانەیان نیە. لە وڵاتانی دیموکراتیکدا بە تایبەتی وڵاتانی فیدراڵ ئەم ناوەندگەرێتییە نیە. لەو وڵاتانەدا ئەو دەسەڵاتانە یان لەسەر بنەمای نەتەوە (وەک کانادا، بێلژیک. سوییس، دانمارک، تا رادەیەک عێراقو...) یان لەسەر بنەمای جوغرافیا (وەک، ئەمریکا، ئەڵمان...) دابەش کراون. هەر ناوچە یان هەرێمەی خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، پارلمانو دادوەریی خۆیەتی. هەموو ئەو سەڵاحییەتانە لە پایتەخت کۆ نەبوونەتەوە. تەنانەت لە سۆڤیەتی ستالینییشدا ١٥حکوومەتی کۆماری هەبوو لە زۆربەشیاندا نەتەوەکان خاوەنی مافی خۆدموختاریو ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بوون لە ناوچەی خۆیاندا. لە ئێراندا کۆبوونەوەی هەمووناوەندەکانی دەسەڵات رەنگدانەوەی ئیدئۆلۆژیی حاکمە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەکا. تەنانەت فەرماندار و بەرپرسە ئیدارییەکانیش دەبێ لە تارانەوە بڕاریان لەسەر بدرێ.

**تاران ناوەندی ئابووری**

**با لەوە گەڕێێن کە لە ناوچەیەکی وەک کوردستاندا حکوومەت سنووری بۆ دەسمایەدانانو دامەزراندنی کارگەو کارخانە داناوە، ئەو ناوچانەش کە ئەو سیاسەتە فاشیستییەیان لە دژی بەڕێوە ناچێ لە چاو تاران زۆر لەپاشن. ڕێژەیەکی زۆر لە کارگەو کارخانەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە تارانو دەوروبەری تارانن. بڕبڕەی پشتی ئابووریی وڵات تارانە، بانکەکان، ناوەندە بازرگانییەکان یان لە تارانن یان لە تارانەوە ئیدارە دەکرێن.**

**لە وڵاتانی دیسانترالیدا هەر شارەی لە رووی ئابوورییەوە بە کارخانەیەکی گەورە، بە گەشەکردنی بازرگانی، بە ڕاکێشانی توووریزمو...هتد بە ناوبانگە. لە ئێراندا تاران لە هەمواندا هەر پلەی یەکەمە. کەسێک لە تارانەوە بەرەو کوردستان، سیستانو بەلووچستان یان خووزستان بچێ، دەبینێ بەرە بەرە لە قرەباڵغیی کارگەو کارخانەکان کەم دەبێتەوە، ڕێگاکان باریکتر و خراپتر دەبن، کە بەرەو سنوورەکان دەچێ تەنانەت جاری وایە ئاسەوارێک لە جادەی قیرەتاو نابینرێ، وا بزانە لە وڵاتێکەوە دەچێتە وڵاتێکی دیکە.**

**تاران ناوەندی حەشیمەت**

**تاران نەک لە ئێراندا، بەڵکوو لە جیهاندا لە ریزی شارە پڕ لە حەشیمەتەکانە. بە رۆژ خۆ لە ١٢ میلیۆن کەس دەداو بە شەویش ١٠ میلیۆن.**

**٧/١. ی حەشیمەتی ئێران لە تاران دەژی. راستە لە زۆربەی وڵاتان پایتەخت قەرەباڵغترین شاری وڵاتە، بەڵام لە کەمیاندا ڕێژەکە بەم جۆرەیە. لە زۆر وڵاتدا پایتەخت قەرەباڵغترین شاریش نیە، بۆ نموونە: تورکیە، ئەمریکا، ئارژانتین، ئوسترالیا، کانادا و...هتد. کۆبوونەوەی ئیمکاناتو ئابووریو دەرفەتی کار وای کردوە کە خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەوە روو بکەنە تاران. کۆبوونەوەی حەشیمەت لە تاران بەو رادە نائاسییەوە گەلێک مەترسیی گەورەی بە دواوەیە، پیسبوونی ژینگە بە تایبەتی هەوا، چوونەسەری رادەی تاوانو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکانو...یان ئاکامی قەرەباڵغیی لەرادە بەدەری تارانن یان مەترسین لە نێو قەرەباڵغیی تاراندا.**

**تارانو دۆخی فەرهەنگیو دەروونی**

**سیمای وڵاتێکی دواکەوتوو، نائارامیو قەیرانی ئابووری بە گۆشەو کەلەبەرەکانی تارانەوە دیارە، بەو حاڵەش لە چاو شارەکانی دیکەی ئێران بە تایبەتی شارە سنوورییەکان جێگەو پێگەیەکی دیکەی هەیە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیسانترالیزەدا جیاوازیی پایتەخت لەگەڵ شارە دوورەدەستەکان جیاوازییەکی زۆر نیە. لە رووی ئیمکاناتی پەروەردەییو لەشساغییەوە، لە رووی جیاوازیی گوند شارەوە مەودایەکان ئەوەندە نین. دابەشبوونی جوغرافیایی ئیمکاناتی ئابووری، ئیداری، فەرهەنگی، لەشساغیو پەروەردەیی بە شێوەیەکی بەربڵاو هەیە.**

جیاوازیی نائاساییو لەرادەبەدەری تاران لەگەڵ شارەکانی دیکە وای کردوە ئەگەر تاران بە پلە یەک دابنێین شارەکانی دیکە بە تایبەتی شارە سنوورییەکانو لە نێو ئەوانیشدا شارە غەیرە فارسنشینەکان بە ئاسانی دەتوانیین بڵێین ۱ بە ۱۰یە، یان ۱ بە ۱۵بە. ئەوە کە جێگەی پایتەخت پلە یەک بێ سەیر نیە و لە زۆربەی وڵاتانیش هەر بەم جۆرەیە، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو و نادیموکراتیکدا نەبێ، لە کەم وڵاتی جیهاندا جیاوازییەکە ئەوەندە زەقو بەرچاوە.

ئەم جاوازییە زۆرە کاری کردۆتە سەر باری دەروونیی هاووڵاتانیش. لە رووی دەروونیەوە ئەو گومانە ناراستە دروست دەبێ کە پایتەختنشین لە رووی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە لە پلەیەکی هەورازتر دایەو خەڵکی ناوچەکانی دیکە لە پلەیەکی نزمتر دان، ئەوەی لە تارانە مرۆڤی پلە یەکەو تا بەرەو شارە دوورەکان بڕۆی مرۆڤەکان پلەیان نزمتر دەبێتەوە!

کاتێک هەموو بریارە وردو درشتەکان لە تارانەوە دەدرێنو شارو ناوچەکانی دیکە خاوەنی هیچ چەشنە ئیختیارو سەلاحییەتێک نین، کاتێک ئیمکاناتو توانا مادیو مرۆییەکانی شارو ناوچەکانی دیکە وەبەرچاو ناگیرێ، کاتێک تاران سەرچاوەی هەموو بریارە سیاسیو ئیدارییەکانو ئیمکاناتە، ئاشکرایە کە ئەو گومانە چەوتانە دروست دەبنو کۆمەڵگای ئێران لە قرانی هوویەتدا دەژیو دادپەروەری مرۆڤایەتی دەبنە گەمەی دەستی چەند دەسەڵاتداری پاوانخواز کە هەوڵ دەدەن بە کۆکردنەوە هەموو کاروبارەکان لەبەردەستی خۆیانو نزیک لە خۆیان کۆنترۆڵی وڵات بە تەواوی بگرنە دەست.

## راگواستنی پایتەخت چارەسەرە؟

فکری راگواستنی پایتەخت بۆیە هاتۆتە گۆرێ چونکە گیروگرفت هەیەو تاران مەترسیدارە کە هەروا وەک پایتەخت بمێنێتەوە. هۆیەکانی راگواستنیشی دەبەنەوە سەر مەترسیی بوومەلەرزە، پیسبوونی هەوا، حەشیمەتی زۆر. راستە تاران لەسەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵکەوتوە، بەڵام ئێران وڵاتێکە کە بە گشتی لەسەر هێڵی بوومەلەرزەیەو لە مێژوودا بوومەلەرزەی زۆر بەهێزو رووخێنەر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران تۆمار کراون. روون نیە کە پایتەختی نوێ ئەو مەترسییەی لەسەر نەبێ.

ئەو هۆیانەش کە لە پیسبوونی هەواو زۆربوونی حەشیمەت لە تاران کاریگەر بوون، لە پایتەختی نوێشدا هەر لە جێی خۆیانن کە باسمان کردن. لە راستیدا سانترالیزمی سیاسیو ئیداری، پشتگوێخستنو بێبەشکردنی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە تایبەتی نەتەوەکانی دیکە لە بریاری سیاسی، ئیمکاناتی ئابووری، لەشساغیو پەروەردەییو...تارانیان گەیاندۆتە ئەو رۆژە. ئەگەر ئەو هۆیانە لە جێی خۆیان بن، بێگومان پایتەختی داهاتووش هەر دەبێتەوە بە تاران. بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە گۆرینی پایتەختدا خەریکە (معلول)ەکان بەجێ دێڵنو (علت)ەکان دەگوازنەوە.

لە ژمارە ٦٢٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ١٥ی ژانویەی ٢٠١٤

# پەسندكرانی زمانی كوردی بە فەرمی لە پاڕلمانی عێراق (لە غیابی زمانی فەرمیی سەرتاسەریی كوردیدا)

لە ٧ی ژانویەدا پارلمانی عێراق زمانی كوردیی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بە فەرمی ناسیو بریاری دا زمانی كوردی وێڕای زمانی عەرەبی لەسەر دراو، پاسپۆرت، هێماكانی هاتوچۆ و تەمر بنووسرێ. لەگەڵ ئەوەدا كە حاشا لەوە ناكرێ ئەم بریارە هەنگاوێكی دیكە لە بەقانوونی كردنی مافەنەتەوایەتییەكانی كوردە، كۆمەڵێك تێبینیی لەسەرەو كاردانەوەی جۆراوجۆری لەنێو كۆڕوكۆمەڵی كورددا لێكەوتۆتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بەم بۆنەیەوە ئاوڕێك لەو هەوڵانە بدەینەوە كە لە پێناوی بەفەرمی كردنی زمانی كوردیدا دراون. ئینجا ئاوڕێك لە كەموكورتییەكانی بریارەكە دەدەینەوە و لە پاشان با بزانین بارودۆخی زمانی فەرمیی كوردی چۆنە.

پێشینەی بە فەرمی ناسرانی زمانی كوردی

لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانی، پاش هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانیو دروستبوونی وڵاتی عێراق كورد لە پێناوی بە فەرمی ناسرانی زمانەكەی هەوڵی داوە. ئەم هەوڵانە لەو سەردەمەدا زیاتر لە باشووری كوردستان لە گۆڕێدا بوون. حكوومەتی شێخ مەحموودی نەمر لە ناوچەی سلێمانی رەنگە لەم بارەیەوە كاریگەرییەكی زۆری بووبێ. چونكە بزووتنەوەیەك كە شێخ مەحموود لە سالانی ١٩١٩- ١٩٢٣رێبەرایەتیی دەكرد خاوەنی رۆژنامە بوو، وەك بانگی حق، امید استقلال كە بە زمانی كوردی چاپو بلاو دەبوونە كە دیارە هەر بەو شێوەزارەی ناوچەی سلێمانی بوون. لەسەردەمی حكوومەتی شێخ مەحموودا زمانی كوردی زمانی فەرمیی ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئەو بوو.

لە یەكەم قانوونی ئەساسیی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥دا راستە كە وەك زمانێكی فەرمی باس لە زمانی كوردی نەكراوە، بەلام چەشنە ئازادییەك بە زمانانی غەیری زمانی عەرەبی درابوو كە زمانی كوردییش یەكێك بوو لەوان. ئەوە بۆخۆی هەنگاوێكی هەرچەند كەم بەلام باش بوو. چونكە ئەگەر سەرنج بدەینە زمانی كوردی لە پارچەكانی دیكەی كوردستان، لە باكووری كوردستان لە بنەڕەتدا حاشا لە بوونی كوردو زمانەكەی دەكرا، لە رۆژهەلاتی كوردستان زمانی كوردی قەدەغە بوو و خەڵك ناچار دەكران بە فارسی قسان بكەنو بخوێنن.

لە ساڵی ١٩٣١دا قانوونی ئەساسیی عێراق پێداچوونەوەی لەسەر كرا. بۆ یەكەم جار لە قانوونی ئەساسیی وڵاتێك لەو وڵاتانەی كوردستانیان بەسەردا دابەشكراوە زمانی كوردی دانی پێدا دەهات. ئەو وەختە قانوونێك پەسند كرا كە بە »قانوونی زمانە ناوچەییەكان« ناو براوە. زمانی كوردی رێگای پێدرا لە قوتابخانەكان (ئەوكات تاكوو پۆلی سێی ناوەندی) پێبخوێندرێ لە بەشی زۆری ناوچەكانی باشووری كوردستان لە دادگاكاندا دەكرا قسەی پێ بكرێ. لە كاتێكدا لە بەشی زۆری كوردستاندا لەسەر ئەم مافە خەڵك دادگایی دەكران!

لە ساڵی ١٩٤٦دا کە کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد لە مەهاباد دامەزرا زمانو ئەدەبیاتی کوردی قۆناغێکی زێڕینی بەخۆیەوە دیت. زمانی کوردی بوو زمانی فەرمیی کۆماری کوردستان، کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی دەرچوون، قوتابخانە بە زمانی کوردی کرانەوە. بێگومان پێشینەی زمانی کوردی لە عێراقو باشووری کوردستان لەم پێوەندییەدا کاریگەریی خۆی هەبووە، بە تایبەتییش لەبەر ئەوە کە ژمارەیەک نووسەرو ڕووناکبیری باشووری کوردستان لەو قۆناغەدا ڕوویان کردۆتە کۆماری کوردستان چ وەک مامۆستاو چ وەک نووسەر خزمەتیان کردوە.

پاش شۆرشی ١٤ی ژووئیە لە عێراقو هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری، کورد وێڕای عەرەب وەک دوو نەتەوەی سەرەکی ناسران کە بێگومان ئەمە لە چەسپاندنی زمانەکەیدا کاریگەریی زۆری هەبوو. زمانی کوردی بە دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە عێراق هەنگاوێکی دیکەی بەرەو بە فەرمیناسران هاویشت. کوردو عەرەب وەک دوو نەتەوەی سەرەکی پێی لەسەر داگیرایەوە. زمانی کوردی لە کوردستانی خودموختاردا لە پاڵ زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی ناسرا.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە قانوونی ئەساسیی عێراقدا زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی لە سەرانسەری وڵاتدا بە فەرمی ناسرا. ئەوە یەکەم جار بوو زمانی کوردی  بە پێی قانوون دەبوو بە زمانی فەرمی لە سەرتاسەری وڵاتێکدا. ئەوە لە کاتێک دایە کە تا ئێستاش لە ئێراندا هەوڵ دەدرێ زمانی کوردی وەک شێوەزارێکی زمانی فارسی لەقەڵەم بدرێ، واتا حاشا لە بوونی زمانی کوردی دەکرێو لە تورکیەش تا ئەم دواییانە دان بە زمانی کوردیدا نەدەنرا.

### کەموکورتییەکانی بڕیاری پارلمانی عێراق

لە ٢٠٠٤وە کە لە قانوونی ئەساسیی عێراقدا زمانی کوردی وێڕای زمانی عەرەبی لە سەرانسەری عێراق بە فەرمی ناسراوە، هەتا دەرچوونی ئەم بڕیارەی پارلمان، نەبوو بە بڕیارو جێبەجێ نەکرابوو، ئێستاش دەبێ لەوە بەدوا جێبەجێ بکرێ. هەرچەند لە قانوونی ئەساسیدا بە ڕوونی ئاماژە بەو مافە کراوە، بەو حاڵەش ئەم بڕیارە بە ئاسانی دەر نەچووەو دژایەتیی زۆری لەگەڵ کراوە، با لەوەش گەڕێین کە پاش ١٠ ساڵان بوو بە بڕیار. لەو ماوەیەدا زمانی کوردی زیاتر لە کوردستان وەک زمانی فەرمی کاری پێکراوە. لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی قانوون ئەو مافەی بە فەرمی ناسیبوو و دراوی نوێی عێراق چاپ بوو، بەڵام بە زمانی کوردی لەسەری نەنووسراو پشتگوێ خرا. لەم چەند ساڵەی دواییدا پاسپۆرت بە زمانی کوردی لەسەری نووسرا.

کوڕوکۆمەڵی کورد لە باشووری کوردستان پێیان وایە کە ئەم بڕیارە هەموو ئەو مافانە ناگرێتەوە کە لە قانوونی ئەساسیی عێراقدا هاتوون، بۆ وێنە: ئەم بڕیارە دراو، هێماکانی هاتوچۆ، تەمرو پاسپۆرت دەگرێتەوە. ئیشارەی بە بەڵگەنامە سیاسیو دیپلۆماسییەکان، قانوون و بەڵگەنامە حقووقییەکانو گەلێک بواری دیکە نەکردوە. لە حاڵێکدا مادام زمانی کوردی وێڕای زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە، دەبێ وەک زمانی عەرەبی کاری پێبکرێ.

سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانەش ئەم بڕیارە لە چاو رابردوو و لە چاو بارودۆخی زمانی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەسکەوتێکی کەم نیە. ئەگەر هێزو بەرنامەی باشو هەوڵی دڵسۆزانەی کوردی لە پشت بێ، گومانی تێدا نیە لە داهاتوودا ئەو ئامانجە وەدی دێو بڕیاری گونجاوتر لە بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی دەدرێ.

**زمانی فەرمیی کوردی لە عێراقو لە کوردستان**

ئێستا زمانی کوردی لە عێراق بە فەرمی ناسراوە. داخوا لە کوردستان کورد بۆخۆی زمانی فەرمیی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی، کامەیە؟ ئەوەی لە عێراقو لە باشووری کوردستانو لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک زمانی فەرمیی کوردی جێی خۆی کردۆتەوە لەسەر بنەمای شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاستە کە بەشی زۆری باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. زمانی فەرمیی سێ حکوومەتی کوردی بووە: حکوومەتی شێخ مەحموود (١٩١٩ – ١٩٢٣)، کۆماری کوردستان ( ١٩٤٦)و حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان کە دیارە هێندێک جار لە ئاستی فەرمیدا شێوەزاری کرمانجیی ژوورووش بەکاردێ بەڵام زیاتر بە شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاستە.

ئەوەی وەک زمانی فەرمیی کوردی تا ئێستا ناسراوە بۆ کورد لە باکوورو رۆژئاواو تەنانەت بەشێک لە کورد لە رۆژهەڵاتو باشووری کوردستانیش وەک زمانی فەرمی بەکار نایە کە بەشی هەرەزۆری کورد دەگرێتەوە. بێگومان ئەو بەشە زۆرەی کورد (جگە لە ئاخێوەرانی کرمانجیی ژوورو لە باشووری کوردستان) کە مافی خوێندنو نووسین بە زمانی خۆی لێ زەوت کراوە لەبەر بارودۆخی سیاسی ناتوانێ خاوەنی زمانی فەرمی بێ، بەڵام ئەگەر رۆژێک ئەو مافەی وەدەست هێنا داخوا ئەم زمانە فەرمییە بەکار دێنێ یان شێوەزاری خۆی دەکا بە زمانی فەرمی؟ داخوا کورد خاوەنی دوو زمانی فەرمی دەبێ؟ یان دەکرێ زمانێکی فەرمی دروست ببێ کە لە سەرانسەری کوردستان جێگای پەسند بێ؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە دەبێ وەڵامیان بدرێتەوە کە لە ئەرکی ئەم وتارە بەدەرە.

وا دیارە بە داخەوە خەبات لە پێناوی دروستکردنی زمانی فەرمی یان یەکگرتووی کورددا رەنگدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی کوردە. بڕیاری بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی لە پارلمانی عێراق تا ئەم قۆناغە، دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەگەر کورد خاوەنی زمانێکی فەرمیو یەکگرتووی سەرانسەری بووایە، ئەم بڕیارە گرنگییەکی زیاتری بۆ کورد دەبوو.

لە ژمارە ٦٢٤ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢١ی ژانویەی ٢٠١٤

# فەرهەنگستانی زمانی فارسی مافی بڕیاردان لەسەر زمانی کوردیی نیە

لە کاتی هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماریدا، حەسەنی رووحانی لە بەرنامە تەبلیغاتییەکانیدا ئاوڕێکی لە کێشە نەتەوەییەکان دایەوەو هێندێک وەعدو بەڵێنی بە تایبەتی لە بواری خوێندن بە زمانی زگماکیی ئەون دا کە لە قانوونی ئەساسییشدا ئاماژەی پێکراوە بەڵام هەتا ئێستا پشتگوێ خراوە.

بۆ شەش مانگ دەچێ حەسەنی رووحانی بە کردەوە پۆستی سەرکۆماریی وەرگرتوەو هەرچەند هیچکام لەو وەعدو بەڵێنانە بەدی نەهاتوون، بەڵام هەر ئەو وەعدوبەڵێنانە ژمارەیەک نوخبەی مەزنیخوازی فارسیی بە تایبەتی لە فەرهەنگستانی زمانی فارسی تووڕە کردوە. لەم دواییانەدا فەرهەنگستان داوای لە رووحانی کردوە کە بە هیچ جۆر رێگا نەدا خوێندن بە زمانی کوردی سەر بگرێ.

ئەوە کە فەرهەنگستانی زمانی فارسی داوایەکی وا لە دەوڵەت دەکا، ئەرکی ئەم فەرهەنگستانە، هۆی داوایەکی ئەوتۆو بێبنەمایی ئەم داوایە لە رووی زانستی و ئاکامەکانی، لەو بابەتانەن کە لەم وتارەدا باسیان دەکرێ.

### ئەرکی فەرهەنگستانی زمانی فارسی

لە کۆنەوە زمانی فارسی لەژێر کاریگەرییەکی زۆری زمانی عەرەبی دایە؛ چەند دەنگ کە لە بنەڕەتدا دەنگی زمانی فارسی نین لە رێگای وشە عەرەبییەکانەوە هاتوونەتە نێو زمانی فارسی و هاتوونەتە نێو ریزی ئەلف و بێی فارسی وەک: ط،ث،ذ،ض،ص،ظ. بە سەدان – ئەگەر نەڵێین بە هەزار – وشەی عەرەبی لە زمانی فارسی دا هەن. بە تایبەتی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەبەر لایەنی مەزهەبی گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی عەرەبی دەدرێ. نێوەڕۆکی ئایینی بەسەر کتێبە دەرسییەکاندا زاڵەو دەقە پیرۆزە مەزهەبییەکان لە کتێبەکاندا یەکجار زۆرن، لە خۆتبەو تریبوونە رەسمییەکاندا زاراوەو دەربڕینی عەرەبی گەلێک بەکار دێ.

ئەگەر لە کۆندا لە نێو زانایانی فارسدا باو بوو بەرهەمە زانستییەکانیان بە عەرەبی بنووسن، لە سەرف و نەحوی عەرەبی دا زۆر بچنە پێش، ئەمڕۆ سیاسییەکان بۆ سەلماندنی شارەزایی ئایینیی خۆیان لە بەکارهێنانی وشەو رستەی عەرەبیدا لە پێشبڕکێ دان. ئیدی زمانی فارسی کەوتۆتە بەر تەوژمی شەپۆلی زمانی عەرەبی و تا رادەیەکی زۆر سیمای زمانی عەرەبیی بە خۆیەوە گرتوە.

لە لایەکی دیکەش زمانی فارسی لە بوارە زانستییەکاندا، ئەوەی پێیان دەگوتن زانستە نوێیەکان، وەک شیمی، فیزیک، پزشکی، زانستە سروشتییەکان...هتد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانانی ئورووپا بە تایبەتی فەرانسەیی. زمانی فارسی نەک هەر لە وشەدا بەڵکوو لە ئیدیۆم و دەستە واژەش دا ئەو کاریگەرییەی زۆر پێوە دیارە.

فەرهەنگستانی فارسی ئەرکی ئەوەیە مشوورێک لەوە بخوا کە زمانی فارسی نەبێتە پاشکۆی زمانی عەرەبی و زمانانی دیکە. پێویستە فکرێک لەوە بکاتەوە ئەو کولتوورە دەوڵەمەندەی فارسی وای لێ نەیە بۆ نەسلەکانی داهاتوو نامۆ بێ، پێویستە زاراوەسازی

بکاو وشە فەرامۆش کراوەکانی فارسی زیندوو بکرێنەوەو بەکار بێنرێن. فەرهەنگستان دەبێ هەوڵ بدا پلان بۆ زمانە کارتێکراوەکەی فارسی دابرێژێ. لە جیاتی بە فیڕۆدانی ئینێرژیی خۆی لە دژی زمانێکی دیکە با ئەو ئینێرژییە لە چارەسەری زمانی فارسی دا بەکار بێنێ. ئەرکی فەرهەنگستانی زمانی فارسی چارەسەری کێشەکانی زمانی فارسییە نەک بڕیاردان لەسەر زمانی نەتەوەیەکی دیکە. ئەوەکە زمانی کوردیو زمانی نەتەوەکانی دیکە ڕێگایان پێ نادرێ بخوێنرێن، کێشەیەکی سیاسییەو پێوەندیی بە زانستی زمانەوە نیە، فەرهەنگستانی فارسی نابێ بۆ مەبەستی سیاسی پشت لە ئەرکە زانستییەکانی بکا.

فەرهەنگستان بۆ داوادەکا زمانی کوردی نەخوێندرێ؟

ئەم مەسەلەیە دوو هۆی هەیە؛ یەکەم مەزنیخوازیی ئەندامانی فەرهەنگستان، ئەگەر نەڵێین بیری شۆڤینیستیی ئەوان. ئەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بۆتە بەشێک لە مێژووی کۆن کە دەسەڵاتدارانی سەر بە نەتەوەی حاکم پێیان وا بوو زمانی ئەوان ئەسڵە و زمانی خەڵکی دیکە بایەخی نیە، زمانی ئەوان زمانی دەسەڵاتەو شایانی ئەوەیە سیاسەتی پێ بکرێ پێی بخوێندرێ...و بە چاوێکی نزم سەیری زمانی خەڵکی دیکەیان دەکرد. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە تەنیا لە پاوانخوازی و مەزنیخوازیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ و فەرهەنگستان لە بواری فەرهەنگی و کلتووریدا پێڕەویی لێدەکا. ئەو داوایەی فەرهەنگستان ڕاست ئەو ڕستە بە ناوبانگەی سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی وەبیر دێنێتەوە کە لەسەر دەرگای قوتابخانەو ئیدارەکان دەنووسرا « بجز فارسی سخن نگوئید» ( بە فارسی نەبێ قسان مەکەن).

دووەم؛ پوتانسیەلێکی بەهێزی کورد بۆ دەوڵەمەند کردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی. ئەمە وای کردوە هەستی ڕقبەرایەتی لە دەروونی مەزنیخوازانی فەرهەنگستانی فارسی‌دا بجوولێنێ. ئەوان پێیان خۆش نیە شاکارەکانی چەشنی عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، محەممەدی قازی، ئیبراهیمی یوونسی‌و... کە کوردی فارسینووسن لەوە بە دوا بە کوردی بنووسرێن. گەشەکردنی زمانو فەرهەنگی کوردی و لە ئاکامی ئەوەش‌دا گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورد خەونی مەزنیخوازانەیان دەشوێنێ. کاتێک دەبینن نووسەرانی کورد لە جیاتی ئەوەی بە فارسی بنووسن، بە کوردی دەنووسن، کاتێک دەبینن ڕۆڵەکانی کورد خۆبەخشانە و بە ئیمکاناتی ماڵیی خۆیانو بەبێ وەرگرتنی هیچ مووچەیەک بە پێکهێنانی کۆڕو ئەنجومەن فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی دەبن،دەرچوونی ئەو هەمووە ڕۆژنامەو کتێبە بە زمانی کوردی دەبینن،چاویان بە زمانی کوردی هەڵنایە، بەڵام کاتێک دەبینن بەو هەمووە ئیمکاناتو دەسەڵاتەی لەبەر دەستیان نراوە و ڕێنوێنییەکانیان بۆ چارەسەری زمانی فارسی زۆر بڕ ناکا، سیاسەتی حاشاو ئینکاری زمانەکانی دیکە دەگرنە بەر.

داوای فەرهەنگستان لە ڕووی زانستییەوە دروستە؟

ڕەنگە ئەندامانی فەرهەنگستانی فارسی شارەزای زمانی کوردی نەبن، هەربۆیەش ناتوانن بڵێن زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نیە، ئەگەر شارەزای زمانی کوردی بن دەزانن کە زمانێکی سەربەخۆیە. گیروگرفی ئەمانە ئەوەیە کە پێیان وایە هەرکەس خەڵکی ئێران بێ فارسە. وەک سیاسییەکانیان وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر قبووڵ بکەن زمانی کوردی سەربەخۆیە، دەبێ قبوڵیش بکەن لە ڕووی سیاسییشەوە مافیان هەیە سەربەخۆ بن. تەنانەت زەحمەتی ئەوەندەش بە خۆیان نادەن کە بزانن وڵاتی وا هەیە سی زمانی

فەرمیی هەیە. پاشان جگە لەوەی کە لە زۆر وڵات دوو زمان و تەنانەت سێ زمان بە فەرمی ناسراون، سیستمی دوو زمانە و چەند زمانە لە پەروردەدا هەیە، تەنانەت منداڵانی پەنابەرانیش ئیمکاناتی فێرکردنی زمانی دایکیان بۆ دابین دەکرێ، کەچی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی لە وڵاتی خۆی مافی خوێندن بە زمانی خۆی نیە! لەوەش سەیرتر لە ئێران ئەوە هیچ کە دەرسی عەرەبی شانازییە، زۆربەی زمانانی زیندووی جیهان لە رشتەی جۆراوجۆر دا دەخوێندرێن، بەڵام منداڵی کورد لە وڵاتی خۆی مافی نیە بە زمانی خۆی بخوێنێ.

خۆ دەبێ فەرهەنگستانی زمانی فارسی بزانێ کە لە سەدەی ١٧ەوە زانستی زمان ئەو گومانەی رەت کردۆتەوە کە زمانێک لە زمانێکی دیکە »چاکتر«، زمانێک لە زمانێکی دیک»خۆشتر«، زمانێک «ئەسڵ»و زمانێک « نائەسڵ» بێ. هەموو زمانان خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەن کە زمانێک هەیەتی. کە وابوو بۆ دەبێ وا بیر بکەنەوە کە زمانی فارسی ئەسڵە و ئەوانی دی نا ئەسڵ، یان زمانی فارسی باشەو ئەوانی دی خراپ و وا بیر بکەنەوە کە هەر زمانی فارسی دەبێ رێگای پێبدرێ بخوێنرێ.

ئاکامی ئەو هەڵوێستەی فەرهەنگستان چ دەبێ؟

هەلوێستێکی لەم چەشنە لانی کەم دوو ئاکامی لێ دەبێتەوە: یەکەم، ئەگەر دەوڵەتی رووحانی وەڵامی فەرهەنگستان نەداتەوەو سوور بێ لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی، جگە لە شکستو بێ ئیعتیبار بوونی فەرهەنگستان ئاکامێکی دیکەی نابێ. بە تایبەتی کە پێشتریش راسپاردەکانی فەرهەنگستان بە باشی پێڕو نەکراون،ئیدی ئەوکات فەرهەنگستان زۆر دەکەوێتە پەراوێزەوە.

دووەم، ئەگەر دەوڵەت نەیەوێ بەڵێنەکەی بەجێ بگەیەنێ یان بکەوێتە ژێر کاریگەریی داوای فەرهەنگستانەوە، ئەو نرخو بایەخەی زمانو فەرهەنگی فارسی لە نێو کورددا هەیبووە و هەیەتی زیانی پێ دەگا. کورد کە هەمیشە روانگەیەکی جیاوازی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەندو، نەتەوەو زمانو فەرهەنگی فارسدا هەبووەو حیسابی ئەو دووانەی جیا کردۆتەوە، ئەو کات روانینی بۆ زمانو فەرهەنگی فارسی ئەو روانینە دەبێ کە بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند هەیەتی.

ئاکام

داوای فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە دەوڵەت بۆ پێشگیری لە خوێندنی زمانی کوردی داوایەکی دژی فەرهەنگییەو لەگەڵ زانستی زمان یەک ناگرێتەوەو زیاتر داوایەکی سیاسییە. ئەم بۆچوونە بیرتەسکانەیە زیان بە ئێعتبار و نفووزی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی دەگەنێ لە نێو میللەتانی دەروبەر بە تایبەتی کورددا. نزیکەی ١٠٠ ساڵە دەسەڵاتدارانی شۆڤینیست پلان بۆ ئاسیمیلەکردنی زمانی کوردی دادەرێژن بەڵام زمانی کوردی زیاتر خۆی پاراستووە تەنانەت زیاتر پەرەی گرتوە. ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەری خستوە پێکهێنانی دەرفەتی ئازادانە بۆ زمانو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان ئاکامەکەی گەشەکردنی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانو بەهێزبوونی گیانی پێکەوە ژیانی بە ئاشتییە.

لە ژمارە ٦٢٦ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ١٩ی فێوریەی ٢٠١٤

## بۆمبارانی پیرانشار لە ١٧ی رەشەمەی ١٣٦٣دا، زامێکی سارێژ نەبوو

سەعات ٣و چارەگی پاش نیوەڕۆ بوو. بەقەد نووشتوویەک هەورت بە ئاسمانێوە نەدەدی. لە پڕ هارەی فڕۆکان تەشقی بێدنگی ئاسمانێی شکاند. جموجۆڵ لە نێو خەڵکیدا پەیدا بوو. دەنگی داخرانی دەراِبەی دووکانەکان لە هەر لایەک دەبیسرا، تا دەهات هەنگاوەکان بەرەو ماڵێ توندتر دەبوون. بۆ هیچ کەس جێی شکو گومان نەبوو ئەوانە دەبێ فڕۆکەی شەڕی ڕێژیمی بەعسی عێراق بن. لەو رۆژانەدا باو بوو دەوڵەتی عێراقو ئێران شەڕێکی پیسیان لە دژی هاونیشتمانانی بێدیفاعی یەکتر وەڕێ خستبوو. هەردوولا شارەکانی یەکتریان کردبووە ئامانجی هێرشی فڕۆکەو مووشەکەکانیان. سەیر ئەوە بوو دەوڵەتی عێراق ناوی ئەو شارانەی رادەگەیاند کە قەرار بوو بۆمبارانیان بکا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ناوی «پیرانشار»هاتبوو، زۆر کەس پێی وابوو مەبەست «ئیرانشار»ە. هەر کە دەنگی فڕۆکەکان هات، شکو گومانەکان رەوینەوەو ترسەکە وەڕاست گەڕا. هەموو نیشانەکان دەریان دەخست کارەساتێکی گەورە بەرێوەیە.

زۆری نەبرد دەنگی لوورەی فڕۆکەکانو شریخەو گرمەی بۆمبەکان هەموو جێیەکی تەنیەوە؛ خرمەی شووشەی دەرگاو پەنجەران، شریقەی بانی خانووە شیروانییەکان، قیژەو هاواری ژنو منداڵ لە هەموو لایەک دەبیسرا، دەنگی فڕۆکەکان پسانەوەیان بۆ نەبوو و پەیتا پەیتا بۆمبو راکێت هەڵدەوەرین. دووکەڵو تەمتومان بەری ئاسمانێی گرتبوو. کەمتر لە سەعاتێکی خایاند، ئینجا بێدەنگی زاڵ بۆوە.

بەر لەوەی شەو دابێ، لە ترسی رۆژی دواترو دووبارەبوونەوەی بۆمبارانەکان، ئاپۆرای خەڵک روویان کردە دێهاتی دەوروبەرو شاری نەغەدەو شنۆ. بەشێک لە خەڵک خەریکی هەڵگرتنەوەی جەنازەکانو پێڕاگەیشتن بە بریندارەکان بوون. بەشێکیان خەریکی هەڵدانەوەو پشکنینی دارو پەردووی تێکڕماوی ماڵەکان بوون. کەمتر ئامبولانست وەبەرچاو دەکەوت، بەڵام ماشێنە بارییەکان جێگای بەتاڵی ئامبولانسەکانیان تا رادەیەک پڕ کردبۆوە. ئەگەر بە نێو شاریدا رۆیشتبای توانای سەیرکردنی شوێنە بۆمباران کراوەکانت هەبووایە،لایەنەکانی کارەساتەکەت زیاتر بۆ دەردەکەوت. دەبا دیمەنە جەرگبڕو دڵتەزێنەکانی ئەو رووداوە هەر لە مێشکو زەینی ئەوانەدا بمێنێتەوە کە ئەو «جومعە» رەشەیان بە چاوی خۆیان دی.

لە شەڕی نێوان دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کوشتارو ماڵوێرانی تاقە بەرهەمی خەڵکی کوردستانە، لەوەشدا خەڵکی پیرانشار نەی زانی بەرهەمەکەی چەند بووە! هەر کەسەو بە برینی خۆی دەزانی، بەڵام بۆ خەڵکی بە تەواوی روون نەبۆوە قووڵایی برینی شارەکە چەندە. ئی وایە باسی ٤٠٠- ٥٠٠ شەهیدو بریندار دەکا، ئی وایە باسی ٢٠٠ کەس دەکا. ٢٠٠ یان ٤٠٠ تەنیا ئامارەو کەمتر یان زیاتر، لە قووڵایی کارەساتەکە کەم ناکاتەوە. روونکردنەوەی لایەنەکانی ئەم رووداوە لەستۆی حکوومەت یان رێکخراوێکی سەربەخۆیە کە لە ئێراندا، لانیکەم لە کوردستان، ئیزنی تێکۆشانی پێ نادرێ. رێژیم دەتوانێ بزانێ ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لەم

شارە یان هەموو شارەکانی کوردستان کێن‌و چەندن، بەڵام نەویستوە بزانێ ژمارەی ئەو خەڵکەی بە هۆی شەڕێک کە دەوڵەتی عێڕاق هەڵی‌گیرساندو بۆخۆشی ٨ ساڵ درێژەی پێدا، چەندن. لەو رووداوانەدا کە کار دەگاتە ئاست کوردستان بێ‌مەسئوولیەتیەکەو پشتگوێ خستنەکە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

٢٩ ساڵ بەسەر ئەم رووداوە تاڵەدا تێدەپەڕێ. بۆ کەس روون نەبۆوە رێژیمی بەعسی عێڕاق بۆچی ئەم تاڵاوەی بە گەرووی خەڵکی پیرانشاردا کرد؟ لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ ئێراندا بۆمبارانی شارەکان، بە تایبەتی شارە کوردنشینەکان وەک سەردەشت، بانە مەهاباد، سەرپێل، قەسری شیرین‌و... چ خێرێکی بۆ ئەو تێدابوو؟ چ زیانێکی بە کۆماری ئیسلامی دەگەیاند؟ پیرانشار سێ پادگان ( معسکر)ی گەورەی لێن: پادگانەکانی ناسراو بە پیرانشار کە لە قەراغ شارە، پەسوێ‌و جەڵدیان. بە دەیان بنکەو بارەگای نیزامی لە ناوچەی پیرانشار هەبوون. لەو رۆژەدا مەسەلەن بۆمب لە نێوەڕاستی شار وەنێوەڕاستی بلواری ئازادی کەوتبوو بەڵام تاقە یەک بۆمب وە هیچکام لەو پادگانانە نەکەوت! تەنیا ئەو بەشە لە هێزە نیزامییەکانی ئێران وەبەر کەوتن کە پێگەکانیان لە کوردستان دەخزێننە نێو خەڵکی مەدەنیەوە تاکوو بۆ سەرکوتی خەڵک بەکاریان بێنن. لە لایەکی دیکەش لەو هێرشە ئاسمانیە خەستەدا، لەسەر ٣ پادگانارا تاقە یەک فڕۆکەش نەکەوتە خوارەوە. بۆمبارانەکە بۆسەر پردێک یان ڕێگایەکی ستراتیژیی دەوڵەتی ئێرانیش نەبوو. کارگەو ناوەندێکی سەنعەتییش نەبوو کە زەبر لە توانای ئابووریی ئێران بدرێ. ئامانجی سەرەکی لەم بۆمبارانەدا کوشتنی خەڵکی بێدیفاع بوو، هەردوولا لەو ئامانجەدا لە پێشبڕکێ دابوون. لەو پێشبڕکێیەدا ئەوەندە چوونە پێش کار گەیشتە بۆمبارانو مووشەکبارانی پایتەختەکانی یەکتر. بەڵام باری قورسی ئەم خەسارە گیانی‌وماڵییە لەسەر شانی کورد لە نێوان سنووری ئەم دوو دەوڵەتەدا بوو. دوای تەواوبوونی شەڕیش ئینجا هەردوو دەوڵەت لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە کوردستانی وێرانکراو، هێزەکانیان بۆ سەرکوتی کوردی وڵاتی خۆیان چڕ کردەوە. وەک بە درێژایی مێژوو سەلماوە، لەو شەڕانەدا کە لەسەر خاکی کوردستان دەکرێن، نە لەکاتی ئاشتی دا کورد ئاشتی دەیگرێتەوە، نە ئەگەر دەسکەوتێکیش هەبێ، کورد بەشێکی بەر دەکەوێ.

هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ رووداوی ١٧ی رەشەمەی ١٣٦٣ لە پیرانشار، چۆنیەتیی پێڕاگەیشتن بە قوربانیانی کارەساتەکە، بە وێرانییەکانی شار، بە کەسوکاری شەهیدەکان‌و بە برینندارەکان، بێدەنگی‌و خۆگێلکردنی حکوومەت لە ئاست ئەو کارەساتەدا لە دوای رووداوەکە، لایەنێکی تاڵی دیکەی ئەم رووداوەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا چالاکانی بواری فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتیی شاری پیرانشار یادی ئەو رۆژە رەشە دەکەنەوە، هەرچەند ناتوانن باس لە هۆیە سیاسییەکانی بکەن، بەڵام قورساییان خستۆتە سەر بواری ئەدەبی‌و لەم ریگەیەوە رێز لە یادوبیرەوەریی قوربانیانی ئەو کارەساتە دەگرن‌و نیشانی دەدەن کە یادو بیرەوەریی هاوشارو دراوسێکانیان لە ویژدانی ئەواندا زیندوویە.

لە ژمارە ٦٢٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

# دژایەتی لەگەڵ خوێندن بە زمانی زگماکی لەباری زانستیو لۆژیکییەوە بێبەهایە

(لە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئاغای ئێحسان هوشمەنددا)

١ - ٢

مانگنامەی «مهرنامە» لە ژمارە ٣٤ی تایبەتنامەی نەورۆزیی خۆی (نەورۆزی ١٣٩٣)دا، گفتوگۆی ئاغای مەتین غەففاریانی لەگەڵ ئیحسان هوشمەند بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا باس لە بابەتە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە زمانە جۆراوجۆرەکانی ئێرانو گەلاڵەی فێرکاریی ئەو زمانانە لە قوتابخانەکان کراوە. هەر ئەم وتووێژە لە ماڵپەڕی «جرس»یشدا بڵاوبۆتەوە. ئیحسانی هوشمەند کە وادیارە خوێندنی لە ڕشتەی کۆمەڵناسی تەواو کردووە جاروبار قسە لە بابەتگەلێکی دیکەی وەک زمانو زمانناسییش دەکا. خستنەرووی بابەتی خوێندنی زمانی زگماکی کە لە بەرنامەی ململانێیەکانی پرۆپاگەندەی سەرۆک کۆماریی لەلایەن ئاغای رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێرانەوە خراوەتەروو، بابەتی سەرەکی گفتوگۆی مەتین غەففاریان و ناوبراوە. گەلاڵەی فێرکردنی زمانە زگماکییەکانو یەک لەوان زمانی کوردی ـ هەرچەند لە ڕادەی قەول و بەڵێنەکان تێناپەڕێ ـ بە چەشنێک ئاغای هوشمەندی شپرزە کردووە کە بە شێوازو خوێندنەوەی ڕەزاخانیو شێوەی ئاتاتورکانە لەمەڕ فرەچەشنیی زمانیو کولتووریی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێی ئێران بدوێ. ئێستا با چاوێک بە کەڵکەڵەو نیگەرانییەکانی ناوبراو لەپێوەندیی لەگەڵ ئەو بابەتانەو هەروەها ڕوانگە و بۆچوونەکانیدا بخشێنینو بزانین ئەو بابەتانەی کە ئەو دەری بڕیون تا چەند لەگەڵ ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کوردو زمانی کوردیو باسو بابەتەکانی زمانناسیی دەگونجێنو یا لەوە حاڵی بین کە ئەم شێوە ڕوانینە بیرتەسکانەو وەها حاشالێکردنو ڕوانگەیەکی فاشیستییانە ـ ئەویش لەلایەن کوردێک بە دژی نەتەوەو زمانی کوردی ـ هۆیەکەی چییە؟

ئاغای هوشمەند لە وەڵامی یەکەمین پرسیار ئاماژە بە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەکاو دەڵێ: «سەبارەت بە زمانە قەومییەکانو ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئەگەر سەیری شیکراوەی باسەکانی یاسای بنەڕەتی بکەن، دەزانن کە مەبەست لە قەومەکان لەم زاراوەیەدا زمانی کەمایەتییە ئایینییەکان ـ کۆمەڵەکانی ئەرمەنی، کلیمی، کلدانی، ئاشووری ـ یە. کەواتە، بابەتی زمانە قەومییەکان لە ئێراندا پێشتر چارەسەر کراوە چونکە زمانە قەومییەکان لە قوتابخانەکانی ئەم ئایینانەو گرووپگەلە کۆمەڵایەتییانە دەگوترێتەوە.»

بێجگە لەو چەند وتەیەی ناوبراو، لە هەر شوێنێک کە وشەی «قەوم» لەم وتووێژەدا هاتۆتە گۆڕێ لەجێگەی «نەتەوە» بەکار هاتوە، نەک بە واتای کەمایەتیی ئایینی، بەڵام ناوبراو کە لە بنەڕەتدا کارەکەی لەسەر ئەوە هەڵچنیوە نەتەوەی کورد لە خێروبێری ماددەی ١٥ چیی پێنەبڕێ، لەوپێوەندییەدا «قەوم»ی بە واتای کەمایەتیی ئایینی داناوە.

جێگەی تێڕامانو هەروەها سەرسوڕمانە سەرەڕای ئەوەی ئەم ماددەیە لە یاسای بنەڕەتی، خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێرانی بە شێوەیەکی بنەڕەتیو بە واتای ڕاستەقینەی خۆی چارەسەر نەکردوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکی وەک ئاغای هوشمەندی بەو قەناعەتە گەیاندوە وا بزانن کە: «سەرنجدان بە زمانە ناوچەییەکان نیگەرانی لێکەوتۆتەوە». ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی چیە، گەرەنتیی کام مافانە بۆ نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران دەکا کە لە ئەگەری جێبەجێکردنیاندا بە قسەی ئەم جۆرە کەسانە، هاوپێوەندیی فەرهەنگیی ئێرانییەکان بە با دەچێ؟! دەقی ئەو ماددەیە لێرەدا وەک خۆی دێنینەوە: «زمان و خەتی ڕەسمیو هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسیە. بەڵگە و نووسراوەو دەقە فەرمییەکانو کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەم زمانو خەتە بێ بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانە ناوچەییو قەومییەکان لە چاپەمەنیو ڕاگەیەنە گشتییەکانو وتنەوەی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانەکان لە پەنا زمانی فارسی ئازادە».

سەبارەت بەم ماددەیە خستنەڕووی چەند خاڵێک بە پێویست دەزانم: پێش هەر شتێک، زمانی فارسی و ڕەسمولخەتی فارسی دوو شتی جیان، بوونی زمانی فارسی بە مانای ئەوەیە حەتمەن خەتی فارسییش هەیە خەتی فارسی، خەتێکە کە عەرەبەکانو گشت نەتەوە موسوڵمانەکان بۆ نووسینی زمانی خۆیان بەکاری دێنن، ئەو خەتە خەتی ئارامیەیەو لە زمانی نووسینی فارسیشدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. دووەم ئەوەکە، بەپێی ئەو ماددەیە کەڵک وەرگرتن لە زمانە «ناوچەیی»و «قەوم»ییەکان لە چاپەمەنیو ڕاگەیەنە گشتییەکاندا ئازادە، وتنەوەی ئەدەبیانی ئەوان (نەک زمانەکەیان)، ئەویش «لە پەنا زمانی فارسی» ئازادە. کەوایە لە هیچ شوێنێکی یاسای بنەڕەتی شتێک بە ناوی «وتنەوەی زمانە ناوچەییو قەوم»ییەکان بوونی نیە. بەوحاڵەش کەسانێکی وەک ئاغای هوشمەند ئاوا بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانن.

ئاغای هوشمەند تەنانەت سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەکانیش بۆ باسکردنی زمانی کوردیی خۆی، هۆشێکی زۆری بەکار نەهێناوە: زاراوەی «زمانی ناوچەیی». لەوەدا کە هەر زمانێک لە ناوچەیەک لە دنیا کەڵکی لێوەردەگیرێ، هیچ گومان نیەو بۆ قسە لەسەرکردن نابێ. کەوایە هەر زمانێک، زمانێکی ناوچەییە. بەڵام دەزانین کە ئەم زاراوەیە بۆ بچووک نیشاندان یان بۆ بەراوردکردنی «اصل» لەگەڵ «فرع» بەکار دەهێنرێ. زمانی ناوچەیی لەگەڵ ئەوەشدا واتایەکی دیکەش لەخۆ دەگرێ، ئەویش بریتییە لە شێوەزارێک لە زمانێک یان بەشە کۆمەڵەیەک (زیر مجموعە)یەک لە زمانێک کە لە درێژەدا ئاماژەی پێدەکەم. داخوا ئاغای هوشمەند نازانێ کە زمانی کوردی لە ئێراندا تەنیا بەشێک لە زمانی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆن کەسی لە سەرانسەری دنیادایە؟ وای دابنێین مەبەست لە زمانی کوردی تەنیا زمانی کوردی لە ئێرانێیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەها دادوەریکردنێک لەبارەیەوە لەباری زمانناسی بێ بەهایە. هەموو ئەو پێناسەو تایبەتمەندییانەی کە زمانناسیو زمانناسان لەبارەی زمان خستوویانەتە ڕوو، لەبارەی زمانی کوردییشدا ڕاست دەردەچن، لەپێوەندیی لەگەڵ زمانی فارسییش هەر وایە. کەوایە ئەگەر ڕوانگەیەکی سیاسی یان چەشنێک ڕوانینی تایبەتی سیاسیی لەگۆڕێدا نیە، خێرە کە زمانێک بە سەرەکیو زمانێک بە لاوەکی لەقەڵەم بدرێ؟ ئاغای هوشمەند کە لافی ئەوە لێدەدا ٦٠٠ توێژینەوەی تاوتوێ کردووەو هیچیشیانی قبووڵ نیە! داخوا بە چاوێکی کارناسانە لە پێناسەو تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕوانیوە؟

ئاغای هوشمەند گرنگیدان بە زمانە ناوچەییەکان بە دەرەنجامی دوو فاکتەری سەرەکی دەزانێ: یەکەم «هەوڵی هێندێک لە وڵاتانی ناوچەییو بیان بۆ کاریگەریی دانان لەسەر بابەتە کولتووری، زمانی و قەومییەکان ...» و دووەم ڕووداوە

خوێناوییەکانی «سەردەمی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان یان کۆماری مەهاباد» لە پێش شۆڕشی ئێرانو « زاڵبوونی ڕوانگەی چەپگەرایانەو مارکسیستیو هێژموونیی گرووپە چەکدارە چەپەکان لەو ناوچانە» دوای شۆڕش. لەم بابەتەشیاندا ناوبراو لە دانانو هێنانی ناوەکاندا تووشی کێشە بووە، چونکە لە تەواوی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان . کە بە خۆشییەوە بەشێکی زۆریان ماونەتەوە. بە ناوونیشانی «کۆماری کوردستان» ناوی هاتووە نەک «کۆماری مەهاباد». ئاغای هوشمەند ڕاستییەکانی دیکەشی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تێکەڵاو کردوە. ڕەوتی چەپخوازانە لە کوردستان لەباری ئایدۆلۆژیکییەوە ڕەوتێکی مائۆئیستی بوو کە بەشێک لە ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان بوو و، بەشە زۆرەکە ڕەوتی نەتەوەییو دیموکراتیکی کورد بوو نەک مارکسیستی، جەریانی مارکسیستی هەر ئەوە بوو کە پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامی دەکرد بەو ئیستدلالە کە دژی ئیمپریالیزمە.

وەک بڵێی ئاغای هوشمەند لەم دواییانەدا شارەزای ئەو بەڵگەهێنانەوەو ئەدەبیاتە کاڵبۆوەیەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە کۆنەوە بووە کە هەرکات نەتەوەیەک لە نەتەوە ژێر ستەمەکان، تویژێک یان سینفێک یان هەر کەسێک لە ئێران باسی ئازادی یان مافەکانی خۆی بکا، ئەوە بە ئاکامی پیلانو تەونوبەستی بێگانەکان ئەژمار دەکەن. ئەوانەی ئەم جۆرە تێزانە دێننەوە دەزانن کە بە چ شێوەیەک بیانوو بێننەوە بۆ ئەوەی لە وڵامدانەوە بە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێرانو توێژە جۆراوجۆرەکان خۆببوێرن، بەڵام بۆ خەڵک کە گوێیان بەو جۆرە بڕ و بیانووە ڕووکەشانە پڕ بووە، لەوانەیە لە بابەتگەلێکی بێزراو و بێزارکەر شتێک زیاتر نەبن.

سەرنج بدەن، باس لەسەر وتنەوەو خوێندنی زمانە «ناوچەیی»یەکان، کە زمانی کوردییش یەکێک لەوانە، تا چ ڕادەیەک ئەم رۆڵە کوردەی تووشی پەرێشانیو شپرزەیی کردوە: «ئەگەر بڕیار بێ ئەم زمانانە بگوترێنەوە و لە ناوەندەکانی خوێندن بخوێنرێن، یەکەم ئەوەکە کارێکی نادروست و نازانستییە چونکە دەبێتە هۆی قەومیزەکردنی ئێرانو کارناسان لەم بوارەدا بەڕادەی پێویست قسەیان کردووە.»

«صبر بسیار بباید پدر پیر فلک را   تا دگر مادر گیتی چو تو فرزند بزاید»

لەوانەیە ناوبراو زانیارییەکانی سەبارەت بە بابەتەکانی زمانو قەومییەت لە ئاستێکدا نەبێ کە وتنەوەی ئەم زمانانە بە کارێکی ناڕدروستو نازانستی دەزانێ. لەو وڵاتانەی کە خاوەن فرەچەشنیی نەتەوەییو زمانیینو سەرەداوی هەموو ڕێبازە زمانناسییو خەڵکناسییەکانیان لەدەست دایە، ئەم بابەتانە بە چەشنێک چارەسەر کراون کە ڕاست پێچەوانەی ڕوانگەکانی ئاغای هوشمەند دەسەلمێنن. لە هەندێکیاندا سیستەمی دوو زمانە یان چەند زمانە لە بواری فێرکاریدا هەیە. لە ژمارەیەک لەو وڵاتانە دوو زمانو تەنانەت سێ زمانی فەرمی هەیە. لەو وڵاتانەی کە بەسەر ڕوحییەی فاشیزمدا زاڵ بوون، تەنانەت کەمینە کۆچەرەکانیش لە فێربوونی زمانی خۆیان بەهرەمەندن. ئێستا چ بووە بۆ نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی نەک بە کردەوە بەڵکوو تەنیا لە قسەدا، باسی خوێندنو وتنەوەی زمانی زگماکی لە نیشتمانی خۆیدا دەکرێ، بەم شێوەیە سەفبەندییو بەرەگیری لە دژی دەکرێو بە هەموو شێوەیەک بەرەنگاری داواکانی دەبنەوە؟! سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە ئێراندا چەندین زمانی بیانی وەک عەرەبی، ئینگلیزی، فەرانسەوی و ... دەخوێندرێن بەڵام مافی نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەم هەموو پێداگرییو سووربوونە پێشێل دەکرێ. با تەواوی ئاکامە زانستییەکانی زمانەوانی سەروین بکرێ، داخوا لە کوێیدا گوتراوە فێرکردن و وتنەوەی زمانێک . هەر چەشنە زمانێک . ڕەت کراوەتەوە؟ ئەم

ڕوانگەیە هیچ بەهایەکی زانستی نیەو لە هەناوی فاشیزمەوە سەر هەڵدەدا.

«قەومیزە» کردن! ئەمەش زاراوەیەکی نوێیە کە جێگەی قسە لەسەرکردنە. ئێستا ئەگەر هەموومان وەک ئاغای هوشمەند بیرمان کردبایەوەو هەموومان دژی زمانو کولتووری خۆمان ڕاپەڕیباین، تەواوی کێشەکان بەجارێکی چارەسەر دەکران، ئیتر لەم هەموو فرەییو جیاوازییانە ڕزگاریمان دەبوو، دەبووینە خاوەنی «ئوممەت»ێک بە تاقە زمانێکەوەو خەونی ڕەزاخانی پەهلەوی کە بە بڕیاری ناوبراو لەسەر دەرگای ئیدارەو قوتابخانەکان نووسرابوو « بە فارسی نەبێ قسان مەکەن» وەڕاست دەگەڕا. بەڵام لە بەختی ڕەشی ئەو، وەها کۆمەڵگەیەک تەنیا لە جیهانی زەیندا بوونی هەیە، ئەویش لە زەینو مێشکی کەسانێکی پاوانخواز، نەک لە وڵاتێکی هەستپێکراو و واقیعی کە سەلماندنی پێویستی بە هیچ بەڵگەیەک نیە.

بەپێچەوانەی قسەکانی ناوبراو دەبێ بڵێین وەها ڕوانگەیەکی یەک پێکهاتەییو یەکلابین مەودای نێوان نەتەوەکانو کولتووورە جۆراوجۆرەکانی ئێران زیاتر دەکا. سیاسەتی وەلانانو نکوڵی کردن جێگەی نیگەرانییە نەک سیاسەتی پێکەوەژیانو سازانو لێک تێگەیشتنی دوولایەنە. ئاخۆ ئەو ڕوانگەیە کە هەر لە کۆنەوە بەسەر ئێراندا زاڵە، مەسەلەو کێشەو ناکۆکییەکانی چارەسەر کردووە؟ مەگەر هەوڵەکانی ئاتاتۆرک لەپێناو هاوچەشن کردنو یەکدەست کردنی کۆمەڵگەی تورکیە چی لێ شین بۆوە؟ زۆر نموونەی دیکەی لەم جۆرەمان لەبەدەست دایە. هەربۆیە ناوبراو ترسی لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکە هەیە و تەنیا پێداگریی لەسەر ئەزموونی شکست خواردووی ئێرانو بیروڕا چەقبەستوو و دۆگم خوازییەکانی خۆی دەکاو دەڵێ: «دەمانەوێ کەڵک لە کام چەشنو نموونە وەربگرین؟ دەبێ کەڵک لە نموونەیەک وەربگرین کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێمە بگونجێ. هێندێک لە وڵاتان بە شێوەی دەستکرد لە چەند گرووپی زمانی پێک هاتوون هەر بۆیە دەبێ هەموو زمانەکانیان لەبەرچاو بن، ئەوانە ناتوانن بۆ ئێمە ئۆلگوو و سەرمەشق بن.»

وەرگێران بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

لە ژمارە ٦٣١ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی : ٦ی مەی ٢٠١٤

# دژایەتی لەگەڵ خوێندن بە زمانی زگماکی لەباری زانستیو لۆژیکییەوە بێبەهایە

(لە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئاغای ئێحسان هوشمەندندا)  ١ - ٢

و بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

ئاشکرایە جارێکی دیکە ئاغای هوشمەند وەک دەڵێن «ئاگای لە مام شەهابی نیە»! ئێوە سەیر کەن، مەبەست لە «هێندێک لە وڵاتان بە شێوەی دەستکرد لە چەند گرووپی زمانی پێک هاتوون» چیە؟ ڕەنگە پێی وابێ لەو وڵاتانە حکومەتێکی وەک حکوومەتی وڵاتی ئێمە بڕیار بدا خەڵکی فڵانە ناوچە بەم زمانەو خەڵکی فیسار ناوچە بەو زمانە بپەیڤن! چووزانم، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێ کە دەوڵەت، خەڵک بەسەر چەند گرووپی جیاوازدا دابەش دەکا، ئەوکات پێشنیاری زمانێکی دەستکرد بە هەر یەکێکیان دەکا! با لێیگەڕێین. جێگەی خۆیەتی لێی بپرسین سەپاندنی زمانێک بەسەر جیاوازییە نەتەوەییەکاندا لە وڵاتێکی فرەنەتەوە شێوازی دەستکردی گرووپی زمانییە یان بەهرەمەندبوون لە مافی سەرەتایی و بێئەملاوئەولای نەتەوەیەک لە بواری فێربوون و وتنەوەی زمانی خۆیان؟

ئاغای هوشمەند باسی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان لەپێناو ڕەتکردنەوەی خوێندن بە زمانی زگماکی دەکا و بوونی شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی نێو زمانی کوردی بە بەربەستی ئەم کارە دەزانێ: « لە بیجاڕی کوردستان یان شاهیندێژ قەرارە چ زمانێک بخوێندرێ؟ گەڕووسی؟ یان سنەیی؟ یان سۆرانی یان کرمانجی؟» ناوبراو لەم خاڵەش بێخەبەرە کە لەرووی زماناسییەوە هیچ زمانێک بوونی نیە کە خاوەن چەند زاراوە و شێوەزار نەبێ. بۆ مەگەر زمانی فارسی خاوەن زاراوەی جۆراوجۆر نیە؟ ئاخۆ دەکرێ هەبوونی زاراوەکان بە لەمپەری خوێندن و گوتنەوەی ئەو زمانە دابنرێ. هەر زمانێک لە حاڵەتی خوێندن و فێرکردندا شێوازی نووسراوەیی و فەرمیی خۆی دروست دەکا کە سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم شێوازە لە زمانی فەرمی لانیکەم لەلای کوردەکانی ئێران و لە کوردستانی عێراق بوونی هەیە. ئاخۆ ڕاستە بڵێین کام زمانی فارسی دەبێ لە قوتابخانەکان بخوێندرێ، زاراوەی ئیسفەهانی، تارانی، بەندەری، شیمالی ...؟ ئەم بەڵگەهێنانەوەیە سەبارەت بە زمانی کوردیش هەر وایە.

لە جێیەکی دیکەدا ئاغای مەتینی غەففاریان لێی دەپرسێ: «بۆ نموونە بەهەرحاڵ کوردەکان جیاواز لە جیاوازییە زمانییەکانی کە پێکەوە هەیانە، دەتوانن لەسەر زمانێکی میعیار پێکەوە قسە بکەن...» ئاغای هوشمەند لە وڵامدا دەڵێ:

« نەخێر، ناتوانن. ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕاست نیە. کوردێکی ماکۆیی لەگەڵ کوردێکی ئیلامی ناتوانن پێکەوە بە کوردی قسە بکەنو ناچارن بە فارسی یەکتر بدوێنن. جیاوازییە زمانییەکان لێرەدا جیاوازیی پێکهاتەییەو دەبێتە لەمپەری لێک تێگەیشتنی دوولایەنە.»

لەگەڵ ئەوەی‌کە ئەم ئیددیعایە تەواو بێبناغەیە، ناوبراو ناڵێ هیچ کوردێک ئەگەر بە زمانی فارسی دەرسی نەخوێندبێ و زمانی فارسی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان داگیر نەکردبێ، ناتوانێ بە زمانی فارسی قسە بکا و تەنانەت لێشی تێبگا. ئەگەر زمانی فارسی زمانی فێربوون و خوێندن نەبووایە، تەنانەت خەڵکی باشووری ئێران لە قسەی تارانییەکان تێنەدەگەیشتن چ بگا بە کوردێک. سەبارەت بە زمانی کوردییش هەروایە. هەر ئەو ماکۆیی و ئیلامییە ئەگەر مافی خوێندن بە زمانی کوردییان هەبووایە و لەم مافە بێبەش نەبووایەن، بەو زمانە کوردییە قسەیان دەکرد کە زمانی ڕەسمیی کوردی و خوێندن و فێرکاریی کوردی دەبوو. بۆچی کوردێکی خوێندەواری خەڵکی زاخۆ لە کوردستانی عێراق لەگەڵ کوردێکی خوێندەواری خەڵکی هەڵەبجە کە خاوەن دوو شێوەزاری جیاوازی کوردین، وەها کێشەیەکیان نیە و ناچار نین بە زمانی عەرەبی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن؟ لەبەر ئەوەی لە کوردستانی عێراق کوردی دەخوێندرێ و ئەم زمانە فێرکارییە وەک زمانی فێرکاریو ڕاهێنانی فارسی بۆ فارس زمانەکان، بۆ هەر کوردێکی خوێندەوار شیاوی تێگەیشتن و قسە پێکردنە. ئەدی فارس‌زمانێکی نەخوێندەواری خەڵکی شیراز شتێک لە کەسێکی فارس‌زمانی نەخوێندەواری خەڵکی ڕەشت تێدەگا؟ کەوایە بۆ بەم شێوەیە سەیری زمانی کوردی دەکرێ بەڵام لەبارەی زمانەکانی دیکە ئاوا بیر ناکریتەوە!

ئاغای هوشمەند کێشەگەلێکی وەک نەبوونی کارناس، نووسینی ڕێزمان، مامۆستا، کتێب، دەفتەر! و تێچووەکانی تری ئەم بوارە بە لیستی بەڵگەکانی خۆی لەپێناو ڕەتکردنەوەی خوێندنی زمانەکانی دیکە زیاد دەکا و دەڵێ: «دەرکەوتووە ئەم کارە چەندە خەرجی و مامۆستا و پێداویستیی دیکەی گەرەکە؟» بەخوا سەیرە! لەو داهێنانە سەیروسەمەرەیە! مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێ! ئاخر خوێندن و فێربوونی کام زمان خەرجی و تێچوونی ناوێ؟ ئاخۆ زمانی فارسی هەر بە بەلاش دەخوێندرێ؟ حەتمەن جەنابیان پێی وایە ئەمە ئیمدادی غەیبییە! مەگەر خوێندنی زمانە بیانییەکان لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران مامۆستا، ڕێزمان، کتێب، دەفتەر، پاککەرەوەی و قەڵەمتراش و...!! پێویست نیە؟ ئێستا کە قسە لەسەر وتنەوەی زمانی نەتەوەکانی دیکەیە، بابەتی خەرجی و تێچوون لە پەنا بەڵگە زانستییەکانی! ئاغای هوشمەند خۆی قووت کردۆتەوە.

لە درێژەی باسەکەدا ئاغای هوشمەند دێتە سەر مەبەستی سەرەکیی خۆی لەم وتووێژە و دەڵێ: « دیار نیە چ کەسێک قەرارە کتێبە دەرسییەکان لەم بوارەدا دابنێ و چ کەسانێک ئەم زمانانە بڵێنەوە. ئەمە خۆی چاڵشێکە. هێندێک کەس نیگەرانن کە ئەو کتێبانە لەلایەن کەسانێکەوە دابنرێن کە چالاکیی سیاسیی قەومگەرایانە و دژە نەتەوەییان لە کارنامەدا هەیە... کاتێک لە سەردەمی ڕیفۆرمدا قەرار بوو لە هێندێک لە زانکۆکانی وڵات زمانە ناوچەییەکان بخوێندرێن، ڕێکخستنی سیلابس و سەردێری دەرسەکانیان خستە ئەستۆی چەند کەسێک لە قەوم خوازەکان کە ژمارەیەکیان حەزێکی توندی دژە ئێرانییان هەبوو... واتە قەرارە لە قوتابخانەکان زانست و کەلەپووری هاوبەشی کولتووریی بخوێندرێ یان قەرارە پارتیزان یان کەسایەتی دژە ئێرانی پەروەردە بکرێ؟»

دیارە کە زمانناسان و کەسانێک ئەم کتێبانە دەنووسن (ئەگەر شتەکە سەر بگرێ) کە شارەزای ڕێزمانی ئەو زمانانە بن. داخوا ئەمە چاڵشە؟ کەسانێک کە جێگەی نیگەرانین، کێن؟ مەگەر دەکرێ ڕێزمان نووسێک، ئەدیبێک، یان زمانناسێک جێگەی نیگەرانی بێ؟ ئاخر هەر ئەم شێوە بیرکردنەوە و ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوانە موختاری، پوویەندە، فرووهەرەکان و زاڵزادەکانی تووشی مەرگ کرد. ئەم بەسەرهاتانە لە مێژووی ئێراندا پێشینەیەکی دووروودرێژیان هەیە. ئەگەر ڕێزمانی قەومێک لەلایەن هاوبیران و

هاورێبازەکانی ئاغای هوشمەند بنووسرێ، ئاشکرایە کە ئەم زمانە تووشی لەنێوچوون و فەوتان دەبێتەوە. کەوایە دیارە رێزمان لەلایەن کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانپەرست دەبێ بنووسرێ، بە تایبەت لە وەها بارودۆخێکدا. دان بەوەدا دەنێم کە لە زاراوەی «دژە نەتەوەیی» شتێکم دەست نەکەوت، چونکە ئەو کەسانەی ئاغای هوشمەند ئاماژەیان پێدەکا ئەو نەتەوەخوازە ئازادیخوازانەن کە بەتەمان جیاوازییە نەتەوەیی و زمانییەکانی ئێرانییەکان بە شێوەیەکی دێموکراتیک بپارێزرێ. زاراوەی «دژە ئێرانی» کوتکێک بووە هەر لە کۆنەوە لە دەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و هەرکەس باسی ئازادی کردوە و رەخنەر لە دەسەلات گرتووە، لە تەپڵی سەری راکێشراوە. نەمزانی ناوبراو بۆچی زاراوەی «دژە ئیسلامی»یشی بەکار نەهێناوە، خۆ ئەویش لە دوای شۆرشەوە بەو چشنە زاراوانەوە زیاد کراوە. هەزاران ئازادیخواز و خەباتگێری لە پێش و لەدوای شۆڕش بە تاوانی «دژە ئێرانی» و «دژە ئایین» ملیان بە پەتدا کراوە.

ئێستا ئەو رۆشنبیرانەی کە دەیانەوێ لە رێگەی یاساییەوە خزمەتی کولتوور و زمانی نەتەوەی خۆیان بکەن، لەگەڵ ئەم جۆرە دادوەری کردنی فاشیستی و هەڵبەت هەرەشانە رووبەروو دەبنەوە.

ئاغای هوشمەند دەڵێ: « لە ئێراندا ئێمە پێشینەیەکی هاوبەشی مێژوویی چەند هەزار ساڵەمان هەیە کە دەبێ سەرنجی پێبدرێ. لە ئێران، ئەگەر ئاماری کۆچکردنەکان لە نێوخۆ تاوتوێ بکرێن دەبینین کە تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەنێو خەڵکە جۆراوجۆرەکان هەیە کە لە گرووپە زمانییە جیاوازەکان پێک هاتوون. لە تاران، بەپێی ئەو ئامارەی من دەرم هێناوە، سەدان هەزار بنەماڵە هەن کە دایک و باوکەکان لە دوو پارێزگا یان دوو گرووپی زمانی جیاوازن. منداڵەکانی ئەم جۆرە بنەماڵانە دەبێ بە بەر کام گرووپی زمانی بکەون؟

ئاغای هوشمەند باس لە هاوبەشێتیی دەکا، کام هاوبەشێتی؟ بۆ نموونە پشکی کورد لەم هاوبەشێتییە چیە؟ تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی لەنێو تاکەکانی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە دیاردەیەکی ئەرێنییە. نە تەنیا لە تاران بەڵکوو لە ئیستانبووڵ، بەغدا و دیمەشقیش ئەم دیاردەیە هەیە، تەنانەت لە ئیستانبووڵ و بەغدا زیاتر لە تاران شتی وا هەیە. تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی خاوەن حەشیمەتی ملیۆنیی کوردەکانین، ئەم تێکەڵاوییە لەوێش بەرچاو دەکەوێ. دەبێ بە روانگەیەکی ئەرێنییەوە سەیری هەموویان بکرێ. ئەوانە بەشێک لە بابەتە تاکەکەسییەکان و لە مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێکن کە تاک لە هەڵبژاردنی هاوسەردا ئازادە. بەڵام ئایا ئەم کارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کولتوورییەکانی نەتەوەیەک تەواوە؟ ئێستا وای دابنێن هەزاران ژن و پیاوی کوردزمان و فارس زمان پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە، ئایا ئەم کارە بێبەشییە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی کوردی قەرەبوو کردۆتەوە؟ راهێنانی منداڵەکانی ئەم بنەماڵانە بە بارودۆخی ژیانیانەوە بەستراوەتەوە، بە حەزی ئەوانەوە بەستراوەتەوە کە چ زمانێک هەڵبژێرن. هەلومەرجی کوردێک لە سوێد وا پێویست دەکا خوێندنی خۆی بە زمانی سوێدی تەواو بکا لەگەڵ ئەوەیکە لە خولەکانی فێرکاری زمانی کوردی لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکییش بەهرەمەندە. بنەماڵەیەکی فارس لە دەرەوەی وڵات بە چ زمانێک رادەهێنرێ و منداڵەکانیان سەر بە کام گرووپی زمانین؟ ئێستا بنەماڵەیەکی کورد لە تاران لە وڵاتی خۆیەتی، حەتمەن دەبێ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە بیانییەکان، خاوەن مافی زیاتر بێ!

لە کۆتاییدا ئینساف وا دەخوازێ لە شوێنێک کە حەق بە ئاغای هوشمەندە پێویستە دانی پێدابنرێ. ناوبراو لەم وتووێژەدا گلەیی لە نەبوونی ئەتڵەسێکی زمانەوانی لە وڵاتدا دەکا: «دەبێ سەرەتا ئەتڵەسی زمانە ناوچەییەکان رێک بخرێ دواتر هەنگاوی دیکە هەڵبهێنرێتەوە. کەواتە لە هەنگاوی یەکەمدا ناساندنی زمانە ناوچەییەکان دەبێ لە دەستووری کار دابنرێ و ئەمە پێویستییەکی نەتەوەیی و فەرهەنگیی ئێرانی ئەمڕۆیە.» لەم بابەتەدا وێڕای هاوڕابوون لەگەڵ بۆچوونی ناوبراو پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەم کە گشتاندنی «زمانی ناوچەیی» وەک زمانی نەتەوەیەک بە ناواقعییو نابەجێ دەزانم. هەروەها وەها بەرنامەیەک دەبێ لەسەر بنەما ڕاستییە عەینی و هەستپێکراوەکان بێ‌و دەرەنجامەکانی لە ژێر کاریگەریی ڕوانگە سیاسییەکانی لەو شێوەیە نەبن.

لە ژمارە ٦٣٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٢١ی مەی ٢٠١٤

# شەڕی ئیسرائیلو حەماسو كاریگەرییەكانی لەسەر ناوچە

نزیكەی مانگێك بەسەر دەستپێكردنی قۆناغێكی دیكە لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا تێدەپەڕێ. كوژرانی ٣ لاوی جوولەكە لە سەرەتاكانی مانگی ژووئیەدا بە دەست لایەنگرانی حەماس، بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە رۆژی ٨ ژووئیەدا هێرشی هەوایی بكاتە سەر باریكەی غەززە كە بزووتنەوەی حەماس دەسەڵاتی ئەوێی بە دەستە. لە بەرامبەردا مووشەكبارانی خاكی ئیسرائیل لە لایەن حەماسەوە هێرشی زەمینیی ئیسرائیل بۆسەر غەززەی بەدواوە بوو. تا ئێستا نزیك بە ١٧٠٠ فەلەستینی لەم شەڕەدا گیانیان لە دەست داوە كە زۆربەیان خەڵكی مەدەنیو ژنو منداڵن و نزیكی ٦٥ كەس لە ئیسرائیلییەكان كوژراون كە زۆربەیان سەربازن. بێگومان زەرەرە ماددییەكانیش جارێ لە ئەژمار نایەن.

ئەوە كە تەلەفاتی فەلەستینییەكان چەندین بەرابەری ئیسرائیلییەكانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ: یەكەم، شەڕەكە لە باریكەی غەززەیەو لە نێو خاكی ئیسرائیلدا نیە. دووەم، زۆربەی مووشەكەكانی حەماس جگە لەوە كە زۆر پێشكەوتوو نین، ناگەنە ئامانجەكانیانو لە هەوادا لە لایەن ئیسرائیلەوە دەقێندرێنەوە. سێیەم، توانای تیكنۆلۆژیی نیزامیی ئیسرائیل زۆر لەسەرەوەیە، لە كاتێكدا كە ئیسرائیل پشت بە تیكنۆلۆژیی نیزامی دەبەستێ، حەماس لە پشت خەڵكی مەدەنی سەنگەر دەگرێو تاكتیكێكی گرتۆتە پێش كە لە لایەك شوێنی هێزە نیزامییەكانی نادیارنو لە لایەكیش هەروەك شەڕەكانی پێشتر بە داخەوە كارێكی وا دەكا ڕادەی تەلەفاتی ئینسانی زیاتر بێ بۆ ئەوەی كەڵك لە ئێحساساتی جیهانیان بە تایبەتی جیهانی ئیسلامیو عەرەبی وەر بگرێ لە دژی ئیسرائیل.

لەم شەڕەدا كێ دۆڕاوە؟

خەسارەتی فەلەستینییەكانی باریكەی غەززە هەر بە كوژرانی تا ئێستا نزیك بە ١٧٠٠ كەس و تێكرمانی ماڵ و حاڵی خەڵك نابڕێتەوە. ئەم شەڕە زەبرێكی زۆر قورسی لە رەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەكان دا كە هەر بۆخۆی ڕەوتێكی زۆر بە كاوەخۆو پڕ لە هەورازو نشێو بووە. ئاسەواری ئەو شەڕە (كە جارێ روونیش نیە كەی كۆتایی دێ) بۆ ماوەیەكی زۆر باڵ بەسەر پێوەندییەكانی ئەو دوو لایەنەدا دەكیشێ. ئەوەی لە چەند ساڵ لە ڕەوتی وتوێژ بەدی دێ لە كاتو ساتێكی كەمدا بە هۆی شەڕ لە دەست دەچێ. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕادیكالیزمی ئیسلامی لە دژكردوە بە هێرشە زیانبارەكانی ئیسرائیلو ڕقو تووڕەیی زیاتری ئەعرابی موسوڵمان لە ئیسرائیل. ئەمە دەبێتە هۆی بە هێز بوونی پێگەی حەماس. لە ئاكامدا ئەو بەشە لە فەلەستینییەكان بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردۆن كە ڕێكخراوی فەتح دەسەڵاتی بەدەستەو دەتوانێ لە ڕێگای وتوویژەوە لەگەڵ ئیسرائیل مافەكانی گەلی فەلەستین تەنانەت مافی جیابوونەوەو سەربەخۆییش وەدی بێنێ، لاواز دەبێو دەخرێتە پەراوێزەوە. كاریگەرییە ڕووحییەكانی ئەم شەڕە لەسەر ئەو نەسلەی بە چاوی خۆی دیمەنە دزێوەكانی شەڕی دیوە، هیچكات ناسڕێنەوە فەزای نیگەرانیو بێ متمانەیی بۆ هەمیشە بەسەر ئەو نەسلە دا زاڵە.

زەرەرو زیانەکانی لایەنی ئیسرایلی لەم شەڕەدا چن؟ ڕواڵەتی کێشەکە وا دەنوێنێ کە ئیسرایل تەلەفاتێکی کەمی هەیە، خاکەکەی پاراستوە و مووشەکەکانی حەماس پووچەڵ دەکاتەوە...هتد. بەڵام جگە لەوەی تەنانەت ئەگەر باریکەی غەززەش بگرێ و حەماسیش ڕاو نێ، دیسان سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. چونکە مەسەلەی فەلەستین بەمە کۆتایی نایە، دیسان هەر دەبێ لەگەڵ فەلەستینییەکان بە خاڵێکی هاوبەش بگا. لەم شەڕەدا ئیسرایل لەو ڕێژە فەلەفاتە ئینسانییەی کە بەری کەوتووە، لە ڕووی ئابوورییەوە خەرجێکی زۆری بە ملدا هاتوە. ئەو وڵاتە کە لە حاڵی شەڕ دایە ناچارە تواناو وزەی خۆی لە جیاتی پێشکەوتنو گەشەکردن، سەرفی شەڕ بکاو لە حاڵێکدا کە پێویستیی بە ئاسایش هەیە لە کاتی شەڕ دا ئەو ئاسایشەی نامێنێ. جگە لەوەش ئیسرایل کە پێویستیی بە ئەهوەنکردنەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەروبەری خۆی بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی هەیە، ئەم شەڕە سێبەری دەخاتە سەر ئەو پێوندیانە. جگە لەمانەش چۆن ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکان هەلومەرجی شەڕ بە قازانجی خۆیان دەقۆزنەوە، ڕەوتە ڕادیکاڵە ئاینییەکانی جوولەکەش لە ئیسرایلو تەنانەت لە سەرانسەری جیهان ئەو هەلومەرجە دەقۆزنەوە. لە ڕابردووشدا دیتمان کە ئیخوانییەکان لە ساڵی ١٩٨١دا ئەنوەر سادات سەرکۆماری میسریان سەبارەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسرایل تێرۆر کردو لە ساڵی ١٩٩٤یشدا ڕەوتی توندڕەوی جوولەکە ئیسحاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسراییلیان سەبارەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ فەتحدا تێرۆر کرد.

زیانەکانی ئەم شەڕە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەگرێتەوە. ڕەوتی ئاساییکردنی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە لەسەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسراییلەوە لە ١٩٤٨دا تا دەیەی ١٩٧٠چەندین شەڕی قورس لە نێوانادا ڕووی دا بە هۆی ئەم شەڕەوە تووشی پاشەکشە دەبێ. لە ئاکامدا ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی ئەمن و جێگای متمانە نابێ. هێندێک کێشەی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە گرنگتێنیان کێشەی کوردە، تا شەڕی ئیسراسیلو فەلەستینییەکان لە گۆڕێدا بێ، وەک سەرەکیترینو فەوریترین کێشە خۆی نانوێنێو سەرنجی بیرورای گشتیی وڵاتانی بە هێز زیاتر لەسەر ئەو شەڕە کۆ دەبێتەوە.

### کێ سوود لەم شەڕە دەبینێ؟

ئەوانەی ئیسرایل بە دوژمنی لە ئاشتینەهاتوو دەزاننو پێیان وایە دەبێ ئیسرایل لەنێو بچێ. ئەمانە لە دوو ڕەوتی سەرەکیدا خۆیان دەبیننەوە. یەکەم، ئەو ڕادیکاڵە ئیسلامییەی کە ئێران ڕێبەرایەتیی دەکاو لە ڕاستیدا بە کردەوە لایەنێکی ئەم شەڕەیە. دووەم، ئەو ڕەوتە ڕادیکاڵە ئیسلامییەی کە ڕیکخراوە ئیسلامییە سوننییەکان لە عێراق، سووریە، ئەفغانستان، پاکستان و چەند وڵاتی ئەفریقاییدا چالاکن. ڕەوتی دووەم بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیای بە کردەوە لەم شەڕەدا بەشدار نیە، بەڵام لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە ئیسرایل بە دوژمنی خۆی دەزانێ و هەر شەڕێک لە دژی ئەو وڵاتە بکرێ لە قازانجی ئەو دایە. بەڵام ڕەوتی یەکەم واتە ئێران و دەست پێوەندەکانی لە فەلەستینو لوبنان بە کردەوە لەگەڵ ئیسرایل دەرگیرەو بەرژەوەندیی لەم شەڕەدا هەیە. لە خۆڕا نیە خامنەیی دوا لە فەلەستینییەکانی خەڵکی ڕۆژئاوای رووباری ئۆردۆنیش دەکا کە چەک هەڵگرن لە دژی ئیسرایل ڕاپەڕن. بەرژەوەندییەکانی ئێران لە دژایەتی لەگەڵ ئیسراییلدا زیاتر پێوندیان بە کێشە نێوخۆییەکانەوە هەیە. بەڵام لە ناوچەشدا ئەم شەڕە جێگەو پێگەی لایەنگرەکانی لە فەلەستینو لوبنان بەهێز دەکا. چونکە بەهێزبوونی ئەو لایەنانە تەنیا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوژمانیەتی لە گەڵ

ئیسرایلو راکێشانی ئەو نەسلە گەنجەی کە ڕق و کینێکی زۆریان لە ئیسراییل هەیە، تا ئەو ڕق و کینە زیاتر بێ، سەربازەکانی ئەوانیش زیاتر دەبن.

بەڵام قازانجە نێوخۆییەکانی ئیران کامانەن؟ دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسراییل وەک پرەنسیپێکی ئیدئۆلۆژی بۆ کۆماری ئیسلامی سەیری دەکرێ. کە وابوو هەر شەڕێک لە دژی ئیسراییل لە ڕاستای ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی دایە. پاشان، کیشەی ئیسراییل بۆ کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەک بیانوویەک بۆ سەرکوتو پاکانە حیسابە نێوخۆییەکان کەڵکی لێوەرگیراوە. دوژمنێکی دەرەکیی وەک ئیسراییل بۆ کۆماری ئیسلامی وەک نێعمەتێکی گەورە وایە، هەر کەس لە نێوخۆ دەنگی لێهات بەرچەسپی نۆکەرایەتیی ئیسراییلی بە نێوچاوانەوە دەدرێو لە گەروودا بێدەنگی دەکرێ. هەروەها یەکێک لە تاکتیکە هەرە باوەکانی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان لە بۆنە جوراوجوەرکان دایەو مانۆڕدان بە حەشیمەتە. کێشەی ئیسراییلو فەلەستین لەم بارەیەوە سوودێکی زۆری بۆ ئەم تاکتیکە هەبووەو دیاریکردنی دوایین هەینیی هەموو مانگێکی ڕەمەزان وەک «ڕۆژی جیهانیی قودس» ڕاست بۆ ئەم مەبەستەیە، ئەگینا هیچ چەشنە یارمەتییەکی بە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینییەکان نەکردوە. لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر کات ئێران سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ سەرکۆنە کرا، خوێن و وێرانییەکانی فەلەستین پێشانی بیروڕای جیهانی دەدا، چونکە خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلام دەزانێ. جگە لەمانەش ئێران بە بیانووی یارمەتیدان بە لایەنگرەکانی نفووزو دەسەڵاتی خۆی گەیاندۆتە سنوورەکانی ئیسراییلو ئەو کێشەیە وا دەکا ئێران حوزوری لەم ناوچانەدا هەبێو پێگەی لە ناوچەدا بەهێز بێ. ئێران لە ڕقەبەرایەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا لەسەر دەسەڵاتو بەرژەوەندی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەڵکی زۆر لە شەڕی ئیسراییل و فەلەستینییەکان وەردەگرێ. بۆ نموونە گرووپێکی وەک حەماس زیاتر خۆی بە قەرزداری ئێران دەزانێو ڕادەی بەسراوەییەکەی بە ئێران زیاتر دەبێ تا وڵاتانی دیکەی عەرەبی.

**لە ئاکامدا**

ئاکامی ئەم شەڕە ئەوەیە کە؛ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ شوێنەوارێکی خراپ لەسەر ڕووحیەی خەڵک و لایەنی ئابووری هەردوولا بە تایبەتی فەلەستینییەکان دادەنێ. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕادیکالیزمی مەزهەبی لە هەردوو لای ئیسلامیو جوولەکە بەتایبەتی بەهێزبوونی زیاتری ڕادیکالیزمی ئیسلامیو دوورەدیمەنێکی لێڵو تاریک دەخاتە بەر دەمی ڕەوتی ئاشتیو ئەمنییەت لە ناوچەدا. لایەنی سەرەکیی سوودمەند لەم شەڕەدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە هەم نفووزو ئیعتیباری زیاتر لە نێو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی فەلەستین و لوبناندا پەیدا دەکا و هەم لە نێوخۆدا بۆ تەسبیتو مەشرووعییەتدان بە خۆی کەڵی لێوەردەگرێ.

لە ژمارە ٦٣٧ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی : ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# بەر پرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا (بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی تێرری د. شەرەفکەندی)

٢٢ ساڵ لەوە پێش لە رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووریی دێهکوردی دۆستی حیزبی دێموکرات لە بێرلین لە رێستوورانێکدا بە ناوی میکۆنووس بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

هەرچەند تێرۆریزم دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵام لەوکاتەوە کە رادیکالیزمی ئیسلامی لە شکلی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارەوە. دوو خوێندنەوەی توندڕەوانە لە ئیسلام، دوو جۆر تێرۆریزمی مەزهەبیی لێ کەوتۆتەوە کە هەر چەند تا رادەیەک لە شێوە و تاکتیکدا وەک یەکن بەڵام لە رووی مەزهەبییەوە جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکن. یەکەمیان خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی شیعە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆنەوە بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکا، دووەم، خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی سوننی کە تالیبان لە ئەفغانستان بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکرد و پاشان ئەلقاعیدە بە خوڵقاندنی رووداوی ١١ی سێپتامبر لە نیۆیۆرک گەیاندییە لووتکە و ئێستاش داعش باڵی بەسەر هەموو گرووپە تێرۆریستەکانی دیکەی ئەم رەوتەدا کێشاوە.

رەوتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی پێش روتی گرووپە تێرۆریستەکانی وەک تالیبان، ئەلقاعیدە، ئەلشەباب و بووکولحەرام لە ئەفریقا و داعش لە سووریە و عێراق دەستی پێ کرد. ئەوکات لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠دا پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە کردەوەی خۆکوژی ناوەندو پێگەکانی ئەمریکایان لە ناوچەدا بە تایبەتی لە لوبنان دەتەقاندەوە، زۆر کەس وەک ئەو رووداوانەی سەیر دەکرد لە سەربازانی ژاپۆنی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لە دژی کەشتییەکانی ئەمریکا ئەنجامیان دەدا. ئەو کات کە ئازادیخوازانی ئێرانی بە تایبەتی کوردەکان لە ئێران و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی دەبوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، تێرۆریزم لە پێچ و پەنای پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابوورییەکاندا پەردەی بێدەنگیی بەسەر دادەکشا. ساڵی ١٩٨٩ لە قەلبی ئورووپا و لەبەر چاوی بیروڕای گشتی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو تێرۆرکرا و تێرۆریستەکان بە دەستی خوێناوییەوە بەڕێ کرانەوە بۆ تاران. دەیان تێرۆری دیکەی لەم چەشنە لە ئورووپا بە هۆی سات و سەودای ئابووری لەگەڵ ئێران بەردیان لەسەر دانراو بە بێدەنگی سپێردران. هەتا ئەو وەختەی تێرۆریزمی هەڵقوڵاو لە رادیکالیزمی ئیسلامی داوێنی وڵاتانی ئورووپایی، بە تایبەتی ئەمریکای نەگرتەوە، رۆژئاوا وەخەبەر نەهات. سەرەنجام ئەوان بۆیان دەرکەوت سوودە ئابوورییەکانی سات و سەودا لەگەڵ تێرۆریستان زۆر لە مەترسییەکانی کەمترە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کە لە چاو ترۆریزمی ئەلقاعیدەو داعیش تێکەڵ بە فرت و فێڵ و نهێنی کاری بووە، لە ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا پەردەی لەسەر داماڵراو ڕووی ئاشکرای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەر کەوت. دادگای ئەڵمان ٣ ساڵ دوای تێرۆری میکۆنووس بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی دەستووری تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان داوە. بۆ یەکەم جار وڵاتانی ئورووپا هەڵوێستیان لە دژی ئێران گرت و سەفیرەکانی خۆیان لە تارانەوە بانگ کردەوە. ئەوە زەبرێکی قورسی لە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دا. هەرچەندە وڵاتانی ئورووپایی پاشان پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران دەست پێ کردەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە دەری خست ئەگەر دنیای متمدن و پێشکەوتوو لە دژی تێرۆریزم هاودەنگ بێ دەتوانێ پاشەکشەی پێ بکا.

لە کاتێکدا یادی ٢٢ ساڵەی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە وڵاتانی جیهان مەترسییەکانی تێرۆریزمی دەوڵەت و ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکانیان بۆ دەرکەوتوە خۆیان لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی جیهان دا بە بەرپەرس دەزانن، بۆیە ٤٠ وڵات بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس ئیئتیلافێکیان لە دژی داعش پێک هێناوە. ئێران ڕێگەی پێ نەدرا لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بێ. بیانووە رواڵەتییەکەی هەرچییەک بێ، ئەم ڕێگە پێنەدانەی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی تێرۆریسییەکەی. دەبێ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بە تەجروبە بۆیان دەرکەوتبێ کە تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ کات مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێران نەبووە و زۆر جار هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دیکەش. هەروەها داعیش هیچ کات مەسەلەیەکی سووری یان عێراقی نیە بە تەنیا، بەڵکوو دەتوانێ ئاسایشی هەموو وڵاتانی جیهان بشێوێنێ. ئەگەر وڵاتانی جیهان لە بەرامبەر تێرۆریزمدا هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن، تێرۆریزم هیچ سنوورێک ناناسێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

ڕێکەوتی : ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٤

# مەترسیی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

«دەوڵەتی ئیسلامی» کە بە داعش ناوی ڕۆیشتوە، نیگەرانییەکی زۆری بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە گشتی و ناوچە بە تایبەتی پێک هێناوە. ئەم گرووپە کە بە ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵات و باشووری سووریەی داگیر کردوە لە هەردوو وڵاتدا بەرەیەکی نزیک بە ٢٠٠٠ ک.م ی لە دژی کورد کردۆتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ بزانین ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستا لە بەرامبەر ئەم گرووپەدا هەڵوێستی چ بووە؟ ئەم گرووپە دەتوانێ هەڕەشە بێ بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ ئەو مەترسیانە چەندە جیددین؟

### هەڵوێستی ڕێژیمی ئێران لە بەرامبەر داعشدا

هەرچەند یەکێک لە سیاسەتەکانی گرووپی داعش دژایەتی لەگەڵ مەزهەبی شیعەیە، بەڵام هەتا ئێستا کردەوەیەکی تێرۆریستیی لە دژی شیعە یان ڕێژیمی ئێران ئەنجام نەداوە. جگە لە دەرکردنی سوپای عێراق لە ناوچەی سوننی نشینی عەرەب، شەڕی تەنیا لە دژی کورد لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بووە. هەر چەند ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئێران لێی نیگەران نەبێ، هەڵوێسی ڕێژیمی ئێران لە چەند بواردا خۆی دەنوێنێ: ئێران بە ڕەسمی دژایەتیی خۆی لەبەرامبەر داعشدا ڕاگەیاندوە و تەنانەت ڕایگەیاندوە کە بە هەر نرخێک بووە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق لە مەترسییەکانی داعش دەپارێزێ. هەروەها، هەر کات و لە هەرجێگایەک ئەمریکا دەستی بۆ هێرشێکی نیزامی بردبێ، تەنانەت بۆ سەر ڕێژیمی سەددامیش کە دوژمنی لەمێژینەی بوو، دژایەتیی خۆی ڕاگەاندوە و مەحکوومی کردوە، بەڵام دژی ئەو هێرشانە نیە کە ئێستا ئەمریکا بۆسەر پێگەکانی داعش ئەنجامیان دەدا. تەنانەت وەک دەگوترێ ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە دژی ئەم گرووپەشە. جگە لەمانەش قەت نەبووە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتیو سووکایەتییانەی هێندێک کەس بە تایبەتی چەند کاناڵێکی تەڤزیۆنی بە خێزانی پێغەمبەری ئیسلام و خولەفای ڕاشیدین دەکرێ وەدەنگ هاتبێ، بەڵام لەو ماوەیەدا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەم کارەی بە حەرام و ناڕەوا زانی، چونکە لە نفووزی داعش لە نێو سوننییەکانی ئێران نیگەرانە.

### ئایا داعش مەترسییە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە، سنە و چەند ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسانێک بە شەقامەکانی شار بە ئاڵا و دروشمی داعشەوە مانۆڕیان داوە. ئەمە لایەنی ئاشکراو و بەرچاوی حوزووری

داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕێکخراوە نهێنی و شاراوەکەی جارێ بۆ کەس ڕوون نیە. ئەم ڕووداونە بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین کە لە خوارەوە باسی هۆیەکانی دەکەین:

لەمێژە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئاڵتێرناتیڤسازی بۆ بزووتنەوەی دێموکراتی و میللیی کورد بە یارمەتیدانی تاقم و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان یان بە چاوپۆشی لە چالاکییەکانیان هەوڵ دەدا لە ڕادەی نفووزی هێزە ڕەسەنە کوردییەکان کەم بکاتەوە. بۆیە لە ١٥ ـ ٢٠ ساڵی ڕابردوو چەند گرووپ و تاقمی توندڕەوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بوون. ئەمانە کە بە ڕواڵەت نەیاری کۆماری ئیسلامین لاوانی ناڕازی لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. بۆ کۆماری ئیسلامییش وا باشترە ئەو گەنجانە بەرەو ئەوان بکشێن  تا بەرەو هێزە سیاسییە دیموکراتو پێشکەوتن خوازەکان. ئەو کەسانەی لەو گرووپە توندڕەوانەدا چالاکن، زەمینەی ڕاکێشرانیان بۆ نێو داعش زۆر تێدا بەهێزە.

سیاسەتی هەڵاواردنو فەرق و جیاوازی لە دژی ناوچە کورد نشینەکان، بە کردەوە کوردستانی کردوە بە یەکێک لە ناوچە هەژارەکانی ئێران، ئەم سیاسەتە ناوچەکانی بەلووچستانیشی کە سوننی نشینن تووشی ئەم دۆخە کردوە. بۆیە هەژاری لەو ناوچانەدا لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر زیاترە. بە پێی ئامارەکان دەرسەدی خەڵکی ژێرەوەی هێڵی هەژاری لە سەرانسەری ئێراندا لە سەرێیە، ڕێژەی هەژاری لە کوردستان لە چاو ئێران لەسەرتریشە. ئەزموونی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە وڵاتانی دەروبەر و ئێران ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلامی توندڕەوی سیاسی لەو ناوچە هەژارنشینانە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوەو تووڕەیی و ناڕەزایەتیی ئەوان بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە. داعشیش وەک هەر گرووپێکی توندڕەوی دیکەی ئیسلامی کەڵک لەو دۆخە وەردەگرێ.

سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وای کردوە کە هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان دەرفەت و مەجالی ڕاکێشان و ڕێکخستنیان لە نێو خەڵکدا کەم بێتەوە و ئەو مەجال و دەرفەتە بۆ توندڕەوانی وەک داعش برەخسێو ئەوان کەڵکی لێوەرگرن. هەر لە جێدا سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە یەک سەدەی رابردوودا لە ئاکامی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر وڵاتانی ناوچەدا بوو کە هەر چەشنە حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە و دیموکراتیکیان بە توندی سەرکوت دەکرد. ئەمەش دەرفەتی بۆ فکری توندڕەوانەی مەزهەبی پێک هێناو لە خەلەئی دیموکراسیدا بواری بۆ ئەوە ڕەخساند ناڕەزایەتییەکان لە شکڵی مەزهەبدا خۆیان بنوێنن. کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ئاکامی سەرکوتی ئەحزابی دیموکراتو مۆدێرن لە سەردەمی ڕەزا شاو حەمەڕەزاشا لە ماوەی نزیک بە ٥٠ ساڵدا بوو. لە ئاکامی سەرکوتی ئەمانەدا بوو دەرفەت بۆ بناژۆیی ئیسلامی پێک هات و خومەینی و هاوفکرەکانی کەڵکیان لە ناڕەزایەتیی خەڵک لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەرگرت.

نەبوونی ئازادیی بیرورا زەمینەی بۆ توندڕەویی مەزهەبی خۆش کردوە. دژکردەوەی خەڵکی ناڕازیو جیابیر لە بەرامبەر پاوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێراندا لە کاتێکدا کە فکری جیاجیا، بەرنامەی سیاسیی جۆراوجۆر، ئیدئۆلۆژیی جۆراوجۆر لە گۆڕێدا نیە، ئەوە دەبێ کە خەڵکی نارازی بکەونە نوختەی بەرامبەری کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی هەڵگری فکری توندڕەوانەی مەزهەبی لەسەر بنەمانی مەزهەبی شیعە، نوختەی بەرامبەری لە گرووپی توندڕەوی مەزهەبی لەسەر بنەمای مەزهەبی سوننیدا خۆی دەنوێنێ، ڕاست ئەوەی کە داعیش ئەمرۆ ئاڵا هەڵگریەتی.

**کاریگەرییەکانی لەسەر دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

ئەو زەمینەیەی بۆ چالاکیی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش بووە، هەر ئەوەش بۆخۆی زەمینەی بۆ لایەنگری لە داعش خۆش کردوە. ئەگەر داعش لە عێراق و سووریە لە نێو نەچێ یان، کۆنترۆڵ نەکرێ، لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، لەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە خاوەن پێگەو لە ئاکامدا کێشەی مەزهەبی و تەنانەت تێکهەڵچوونی مەزهەبییش ڕوو بدا. ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی وێرانیو دواکەوتووی زیاتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ئەگەرێکی وادا زیانێکی زۆر بە یەکپارچەی نەتەوەیی کورد دەگا؛ چونکە بەشێک لە کورد بە تایبەتی لە ناوچەی ئیلام و کرماشان لەسەر مەزهەبی شیعەن. لە کاتی قووڵبوونەوەی کێشەی مەزهەبیدا بیری توندڕەوانە بە دوای خاڵی هاوبەشدا ــ کە باری نەتەوەیی هەیە ـ ناگەڕێ بەڵکوو پێ لەسەر جیاوازییەکان دادەگرێ.

هەروەها لە ئەگەرێکی وادا مەترسیی ئەوە هەیە بۆ ماوەیەک کێشەی سەرەکیی نەتەوەی کورد بکەوێتە ژێر کاریگەریی کێشە مەزهەبییەکانەوەو زیان بە ڕەوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللی دیموکراتیکی کورد بگەیەنێ. کێشەی سەرەکی کورد لە ئێراندا کێشەی نەتەوایەتییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەزهەب قەدەغە نیە، باس لە مافی نەتەوەییو دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد و ئازادیو دێموکراسی قەدەغەن.

**ڕێگا چارە**

لە کاتێکدا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی دەسەڵات و مافی خۆی نیە، پێگەو جێگەیەکی زۆر لاوازی هەیە. ئەگەر داعش لە ناوچەدا زەبری کاریگەری لێنەدرێ ئەو مەترسیانەی لەسەرەوە باسمان کردن، زۆر جیددین. بەو حاڵەش پێویستە ڕاگەیاندنی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خستنەڕووی مەترسییەکانی داعشو ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بارەی گەورەیی بەڵایەک بە ناوی داعشەوە چالاک بن. پێویستە ناوەندە ئایینییەکان، مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی و نیشتمانپەروەر خەڵک، بە تایبەتی لاوەکان لەوە ڕوون بکەنەوە کە داعش جگە لە زیانگەیاندن بە ئایین، ناتوانێ خزمەتێک بە ئایین بکا.

لە ژمارە ٦٣٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی : ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# زیادکردنی ماوەی خزمەتی سەربازی لە پێناوی چی دا؟

کۆماری ئیسلامی قانوونێکی نوێی بۆ خزمەتی سەربازی دارشتوە کە بریارە لە ساڵی داهاتووی هەتاویدا بەرێوەی بەرێ. بە پێی قانوونی تازە ماوەی خزمەتی سەربازی لە ٢١ مانگەوە دەبێتە ٢٤ مانگ. ٢ ساڵ لەوە پێشیش ٣ مانگ بە ماوەی خزمەتی سەربازییەوە زیاد کرا، واتە لە ١٨ مانگەوە بوو بە ٢١ مانگ.

بە پێی قانوونی نوێ ئەو کەسانەی لە ناوچەی عەمەلیاتی ئەمنییەتی دا سەربازی دەکەن، ٣ لە وماوەی سەبازیان کەم دەبێتەوە. ئەو کەسانەش کە لە ناوچەی ئاووهەوای ناخۆشدا سەربازی دەکەن ٢ مانگ لە ماوەی سەربازییەکەیان کەم دەبێتەوە. جگەلەمانەش ئەوانەی ژن و منداڵیان هەیە ٣ مانگیان بۆ دادەشکێنن و لە بەرامبەر هەر منداڵێکدا ٣ مانگ کەمتر سەربازی دەکەن. پێویستە بگوترێ سەربازی لە ئێراندا ئیجبارییە و لە تەمەنی ١٨ ساڵیەوە دەست پێ دەکا. بە گوێرەی ئەو قانوونە کە بۆ ژن و منداڵدار ماوەی سەربازی کەم دەبێتەوە لاوەکان هان دەدرێن کە هەم زووتر ژن بێنن و هەم لە تەمەنی کەمدا خاوەنی منداڵ بن. دروشمی "ژیانێکی باشتر بە منداڵی کەمترەوە" کە لە پاش سەرِی ئێران ـ عێراق باو بوو، جێگای خوی داوە بە دروشمی " منداڵی زیاتر بە ماوەی سەربازیی کەمترەوە".

ساڵێک لەوە پێش خامنەی رێبەری کۆماری ئیسلامی بریاری دا هەموو رێگەیەک خۆش بکەن بۆ ئەوەی حەشیمەتی ئێران زیاد بکا و رای گەیاند کە ئێران پێویستە لە چەند ساڵی داهاتوودا حەشیمەتەکی بگاتە ١٥٠ میلۆن کەس. وا دیارە راستییە حاشا هەڵنەگرەکانی ئێران لەوە بەهێزترن کە فتوا و بریاری خامنەیی لە لایەن خەڵکەوە پێرەویی لێ بکرێ. تەحریمی ئێران لە ئاکامی سیاسەتی هەرِەشە و تێرۆری کۆماری ئیسلامیدا، ئاوسانی ئابووری و رکوود، نەبوونی توانای وەرگرتنی هێزی کار و چوونەسەری رادەی بێکاری و بڵاوبوونەوەی دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە نێو توێژی لاو دا ئەو راستیانەن کە رێژەی حەشیمەتیی ئێران کۆنترۆڵ دەکەن نەک بریاری خامنەیی. کاتێک بە هۆی باری خراپی ئابووری لاوەکان ناتوانن ژیانی هاوبەش پێک بێنن، کاتێک بەخێوکردن و پەروەردە کردنی منداڵ ئەوندە قورس و گرانە، کاتێک پێ دەگەن بە بێکاری دەمێننەوە دایک و باوک پێیان خۆش نیە منداڵی زۆرین ببێ.

دەسکاری لە قانوونی خزمەتی سەربازیدا و بردنەسەری ماوەی سەربازی بەر لەوەی لە پێناو بەهێزکردنی ئەرتەشی ئێراندا بێ، میکانیزمێکە بۆ بردنە سەری رێژەی حەشیمەت بۆ ئەوەی بریاری خامنەی سەر بگرێ. چونکە لە ئاکامدا ئەو زیادبوونەی ماوەی خزمەت ئەو کەسانە دەگرێتەوە خاوەنی ژن و منداڵ نین و ئەو کەسانەی خاوەنی ژن و منداڵن بە پێی قانوونی نوێ ماوەکەیان بۆ دادەشکێ.

مەبەست لەو قانوونە چ بەهێزکردنی ئەرتەش بێ، چ بردنە سەری رێژەی حەشیمەت بێ نەک هەر ئاکامی دڵخوازی بۆ حکوومەت نابێ، رەنگە ئاکامی پێچەوانەشی هەبێ.

جارێ با ئەوە بڵێین کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەو نیە ئەرتەش بەهێز بێ لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری سەرمایەی نیزامیی لەسەر سوپای پاسداران داناوە. پاشان کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی خۆی و بۆ دەخالەت لە وڵاتانی دیکە کەڵک لە سوپای پاسداران وەردەگرێ نەک ئەرتەش. جگە لەمانەش تەنانەت ئەگەر ئەرتەش بەهێزیش بێ،لە نێوخۆی وڵاتدا زەبرەزەنگیشی هەبووبێ، مێژووی هاوچەرخی ئێران لە سەدەی ١٩ەوە لە شەڕەکانی ئێران ـ رووسیەوە بگرە تا شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق تەنیا شکست بووە، هیچ کات ئەرتەشی ئێران لە شەڕ لەگەڵ بێگانە دا کۆتایی بە شەڕەکە نەهێناوە. خەونی خامنەییش بۆ بەهێزکردنی نیزامی حکوومەتی لە رێگای زیادکردنی حەشیمەتەوە تەجروبە کردنەوەی شکسهتەکانی رابردوو دەبێ.

لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە؛ لە ١٠ ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا هەر ئەم سیاسەتە پێڕەو کرا کە رێژەی حەشیمەتی ئێران زیاد بکا. لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا کە هەلومەرجەکە لەگەڵ ئەمڕۆ جیاواز بوو، حەشیمەت بە خێرایی زیادی کرد. بەو هیوایەی نەسلی نوێ پێ دەگاو ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرەکانی شەڕ دا بەدی دێنێ، بەڵام ئێران لە بەرامبەر عێراقدا شکستی خوارد. ئەو رێژە حەشیمەتەی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی لەدایکبوونی بوو، کاتێک پێگەیشت، شەڕ نەمابوو، خوازیاری کار بوو، بەڵام ئەوان بۆ کار و ژیان نەهاتبوونە سەر دنیا، بۆیە لە جیاتی ببنە سەرباز بۆ رێژیم بوونە هۆی سەرئێشە، بەشی زۆری، یان بوو بە موخالیفی رێژیم یان دەستەو یەخەی مادەسڕکەرەکان و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بوو یان رێگای چوونەدەر لە وڵاتاین هەڵبژارد. وای لێهات دەمڕاستەکانی رێژیم بڵێن :"ژیانێکی باشتر بە منداڵی کەمترەوە"؛ئەو دروشمەی کە پێشتر بە دروشمی رۆژاواییان لەقەڵەم دەدا.

داخوا ئێستاش کە هەموو رێگایەکیان بە بردنەسەری رێژەی حەشیمەت یەک لەوان دەسکاریی قانووی خزمەتی سەربازی گرتۆتە بەر، ئایا دووپاتەکردنەوەی ئەزموونە شکستخوردوویەکانی رابردوو نیە؟

رێکەوتی : ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی رۆژهەڵاتی کوردستان

رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای بوونی چەند حیزبی بە رابردوو و بە ئەزموون، رابردوویەکی پڕ لە رووداو جوغرافیایەکی بەرین و نزیک بە ١٠ میلیۆن حەشیمەتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە سەرەتاییترین مافە ئینسانی و نەتەوییەکانی بێبەشە، بێدەنگییەکی نیسبیی بەسەردا زاڵە. لە سەردەمێکدا بۆ یەکەمجار حیزب بە شێوەی مۆدێرنی سیاسی کە لە نێو کورددا دامەزرابێ، یەکەم حکوومەتی کۆماری، کابینەی وەزیران، هێزی پێشمەرگە، رێکخراوە سینفییەکان و لە نێو کورددا دامەزرابن، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. یەکەمجار لە مێژووی نوێی کورددا لە کوردستانی ئێران بوو کە کوردی هەر چوار پارچە لە ژێر یەک ئاڵادا کۆبوونەوە و لە دەسەڵاتی کوردیدا بەشدار بوون. لە سەرانسەری دەیەی ٨٠ی زایینیدا کوردستانی ئێران چەقی رووداوەکانی کوردستان بوو بە گشتی. بۆچی لەم قۆناغەی ئێستادا کوردستانی ئێران لەبیر کراوە و ئەو هۆکارانەی بوون بە هۆی لەبیرچوونەوەی ئەم بەشە لە کوردستان کامانەنە؟

هێندێک کەس پێیان وایە شەهیدبوونی دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات (وەک دیارترین و گەورەترین هێزی سیاسیی کورد لەم بەشە) بزووتنەوەی کوردی تووشی پاشەکشە کردوە. ئەوە راستە کە ئەم رووداوانە زەبرێکی قورس بوون لەو بزووتنەوەیە دران بە تایبەتی لە حیزبی دێموکرات، بەڵام لەبەر دوو هۆ ئەم بۆچوونە راست نیە؛ یەکەم: بزووتنەوەی کورد نابێ هەر بریتی بێ لە حیزبی دیموکرات و تەنانەت تێکڕای حیزبەکانیش. ئەو بزووتنەوەیە پێویستە لە شکڵ و شێوەی مەدەنی و تەنانەت لە دەرفەتی زۆر بچووک و بەرتەسکیشدا بە شێوەی قانوونی هەبێ (هەروەک فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران لە دەورەی شەشەمدا هەبوو). بزووتنەوەی کورد واتایەکی بەرینتر لە ئەحزابی سیاسی و چەکداری هەیە. دووەم: ئەوەی پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتەوە هەیە، سەرەڕای شەهیدبوونی ٣ رێبەر و نزیکەی ٣٠ کەس لە ئەندامانی رێبەری، واتە زیاتر لە ئەندامانی زیندووی، ئەم حیزبە هەروا لە مەیدان دایە. هیچ کات بوونی ئەم حیزبە نەبەسراوەتەوە بە بوونی رێبەرەکەیەوە کە هەر کات رێبەرەکەی لەنێو چوو حیزبەکەش لە نێو بچێ، تەنانەت نەبەسراوەتەوە بە بیروبۆچوونی رێبەرکەشیەوە ( وەک تاک) کە هەرچۆنێک ئەو بیەوێ ئاوا بڕواتە پێش و هەر کاتیش نەما، حیزبەکەی رابوەستێ. بۆ نموونە، تێرۆر کرانی د. قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی تووشی شۆکێکی زۆر گەورە کرد، سەرەڕای ئەوەی شەڕی ئێران ـ عێراقیش نەمابوو و فشار بۆ سەر کوردستان زیاتریش ببوو، هەتا ساڵی ١٩٩٥ هێزە ئاشکراکانی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوزووریان هەبوو. ئەم حیزبە لەسەر بنەمای بەرنامە و سیستمێکی دیموکراتیکی حیزبی دامەزراوە و خاوەنی تەشکیلاتی سیاسسییە کە هەر کات رێبەرەکەی نەما، سیستمەکە هەر لەجێی خۆیەتی،

تەنانەت لەم حیزبە دا سکرتێری گشتی گۆڕاوە و کەسێکی دیکە سیستمەکەی ئیدارە کردوە و جگە لە کاریگەریی موسبەت، هیچ کاریگەرییەکی منەفیی لەسەر ئەم حیزبە نەبووە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ هۆیەکانی پەراوێزکەوتنی کوردستانی ئێران لە چەند خاڵدا باس بکرێ:

١. بە هێزبوونی پێگەی ئێران لە ناوچەدا

پاش شەڕی ئێران ـ عێراق کۆماری ئیسلامی ئەو وزەو توانایەی کە پێشتر لە شەڕدا بەکاری دەبرد، داوی شەڕ لە بەهێزکردنی پێگەکانی خۆی و لە نێوبردنی دژبەرەکانیدا بەکاری برد. لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٨٠)دا کۆماری ئیسلامی بەر لەوەی تووشی شەڕ لەگەڵ عێراق بێ و بەر لەوەی هێرش بکاتە سەر هێزەکانی دیکەی وەک موجاهیدینی خەڵق و حیزبی توودە و لایەنەکانی دیکە، هێرشی کردە سەر کوردستان. دوای تەواوبوونی شەڕی لەگەڵ عێراقیش بۆ سەرکوت کوردستان لە ریزی یەکەمدا بوو.

بۆچوونێکی هەڵە هەیە کە پێی وایە هەتا دیکتاتۆری زیاتر بێ، هەتا زەبرو زەنگ زیاتر بێ ئیمکانی شۆرش و راپەڕین زیاترە. مێژووی کورد و وڵاتانی دیکە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن؛ لە مێژووی کورددا هەر کات حکوومەتی دیکتاتۆری ناوەندی تووشی لاوازی بووە ئازادییە سیاسییەکان بووژاونەتەوە و بزووتنەوەی کورد بە هێز بووە. کۆماری کوردستان لەئاکامی لاوازبوونی حکوومەتی دیکتاتۆری ناوەندی دابوو، ئەزموونی سەردەمی حکوومەتی میللی د.محەممەدی موسەدیق (١٣٣٠ ـ ١٣٣٢) و هەلومەرجی پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا (١٣٥٧ ـ ١٩٧٩) نموونەیەکی باشن. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش نموونەی وا زۆرن. پێچەوانەکەشی دروستە. هەر کات دیکتاتۆری ناوەندی بەهێز بووە، بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە پاشەکشە دابووە کاریگەریی زۆر منفیی لەسەر کوردستان داناوە. لە باکووری کوردستان بەهێزبوونی رێژیمی ئەتاتورک و دیکتاتۆریی رێژیمی ناوەندی برستی لە بزووتنەوەی کورد بڕی، لە ساڵی ١٩٣٨ەوە تا ساڵی ١٩٨٥ ئەو بزووتنەوەیە نووزەی نەهات. لە عێراقیش بەر لە هێرش بۆ سەر کوەیت، بزووتنەوەی کورد بەرەو زستانی تەمەنی خۆی دەڕۆیشت.

هەلومەرجی دوای شەڕی ئێران ـ عێراق هەر چەند هیچ کات نەیتوانی بزووتنەوەی کورد بە تەواوی بێدەنگ بکا، بەڵام حاشا هەنەگرە تووشی پاشەکشەی کردوە. پاش شەڕی ئێران ـ عێراق کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئاوەدانکردنەوەی وڵات، خزمەت بە گەشەکردنی پیشەسازی و دامەزراوە ئابوورییەکان و بەهێزکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی زۆری توانای خۆی لە کڕینی چەک و چالاکییە ناوکییەکان و یارمەتیدان بە گرووپە تێرۆریستییەکان لە دەرەوەی ئێران کرد. چوونەسەری نرخی نەوتیش یارمەتییەکی زۆری بە رێژیمە داوە.

رووخانی رێژیمی بەعس لە عێراق و تالیبان لە ئەفغانستان لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە بە کردوە بە قازانجی ئێران تەواو بوون. ئەم رووداو ئاڵوگۆڕانە یارمەتیان بە بەهێزبوونی ئێران لە نێوخۆو ناوچەدا داوە کە ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەسەرنسەری ئێران بە گشتی و بە تایبەتی لەسەر کوردستان هەیە. هەر وڵاتێک لە حاڵی شەڕ دابێ بەهۆی هەلومەرجی شەڕ ئازادییە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا بەرتەسکتر دەبنەوە، سەیر ئەویە لە ئێراندا دیکتاتۆریی دوای شەڕ

سێبەری گەلێک قورسترە لە دیکتاتۆریی پێش شەڕ. ئێعدامەکان زیاتر بوون، زیندانەکان ئاوەدانتر بوونەوە و تیرۆر لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆ ئازادیخوازانی قەڵاچۆ کرد. بەشی هەرە زۆری ئامانجەکەش گەلی کورد و ئەحزابی سیاسیی کورد بوو. بە کورتی هەزینەی کاری سیاسی بۆ کورد یەکجار گران بوو.

٢ـ سانسۆر لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان

سانسۆری بە بەرنامەو پلان چ لە لایەن دەسەڵات و چ لە لایەن نەیارانی غەیرە کوردی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەر کورد و رووداوەکانی کوردستان، بە نۆرەی خۆی دەورێکی زۆری لەسەر پەراوێز خرانی کوردستانی ئێران هەیە. رووداوی زۆر گەورەو دڵتەزێن لە کوردستان . بۆ وێنە ئێعدامی بە کۆمەڵی چالاکانی سیاسیی کورد . بە قەد راگواستنی چالاکێکی سیاسیی فارس‌زمان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە لە تاران دەنگدانەوەی نابێ. تەنانەت رێفۆرمخوازانی ئێران کە لە لایەن حکوومەتەوە سەرکوت کران ئامادە نەبوون دانی خێر بە بزووتنەوە کورد دا بێنن. لە شانسی خراپی کورد لە رۆژهەڵات، ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کوردی کۆماری ئیسلامییش دڵی بە بزووتنەوەی کورد خۆش نیە. تەنانەت جاری وایە لە رووی کینەو نەفرەتەوە لەبارەی بزووتنەوەی کورد دەدوێن و بە مەترسییەک بۆ سەر یەکیەتیی خاکی ئێرانی لەقەڵەم دەدەن. بۆیە ئەوانیش چاوپۆشی لە جینایەت و کارەساتەکانی کۆماری ئیسلامی رۆژهەڵاتی کوردستان دەپۆشن. وەک دەڵێن بەداخەوە لە نێو فارسەکاندا ئیسماعیل بێشکچییەک یان ئەلجەواهیرییەک هەڵ نەکەوتوە کە بە راشکاوی باس لە هەقانییەتی مافەکانی کورد لە وڵاتەکەیاندا بکەن.

٣ . هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە

وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی وڵاتانی بڕیاردەر چۆن لەبارەی زاراوەی «رۆژهەڵاتی نێوەڕاست»ەوە تووشی هەڵە دەبن لە بارەی «کورد»یشەوە تووشی ئەو هەڵەیەی دەبن. لە راگەیاندنەکانیاندا هەر کات باسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کراوە، مەبەستیان کێشەی ئیسراییل و فەلەستینە، ئێستاش کە باس لە کورد دەکەن زیاتر مەبەستیان بەشی کوردستانی عێڕاقە. لە بارەی کوردستانی ئێرانەوە بە ئەنقەست خۆ دەبوێرن.

وڵاتانی دەرەوە کە باس لە کێشەکانی ئێران دەکەن، ئەوەندەی کێشە مەزهەبییەکان زەق دەکەنەوە، ئەوەندەش خۆ لە باسکردنی کێشە نەتەوەییەکان بە تایبەتی کێشەی کورد دەپارێزن. تەنانەت راگەیەنە فارسی‌زمانەکانی وڵاتانی دەرەوەش کە فارسەکان کاریان تێدا دەکەن لەم بارەیەوە زیاتریش خۆ دەبوێرن. لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ و بەشی زۆری دەیەی ٩٠ی زایینیدا کە ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی ئورووپا و عێراق بوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، جگە لە جەریانی دادگای میکۆنووس، ئەو وڵاتانە سیاسەتی بێدەنگیان هەڵ بژارد، با لەوەش گەڕێین هێندێکیان کە کردەوەی تێرۆریستیان لێ ئەنجام دەدرا(وەک ئوتریش) بە وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووری لە ئێران، رووداوەکەیان پەردەپۆش دەکرد. هەڵەی وڵاتانی دەرەوە ئەوەیە کە باسی کورد دەکەن، گرێی دەدەنەوە بە کێشە نێوخۆییەکانی عێڕاق، ئەگینا هیچ کات کاریان بە کێشەی کورد نیە. بۆ نموونە کە باسی بزووتنەوەی کورد لە تورکیە دەکەن وەک تێرۆریست ناوی دەبەن، لە ئاست کورد لە ئێرانیشدا سیاسەتی بێدەنگی و حاشایان هەڵبژاردوە. گرنگیدانی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا بە کێشە نێوخۆییەکانی عێڕاق و هاموشۆیان

لەگەڵ کوردستانی عێراق زۆر کەسی تووشی ئەو هەڵەیە کردوە کە »مەسەلەی کورد« بە مەسەلەیەکی جیهانی بزانن، وەک بڵێی کورد لە تورکیە و ئێران وجوودی نەبووبێ، لە کاتێکدا کە باس لە »کێشەی کورد« دەکرێ، ئەو کێشەیە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە کوردیان بەسەر دا دابەش کراوە.

۴ . نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی مەدەنی

لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا یەک لەوان تورکیە،ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی دوو باڵی باڵندەیەکن. گەشەکردنی هەر کامیان بە قازانجی ئەوی دیکەیە. لەو وڵاتانەدا لە پێناو پاراستنی ئەمنییەت و جیگیریی ئابووریدا حکوومەت خۆ لە زەبروزەنگ دەپارێزێ و فەزایەکی گونجاو بۆ ئۆپۆزیسیۆن دەگونجێ و تەنانەت کار دەگاتە وتووێژ و قۆناغی چارەسەری ئاشتیانەش. بەڵام لە ئێراندا هەردوو لا بە توندی سەرکوت دەکرێن. دیدی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر کوردستان، فشار و زەبر و زەنگ لەسەر خەڵکی کوردستان کەشوهەوای چالاکییە مەدەنییەکانی یەکجار بەرتەسک کردۆتەوە. تەنانەت حەرەکەتی خۆرسکانەی خەڵک لە پێناو پێشگیری لە مادده هۆشبەرەکان هەلسوکەوتی ئەمنییەتیی لەگەڵ دەکرێ و پێشی پێ دەگیرێ. چالاکییە مەدەنییەکان زیاتر لە شکڵی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و هێندێک بواری کۆمەڵایەتیدا خۆ دەنوێنن.

۵ . لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی بەشەکانی دیکەی کوردستان

هۆی سەرەکیی پەراوێزکەوتنی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو فیداکاری و خۆلەبیرکردنەیە کە کوردی رۆژهەڵات بە چالاکانی نێوخۆ و هێزە سیاسییەکانەوە سەبارەت بە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەیکەن. هۆیەکانی دیکە هەرچەند کاریگەرن بەڵام وەک ئەم هۆیە یەکلاکەرەوە نین. ئەم گیانی فیداکارییە ئەگەر لەسەرانسەری کوردستاندا بەهێز بووایە جێگە و پێگەی کورد لە جێیەکی دیکە دەبوو، بەداخەوە ئەو هەستە پیرۆزە زیاتر لە نێو کوردی ئێراندا دەبینرێ.

لە ساڵی ۱۹۸۸ دا کە هەڵەبجە بۆمبارانی شیمیایی کرا، زۆر بە جێ بوو و گەلێک جێگای شانازی بوو بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەو کارەساتەدا لەپەنا برا کوردەکانیان بوون و کەڵکیان لە سیاسەتی ئێران وەرگرت کە پێی خۆش بوو بۆ ئابڕوو بردنی رێژیمی بەعس کارەساتی هەڵەبجە بە دنیا بناسرێ، دەنا ئەو کارەساتە لە ئاستێکی بچووکتردا لە سەردەشت رووی دا هەتا ئەو ساڵانەی دوایی تەنانەت شارەکانی دەوروبەر لە لایەنەکانی ئەم کارەساتە ئاگادار نەبوون. لەو هەمووە کۆڕ و سیمنار و رێپێوانانەدا کە لە ساڵرۆژەکانی هەڵەبجەدا بەرێوە دەچوون هەتا ئەم ساڵانەی دوای کە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەستیان بە تەلەڤزیۆن رانەگەیشتبوو ناوی سەردەشت نەدەهات. بۆ شاعیرو هونەرمەندانی رۆژهەڵات ئاسانتر بوو باسی هەڵەبجە بکەن تا سەردەشت!

وەک لە راپۆرتی راگەیەنەکانی ئەحزابی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەرکەوت، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتییەکی زۆریان بۆ ئاوارەکانی شەنگال کۆکردەوە کە شیاوی ئافەرین و دەسخۆشییە، بەڵام هاوکات لەگەڵ کارەساتی شەنگال لە ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان بوومەلەرزەیەک رووی دا کە سەدان کەسی کوشت و هەزارانی بێ ماڵ و حاڵ کرد، هەواڵێکمان لەبارەی کۆکردنەوەی یارمەتی

بە خەڵکی لێقەوماوی ئەم ناوچەیە نەبیست! ئەو هاوکاری و هاودەردییەی لە دوو رووداوی تاڵی باشووری کوردستان (کۆڕەوی ١٩٩١ و ١ی شوباتی ٢٠٠٣دا) لەلایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە کرا، هەروەها ئەو خۆشحاڵی و شادییەی لە کاتی بوون بە سەرکۆماری بەرێز مام جەلال دا لە خۆیان نیشان دا، پێشوازیی کۆماری کوردستان لە بارزانییەکانی لێ دەرچێ، لە مێژووی کورددا نموونەیان نەبووە. سەرانسەری ئەدەبیات و ئەوەندە رۆژنامەنووسیەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە باس باسی بەشەکانی دیکەی کوردستانە و کێشەکانی خودی رۆژهەڵات لەواندا ونن!

لە رێپێوانەکانی دەرەوەی وڵات بۆ لایەنگری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان رۆژهەڵاتییەکان لە ریزی هەرە پێشەوە بوون! تەنانەت لە زۆر شاردا ژمارەی ئەوان لە ژمارەی برایانی باشوور زیاتر بوو.

حیزبەکانی رۆژهەڵات لە پەراوێز کەوتنی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە هەر هۆیەکی دیکە کاریگەرتر بوون: سیاسەتی ئەم حیزبانە سەبارەت بە پاراستنی هەلومەرجی باشووری کوردستان سیاسەتێکی مەسئوولانەو نەتەویی بووە؛ هیچ کات بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هیچ کردەوەکیان لەدژی هیچ پارچەیەکی کوردستان ئەنجام نەداوە. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی باشووری کوردستان و برینی بیانوو لە ئێران دەستیان لە خەباتی چەکداری هەڵگرت و لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆشاییەک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست بێ. حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم سیاسەتەدا ئەوەندە چوونەتە پێش کە ئەگەر چاو لە راگەیەنەکانیان دەکەی  زۆر جار پێت وایە سەیری کاناڵێکی باشووری کوردستان دەکەی تاکوو راگەیەنەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

ئەحزابی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سیاسەتی لەبەرچاوگرتنی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ئەوەندە چوونە پێش کە هێندێکجار ئەحزابی باشووری کوردستان ئەگەر لێشی ئاگادار بن، بە پێویستی نازانن. دوایین نموونە ئامادەیی حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆ بەشداری لە شەڕ دژی داعش بوو؛ کە حیزبەکانی باشووری کوردستان وەریان نەگرتن و تەنانەت هێندێکیان کە سەربەخۆ چوون، گێڕایاننەوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتەکانەوە دەردەکەوێ کە بۆ زۆربەی ئەندامانی ئەم حیزبانە شارەزایی لە جوغرافیاو کێشەو مەسەلەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان گەلێک گرنگترە لە شارەزابوون بە جوغرافیاو کێشەو مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٧٧ دا لە کاتی گیرانی بەرێز ئۆجەلاندا حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم هێزی کوردی بوو، تەنانەت بەر لە خودی پ.ک.ک ش هەلوێستی گرت و مەحکوومی کرد هاودەردیی خۆی بۆ پ.ک.ک و خەڵکی کوردستان لە باکوور دەربڕی و خەڵکی کوردستانی هان دا کە لە هەر جێگایەک بۆیان دەگونجێ لە رێپێوانەکاندا ئەو کردەوەیەی مەحکووم بکەن. کۆماری ئیسلامییش کە پێوەندی و دۆستایەتیی لەگەڵ پ.ک.ک هەیە ئیزنی دا  لە شارەکانی کوردستان رێپێوان بکرێ. لە رۆژی ٣ی رەشەممەی ئەو ساڵەدا لە شاری سنە لە کاتی رێپێواندا کە خەڵک دروشمیان بە لایەنگری لە حیزبی دیموکرات دا کەوتنە بەر دەسڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێدا ٥٣ کەس شەهید بوون. کۆماری ئیسلامی و پ.ک.ک هەردووکیان ئەو خۆپێشاندەرانەیان بە گێرە شێوێن و مۆرەی ئیسراییل لەقەڵەم دا! کەچی لە ئاکامی بۆشایی ئەحزابی رۆژهەڵاتدا بەشێک لەو هێزە لاوەی کە هەستی کوردایەتی و ئازادیخوازیی هەیە  بەرەو پ.ک.ک دەکشێ.

لە ئاکامی ئەو هۆیانەی سەرەوەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەکانی و تەنانەت هێزە سیاسییەکانی کەوتوونەتە پەراوێزەوە، لە کاتێکدا بارودۆخی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ئی هەموو پارچەکانی دیکە خراپترە. ئەگەر لەم دواییانەدا داعش سەری هەڵ نەدابا دڕندەترین ڕێژیمی زاڵ بەسەر کوردستاندا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، کەچی لە ئاکامی ئەو وەزعەدا کۆماری ئیسلامی خۆی وەک دۆست و یارمەتیدەری کورد لە لای کوردی پارچەکانی دیکە لەقەڵەم دەدا. بەو بێدەنگییە نیسبییەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە کۆماری ئیسلامی ئیددیعا دەکا کە کورد لە ئێران کێشەی نیە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش ناو و ئیعتیباری جارانیان لە لای پارچەکانی دیکەی کوردستان نەمێنێ.

لە ژمارە ٦٤١ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی : ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# ئایا رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو هەلومەرجێکی نوێ دەچێ؟

مێژووی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە تا کۆتاییەکانی دەیەی ۶۰ی هەتاوی بەبێ حیزبی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی سەقەت و بەتاڵە. بەڵام لە ۲۰ ساڵی دواییدا بە حوکمی هێندێک هۆکاری وەک: تا رادەیەک دوور کەوتنەوەی فیزیکیی حیزب لە ناوخۆی وڵات و بەرچاوتر بوونی جووڵانەوە خۆرسکە مەدەنی ، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆی وڵات، دەکرێ ئەم ئێدیعایە بە جۆرێکی دیکە پێناسە بکرێ.

لە دەیەی ۷۰ و ۸۰ی هەتاویدا هێزە کوردییەکان حوزووری فیزیکیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا کەم رەنگ بۆتەوە و زیاتر بە کێشە نێوخۆییەکانیانەوە خەریک بوون، بزووتنەوە مەدەنییەکان لە ئاستێکی لاوازدا بوون و کۆنترۆڵ و دیدی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی چالاکی و شوێندانەریی ئەوانی بڕیبوو. لەو ماوەیەدا چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بوون، لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بەو مەرجەی باسی کێشە نەتەوایەتییەکانی کورد لەنێوخۆی ئێراندا نەکرێ، زۆری پێ حەساس نیە، هەزینەیەکی کەمی بۆ ئەوان بەدواوە دەبوو.

لە هاوینی ئەم ساڵدا ۳ رووداو لە ناوچەو رۆژهەڵاتی کوردستان روویان دا کە جێی لێوردبوونەوەن و رەنگە شوێن لەسەر رووداوەکانی داهاتوو دابنێن و ببنە هۆی هاتنە پێشی هەلومەرجێکی نوێ بۆ رۆهەڵاتی کوردستان:

یەکەم، سەرهەڵدانی گرووپی داعش لە عێراق و سوورییە وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆسەر ناوچە و وڵاتانی رۆژئاوا. هەرچەند داعش هەتا ئێستا زیانی بە ئێران و هاوپەیمانەکانی نەگەیاندوە و تەنانەت لە کاتێکدا دەی توانی بەغدا بگرێ کە ئێران لەوێ حوزوورێکی پڕڕەنگی هەیە، هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و رۆژئاوی کوردستان، بەڵام بەو حاڵەش ئێران نیگەرانیی توندی خۆی لە داعش نەشاردۆتەوە. جموجۆڵی داعش لە چەند شارو ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان، پەرەگرتنی گرووپە سەلەفییەکان و بێدەنگیی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەریاندا بۆ ئەوەی ببنە ئاڵتێرناتیڤی هێزە دێموکراتو نیشتیمانپەروەرەکانی کورد، مەترسیی نفووزی داعشی لەم بەشەی کوردستانیشدا خۆش کردوە. سەرکوتی هێزە سیاسی و نیشتیمانپەروەرەکانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆشایی سیاسیی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەجێ هێشتوە، کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە کوردی لە هەموو مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی بێبەش کردوە ناتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە لە کاتێکی وا دا لە جیاتی ئۆپۆزیسیۆنێکی پێشکەوتنخواز و نیشتیمانپەروەر پڕی بکاتەوە هێزە لاوەکیەکان و سەلەفییەکان پڕی دەکەنەوە. ئەوەش بۆخۆی مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بۆسەر خودی کۆماری ئیسلامییش.

دووەم، هەرچەند لەم ۲، ۳ ساڵەی دواییدا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی یەکجار سەخت و نزیک بە ناوومکیندا

بە فیداکاریی تێکۆشەرانی خۆی تا رادەیەک جەوی بێدەنگیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان شکاندو حوزوورێکی سنووورداری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، بەڵام حەرەکەتی ئەم دوواییانەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پارێزەرانی رۆژهەڵاتەوە لە نێوخۆدا، گۆڕانێکی نوێ لە بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو و دەکرێ وەک سەرتایەک لە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی رۆژهەڵات سەیری بکرێ کە بێگومان ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئاڵوگۆڕەکان و رووداوەکانی دواتر.

سێیەم، رێپێوانی دیان هەزار کەسیی خەڵک لە زۆر شار و ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانێ، ئەو دروشم و پەیامانەی لەو خۆپێشاندانانەدا دەهاتنە گۆڕێ، بە تایبەتی هاوکات لەگەڵ پشتیوانی لە کوردەکانی رۆژئاوا دروشم و داخوازە سیاسیەکانی خۆشیان وەک کوردی رۆژهەڵات هێنایە گۆڕێ، دەرخەری ئەو راستییەن کە تین و گوڕێکی بەهێزی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە.

ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی نیشانی داوە کە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا لە رێی قانوونیەوە ناتوانێ ویست داخوازە ئابووری، فەرهەنگی ، کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی بێنێتە گۆڕێ، لە کاتێکدا دۆست و هاوپەیمانێکی نیە دیفاع لە داوا رەواکانی بکا تا لە کاتی تەنگانەدا بە هانایەوە بێ، سەرەڕای ئەوەش کە خەباتی چەکداریی لە گۆڕێدا نیە بەڵام ئێعدام و کوشتنی خەڵک هەر بەردەوامە، پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لە رووداوەکانی ناوچەو هێزو توانای خۆی، دەروویەک بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتیو مەترەح کردنی ویست و داخوازەکانی خۆی بکاتەوە.

ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر ئەوەمان پێ دەڵێ کە هەرکات ئۆپۆزیسیۆن بەهێز و چالاک بێ، حاکمییەت ناچار بە پاشەکشەو دانی ئیمتیاز دەبێ. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کورد لە عێراقدا نەبووایەن کورد ئەو پێگەیەی لە عێراقدا نەدەبوو، ئەگەر پ.ک.ک لە تورکیە نەبووایە، ئەو کرانەوەیە بە رووی کورددا نەدەبوو و حیزبی قانوونیی کوردی پێک نەدەهات و مەسەلەی کورد نەدەبوو بە گرینگترین کێشەی سیاسیی تورکیە.

رووداوەکانی ئەم ساڵی رۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکیی تیکۆشەرانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو پوتانسیەلە بەهێزەی لە رۆژهەڵاتی کورداستاندا هەیە، ئایا نیشانەی دەستپێکردنی هەلومەرجێکی نوێ لە رۆژهەڵاتی کوردساتندا نین؟ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو راستییە گەیشتوە کە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی و حەرەکەتێکی بەهێزی مەدەنی لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێزیشی هەبێ.

رێکەوتی : ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# مەسەلەی کورد بەر لە هەر شتێک مەسەلەیەکی سیاسییە

ئوستانداری ئیلام دەڵێ "زەقکردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی خیانەتە". پێشتریش نوێنەری بانە و سەقز گوتبووی "داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان سیاسی نین، مەسەلەیەکی ئابووری و کێشەی دابینکردنی هەلی کارە. ئەم جۆرە قسانە بەشێکن لە سیاسەت و ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی کە گوێ بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان نادا و بە بیانووی ئەوە کە هەموو لایەک مسوڵمانە، حاشا لە مافی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی گەلانی ئێران دەکا، لە حاڵێکدا مسوڵمانەکانیش لەدەست ئەم ڕێژیمە ئاسوودە نین.

ئەوە ڕاستە کە کوردستان وێڕای بەلووچستان لە ڕووی ئابوورییەوە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران لە پاشترە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی فەرقوجیاوازیدانانی کۆماری ئیسلامی لە دژی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ. بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە کوردستانەوە هەیە، مەسەلەی کورد تەنیا مەسەلەی ئابووری نیە، تەنانەت مەسەلەی کورد بە تەنیا پێوەندیی بە ئێرانیشەوە نیە، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ناوچەیی و تەنانەت جیهانییشە.

وای دابنێین ڕۆژێک کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە شان لە شانی تاران، ئەراک، مەشهەد و ناوچە پیشەسازییەکانی ئێران دەدا، داخوا مەسەلەی کوردو هەموو کێشەکانی چارەسەر دەبن؟

با سەیرێکی ئەو ناوچانە لە جیهاندا بکەین کە لە ڕووی ئابوورییەوە نەک لە کوردستان، بەڵکوو لە پێشکەوتووترین و دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێرانیش وەزعیان باشترە، بەڵام کێشەی سیاسییان هەیەو دەیانەوێ چارەنووسی خۆیان بەدەست خۆیان بێ. چەند ڕۆژ لەوە پێش سکۆتلەند لە بریتانیا کە لە ڕووی ئابوورییەوە چەندین بەرانبەری ئێران دەوڵەمەند و پێشکەوتوویە، ڕێفراندۆمی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی بەڕێوەبرد. ئەیالەتی "کێبێک"ی کاناداش چەند ساڵ لەوە پێش هەر بەم جۆرە بوو، ئەویش لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئێران پێشکەوتووترە. هۆنگ کۆنگ، ناوەندی ئابووری لە چین و تەنانەت لە شەرقی ئاسیایە، لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر لە ناوچەکانی دیکەی چین دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووترە، بەڵام دەیەوێ بۆخۆی لە بارەی چارەنووسی خۆیدا بڕیار بدا. بە گوێرەی بۆچوونی کاربەدەستانی ئێران ئەم ناوچانە نەدەبوو قەت باسی مەسەلە سیاسییەکان بکەن. کەوابوو نەتەویەک، ناوچەیەک، کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا بە پێوانەی ئابووری پێناسە ناکرێ.

با نموونە لە خودی کوردستان و لە ئێران بێنینەوە؛ حیزبی دێموکرات لە کوێ دامەزرا؟ لە شاری مەهاباد و لە لایەن بۆرژوای کوردەوە دامەزرا کە لە چاو چینەکانی دیکەی خەڵک بە تایبەتی زەحمەتکێشان وەزعی ئابووریی زۆر باشتر بوو. بەڵام حیزبی سیاسیی کوردی لە لایەن ئەم چینەوە دامەزرا. با سەیرێکی کۆماری ئیسلای بکەین: پێگەی تەبەقاتیی کۆماری ئیسلامی زیاتر گوند و چینە

زەحمەتکێشـەکانی ئێرانـە کـە بەسـراوەیی مەزهـەبیان زۆرە. چینـی مامناوەنـد واتـە چینـی دەوڵەمنـدتر کـەیفی بـەو ڕژێمـە نایـە. خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٣٧٨، ١٣٨٨و دەیان خۆپێشاندانی دیکەی دژی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر شانی ئەو چینە بووە. وەک ڕۆژی روون ئاشکرایە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێگەیەکی لە تاران هەبێ، لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی باشووری تارانە نەک گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکانی باکووری تاران.

کەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتانە و لە رووی مەنتیق و ئیستیدلالەوە روونە کە داخوازەکانی نەتەوەیەک لە چوارچێوەی داخوازە ئابوورییەکاندا خولاسە ناکرێنەوە و بە دانی ئیمتیازی ئابووری چارەنووسی نەتەوەک بە تەواوی دابین ناکرێ. بەڵام ئەو جۆرە قسە نامەنتیقی و ناسیاسیانە بۆ دەکرێن؟

زۆر جوان گوتراوە؛ لە وڵاتێکدا کە دیکتاتۆری لەسەر کار بێ، هەموو شتێک دەبێتە سیاسی. ئەوە نیە لە کۆماری ئیسلامی دا لە پایەبەرزترین مەقامی سیاسیەوە بگرە تا کاربەدەستانی خوارەوە بەردەوام باسی جل و بەرگی ژنان و خواردن و خواردنەوەی خەڵک دەکەن و دەخاڵەت لە جوزئیترین بوارەکانی ژیانی ئینسانەکاندا دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن و دەیکەن بە کاری حکوومەت و دەوڵەت. لە کوێی ئەم دنیایە ئەم جۆرە کارانە دەبن بە ئەرکی حکوومەت و دەبن بە سیاسەتی حکوومەت؟ ئەمڕۆ لە ئێراندا هەمووشت رەنگی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ و بەرخوردی سیاسیی لەگەڵ دەکرێ. ئەدی چۆنە نەتەوەیەکی وەک کورد کە دەیان ساڵە لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکا و حیزبی سیاسیی دامەزراندوە مەسەلەکەی مەسەلەیەکی سیاسی نیە؟

ئەو راستیانەی باس کران زۆر لەوە بەهێزترن کە کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی بە چووکەکردنەوەی مەسەلەی کورد تەنیا لە کێشەئابوورییەکاندا، حاشا لە داخوازە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد بکەن کە بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد کە گەورەترین کێشەی سیاسی هەم لە ئێراندا و هەم لە ناوچەدایە. هەروەها هەوڵێکی بێ سوودە بۆ ئەوەی وا بنوێنن کە کۆماری ئیسلامی هیچ کێشەیەک و گیروگرفتێکی سیاسیی نیە و تەنیا کێشەی ئابووریی هەیە. نەتەوەی کورد لە ئێراندا چ وەک رابردوو لە رووی ئابوورییەوە لەپاش بێ و چ بەرەو بووژانەوە بڕوا، ئەم نەتەوەیە وەک هەموو نەتەوەیک مافی خۆیەتی بڕیاری سیاسی لەبارەی خۆیدا بدا.

ڕێکەوتی : ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# هەڵسوکەوتی ئێران لەگەڵ قەیرانی ئەتۆمی

وتووێژەکانی ئێران و ئەمریکا بە جیا و ئێران و وڵاتانی ٥+١ لە عومان بە بێ ئەوەی بە ئاکامێکی ئەوتۆ بگەن کۆتاییان پێ هات. رۆژی ٣ی سەرماوەز (٢٤ی نۆڤامبر) دوایین مۆڵەتە بۆ ئێران دیاری کراوە کە لەگەڵ وڵاتانی بڕیاردەر بە ڕێککەوتنێک بگا. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ: وتووێژێکی روون بەڵام دژوارمان هەبوو و بەرەوپێشچوونێکی کەمی بە دواوە بوو.

زیاتر لە ١٢ ساڵە وڵاتانی بڕیاردەر لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لە کێشە دان. وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا سوورن لەسەر ئەوەی نەیەڵن ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگا، هەر بۆیە بە چاوی گومانەوە دەڕواننە چالاکییە ئەتۆمییەکانی و بەڵگەشیان بۆ ئەو گومانانە بەدەستەوە هەن. ئێرانیش هەتا ئێستا نەی توانیوە بیسەلمێنێ کە ئەو چالاکیانە وەک ئیدیعا دەکا ئاشتیخوازانەن.

با لەوە گەڕێین کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران نێوەرۆکێکی نیزامیان هەیە یان ئاشتیخوازانە، با بزانین کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا چۆنی کەڵک لەو قەیرانە وەرگرتوە.

دەڵێن کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی قەیران خوڵقێنەو لە رێگەی مودیریەتی قەیرانەوە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا. ئەم رێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئەتۆمییشدا هەر بەم جۆرەیە.

گومانی تێدانیە ئەگەر نیگەرانییەکانی دنیای دەرەوە لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و سیاسەتی پێشگیرانەی ئەوان نەبێ ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رادەگا و مانەوەی خۆی وەک هێزێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی دەستەبەر دەکا. بەڵام سیاسەتی لێبڕاوانەی دنیای دەرەوە ئێرانی لە گەیشتن بەوە خەونە تووشی ناکامی کردوە. لە جیاتی ئەوە ئێران وەک قەیران کەڵک لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی وەردەگرێ:

دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا بە تایبەتی پاش ئەو تەحریمە بەربڵاوەی لەسەر ئێرانی داناوە زەبرێکی زۆر قورسی لە ئابووری و دیپلۆماسیی ئێران داوە. ئەو وڵاتەی تووشی تەریک کەوتنەوەیەکی بێ وێنە کردوە. ئەگەر قەیرانی ئەتۆمی لە گۆڕێ دا نەبووایە زۆر زەحمەت بوو شانسی وتوێژی راستەوخۆ و ئاشکرای لەگەڵ ئەمریکا بە نسیب بووایە کە لە مێژە بە دوای دا وێڵە. بیانووی قەیرانی ئەتۆمی بۆ کۆماری ئیسلامی نەبووایە تابۆی دوژمنایەتی لە گەڵ ئەمریکا کە ئایەتوڵڵا خومەینی بنیاتنەری ئەم رێژیمە لە مێژ بوو تۆوی ئەو دوژمنایەتییەی داچاندبوو، نەدەشکا.

قەیرانی ئەتۆمی سوودی سیاسیی بۆ کێشە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامییش هەبووە: بەشی زۆری سەرنجی بیروڕای گشتی و وڵاتانی دەرەوە بۆلای کێشە ئەتۆمییەکانی ئێران کشاوە لە حاڵێکدا سەرکوتی بێ بەزەییانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، زیندانیانی سیاسی، سەرکوتی بیروڕای ئازاد و بارودۆخی خراپی نەتەوە بێ مافەکانی ئێران و کەمایەتییە ئایینییەکان لەو پەڕی خۆی دایە، سەرنجی پێویست و شیاوی خۆیان پێ نادرێ. ئەو فشارەی پێویستە لەسەر ئەم مەسەلانە بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر رووی لە کێشە ئەتۆمییەکانی ئیراندایە. ئەمەش لە درێژخایەندا یارمەتیی بە پتەوتربوونی کۆڵەکەکانی قۆڵی توندڕەو سوپای پاسداران لە دەسەڵاتدا داوە مهوقعییەتی خامنەیی بە هێزتر کردوە.

هەرچەند وڵاتانی بڕیاردەر لە رێگای تەحریمی ئابوورییەوە توانیویانە ئیران بە چۆک دابێنن و ئەگەر رۆژێک کار بگاتە شەڕ و لێدان، بێگومان کۆماری ئیسلامی بە رگە ناگرێ، بەڵام بە درێژە کێشانی ئەم قیرانە ئەم رێژیمە لە نێوخۆدا لە رووی رەوانییەوە شان و شەوکەتی خۆی نیشانی خەڵکی ئێران دەدا کە لەگەڵ تاقە زلهێزی جیهان چەنە لێدەدا و ناچێتە ژێر باری داواکانی. بە تایبەتی وەک خۆراکێکی تەبلیغاتی بۆ لایەنگران و باوەڕمەندانی خۆی کەڵک لەم ژێستە سیاسییە وەردەگرێ.

٣ی سەرماوەزی داهاتوو رەنگە کۆتایی بە گەمەی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە بێنێ یان لە کۆتایی نزیک بکاتەوە کە لە مێژە دنیای دەرەوەی بە خۆیەوە خەریک کردوە. ئەو کاتە جێی خۆیەتی قەیرانەکانی دیکەی ئێران وەک پێشێلکرانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران، پێشێلکرانی ئازادییە سیاسییەکان، مافەکانی مرۆڤ و گەلێک کێشەی دیکە لە لایەن بیروڕای گشتی دەرەوە سەرنجی شیاوی خۆیان پێ بدرێ و کۆماری ئیسلامی چی دیکە نەتوانێ بە خوڵقاندنی قەیرانی ئەتۆمی سێبەریان بەسەردا بکێشێ.

رێکەوتی : ١٢ی نوامبری ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

## فەسادی ئیداری لە ئێران گەورەترین مەترسی یان گەورەترین بەرهەم!

حەسەنی رووحانی سەرۆک کۆماری ئێران رۆژی ١٧ی سەرماوەز لە کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی "بەهێزکردنی سڵامەتیی ئیداری"دا بە شێوەیەک . کە کەمتر لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە دیتراوە . ئاماژەی بە رادە و هۆیەکانی فەسادی ئیداری لە ئێراندا کرد. وتەکانی سەرکۆمار لە کاتێکدا دەکران کە یەک دوو رۆژ پێشتر پەردە لەسەر فەسادێکی گەرەی دەیکەی ١٢ میلیارد تەمەنی لە ئێراندا هەڵدرایەوە.

لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نێوە نێوە فەسادێکی گەورەی ئیداری ئاشکرا بووە. کە با ناوبانگرینیان فەسادی ١٢٣ میلیارد تەمەنی لە دەیەی ٦٠دا، سێسەد و چەند میلیارد تەمەنی و ئەمەی دوایی ١٢ میلیارد تەمەنی و هتد. لە سیناریۆی فەسادەکانیشدا ئەکتێرەکان بریتین لە کورگەلی ئایەتوڵلاکان و ئیمام جومعەکانی تاران و بەرپرسانی ئیمامزادە گەورەکان کە بە "آقا زادەها" ناوبانگیان دەرکردوە. هەروەها هێندێک بازرگانی وەک شەهرامی جەزاییری و بابەکی زەنجانی و هتد کە لە فەسادی ئیداری دا لە بەرامبەر پشتیوانی و دەست ئاوەڵاکردندا بەشی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەدەن.

حەسەنی رووحانی بە حەق قامکی لەسەر هۆیەکانی فەسادی ئیداری دانا و " کۆبوونەوەی پووڵ، چەک، دەسەڵات و راگەیاندن"ی لە یەک نیهاددا وەک سەرچاوەی فەساد ناو برد. ئەوە کە حەسەنی رووحانی باس لەو هۆکارانە دەکا شتێک نیە کە خەڵک نەیان زانێ، هەروەها ئەوەش کە باس لە رادە و بەربڵاویی فەسادی ئیداری دەکا بۆ خەڵکی شاراوە نیە. بەڵام قەیرانی بەرتیل و فەسادی ئیداری بە رادەیەک قووڵ و بەر بڵاوە کە کەسێک لە پلەی سەرکۆماردا ئەم جار نەک لە پشت دەرگا داخراوەکان و لە کۆبوونەوە نهێنییەکان بە مەبەستی پاراستنی ئابرووی نیزام، بەڵکوو بە تەپی ئەعلا باسی دەکا و مەترسییەکانی بۆ بەرپرسان روون دەکاتەوە.

لێدوانی حەسەنی رووحانی دیارە دژکردەوەیەکە لەبەرامبەر قۆڵی ناسراو بە موحافیزەکارانی توندرەو کە پێڕەوی لە دەستووراتی رێبەر دەکەن و بەردەوام رەخنە لە دەوڵەتی رووحانی دەگرن و کەند و کۆسپی بۆ دروست دەکەن، بە تایبەتی سوپای پاسداران کە لە بەرامبەر رێبەردا نەبێ، لە بەرامبەر کەسدا وەڵامدەر نیە. سوپای پاسداران گەورەترین هێزی نیزامییە و چالاکیی ئابووری دەکا و چەندین ناوەندی گرنگی ئابووریی بەدەستە. لە رووی دەسەڵاتەوە، دەسەڵاتی واقعی نەک لە بەر دەستی دەوڵەتدا بەڵکوو لەبەردەستی ئەو دایە و لە رووی راگەیاندنیشەوە دەسەڵات و مەیدانێکی زۆری پێ دراوە. بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە کە ئەو قسانە بەر لە هەر کەسێک رێبەری کۆماری ئیسلامی دەگرنەوە کە ناوەندە سەرەکییەکانی پووڵ، چەک، دەسەڵاتی سیاسی و راگەیاندن راستەوخۆ لەبەر دەستی ئەو دان. ئەوە کە راستەخۆ بەرپرسانی سوپای پاسداران دیاری دەکا، ئەوە کە بەرپرسانی راگەیاندن دیاری

دەکا و بە پێی قانوونی ئەساسی بەرزترین مەقامی رەسمیی وڵاتە و تەنانەت دەتوانێ سەرکۆمار لەسەر کار لابەرێ، ئەوە بەو مانایەیە کە هەودای هەموو دەسەڵاتەکان دەچنەوە دەست رێبەر.

فەسادی ئیداری لە ئێراندا بە پێچەوانەی بۆچوونی رووحانی بەر لەوەی مەترسی بێ، بەرهەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. مەترسی سیستمی حکوومەتە کە سەرچاوەی دەیان قەیرانی قووڵە و فەسادی ئیداری یەکێک لەوانە. رێبەرانی راسەقینەی کۆماری ئیسلامی خۆیان بە بژاردە و نوێنەری خوا دەزانن کە هەر دەبێ بە مردن لەسەر کار لا بچن کە لە ئیرادەی خوا دایە. ئەوان بە هەڵبژاردن درێژە بە دەسەڵاتی سیاسی نادەن کە خۆیان بە منەتباری خەڵک بزانن. خۆیان لەبەرامبەر خوادا بە وەڵامدەر دەزانن نەک لە بەرامبەر خەڵکدا. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا دەرسی قەناعەت و دەستپێوەگرتن فێری خەڵکی دەکەن، لە کاتێکدا باس لە دنیای فانی دەکەن و ئەم دنیایە بە بەهەشتی کافر و جەهەننەمی موسوڵمانان ناودەبەن، لەسەر زەوی بەهەشتێکیان بۆخۆیان دروست کردوە.

لە کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتی بێسنوور و بەردەوام دەسەڵاتی ئابووریی بەدواوە بووە. پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریش پێویستی بە چەکە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە لایەک کەمایەتییەکی دەسەڵاتداری دەوڵەمەند دەست بەسەر وڵات دا بگرێ و لە لایەکی دیکەش زۆرایەتییەکی هەژار و بێ دەسەڵات لە وڵاتی خۆیان هەست بە بێگانە بوون بکەن. لە وڵاتێکی وا دا بەرپرسە بچووکترەکان کە قەرزدار و منەتباری بەرپرسانی ئەسڵین، لە وڵاتێکدا بەسراوەیی بە دەسەڵاتداران گرنگترە لە قانوون، فەسادی ئیداری لە چووکەترین دەرفەتدا روو دەدا. لە وڵاتێکدا کە زەبری چەک و زیندان لە جیاتی بە هێزکردنی بیری نیشتیمانپەروەری، قەدەغەو قۆرغ لە جیاتی ئازادی کۆمەڵگای ئێران کۆنترۆڵ دەکا، ترس لە قەهری دەسەڵات زیاترە لە عەزابی ویژدان،لە کاتێکدا ئیمان بە رێژیم لە جیاتی شارەزای و لێزانی دەبنە پێوانەی بەرپرسایەتی، رێگای بەرتیل و فەسادی ئیداریش خۆش دەبێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٩ی دێسامبری ٢٠١٤

# لەدایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە (بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگەوە)

دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە بۆخۆی هەڵگری دوو رووداوە؛ یەکەم، دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە، دووەم، دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە. وشەی پێشمەرگە یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دایە. شەهید د. عبدولرەحمانی قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا لە بارەی وشەی پێشمەگەوە نووسیویەتی:"پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆڕێکی ئەدەبی لە مەهاباد پێک هات بۆ ئەوە لە باتی وشەی فارسی و عەرەبی وشەی کوردیی رەسەن بۆ زاراوەکانی نێو سوپا بدۆزنەوە. یەکەم زاراوە کە پێویست بوو دابنرێ بەرامبەر بە وشەی سەربازی فارسی کە ئازەربایجانییەکان کردبوویان بە فیدایی. گۆیا ئەدیبەکان هیچیان بۆ نەدیترابۆوە تا پیاوێکی پیری دنیادیتوو کە چای بۆ دەهێنان پێی گوتن: کورد بە پیاوی لەخۆبردوویان دەگوت"پێشمەرگە".".

لەو کاتەوە وشەی پێشمەرگە بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی کورد بەکاردێ. لە راپۆرتێکدا کە لە بارەی مەراسیمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەنداندا لە ژمارە ١٠ی رۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار، تاریخی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤دا بڵاو کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار وشەی "پێشمەرگە" بەکار هاتوە. بەڵام بڕیار لەسەر ئەوەکە وشەی پێشمەرگە لە جیاتی سەرباز بەکار بێ، دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێک کە لە رۆژی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤ ( ٤ی فیوریەی ١٩٤٦) لە کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماردا دراوە. ئەو بڕیارە بۆ رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٢ ی ٢٠ی رێبەندان نێردراوە و لە لاپەڕی ٣ دا بە ئیمزای ( مرادی) چاپ بووە. لەو بڕیارەدا ٣٥ زاراوەی سوپا بە کوردی لە بەرامبەر زاراوە فارسییەکاندا دانراون، یەکەم زاراوە وشەی "پێشمەرگە" یە کە لە بەرامبەر وشەی فارسیی "سرباز"دا دانراوە.

بنەمای دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە دەگەڕێتەوە بۆ رووداوێکی مێژوویی پاش دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان: لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤( ١٥ی دیسامبری ١٩٤٥)دا بۆ یەکەمجار خەونی کورد بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد وەدی هات. لەو رۆژەدا ئاڵای کوردستان بەشکۆیەکی زۆرەوە هەڵدراوە و پاشان ئەو رێورەسمە لە شارو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەڕێوە چووە.

٣٠ ساڵ لەوە پێش لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)دا دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە،رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک رۆژی پێشمەگەی کوردستان دیاری کرد.

ئەو رۆژە وەکوو رۆژێکی سەمبولیک بۆ رێزگرتن لە مەقامی بەرزی پێشمەرگە و فیداکاری و لە خۆبردوویی پێشمەرگە دیاری کراو و لەو کاتەوە هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا رێورەسمی تایبەتی بۆ ناو و یادی پێشمەرگە پێک دێ.

## جوغرافیای وشەی پێشمەرگە

وشەی پێشمەرگە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە کەوتۆتە سەر زار و زمانان. جگە لە تێکۆشەران و خەباتکارانی ئەو کاتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەو بەشە لە سوپای کورد لە خزمەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دابوون، ئەم وشەیە بوو بە نازناوی ئەو تێکۆشەرە کوردانەی کە لە باشووری کوردستانەوە روویان کردبووە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بارزانییەکان کە لە سوپای کۆماردا دەورێکی کاریگەریان هەبوو. هەر لەو سەردەمەوە وشەی پێشمەرگە رۆژهەڵات و باشووری کوردستانی گرتۆتەوە.

دوای ئەم قۆناغە کاتێک حیزب و رێکخراوی دیکەی کوردی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دامەزران وشەی پێشمەرگە بۆ تێکۆشەرانی ئەو حیزب و رێکخراوانەش بەکار هات. ئەگەر لە مێژووی نزیک بە ٧٠ ساڵەی لە دایکبوونی پێشمەرگەوە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان بە داخەوە ناکۆکی و تەنانەت دوژمنایەتییەکانیان لە هاودەنگی و هاوکاریی نێوانیان زیاتر بووە، بە خۆشییەوە لە بەکار هێنانی نازناوی پێشمەرگەدا بۆ تێکۆشەرانیان هاودەنگ بوون.

تەنانەت دوژمنانی کوردیش بۆ لەبار بردنی پیرۆزیی پێشمەرگە کەڵکی خراپیان لەو ناوە وەرگرتوە. کۆماری ئیسلامی وشەی پێشمەرگە بە پاشگری مسوڵمانەوە بۆ ئەو کەسانە بەکار دێنێ کە بە کرێیان دەگرێ و لە دژی "پێشمەرگە" رایان دەگرێ. بەڵام زاراوەی "پێشمەرگەی مسوڵمان" هیچ کات جێگای وشەی "جاش"ی نەگرتەوە و نەکەوتە سەر زارو زمانان.

ئەمرۆ لە کاتێکدا کە وشەی پێشمەرگە سنووری کوردستانی بریوە و چووەتە نێو فەرهەنگی وشەی بێگانانیش و تەنانەت لە سەرانسەری جیهاندا کوردی پێ دەناسرێتەوە، لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەو وشەیە بۆ خەباتکاری کورد بەکار نایە. لە باکووری کوردستان وشەی ئیتالیایی "گەریلا" بۆ تێکۆشەر و گیانبازی کورد بەکار دێ.

## پێشمەرگە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتدا

هەرکە وشەی پێشمەگە داکەوت، بوو بە مایەی شێعرە هەر بەپێزەکانی شاعیرانی ناوداری کورد،بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە شێعرەکانی دوو شاعیری گەورەی کورد هێمن و هەژاردا.

ئیدی لەوکاتەوە پێشمەرگەو ئەدەبیاتی کوردی لە دوو بارەوە دەستلەملانی یەکتر بوون: یەکەم، پێشمەرگەی ئەدیب و دووەم، ئەدەبیاتی پێشمەرگانە.

ئەگەر چاوێک بە ژیانی شاعیران و هونەرمەندانی ناسراوی کورد لە رۆژهەلات و باشووری کوردستاندا بخشێنی بە دەگمەن ئەدیب یان هونەرمەندێک شک دبەی کە ماوەیەک یان هەتا سەر پێشمەرگە نەبووبێ. لە نێو ئەواندا پێشمەرگەی شاعیرو هونەرمەند کە شەهید بوون بە داخەوە کەم نین.

ئەدەبیاتی پێشمەرگانە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا یەکجار دەوڵەمەندە. پێشمەرگە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی دا: لە شێعر، رۆمان، چیرۆک، شانۆ، فیلم، وێنە کێشان، سروودو گۆرانی و...دا حوزووری پڕڕەنگی هەیە. تەنانەت پێشمەرگە بۆتە بەشێک لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریک، واتە هەڵقولاوی ناخی کۆمەلایەتیی خەڵک کە روون نیە خاوەنەکی کێیە. جێی سەرنجە کە ئەدەبیاتی پێشمەرگانە تەنیا رەنگدانەوەی هەستی پیرۆزی ئازادیخوازی و نیشتمانیی ئەدیبانی کوردە کە قازانجی ئابووریی لە پشت نیە. تەنانەت ئەدیبانی کورد سەبارەت بە دەربڕینی بیری ئازادیخوازی و پێشمەرگانە، جگە لەوەی ماڵ و سامانیان لەدەست داوە، گیانیشیان کەوتۆتە مەترسییەوە، بە پێچەوانەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان کە سەرەڕای خەرجکردنی پووڵ و بوودجەیەکی زۆر هونەر و ئەدەبیاتێکی قەڵب و بێنێوەرۆک بەرهەم دێنن.

رۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

هەرچەند لە قۆناغی خەباتی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی کورددا بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەر حیزبێک هێزی پێشمەرگەی خۆی هەیە، بەلام بزووتنەوەی کورد لەسەر شانی پێشمەرگە و لە سایەی فیداکاریی پێشمەرگە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا. لە راستیدا هێزی پێشمەرگە نەیهێشتوە خەونی لەنێوچوون و گیرانی تێکۆشەرانی کورد وەدی بێ. زامنی پاراستنی بزووتنەوەی کورد هێزی پێشمەرگە بووە. تێکۆشەری سیاسیی کورد لە کاتێکدا کە مەترسیی مەرگی لەسەرە، تەنیا زامنی پاراستنی ئەو، چەکی دەستیەتی، بۆیە هەرلەو کاتەدا کە تێکۆشەرێکی سیاسییە، پێشمەرگەشە. ئەگەر پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی نەبوایە ئاسەوارێک لە بزووتنەوەی کورد نەدەما.

لەو کاتەوە پێشمەرگە لەدایک بووە، دوژمنە رەنگاورەگەکانی کورد کە بە چەکی ولاتانی بێگانە تەیارن خۆیان لە هیچ چەشنە جینایەتێک لە دژی کورد و پێشمەرگە نەپاراستوە. لە کۆنەوە باو بووە کە دەڵێن تەنیا پشت و پەنای کورد چیاکانن، ئەم قسەیە لانی کەم هەتا ئێستا لە بارەی رۆژهەلاتی کوردستانەوە راستە، لە چیاکانیش تەنیا شتێک کە بزووتنەوەی کورد و پێشمەرگە دەپارێزێ چەکەکانیانە.

جیاوازیی پێشمەرگە لەگەڵ سەرباز

وشەی پێشمەرگە هیچکات بەرامبەر بە وشەی سەرباز نیە، چونکە سەربازی زۆرەملییە، ئەگەر کەسێک لە ئەرتەشدا بمێنێتەوە پلە و پایەو ئیمتازاتی ئابووریی زیاد دەبێ. بەلام پێشمەرگایەتی لەسەردەمی خەبات بۆ ئازادیدا نە بە زۆرە ملییە و نە ئیمتیازاتی ئابووری لە پشتە، تەنیا بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری هەوێنی پێشمەرگایەتییە.

پێشمەرگەی کورد بە پێچەوانەی سەربازانی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە باری رەگەزییان هەیە و لە جینسی نێر پێک هاتوون، پێشمەرگەی کورد جیاوازیی رەگەزی ناناسێ. ژنان و پیاوانی کورد، کوڕ و کچ شانبەشانی یەک لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا تێدەکۆشن. لە راستیدا پێشمەرگایەتیی ژنان پێناسەیەکی دیکەی بە ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا بەخشیوە. نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد کە ژنانی شانبەشانی پیاوانی لە پێناو ئازادی و نیشتیمانەکەیاندا گیانی خۆیان دادەنێن، ئاسۆیەکی روون و دیاری لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی ستەمی جینسی دا لە پێشە.

## رەسالەتی پێشمەرگە

دەبێ دان بەوە دابنێین هەتا ئێستا "پێشمەرگە" پڕ بە مانای خۆی پێناسە نەکراوە. کە ناوی پێشمەرگە دێ، ئەفرادی چەکداری حیزبە کوردییەکان بە بیرو زەینی خەڵکی دا دێ. لە کاتێکدا لە بەرنامەی زۆربەی حیزبە کوردییەکاندا هێزی پێشمەگە ئاسایش و ئەمنییەتی کوردستان دەپارێزێ کە نابێ سەر بە حیزبێکی تایبەت بێ. پێشمەرگە، پێشمەرگەی کوردستان و حکوومەتی کوردییە نەک حیزبەکان. لە بەرنامەی حیزبەکاندا، حیزب کاری سیاسی دەکا نەک نیزامی، بەڵام هێزی پێشمەرگە کاری نیزامی دەکا و ئەرکی پاراستنی کوردستانە نەک پاراستنی ئەحزاب. لە باشووری کوردستان کە کورد چارەنووسی خۆی بەدەستە کار بۆ ئەوە دەکرێ کە هێزی پێشمەرگە سەر بە حکوومەتی کوردستان بێ و پێویستە حیزبەکان لە پێشبڕکێی سیاسی دابن تاکوو لە شەڕو کێشەی نیزامیدا. لە مێژووی کورد دا هەرکات حیزبەکان لە شەر و کێشە دابوون بە داخەوە پێشمەرگە لە بەرامبەر پێشمەرگەدا راوەستاوە و تەنانەت یەکتریان شەهید کردوە. بۆیە ئەرکی واقعیی پێشمەرگە بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەرکێکی نیشتیمانی بێ تاکوو حیزبی.

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە مەرج نەبووە کە تەنیا لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پێک بێ، بارزانییەکان و تێکۆشەرانی کوردی باشوور کە لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون، تەنانەت هەر لەو کاتەدا کە ئەوان لە هێزی پێشمەگەی کوردستاندا بوون، بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفا ساڵێک دوای دامەزرانی حیزبی دیموکرات، پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. کەوابوو ئەو کات لانی کەم دوو حیزب، تەنانەت لە دوو پارچەی کوردستان بە یەک هێزی پێشمەرگەوە لە کۆمار دا هەبوون.

لە قۆناغی ئازادی و دەسەڵاتی کوردی دا کە بە داخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەکەی کورت بووە، رەسالەتی پێشمەگە پاراستنی کۆمار لە مەترسییەکان و دابینکردنی نەزم و ئاسایشی کوردستانە.

لە قۆناغی خەبات بۆ ئازادی دا ئەرکی پێشمەرگە لە لایەک بەربەرەکانی لە دژی مەترسییەکانی رێژیمە دیکتاتۆرەکانە و لە لایەکی دیکەش پاراستنی بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی کوردە. لەم قۆناغەدا تێکۆشانی حیزبی و سیاسی لەگەڵ پێشمەرگایەتی لێک جیا ناکرێنەوە. ئازادیخوازی کورد هەمیشە مەترسیی دوژمنانی لەسەرە، بۆیە هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی سیاسی دا ئەرکی پێشمەگایەتییشی دەکەوێتە سەر شان. بۆیە پێشمەرگە هەر لەو کاتەدا کە چەکی دیفاع و بەربەرەکانیی بە دەستە، دەکرێ روونکبیرێکی سیاسی، نووسەر، شاعیر، هونەرمەند و خوێندەوارێکی شارەزاش بێ.

**وێنایەکی گشتی لە پێشمەرگە: پێشمەرگە بریتییە لەو پیاو و ژنە کوردانەی کە توانا ئینسانییەکانی خۆیان خۆ بەخشانە لە پێناوی ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیاندا تەرخان دەکەن و لەو ڕێگایەدا ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشن.**

**سەرچاوە : کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٤**

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٢

========================================

## رووخانی رێژیمی سووریە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێ؟

ساڵی رابردوو رێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیەدا بە روونی گوتی پشتیوانی لە رێژیمی سووریە :» پشتیوانی لە هێڵی پێشەوەی بەربەرەکانی لە دژی سەهیۆنیزمە«و درێژە بەو پشتیوانیە دەدا. پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە رێژیمی سووریە لێرەوە دەست پێ ناکا، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هاوپەیمانەتییەکی کەموێنە لەنێوان ئەم دوو رێژیمەدا هەبووە کە بۆ ٣ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم، هۆی مەزهەبیو فیرقەگەرایی ئایینی: بنەماڵەی ئەسەد کە لە ساڵی ١٩٧٠وە لە رێگای کوودیتاوە دەسەڵاتی سووریەی بەدەستەوە گرت سەر بە بنەماڵەیەکی شیعیی عەلەویە کە ١٣% حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک دێنێو ئەو بنەماڵەیە هەموو هێزو دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی پاوان کردوە. بۆ رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە جیهانبینییەکەی لەسەر ئەم بەشە لە فیرقەی مەزهەبی دامەزراوە، بنەماڵەی ئەسەد و رێژیمەکەی بۆ ئەو رێژیمێکی دڵخوازە. دووەم، هەر لەسەرەتای پەیدا بوونی وڵاتی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهانەوە، سووریە لە هێڵی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دابووە. دژایەتی لەگەڵ بوونی ئیسرائیل و قازانجەکانی لە ناوچەدا لانی کەم لە سیاسەتی راگەیاندراو و ئاشکرای دا ئەوەندە پێی لەسەر داگیراوە کە وەک روکنێک لە ئەرکانی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیی لێ هاتوە. دوژمنایەتیی سووریە لەگەڵ ئیسرائیل ـ هەرچەند لەم ساڵانەی دووایی دا شەڕی راستەوخۆ و رووبەرووی تێدا نەبووـ هۆیەکی گرنگ بۆ نزیکایەتیی رێژیمی ئێران و سووریە بووە. سێیەم، سووریە هەمیشە داڵدە و پەناگەی دوژمنانی ئیسرائیل بووە. شیعەکانی لوبنان کە هێزێکی سەر بە ئێرانن، لە رێگای سووریەوە یارمەتییەکانی ئێرانیان پێ گەیشتوە و لە راستیدا حیزبوڵلای لوبنان نوێنگەی هێزو نفووزی ئێرانو سووریە لە لوبنان دابووە، تەنانەت تا ساڵی ٢٠٠٥کە رەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی لوبنان بە پیلانی رێژیمی سووریە تێرۆر کرا، سوپای سووریە لە رێگای حیزبوڵلاوە کۆنترۆڵی بەشێک لە خاکی لوبنانی بەدەست بوو.

ئەم هۆیانە وایان کردبوو کە پێوەندییەکی لە دۆستایەتی هەورازتر لە نێوان رێژیمی ئێران و سووریەدا هەبێ و پێوەندییەکی «یەک ماڵەکی«یان لە نێوان دا بمەزرێ. تەنانەت جاری وابووە ئێران لە ژێر ناوی » یارمەتییە بێ بەرامبەرەکان»دا نەوتێکی زۆری بە سووریە بەخشیوە، لە حالێکدا هەم بۆخۆی لەشەڕ لەگەڵ عێراقدا بووە و هەم خەڵکەکەی لە هەژاریو بێدەرتانی دا ژیاون.

ئاکامی ئەو دۆستایەتییە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوە بووە کە: رۆژ لە رۆژ زیاتر نفووزی لەم ناوچە حەسساسەی جیهان دا هەبێ و بتوانێ کاریگەریی لەسەر رووداوەکانی ناوچەکە هەبێ. شەڕێک کە دەبێ ئێران لە سەرخاکی خۆی و لە سنووره ئاوییەکانی لەگەڵ

رۆژئاوا بیکا، لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بە هێزی ئینسانیی دەست پێوەندەکانی لە ناوچەدا دەیکا، بۆ وێنە تەقاندنەوەی کەشتیی ئەمریکا لە سنووره ئاوییەکانی لوبنان لە سەرەتای دەیەی ٨٠ی زایینیدا، بە بارمتەگرتنی سەربازانی ئەمریکا لە لوبنان، چەندین شەڕو پێکدادان لەگەڵ ئیسراییلو..هتد. لە راستیدا ئێران لە کۆنەوە ناوچەی لوبنانو فەلەستینو خودی سووریەشی ( کە لە جوغرافیای کۆندا بە شام ناسرابوو ) کردۆتە مەیدانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە قیمەتی ئاژاوەگێڕی لەم ناوچەیەداو بە پاراستنی سەقامگیریو هێمنی لە خاکی خۆیو سنوورەکانی خۆی دا. لەوەش گرنگتر، بەشی هەرە زۆری کردەوە تیرۆریستییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا لە دژی قازانجەکانی رۆژئاواو ئیسراییلو تەنانەت تیرۆری موخالیفانی خۆی لە دەرەوەی وڵات بە دەستوپێوەندەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا ئەنجام داون، کە شیعەکانی لوبنان لەم بارەیەوە وەک « سەربازانی بێ ناوو نیشانی ئیمامی زەمان» خزمەتێکی زۆریان بە رێژیمی ئێران کردوە. جگە لەمانەش هاوپەیمانەتی لەگەڵ رێژیمی سووریە ئەو ئیمکانەی بۆ رێژیمی ئێران پێک هێناوە کە بتوانێ رقەبەرەکانی لەم ناوچەیەدا لاواز بکا و بۆخۆی ببێتە ئەکتەری سەرەکی لە ناوچەکەدا بە جۆرێک کە هەم بۆخۆی لەم ناوچەیەدا رووداوخوڵقێن بێ و هەم رووداوەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

لە مارسی ٢٠١١ەوە کە شۆرش لە سووریە دەستی پێ کردوە سێبەری خستۆتە سەر « قۆناغی زێڕینی« نفووزی ئێران لە ناوچەی سووریە و دەوروبەری دا. رووداوەکانی ئەم چەند رۆژو حەوتووەی رابردوو بە روونی و بە ئاشکرا ئاماژە بە رووخانی رێژیمی سووریە دەکەن. پێشڕەوییەکانی سوپای ئازادی سووریە لە نێوخۆی ئەم وڵاتەدا لەلایەک و ناهومێدییەکانی رێژیمی رووسیە وەک بەهێزترین هاوپەیمانی سووریە لە ئاستی جیهاندا لەبارەی چارەنووسی رێژیمی ئەسەدەوە لەلایەکی دیکەوە، هەروەها پێکهاتنی ئاڵتەرناتیڤی رێژیمی ئەسەد و بە رەسمی ناسرانی لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە، پێمان دەڵێن کە رێژیمی ٤٢ ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد لە مانگ و رۆژەکانی کۆتایی تەمەنی دایە.

رووخانی رێژیمی سووریە کاریگەریی زۆرگرنگی لەسەر ئێران دەبێ. بەر لە هەموو شتێک لە روانگەی حکوومەتی داهاتووی سووریەوە کۆماری ئیسلامی شەریکی رێژیمی بەشارئەسەد لەکوشتو کوشتاری خەڵکی سووریە لە ماوەی ٢ ساڵی رابردوو دایە. گەلێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە هەبوونی چەکو تەقەمەنیی ئێران بۆ کوشتاری خەڵکی راپەڕیوی سووریە لەبەر دەستی سوپای ئازادی سووریەدان کە ئێران بۆ سووریەی ناردوون. تەنانەت ئەفرادو پسپۆرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی لەسەرکوتی موخالیفانی سووریەدا گیراون یان کوژراون. لەوەش زیاتر ئیدی شۆرشی سووریە بە کردەوە شۆرش لە بەرامبەر هێزەکانی بەشار ئەسەد و نێردراوانی کۆماری ئیسلامی دایە. بێگومان ئەوە کاریگەریی زۆری لەسەر پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا دەبێ و کۆماری ئیسلامی تەواوی ئەو قازانج و نفووزەی لە دەست دەدا کە لە سووریە دا هەیبوون.

سووریە تا ئێستاش پردی پێوەندیی نێوان شیعەکانی لوبنان و ئێرانە. هەر وەک گوترا نفووزی رۆژلەرۆژ زیاتری ئێران لەو ناوچەیەدا بەشی هەرە زۆری لە رێگەی سووریەوە بووە. بە رووخانی رێژیمی ئەسەد ئەم پردەش دەرووخێ. هەرلە ئێستاوە نیشانەکانی کەمبوونەوەی رۆڵ و نفووزی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین بە هۆی رووداوەکانی سووریەوە بەدی دەکرێن. کۆماری ئیسلامیو حەماس لەسەر رووداوەکانی سووریە ناکۆکیان لێ پەیدا بووە و لێک دوور کەوتوونەتەوە. لە داهاتوو دا ئێمە شاهیدی کۆتایی هاتنی » قۆناغی زێڕینی» نفووزی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا دەبینو ئەم جەبهەیەی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا لە بەرامبەر وڵاتانی

رۆژئاواو ئیسراییل دا کردبوویەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر خاکی خۆیو ئیدی ناتوانێ شەریک کە وەرێی خستوە لەسەر خاکی وڵاتانی دیکەو بە هێزی ئینسانیی دەستو پێوەندیەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی درێژە پێ بدا.

ئاکامێکی دیکەی رووخانی رێژیمی ئەسەد بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوە دەبێ کە ئەم رێژیمە چیدیکە ئەکتەری سەرەکی لەو ناوچەیەدا نابێ. هەتا ئێستا بە تایبەتی ئێرانو پاشان رووسیە کاریگەریی بێئەم لاو ئەو لایان لەسەر رووداوەکانی ئەم ناوچەیە هەبووە. بە رووخانی رێژیمی سووریە ئەم دوو وڵاتە جێگای خۆیان دەدەن بە تورکیە و عەرەبستانی سەعوودی کە لەمێژە لەسەر نفووز لەم ناوچەیەدا لە رقەبەرایەتی دان. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە لە ماوەی شۆرشی خەڵکی سووریەدا ئەم دوو وڵاتە بە روونی و بە ئاشکرا پشتیوانییان لە شۆرشگێرانی سووریە کردوە. بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی دامەزراندنی پێوەندییەکی پتەوو نزیک لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەو هاوکێشە سیاسییەکان دەقاودەق پێچەوانە دەبنەوە. رەنگە ئەگەر رەوتێکی ئیسلامیی میانەرۆ لە چەشنی تورکیەو عەرەبستان لە سووریە بێتە سەرکار، روانگەیەکی نوێو هەڵوێستێکی دۆستانە لەبەرامبەر رۆژئاوادا زاڵ بێ.

کاریگەرییەکی گرنگی دیکە کە رووخانی رێژیمی سووریە لەسەر ئێران دەیبێ ئەوەیە کە : لە رووی هەستو دەروونەوە کۆمەڵگای سیاسیی ئێران دەهەژێنێ. هەرچەند یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بە رێژیمی سووریەو تەنانەت هەوڵدان بۆ بردنە سەری قوربانیەکانی ئەم شۆرشە بۆ ئەوەی بە خەڵکی ئێران نیشان بدا کە ئەگەر دەتانەوێ شۆرش وەرێ بخەن، ئەوە نرخەکەیەتی، بەڵام هەرکە رێژیمی سووریە رووخا، ئەم سیاسەتە ئاکامی پێچەوانەی دەبێ. خەڵک دێنە سەر ئەو باوەڕە کە هەرچەند رێژێمیک درندەو بێ روحم بێ، هەرچەند دەوڵەتانی دیکەش یارمەتیی بدەن، لەشکان نەهاتوو نییە. لە حاڵێک دا رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بوونی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەربڵاو بە رادەی رێژیمی سووریە کۆنترۆڵی بەسەر ئێراندا نییە. بەر لە شۆرشی سووریە، ئەم وڵاتە زۆر لە ئێران سەقامگیرتر بوو، باری ئابووریو گوزەرانی خەڵکی لەسەر تر بوو، ئۆزیسیۆنێکی بەرچاوی نەبوو، رێژیمەکەی کۆنترۆڵێکی سەرسورهێنەری بەسەر وڵاتدا هەبوو. پشتیوانیی رووسیەش لە رێژیمی ئەسەد چەندەی بۆ ئەم رێژیمە خێر دایەوە لە هەر چەشنە رووداێکی لەم چەشنە لە ئێرانیش دا هەر ئەوەندەی خێر بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ. بە کورتی پشتیوانیی بی ئەم لاو ئەولای کۆماری ئیسلامی لە رێژیمی بەشار ئەسەد لە حاڵێکدا نیشانەکانی رووخانی بە روونیو بە ئاشکرا دیارن، مەترسییەکی گەروە بۆکۆماری ئیسلامیی تێدا بەدی دەکرێ.

لە ژمارە ۵۹۹ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ۵ی ژانویەی ۲۰۱۳

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# « کوردستان»و گەشەی زمان

نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مافی خوێندنو پەرەپێدانی زمانو فەرهەنگی خۆی کە مافێکی سروشتیو ئینسانییە بێ بەشە. ئەگەر شاعیران، رووناکبیرانو خوێندەوارانی کوردو رێکخراو و ئەحزابی سیاسی لەم یەک دوو سەدەیەی رابردوودا بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی نەختبایە سەر کاغەز رەنگ بوو لە ژێر تەوژمی ئاسیمیلاسیۆنیی نەتەوەباڵا دەستەکانی دەوروبەر ئەم زمانە بەم جۆرە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

لە ئێراندا دەسەڵاتدارانو نەتەوەی باڵادەست تەنیا زمانی فارسی بە زمانی رەسمی دەناسن و هەر ئەو زمانەش دەرفەتی خوێندن و فێرکرانی هەیە و هەموو مەسەلە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بەم زمانە بەیان دەکرێن. ئەم رەوتە لە ماوەی چەندین دەیەدا ئەو گومانەی بۆ ئێرانییەکان بە گشتی و نەتەوەی فارس بە تایبەتی پێک هێناوە کە تەنیا زمانی فارسی دەرەقەتی ئەم بوارانە دێ و زمانەکانی دیکە لە توانایان دا نیە بینە زمانی ئەدەبی و سیاسی و لە بواری پەروەردە دا بەکار بێن. لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە ئەم رەوتە باوەڕ بەخۆبوونیان لە بەشێک لە رۆلەکانی خودی نەتەوەی کوردیش دا یان خنکاندوە، یان لاواز کردوە. بەڵام ئەگەر سەیرێکی رەوتی دەرچوونی »کوردستان» بە تایبەتی و رۆژنامەنووسیی کوردی بەگشتی بکەین، پێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەڵەیەمان بۆ دەردەکەوێ.

دیارە بەر لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی » کوردستان « ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤دا لە مەهاباد،کورد ئەزموونی رۆژنامەنووسیی هەیە. لە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ٢٨ی ئاوریلی ١٨٩٨دا لە قاهیرە ( کردستان ) تا یەکەم ژمارەی » کوردستان « لە مەهاباد، گەلێک گۆڤارو رۆژنامەی دیکەی کوردی بڵاو بوونەوە کە بێگومان « کوردستان « کەڵکی لەو ئەزموونانە وەرگرتوە.

« کوردستان « هەم لە باری ماوەی دەرچوونی و هەم لەم بارەیەوە کە زمانحاڵی حیزب و حکوومەتی کوردی بووە لە رووی زمانەوە ئاوڕی لە گەلێک بوارو گەلێک مەسەلە داوەتەوە کە لە زمانو زمانی نووسینی کوردیدا پێشتر جێگای باس نەبوون یان کەمتر باسیان کراوە. هەر بۆیە ئەو بابەت و مەسەلە جۆراوجۆرانە کاریان کردۆتە سەر زمان و گۆڕان و بەرەوپێشبردنێکی زۆریان لە زمانی کوردیدا پێک هێناوە، بە جۆرێک کە درێژەکێشانی ئەم رەوتە وای لە زمانی کوردی کردوە کە تا رادەیەکی زۆر بتوانێ ببێتە زمانێک کە لە هەموو بوارە زانستی وفەرهەنگییەکان دا ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنێ کە هەموو زمانانی زیندوو بە جێی دەگەیەنن.

زانستی زمان ئەوەی روون کردۆتەوە کە هەموو زمانێک لە حاڵی گۆڕان دایە. بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵو پەیدا بوونی دیاردە وکەرەستەی نوێ، زمانیش پێش دەکەوێ و وشە و دەربڕینی نوێ بۆ ئەو دیاردە و کەرەستە نوێیانە دادەنێ و بەم جۆرە زمان دەگۆڕێ و لە هەموو سەردەمێک دا وەڵامدەر دەبێ. ئەگەر زمانێک لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ نەچێتە پێش و پێی نەنووسرێ تەریک دەبێتەوە وردە وردە دەفەوتێ. زمانی کوردی لەم بارەیەوە قەرزداری رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردیە، بە تایبەتی رۆژنامەی » کوردستان « لەم

**بارەوەیەوە لە ئاسمانی تاریک و تنووکی کوردستاندا یەکێک لە ئەستێرە هەرە درەوشاوەکانی زمانی کوردی لەوسەردەمە دابووە.**

**ئەو بۆچوونە کە گۆیا زمانێک ناتەواوە و توانای بەیان و دەربڕینی لە هەموو بوارو بابەتەکاندا نییە، بۆچوونێکی نازانستی و بێ بنەمایە و زانستی زمان بە تەواوی رەتی دەکاتەوە. زانستی زمان ئەوەی روون کردۆتەوە کە زمانێک نییە لە زمانێکی دیکە چاکترو زمانێک لە زمانێکی دیکە خۆشترو، زمانێک لە زمانێکی دیکە شیرینتر بێ. هەموو زمانەکان ئەرکیان وەک یەکە و هەموویان خاوەنی تایبەتمەندیی وەک یەکن و هەموویان هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵ گەشە دەکەن. ئەو گەشەکردنەش بەچوار رێگای سەرەکی دا روو دەدا. با بزانین نموونەی ئەم گەشە کردنە لە رۆژنامەی » کوردستان« ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا چۆنە :**

**١ ـ یەکێک لە رێگاکانی گەشەکردن و فراوانبوونی زمان ئەوەیە کە زمان بە پێی رێزمانی خۆی وشە و زاراوە بۆ بابەتی نوێ و دیاردەی نوێ دادەنێ. بە زیاد کردنی پێشگر یان پاشگرێک بە وشەیەکی دیکە، یان لێکدانی دوو وشە، وشەی نوێ دروست دەبێ کە پێشتر بەو شێوەیە نەبووە. بۆ وێنە لە ژمارەکانی ١٢، ١٧، ١٩، ٢٠و ٢٣دا بە فەرمانی پێشەوا قازی محەممەد دەیان وشە بە تایبەتی لە بواری نیزامی دا بە زمان کوردی دانراون کە تواناو زەرفیەتی زمانیی کوردییان لەم بوانەدا بردۆتە سەر:**

| ژمارەی رۆژنامە | وشەی کوردی | وشەی بێگانە |
|---|---|---|
| ١٢ | زانست | علم |
| ١٩ | شەقامەڕێ | شوسە |
| » | شاروکە | قصبە |
| ٢٠ | بەرگێڕەوە | مانع |
| ٢٣ | نیشانەدار | درجەدار |

**٢ ـ زمانێک وشە یان زاراوەیەک لە زمانێکی دیکە ( کە بە زۆری زمانی دراوسێیە ) وەردەگێڕێ و بەرامبەرەکەی لە زمانی خۆیدا بۆ دادەنێ و فەرهەنگی وشەو زاراوەی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند دەکا. بۆ نموونە لە رۆژنانەی » کوردستان« دا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێ:**

| ژمارەی رۆژنامە | وشەی وەرگێڕدراوی کوردی | وشەی سەرچاوە |
|---|---|---|
| ١٢ | سەرپۆل | سرهنگ |
| ١٧ | تووشهاتی هەردی | عوارض زمینی |
| ١٩ | عەرابە ڕێ | ارابە رو |
| ١٩ | خاکرێژ | خاکریز |
| ٢٠ | پاڵگە | تکیەگاە |
| ٢٠ | روانگە | دیدگاە |

**٣ ـ زمان وشە و زاراوە لە زمانانی دیکە وەردەگرێ. هیچ زمانێک نییە کە هەموو وشەو زاراوەکانی ئی خۆی بن و هیچ وشەیەکی لە زمانێکی دیکە وەرنەگرتبێ. لە رووی زانستییەوە زمانێک ئەگەر وشە و کەرەستەی زمانی لە زمانێکی دیکە وەرنەگرێ ئەو زمانە تەریک دەکەوێتەوە. بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە نەتەوەکانی جیهان لە پێوەندییەکی بەردەوامو خێرا و بەربڵاو دان و ئاڵوویری بازرگانی زۆرە، گەلێک وشەو زاراوە بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبنەوە و دەچنە نێو زمانانی میللەتانەوە. لە رۆژنامەی « کوردستان» دا ئەم دیاردەیە گەلێک بەرچاو دەکەوێ. جاری وایە لە رادەی ئاسایی دەرچووە. پێویستە بگوترێ لە وەرگرتنی وشەی بێگانەش دا دەبێ سنوور هەبێ و کاتێک زمانەکە بۆخۆی وشەی هەیە یان دەتوانێ وشە دروست بکا، پێویست ناکا زۆر پەنا ببرێتە بەر هێنانی وشەی بێگانە.**

**«کوردستان»ی سەردەمی کۆمار لە چاو ئێستا وشەی بێگانەی زۆر تێدایە. بە تایبەتی وشەی عەرەبیو فارسی. وشەی لاتینیی زۆر کەم تێدایە، هێندێک وشەی وەک: دیموکراسی، دیموکرات. سوسیالیزم، شیلینگ ( رێزگرتنی نیزامی ) ، ناوی مانگەکان بەلاتینی : ئاوریل، ژانویە، مارس...هتد لە سەر کلێشەی هێندێک لە ژمارەکانی هەن، بەڵام وشەی فارسیو عەرەبی یەکجار زۆرن:**

**« کورد تنها میللەتیکە کە رسوم آداب باستان و شعائر میلیو خصایصی ذاتی خوی لەدەست نداوە...»**

**٤ ـ زمان وشەیەک یان زاراوەیەک کە بۆ بوارێکی بەرتەسک لە کۆندا بەکار هاتوە لە بوارێکی نوێترو بەرفرەوانتردا دا بەکار دێ. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیسیدا وشەی ( mouse ) کە بۆ ناوی گیانلبەر بەکار دێ، ئەمڕۆ گوازراوەتەوە بۆ بواری تیکنۆلۆژی لە کامپیۆتێردا.**

| ژمارە | وشە | بواری بەرتەسک یان کۆن | بواری نوێ یان بۆ مەبەستێکی دیکە |
|---|---|---|---|
| ١٢ | پێشمەرگە | پیاوی ئازاو لەخۆبردوو | سەربازیو فیداکاری کورد |
| « | هێز | تینو تاو | لەشکرو ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار ( سوپا ) |
| « | پۆل | چەن دانە لەهەر جۆرێک | بۆ دەستەیەک لە هێزی پێشمەرگە |
| « | لک | بەشێک لە دار | بۆ دەستەیەکی فرەوانتر لە پۆل |

**باسی گەشەی زمان لە رۆژنامەی «کوردستان» دا لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل هەڵ دەگرێ،بەڵام من، لەم دەرفەتە دا کە بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی شەشسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای» کوردستان»، بۆم پێک هاتوە، بەوەندە قەناعەت دەکەم. هیوادارم خۆم یا کەسانی دیکە بتوانین لەم بارەیەوە، شتی شایانی ئەم رۆژنامەیە بنووسین.**

**لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٣**

# تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیو مەترسییەکانی

لە ٢٠ی ژوئیەی ٢٠١٢ ئوتووبووسێکی هەڵگری توریستەکانی ئیسرائیل لە شاری بورگاسی بولغارستان تەقیەوە و ٥ ئیسرائیلی کوژران. هەر لەو سەروبەندەدا سەفارەتی ئیسرائیل لە هیند و تورکیە کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستی. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ تیرۆری چەند کەس لە زانایانی بواری ئەتۆمیی ئێران لە چەند کردەوەی تیرۆریستی دا و کۆماری ئیسلامی، ئیسرائیلی بە تاوانبار دەناسی. پاش تیرۆری بورگاس هەموو قامکەکان بەرەوە حیزبوڵلا و کۆماری ئیسلامی راداشتران . چونکە وا دەهاتە بەرچاو کە ئەم کردەوەیە لە تۆڵەی ٣ زانای بواری ئەتۆمیی ئێران دا بێ. سەرەنجام لە ٥ی فێوریەی ئەم ساڵدا ئەو گومانانە وەڕاست گەڕان. دەزگای قەزایی بولغارستان رای گەیاند کە دوو لوبنانیی سەر بە لقی نیزامیی حیزبوللاّن ئەم کردەوەیەیان ئەنجام داوە و بە پێی بەڵگەکان لەوانەیە ئێران لە پشت ئەم کردەوە تیرۆریستیەوە بێ.

کەیسێکی دیکەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لەسەر مێزە، پێوەندیی بە تەقینەوەی ناوەندی فەرهەنگیی جوولەکەکانەوە هەیە. لە ١٨ی ژوئیەی ١٩٩٤ دا ناوەندی فەرهەنگیی جوولەکەکان لە بوینیس ئایرێس تەقیەوە و ٨٥ جوولەکە کوژران. پاشان دادگای ئارژانتین لە لێکۆڵینەوەکانی دا بۆی دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەم کردەوەیە بووە. هادیی سولەیمانپوور سەفیری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی فەرمانی گیرانی بۆ دەرچوو. ناوبراوکە لە کاتی فەرمانی گیرانی دا لە بریتانیا خەریکی خوێندن بوو، خێرا برایەوە ئێران. ئێستا دەوڵەتی ئارژانتین بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی چی دیکە خۆی لە لێکۆڵینەوەکان نەدزێتەوە کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی لەگەڵ ئێران پێک هێناوە.

لە ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١١دا مەنسوور ئەرباب سیر دانیشتووی ئەمریکاو بە رەگەز ئێرانی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تیرۆری سەفیری عەرەبستان لەم وڵاتە دەزگیر کراو لە دادگا دا دانی بەوە دا نا کە کۆماری ئیسلامی، کارێکی ئەوتۆی پێ ئەسپاردوە. هەوڵەکەش بۆ ئەوە بوو کە پێوەندییەکانی نێوان عەرەبستانو ئەمریکا لە ناوچە دا بشێوێ.

وێڕای ئەم سێ کەیسە هەر لەو ماوەیەی دواییدا سەرۆک کۆماری نوێی یەمەن ئێرانی ئاگادار کردەوە کە چی دیکە چەک و تەقەمەنی بۆ تیرۆریستانی سەر بە ئەلقاعیدە لە یەمەن نەنێرێ کە لە دژی حکوومەتی تازە نفووزیان کردۆتە وڵاتی یەمەن.

٣٥ ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا تێ دەپەڕێ. ئەگەر چاوێک بەم مێژووە دا بخشێنی، لە راستیدا مێژووی قۆناغێکی مەترسیدار لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەخوێنیەوە کە سێبەری بەسەر ئێرانیەکانو جیهانیەکانەوە هەروا قورستر دەبێ.

شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق تا رادەیەک سێبەری خستبووە سەر مەسەلەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی. ئەوەی لەو ماوەیەدا زۆر کێشەخوڵقێن بوو فتوای قەتڵی سەلمان روشدی لەلایەن خومەینیەوە بووە. بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕ، توانا و ئینێرژیی کۆماری

ئیسلامی سەرفی تێرۆریزم کرا کە پاشان دادگای ئەڵمان سەلماندی کە کۆمیتەیەکی لە پایەبەرزترین بەرپرسانی رێـژیم بـۆ دامەزراوە کە رێبەر سەرۆکایەتیی دەکا. ئەگەر بمانەوێ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی قۆناغبەنـدی بکـەین هـەتا ئێستا سێ شـەپۆلی تێرۆریستی بەدی دەکەین، هەرچەند جاری وایە هەر سێ شەپۆڵ هاوکات بەرچاو دەکەون:

### شەپۆلی یەکەم

لەو قۆناغەدا تێرۆرەکان لە دەرەوەی وڵات بەشی زۆری لە ئورووپا، تورکیەو عێراق بـەڕێوە چوونو ئامانجەکانیش خەباتگێڕانی ئێرانی، بە تایبەتی کوردو لە نێو ئەوانیش دا بە تایبەتی رێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو:

لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا د. عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، عەبدوڵڵا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لـە ئورووپا و د. فازڵ رەسووڵ کوردی عێراقی بـە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی کە بـە رواڵـەت بـۆ وتـووێژ هـاتبوون، لـە ڤییـەن پێتەختی ئوتریش شەهید کران. تێرۆریستان، ئـەمیر مەنسووری بوزورگیـان، جەعفـەری سـەحرارودی و حـاجی مستەفەوی، بـە دەسـتی خوێناوییەوە بەرێکرانەوە تارانو پەروەندەی ئەم جینایەتە هەتا ئێستاش دادگایەکی بۆ پێـک نـەهات و لـە راستیدا بۆتـە قوربـانیی ساتو سەودای نێوان ئوتریشو ئێران.

لە ٦ی ئووتی ١٩٩١دا د. شاپووری بەختیار دوایین سـەرۆک وەزیرانـی رێژیمـی پێشوو لـە ماڵـە خـۆی لـە پـاریس لەگـەڵ سرووشی کەتیبـە لـە هاوکارەکـانی بەدەسـتی کەسـانێکی نێـردراو لەلایـەن کۆمـاری ئیسلامییەوە بـە نـاوەکـانی فەرەیـدوونی بـوییر ئەحمـەدی، محەممەدی ئازادی و عەلیی وەکیلی راد تێرۆر کران.عەلی وەکیلی راد لە ساڵی ١٩٩٤ لە دادگایەک دا دانی بەو مەئموورییەتە دا نا. لە ساڵی ١٩٨٩ش دا جارێک ئەنیس نەققاشی لوبنانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی مەئموورکرا بـۆ تێـرۆری بـەختیار بـەڵام سـەر نەکـەوت و رەوانەی ئێران کرایەوە.

لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا د.سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ فەتاح عەبدولی نوێنـەری حیزب لە دەرەوە، د. هەمایوون ئەردەڵان کادری حیزب لە ئەڵمانو نووری دێهکوردی تێکۆشـەری ئێرانـی لـە بێـرلین پێتـەختی ئـەڵمان تێرۆر کران. دادگای ئەڵمان دوای سێ ساڵ لێکۆڵینەوە سەلماندی کە کازمی دارابی، لەگەڵ دوو لوبنانیی دیکە بـە نـاوەکـانی عەبـاسی راییلو ئەمین جوبرەئیل لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە بۆ ئەم جینایەتە راسپێردراونو کۆمیتـەی تێـرۆر کـە لـە رێبـەرو وەزیـری دەرەوە و وەزیری ئیتیلاعاتو هاشمیی رەفسەنجانی پێک هاتوە بڕیاردەری ئەم تێرۆرە بووە.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١تا ١٩٩٧دا لە عێراقو تورکیە نزیکەی ٢٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی کورد کە زۆربەیان سەر بـە حیزبـی دیموکراتی کوردستان بوون، کەوتنە بەر هێرشی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیو بەشی زۆریان شەهید بوون.

### شەپۆلی دووەم

فشاری بیروڕای گشتیی جیهانیو مەحکوومیەتە بەردەوامەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان لەلایەک و هاتنەسەرکاری سەید محەممەدی خاتەمیو پەرەگرتنی کێشە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە، ماشێنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمەی بەرەو جیابیرانو ئازادیخوازانی نێوخۆ پاڵ پێوەنا.

لە نێوبردنی رەخنەگرێکی زاناو بیرمەندی وەک سەعیدیی سیرجانی لە یەکەم مەوریدەکانی ئەم شەپۆلە بوو کە دیارە بەر لە هاتنە سەرکاری سەید محەممەدی خاتەمی بوو. پاشان ماشێنی تێرۆر ڕووی دە نووسرانو تەنانەت شاعیرانی جیابیرو رەخنەگریش کرد. لە پاییزی ١٩٩٨ دا محەممەدی موختاری، محەممەد جەعفەری پوویەندە، ئیبراهیمی زاڵزادە، لەو وەرگێڕو شاعیرو نووسەرانە بوون کە دەزگای ئیتیلاعاتی ڕێژیم تێرۆری کردن. لە ١ی سەرماوەزی ١٩٩٨دا داریووشی فرووهەرو پەروانەی هاوسەری لە تێکۆشەرانی بەرەی میللی لە ماڵی خۆیان بە چەقۆ ئەنجن ئەنجن کران. لە ژێر فشاری نێونەتەوەییو پەرەگرتنی ناڕەزایی لە نێوخۆدا کۆماری ئیسلامی ناچار بوو لەم رادەیەدا دان بە تاوانەکان دا بنێ کە : ژمارەیەک مۆرەی » خودسەر « لە وەزارەتی ئیتیلاعات ئەم کارەیان کردوە. کێشەکەش بە رواڵەت بە خۆکوژیی سەعیدی ئیمامی ( ئیسلامی) کۆتایی هات، بێ ئەوەی هیچ کەس تەرمەکەی ببینێو بزانن مردوە یان نا.

### شەپۆلی سێیەم

ئەم شەپۆلە لە ٢٠٠٣ بەم لاوە بە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو ئەفغانستان لە دژی حوزووری رۆژئاواییەکان لە ناوچە و لە دژی ئیسرائیل وەڕێ کەوت. هەروەها یارمەتیی مادیو چەکوچۆڵ بۆ گرووپە جیهادییەکان لە ناوچە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی. لەو نێوە دا حیزبوڵڵای لوبنان لە ریزی هەرە پێشەوە دایە. ناردنی چەکوچۆڵ بۆ نەیارانی حکوومەتی یەمەنو گرووپە ئیسلامییەکانی سوودانو پشتوانیی لە لقی ئەلقاعیدەی لە مالی ( لانیکەم لە سیاسەتی راگەیاندن دا ) بەشێکن لەو قۆناغە، هەرچەند هاوکات لەگەڵ قۆناغەکانی دیکەش ئەم شێوە لە تێرۆریزمەشی هەر بەڕێوە بردوە.

ڕێژێمێک بەو کارنامە تێرۆریستیەوە کە هەیەتی هەر رۆژەی چەکێکی قورس بە تاقی دەکاتەوەو هێزە نیزامیەکانی ئێستا لە ناوچەدا تەیارترین و کارامەترین هێزی نیزامین. چالاکییە ئەتۆمییەکانی کە بێگومان بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمییە، رۆژ بە رۆژ پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. بە جۆرێک ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕن. هەربۆیە مەترسیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ جیددیتر دەبێو لایەنەکانی بەربڵاوتر دەبن. بێگومان ئەو مەترسیە دژکردەوەی لە ناوچەدا بەدواوە دەبێو چاوەڕوانیی گەلێک رووداو و ئاڵوگۆڕی لێ دەکرێ.

لە ژمارە ٦٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی : ١٩ی فێوریەی ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# تیزی: « کۆماری»و « ئیسلامی» ، کێشەی سەرکۆمارو رێبەر

له ۱۰و ۱۱ی خاکەلێوەی ۱۳۵۸دا کاتێک خەڵکی ئێران بە زۆرینەیەکی تەواوەوە دەنگیان به « کۆماری ئیسلامی» تاقە سیستمی پێشنیارکراو له لایەن خومەینییەوە دا، جگە له حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتیو خەڵکی کوردستان بە گشتی کەم کەس بیری لەوە کردەوە کە دوو گوتاری « کۆماری»و» ئیسلامی « چ پێوەندییەکان پێکەوە هەیە، کامەیان ئەوی دیکە وەلا دەنێ یان لە باشترین حاڵەت دا کامەیان بەسەر کامەیان دا زاڵ دەبێ. ئەوکات کە هێشتا گەلێک هێزو رێکخراوو کەسایەتیی سکۆلارو دیموکرات لە مەیداندا بوونو دروشم، دروشمی « ئازادی» بوو، خومەینی بە باشی نەیدەزانی راستو رەوان سیستمی دڵی خۆی پێشنیار بکاو، بۆ وێنە بڵێ:» ئیمارەتی ئیسلامی». دەبووا گۆتارێکی وەک « کۆماری»ی لەگەڵ بخا بۆ ئەوەی ئەو هێزانە تروسکایەکی تێدا بەدی بکەن تاکوو دەنگی پێ بدەن.

پێکهاتەی دەسەڵاتو ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکان لە کۆماری ئیسلامی دا لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای ئەو دوو گوتارە جیاوازو دژ بەیەکە دامەزراوە. هێندێک ئۆرگان هەن کە نوێنگەی « کۆماری»یەتو هێندێک ئۆرگانیش هەن کە نوێنگەی «ئیسلامی»یەتی کۆماری ئیسلامین. ئۆرگانەکانی دەستەی یەکەم ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانن، وەک سەرکۆماری، مەجلیس، شووراکان ( کە هەتا ۲۰ ساڵ دواتر هەڵبژاردنی بۆ نەکرا ). ئۆرگانەکانی دەستەی دووەم یان ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەکانن، وەک: نیهادی «ویلایەتی فەقیه»، «شوورای نیگابان»، «مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام». دەستەی یەکەم سێبەری دەسەڵاتەو دەستەی دووەم خودی دەسەڵات. هەرکام لەمانە لە قانوونی ئەساسی دا سەڵاحییەتو دەسەڵاتیان دیاری کراوە. ئەوەی مەبەستی ئەم باسەیە پۆستی سەرکۆمارییە.

### قانوونی ئەساسیو سەرکۆمار

لە ئەسڵی ۱۱۳ی قانوونی ئەساسیدا گوتراوە کە :» پاش پۆستی رێبەری سەرکۆمار بەرزترین پۆستی فەرمیی وڵاتە». بەر لە هەموو شت لە ئەسڵی شەشەم دا گوتراوە ئەو دەسەڵاتەی لە «رێبەر» دەمێنێتەوە لە ئەستۆی سەرکۆمارو وەزیرەکانە:» ئیدارەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری جگە لەو بوارانەی لەم قانووندا راستەوخۆ بە رێبەر ئەسپێردراون، لە ئەستۆی سەرکۆمارو وەزیرەکانە.» لە ئەسڵی ۱۱۰دا ماددەی ۹ « ئیمزای حوکمی سەرکۆمار پاش هەڵبژێران... سەڵاحییەتی کاندیداکانی سەرکۆمار ... دەبێ بەر لە هەڵبژاردن لەلایەن شوورای نیگاهبانەوە تەئیید بکرێو لە پێشداش لە لایەن رێبەرەوە تەئیید بکرێ.»لە ریزی سەڵاحییەتەکانی رێبەر دان. بە پێی ماددەی ۶ی ئەم ئەسڵە فەقیهەکانی شوورای نیگابانیش لەلایەن رێبەرەو دیاری دەکرێن. هەر بە پێی ئەسڵی ۱۱۰ی قانوونی ئەساسی، ماددەی ۱۰، ئەگەر بەرژەوەندیی وڵات بخوازێ » وەلانانی سەرکۆمار» لە دەسەڵاتی رێبەر دایە. لە ئەسڵی ۱۲۲دا سەرکۆمار چۆن لەبەرامبەر مەجلیسو خەڵک دا بەر پرسە، ئەوەندەش لە بەرامبەر « رێبەر»دا بەرپەرسە. لە ئەسڵی ۱۳۰دا کاتێک سەرکۆمار دەست لە کار دەکێشێتەوە لە جیاتی ئەوەی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکێشی مەجلیس بکا، « پێشکێش بە رێبەری دەکاو

تا ئەو كاتەی دەست لەكار كێشانەوەكەی لێ قبوڵ دەكرێ ئەركەكانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ.». لە ئەسڵی ۱۳۱دا ئەگەر سەركۆمار مرد یان وەلانرا... « جێگری یەكەمی سەركۆمار بە رەزامەندیی رێبەر بەرپرسایەتیو سەلاحییەتەكانی بە ئەستۆوە دەگرێ«.

كاتێك چاوێك لەو ئەسڵانەی قانوونی ئەساسی دەكەین بە روونی بۆمان دەردەكەوێ كە » سەركۆمار» كە نوێنگەی « كۆماری»یەتی رێژیمە، بە كردەوە سێبەرو راسپاردەو «پیاوی» «رێبەر»ەو رێبەریش نوێنەرایەتیی « ئیسلامی»یەتی رێژیم دەكا. بێدەسەلاتیو بێنێوەرۆكیی پۆستی سەركۆماری هەرئەوەندە نیە كە لە قانوونی ئەساسی دا دیاری كراوە، بەڵكوو «رێبەر»و ئۆرگانە هەڵنەبژێردراوەكانی دیكە تەنانەت ئامادە نین لەو چوارچێوەیەش دا « سەلاحییەتو دەسەلاتەكانی سەركۆمار» قبوڵ بكەن. بۆ وێنە:

لە ئەسڵی ۱۳۶ی قانوونی ئەساسی دا هاتوە»: سەركۆمار دەتوانێ وەزیرەكان لەسەر كار لابەرێ...»، بەلام دوایین نموونەی پێشێلكرانی ئەم ئەسڵەو دەسەلاتی زیاتر لە قانوونی رێبەر، كاتێك بوو كە سەركۆمار، حەیدەری موسڵیحی، وەزیری ئیتیلاعاتی لەسەر كار وەلا نا، كەچی رێبەر فەرمانی دا بچێتەوە سەر پۆستی خۆی!

## سێ سەركۆماری جەنجاڵی:

### ئەبولحەسنی بەنی سەدر

بۆ هەڵبژاردنی سەركۆمار لە ۵ی رێبەندانی ۱۳۵۸دا خومەینی بە هەر نرخێك بوو كارێكی وای كرد ئەبولحەسەنی بەنی سەدر ببێ بە سەركۆمارو هەر واش دەرچوو. خومەینی لەسەرەتادا پێی وابوو دەبێ شەڕو ململانێی دەسەلات بە كەسێك بكا كە «سەر رووت» بێو ئەو جۆرە كاروبارانەی لە شەئنی « رووحانی»یەك دا نەدەدیت. هەرچەند بەنی سەدر لە سەرەتادا هاوئاهەنگییەكی لەگەڵ كردەوە دیكتاتۆرانەكانی خومەینی و دەسەلاتدارانی راستەقینە كرد، بەلام كەسێك نەبوو بتوانێ تاسەر لەگەڵیان بڕوا. ئەو هەوڵی دەدا پێگەو دەسەلاتێك كە شیاوی سەركۆمارێكە بۆ خۆی مسۆگەر بكا. بۆیە زۆری نەبرد رەخنەی لە هێندێك لەو كردەوانە گرت، بەتایبەتی لە دژی قەلاچۆكردنی زانستگان راوەستا كە خومەینی ناوی لێ نا « شۆرشی فەرهەنگی»! و تەنانەت « شۆرشی دووەم». ئەو لەدژی داگیركرانی سەفارەتی ئەمریكاش راوەستا. هەوەرها لە دژی سەركوتی خوێناویی خۆپێشاندەرانی ۳۰ی جۆرزەردان لەشارە گەورەكانی ئێران هەڵوێستی گرتو لە لایەن خومەینییەوە لەسەر پۆستی سەركۆماری وەلا نراو ناوبراو ناچار بوو لە پووشپەڕی ۱۳۶۰بە نهێنی لە ئێران رابكا.

### سەید محەممەدی خاتەمی

لە دەیەی ۷۰ی هەتاویدا سیاسەتی « بنیاتنانەوە»كە پاش كۆتاییهاتنی شەڕی ئێران ـ عێراق لەلایەن رەفسەنجانییەوە ببوو بە دروشم جگە لە وێرانیی زیاتری بنەما ئابوورییەكان، قەیرانە كۆمەلایەتیو سیاسییەكان، پەرەگرتنی زیاتری تێرۆریزمی دەوڵەتیو گرانی، هیچی دیكەی بەدواوە نەبوو. پێڕەوەكانی كە نازناوی « سەرداری سازندگی (بنیاتنان)»یان پێبەخشیبوو،

بەگاڵتەجاری لە نێو خەڵکدا بە «سردار بازندگی ( دۆڕاو ) ناوی رۆیشتبوو. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا باڵێک لە نێو رێژیمدا سەری هەڵ دا کە بە « ریفۆرمخواز» ناوی دەرکرد. لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا باڵی رێفۆرمخواز کاندیدایەکی بە ناوی « محەممەدی خاتەمی» نارده مەیدانی هەڵبژاردنەوە. بەڕاستی بۆ هیچ کەس ، تەنانەت بۆ رێبەرانی رێژیمیش پێشبینی نەدەکرا کەسێک کە تا ئەو کاتە ناووناوبانگێکی ئەو تۆی نەبوو لە ناتقی نووری بباتەوە کە پێشتر سەرۆکی مەجلیس بوو و دەسەڵاتو ناووناوبانگێکی زۆری هەبوو. هەرچەند خاتەمی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن دەنگی لە پشت بوو کە دەیتوانی ببێ بە پێگەو دەسەڵاتێکی زۆر، کە بێگومان خامنەیی ئەگەر بە هەڵبژاردن بووایە قەت ئەوەندەی بەدەست نەدێنا، بەڵام سەرۆککۆمارێکی بە ئیرادە نەبوو، بەوحاڵەش توانی گەلێک سەرێێشە بۆ دەسەڵاتدارنی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی دروست بکا.

مەحموودی ئەحمەدی نەژاد

ئەزموونی تاڵی رێفۆرمخوازان بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بووکە بە مەبەستی سڕینەی ئاسەواری رێفۆرمخوازان، سەرکۆماری بدەن بە کەسێک لە وەفادارترین هێزەکانی سەر بە رێبەر، چونکە سوپای پاسداران کە ئەحمەدی نەژاد یەکێک لە فەرماندەکانی بوو میلیشیایەکی سەر بە رێبەرە. تەنانەت لە دەوری یەکەمی سەرکۆمارییەکەیدا کەسێکی وەک هاشمیی رەفسەنجانیان لە سەر رێی لابرد کە بە تەمای سەرکۆماری بوو. لە دەوری دووەمدا بە ئاشکرا دەنگەکانی میر خوسێنی مووسەوییان وەپشتگوێ داو بە زەبری هیزی نیزامیو بە خوێن لەسەر کورسیی دەسەڵاتیان دانایەوە.

ئەم رووداوانەی دوایی بە روونی دەری دەخەن ـ بێ ئەوەی بمانەوێ بڵێین ئەحمەدی نەژاد هاوشانی ئەبولحەسەنی بەنی سەدرە ـ پێوەندیی سەرکۆمار لەگەڵ رێبەر گەیشتۆتە رادەی پێوەندیی خومەینی لەگەڵ بەنی سەدر. بەڵام ئایا ئەحمەدی نەژاد تووشی چارەنووسی بەنی سەدر دەبێ؟ بێگومان، نا. چونکە: یەکەم، خامنەیی جێگەو پێگەی خومەینیی نیە ئەمەی بۆ بچێتە سەر، دووەم، رێژیم نفووز و ئیعتیباری ئەو کاتی نیە، سێیەم، رێژیم لە نێو کۆمەڵێک قەیرانی نێوخۆیی ونێونەتەوەییدا دەژی، چوارەم، دەورەی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاد لە کۆتایی نزیک بۆتەوە، بۆیە ئەو چەند مانگەش تەحەممولی دەکەنو خۆیان تووشی سەر ئێشەی « وەلانانی سەرکۆمار» ناکەنەوە. پێنجەم، ئەحمەدی نەژادیان بە نرخێکی زۆر گران هێنایە سەر کارو ئێستاش ترسێکی زۆریان لە رەقیبەکانی واتە میر حوسێنی مووسەوی و کەڕوبی هەیە.

داستانی ٣٤ ساڵ سەرکۆماری لە « کۆماری ئیسلامی «دا بە روونی دەری دەخا کە دوو گوتاری «کۆماری»و « ئیسلامی» پێکەوە جۆش ناخۆن. لەخۆڕا نەبوو خامنەیی ساڵی رابردوو لە وتارێک دا رای گەیاند: لەوانەیە لە داهاتوو دا سەرکۆمار لە لایەن مەجلیسەوە هەڵ بژێردرێ.

تەنیا قازانجی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەوە دایە کە رقەبەرایەتیو ململانێو گەلێک لەلایەنە شاراوو پێچەڵپووچییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەبنو هێزو لایەنو کەسەکان سەنگو پێگەیان روون دەبێتەوە.

لە ژمارە ٦٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە. / رێکەوتی : ٧ی مارچی ٢٠١٣

# شەپۆلێکی نوێ لە گیرانی ڕۆژنامەنووسان

لە مانگەکانی ڕێبەندانو ڕەشەمەی ئەمساڵدا شەپۆلێکی دیکە لە گرتنی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران وەڕێ کەوت، دەیان کەس لە ڕۆژنامەنووسان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئیلامو تاران هەتا ئێستا گیراونو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیان داخراون. لەحاڵێکدا سێبەری سانسۆرو قەدەغەو قۆرغی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بە هۆی ڕوانگەی ئەمنیەتیو دوژمنانەی کۆماری ئیسلامییەوە لەم ناوچەیە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێک قورسترەو مەیدانی کاری ڕۆژنامەنووسی گەلێک تەسکتر، بەڵام لە گیرانی ڕۆژنامەنووسانو داخستنی ڕۆژنامەکاندا کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشی زۆرتری بەرکەوتوە.

لەو ماوەیەدا بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان لەنێو ئەو ڕۆژنامەنووسو چالاکە مەدەنییانەی گیراون نزیکەی ١٦ ڕۆژنامەنووس لە تارانن، ١٢ کەس لە ئیلامو نزیکەی ٣٠ کەس لە شارەکانی پاوە، سنە، دیوڵان، مەهاباد، نەغەدەو شنۆن، بەشێک لەو ناوانەی لەراگەیەنە گشتییەکاندا بڵاو بوونەتەوە بریتین لە: سیروان حوسێن‌پەناهی، شێرزاد حوسێن‌پەناهی لە دیوڵان، کەیهان عەزیزی، داود غەفاری، موختار ئەحمەدی، بەختیار ڕەسووڵیو یاسر کاکەیی لە پاوە، وەفا قادری، خالید حوسێنی، بێهزاد فەرەجوڵڵاهیو حامید محەممەد نەژاد لە سنە، خوسرەوی کوردپوورو قاسم ئەحمەدی، مەنووچێهر پوردیل لە مەهاباد، کەیوان شێخی، کامران عوسمانی، شەهاب ئەحمەدی ئازەر ( مەمێندی)، قادر داستان، ڕەحیم فتووحی، یووسف حاجی خۆش لە شنۆو نەغەدە. هەروەها ناوەکانی ڕەسووڵ خزرمروەت، فەرزاد سامانیو فاروق سامانییش وەبەرچاو دەکەون.

گیرانی ڕۆژنامەنووسانو تەنانەت تێرۆرو ئێعدامکرانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە شتێکی تازە نیەو هەموو ساڵێک ئەم ڕێژیمەو ڕێبەرە پلە یەکەکانی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی « خراپترین دوژمنانی ڕۆژنامە»دان کە لە لایەن ڕێکخراوەجیهانییەکانی لایەنگری ئازادیی بیروڕادەربڕینەوە بە بیروڕای گشتی دەناسێندرێن. ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە نێوە نێوە کۆماری ئیسلامی بە پۆل ڕۆژنامەنووسان دەگرێو ڕۆژنامەکان دادەخا. ئەویش لەو کاتانەدایە کە تووشی قەیرانو ئاڵۆزییەکی توند بووبێو ترسو نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشا بێ. شەپۆلی نوێی گرتنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنی بۆ سێ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم، داخستنی ڕۆژنامەو گرتنی ڕۆژنامەنووسان بۆ ماهیەتی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە.» قەڵەمەکانیان بشکێننو زمانیان ببڕن» لە خەتابە ئاورینەکانی خومەینین کە هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریەوە لایەنگرە دەمارگرژو توندڕەواکانی لە دژیان هان دەداو بە کافرو مولحیدی لەقەڵەم دەدان. چارەنووسی خەماویی گەلێک ڕۆژنامەنووسو جیابیر لە ئێران یەکێک لە چیرۆکە هەرەتراژیکەکان لە مێژووی ئێران بە تایبەتی لە ماوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدایە.

دووەم، لەم یەک دوو مانگەی دواییدا کێشەو ملبەملەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پلەی هەرە سەرەوەدا گەیشتۆتە

جێگایەک کە کۆنترۆلی ئاسان نیەو تەنانەت رێبەر کە هەمیشە بڕیارو قسەکانی بێ سێودوو جێبەجێ کراونو لەم جۆرە کاتانەدا قسەکانی ئاویان بە ئاوردا کردوە، ئەم جار نەی توانیوە وەزعەکە دامرکێنێو جووتە برای سەرۆکی مەجلیسو دەزگای قەزایی لەلایەکو سەرکۆمار لەلایەکی دیکەوە هەروا هەڕەشەی دوارۆژ لە یەکتری دەکەن. لەم نێوەدا بۆ ئەوەی خەڵک لە لایەنەکانی کێشەکانیان ئاگادار نەبێ،کە رۆژنامەکان لەم بارەیەوە ئەو ئەرکەیان لەئەستۆیە، کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵ دایان دەخاو رۆژنامەنووسانیان دەکونجی زیندان دەپەستێوێ. جێی سەرنجە سەعیدی مورتەزەوی کە لە دەیەی ٧٠و سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ دا قازیی دادگای شۆرش بوو و بە فەرمانی وی دەیان رۆژنامە داخرانو دەیان رۆژنامەنووس گیرانو ئەشکەنجە دران، ئێستا بە هۆی لایەنگری لە ئەحمەدینەژاد بۆخۆی هەر لەسەر ئەو تاوانانەی پێیان کردوە دادگایی دەکرێ!

سێیەم، کۆماری ئیسلامی وردەوردە لە هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری نزیک دەبێتەوە. هەر لەئێستاوە بۆ ئەوەی زەمینەی سەرکوتی خەڵک ئامادە بکا، بەرپرسانی بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کە « فیتنەیەکی گەورەتر لە ئی ساڵی ١٣٨٨ لە گۆڕێدایە». گیرانی بە کۆمەڵی رۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنی هەوڵێکە بۆ خۆشکردنی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیناریۆیەی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە جۆزەردانی داهاتوودا دایانڕشتوە.

بەڵام بۆچی دیسانیش هەزینەی ئەم گرتنو زیندانیکردنانە لە کوردستان زیاترە؟ یەکەم، لەبەر ئەوەی کوردستان هەر لەسەرەتاوە سەنگەری ئازادیو خۆڕاگری لە بەرامبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا بووەو ئەوەی لە ماوەی ٣٤ ساڵ خەباتو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ تەنیا شێوەو تاکتیکی خەباتەکەیە، ئەگینا خەباتەکە هەر بەدەوام بووەو هەر بەردەوام دەبێ. ئەم تایبەتمەندیەی کوردستان ڕقێکی زۆری لە رێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا بەرامبەر بە کوردو کوردستان دروست کردوە.

دووەم، کوردستان بە هۆی رابردووی سیاسیو بوونی ئەحزابو رێکخراوی جۆراوجۆری سیاسی، وشیاریی سیاسیی خەڵکەکەی لە ئاستێکی بەرزتردایە. لەم بارەیەوە کوردستان پێشەنگە، هەر بۆیەش حەساسیەتی رێژیم لە بەرامبەر کوردستاندا زیاترە.

ئایا گرتنی رۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو تێکۆشەرانی سیاسیو داخستنی بە کۆمەڵی رۆژنامەکانو داخستنی بچووکترین دەرفەتی بیروڕادەربڕین یارمەتی بەکۆماری ئیسلامی دەدا کە سیناریۆیەکانی بە دڵی خۆی بەرێوە بەرێ؟ ئەگەر ئەو رێژیمە کەسێکی بەدڵی خۆی لە جێی مەحموودی ئەحمەدینەژاد داناو هەموو رێگاکانیان وەک ئی ئەحمەدی نەژاد بۆ تەخت کردو هەرچی دەنگی ئیعترازی لێ بەرز بۆوە دەزیندانیان پەستاوت، داخوا گیروگرفتەکانی ئەم رێژیمە چارەسەر دەبن؟ ئەدی ئەحمەدینەژاد ئەو کەسە نەبوو کە تەواو بە دڵی رێبەرو دەسەڵاتدارانی سەرەکی بوو؟ مەهدیی کەڕووبیو میر حوسێنی مووسەوی رەقیبەکانی ئەحمەدی نەژاد سێ ساڵە لە زینداندان، بۆچی ئەحمەدینەژاد ئێستا لە میر حوسێنی مووسەوی و کەڕروبی زیاتر بۆ ئەم رێژیمە بۆتە سەرئێشە.

بێگومان گرتنی رۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو داخستنی رۆژنامەکان لە رابردوودا چەندەی یارمەتی بە چارەسەری قەیرانەکانی ئەم رێژیمە داوەو سەرکۆمارەکانی پێشوو چەندەیان قەیرانەکانی ئەم رێژیمە چارەسەر کردوە لەوە بەدواش هەر بەم جۆرە، تەنانەت خراپتریش دەبێ.

لە ژمارە ٦٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە. / رێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٣

## دەستەبەندی‌یەکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی‌و دووره دیمەنی هەڵبژاردن

لە زۆربەی دەورەکانی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا دەستبەندی‌یەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک خۆیان نواندوە. ئەو دەستبەندی‌یانە زۆر جار رقەبەرایەتی‌یەکی هەڵبژاردنی لە نێو رەقیبەکان‌و دەنگدەراندا پەرە پێ‌داوەو بازاڕی هەڵبژاردنی گەرم داهێناوە. هەتا سەروبەندی یازدەیەمین دەورەی هەڵبژارنی سەرکۆماری کە لە ۲۴ی جۆزەردانی داهاتوودا بەڕێوە دەچێ، سێ‌جۆر دەستەبەندی لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە تایبەتی لە مردنی خومەینی بەم لاوە بەدی کراون: «میانەڕۆو توندڕۆ» کە هاشمیی رەفسەنجانی بە میانەڕۆو رەقیبەکانیشی بە توندڕۆ دەناسران. بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەدی خاتەمی لە جۆزەردانی ۱۳۷۶دا دەستەبەندی‌یەکە لە شێوەی « ڕێفۆرمخوازو کۆنەپارێز»دا خۆی دەنواند. هێنانە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی‌نیژاد لە ساڵی ۱۳۸۴دا لە یەک کاتدا هەم شکستی ڕێفۆرمخوازەکان لە نێو دەسەڵاتدا بوو، هەم شکستی دیارترین ڕوومای ناسراو بە « میانەڕۆ» واتە هاشمیی رەفسەنجانی. چونکە لەو ساڵەدا هاشمیی رەفسەنجانی لەگەڵ مەحموودی ئەحمەدی‌نیژاد کەوتنە دەوری دەوومە بەڵام خامنەیی قامکی لەسەر ئەحمەدی‌نیژاد داناو لە ڕاستی‌دا شکستی بە رەفسەنجانی هێنا.

جیاوازیی ئەم دەورەیە لەگەڵ دەورەکانی پێشوو لەوە دایە کە ئێستا دوو دەستە یان دوو قۆڵ لە بەرامبەری یەکتردا نین‌و هاوکێشەکان گەلێک لە جاران ئاڵۆزترن. ڕەوتی ڕێفۆرمخواز کە لە کۆمەڵێک ڕەوت‌و کەسایەتیی سیاسی پێک هاتوە هەڵوێستیان لەبەرامبەر هەڵبژاردن‌دا وەک یەک نیە. ڕەوتی ڕێفۆرمخواز کە لە خۆپێشاندانەکانی جۆزەردانی ۱۳۸۸ەوە لە ڕەوتی ناسراو بە « بزووتنەوەی سەوز» دا خۆی دەبینێتەوە دوو ڕوومای هەرە بەرچاوی واتە میرحوسێنی مووسەوی‌و مەهدیی کەڕووبی دەسبەسەرن. هێندێک لە ڕێفۆرمخوازەکان پێیان وایە ئەو کاتە دەبێ لە هەڵبژاردن‌دا بەشدار بن کە ئەم دوو کەسایەتی‌یە ئازاد بکرێن‌و کەش‌و هەوایەکە کراوەتر بێ. بەڵام هێندێکیان پێیان وایە دەبێ سەنگی خۆیان لە مەحەک بدەن، تەنانەت هەتا ئێستا دوو کەسیان کاندیداتۆریی خۆیان ڕاگەیاندوە ئەگەر تەئیید بکرێن.

ڕەوتی کۆنەپارێز کە لە ڕێبەر نزیکە، لە چەندین ڕێکخراوو دامەزراوو کەسایەتیی مەزهەبی‌و نیزامی‌و کەسانی توندڕۆ پێک هاتوە کە لە ڕاستی‌دا تەواو دەسەڵاتی ئابووری‌و نیزامیی وڵاتیان بەدەستە. ئەوانە دەسەڵاتدارانی سەرەکین‌و هەڵنابژێردرێن بەڵام کاندیدایان بۆ پۆستی سەرکۆماری هەیە. هەتا ئێستا چەند کەسی سەر بەو ڕەوتە ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاندوە تاکوو لە کۆتایی‌دا هەموویان بە قازانجی ئەو کەسە بکشێنەوە کە ڕێبەر قامکی لەسەر دادەنێ‌و مەبەستێتی.

ڕەوتێکی دیکە ئەحمەدی‌نیژاد ڕێبەرایەتیی دەکا کە لە دەورەی پێشوودا ڕێبەر کردی بەسەرکۆمارو حیسابی بۆ ئەو دەنگانەی خەڵک نەکرد کە بە مووسەوی‌و کەڕووبی‌یان دابوون‌و ناڕەزایەتی‌و خۆپێشاندانی خەلکی بێ‌بەزەیی‌یانە بۆ سەرکوت کرد، ئێستا کەوتۆتە سەنگەری بەرامبەر بەرێبەرو نیهادەکانی بەستراوە بە ڕێبەرو لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە ڕەوتی « بەلاڕێدا چوو» ( انحرافی) ناسراوە. ئەم ڕەوتە کە دروشمەکانی زیاتر پۆپۆلیستین، زۆر پێ لەسەر ئێرانی‌بوونیان دادەگرن بۆ ئەوەی خۆیان وەک نیشتمانپەروەرو

نەتەوەخواز بە خەڵکی نیشان بدەنو سەرنجی ئەو کەسانە بۆلای خۆیان رابکێشن کە لە دروشمە توندو مەزهەبی‌یەکانی کەسانی سەر بە قۆڵی کۆنە پارێز وەڕەز بوون.

دووره دیمەنی ئەو دەستەبەندی‌یە ئاڵۆزانە لە هەڵبژاردندا چییە؟ رەوتی کۆنە پارێز کە هەیبەتو جەبەرووتی رێبەری لە پشتە جگە لەوەی دەسەلاتی نیزامی‌و ئابووریی بەدەستە تەئییدو رەتکردنەوەی سەلاحیەتی کاندیداکانو دەزگاکانی راگەیاندنیشی بەدەستە. کەوابوو ئەو رەوتە لەلایەک دەتوانێ کەسانێک تەئید بکا کە ئەگەر هەرکامیان سەرکەوت کێشەی لەگەڵ نەبێ‌و لەلایەکی دیکەوە ئەزموونو توانای دەستێوەردان لە ئاکامی هەڵبژاردنی‌دا گەلێک زۆرە، و ئەو ئەزموونە بەکار دێنێ. بۆیە ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو کەسەی دەبێتە سەرکۆمار لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەر بەم رەوتە بێ.

رەوتی ئەحمەدی‌نیژاد لە دوولاوە شانسی سەرکەوتنی زۆر کەمە: یەکەم، ئەحمەدی‌نیژاد لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی دوایی‌دا سەرئێشەیەکی زۆری بۆ رێبەرو کەسانی نزیک لە رێبەر دروست کرد. تەنانەت خامنەیی ئەگەر بە قیمەتی دەسبەسەرکردنی مووسەوی‌و کەڕووبی‌و سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتی‌و خۆپێشاندانی خەڵک لە ساڵی ١٣٨٨داو رق‌و کینە لە بزووتنەوەی « سەوز» نەبووایە رەنگ بوو لەسەر کاری لابەرێ، هەر بەو شێوەیەی کە لە ساڵی ١٣٦٠دا خومەینی بەنی‌سەدری لەسەر کار لابرد. دووەم، رەوتی ئەحمەدی‌نیژاد ناتوانێ دەنگەکان بۆلای خۆی رابکیشێ، هەم لەبەر لاوازیی کەسایەتیی خۆی‌و هەم لەبەر ئەو گرانی‌و بێکاری‌یە زۆرە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە، ئەگەر دەنگی نارازی هەبێ‌و کاندیدایەکی وا هەبێ کە سەر بە رێفۆرمخوازەکان بێ، دەنگە نارازی‌یەکان دەدرێن بەو.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە گەمارۆیەکی خەستی ئابووری لەسەر ئێرانە، کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی لە ژێر فشارێکی توندی نێونەتەوەیی‌دایەو ئەو بارودۆخەی نزیکترین هاوپەیمانی لە ناوچەدا، واتە سووریە تێی کەوتوە، هاوکات لەگەڵ گرانی‌و باردۆخی دژواری نێوخۆ، وێناچێ لەم هەڵبژاردنەدا ئیزن بدا رووداوی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ دووبارە بێتەوەو رێفۆرمخوازێک بێتەوە سەرکار.

ئەزموونی دەورەکانی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ( جگە لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦) دەری خستوە هەر کەس رێبەر، چ‌رێبەری پێشوو ( خومەینی) چ‌رێبەری ئێستا مەبەستی بووە، ئەو کەسە بۆتە سەرکۆمار. لە هەل‌ومەرجی ئێستا دا دەسەلاتدارانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی رێگە بە کەسێک دەدەن ببێتە سەرکۆمار کە بە تەواوی لە خۆیان بێ‌و بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ مەترسی‌یەکانی سەر رێگایان دەرفەت بە هیچ چەشنە بۆچوونێکی جیاواز نادەن. ئەگەر لە دەورەکانی پێشوودا خەڵک دەیان‌توانی لانی کەم لە نێو قۆڵەکانی رێژیمدا یەکێک بە ناچاری هەڵبژێرن، ئێستا ناچارن لە تەنیا قۆڵێک یەکێک هەڵبژێرن، بۆیە هەڵبژاردنی داهاتوو نادیموکراتیکترین‌و بێ‌نێوەرۆکترین هەڵبژاردن دەبێ.

لە ژمارە ٦٠٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠١٣

# هاشمیی ڕەفسەنجانیو ئەگەرەکانی هەڵبژاردن

بە کاندیدبوونی هاشمیی رەفسەنجانی لایەنی سەرەکیی رقابەتی هەڵبژاردن روونە. رەقیبی هاشمی ئەگەر قورسایی رێبەری لە پشت نەبێ، نابێتە رەقیبێکی جیددی. هاشمیی رەفسەنجانی ئەو کەسەی لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی یەکەم رێبەری کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە کەسی دووەم بووە، لە سەردەمی عەلیی خامنەیی دووەم رێبەری کۆماری ئیسلامیدا ئێستا جێگەو پێگەی روون نیە.

لە زۆرکەس وابوو پاش مەرگی خومەینی، هاشمی جێی دەگرێتەوە،بەڵام وا دەرنەچوو، لە ساڵی ١٣٦٨ەوە تا ١٣٧٦ کرا بە سەرکۆمار. بەڵام دەسەڵاتی وی هەر بەوەندە نەدەبڕایەوە، چونکە هەر لەجێدا سەرکۆماری سەلاحیەتێکی ئەوتۆی نیەو سەرکۆماری جێگەیەکی تەسک بوو بۆ پیاوێکی وا بە دەسەڵات.

جگە لە پۆستی سەرکۆماری لە چەند ئۆرگانو دامەزراوی رەسمیو نهێنیدا دەمڕاستو دەستڕۆیشتوو بوو. ئەو جگە لەوەی وەزارەتی ئیتیلاعاتی کرد بە دۆزەخێک لە دژی نەیارانو جیابیران لەدەرەوەو لە نێوخۆدا، ئەندامی کۆمیتەی تێرۆریش بوو کە لە رێبەرو چەند بەرپرسی پلە یەکی رێژیم پێک هاتبوو و لە کاتی دادگای ناسراو بە میکۆنووسدا ئاشکرا بوو. وەزارەتی ئیتیلاعاتی سەربە کابینەکەی کە تەنانەت دوو ساڵیش پاش هاتنەسەرکاری محەممەدی خاتەمی درێژەی بە تیرۆریزمی نێوخۆیو نێونەتەوەیی دەدا سەدان کەسی کردە ئامانجی کارە تێرۆریستیەکانی لە دەرەوەی وڵات لە نێوخۆدا. ئەوانەی پێش لەوەی بە رێفۆرمخواز بناسرێنو پاشانیش کە وەک رێفۆرمخواز ناسران، تامی زەبروزەنگەکانی رەفسەنجانییان چێشت. جگە لەمانەش بنەماڵەی رەفسەنجانی دەسەڵاتێکی زۆری ئابووریان پەیدا کرد، تەنانەت دەستیان گەیشتە نێو کاروباری نەوتیش کە داهاتی سەرەکیی ئێرانە.

دەسەڵاتو دەستڕۆیشتوویی رەفسەنجانی لە تانوپۆی رێژیمدا لە لایەکو لێهاتوویی‌و کارزانی لە فێڵوتەڵەکەدا شتێک نەبوون کە خامەنەیی رێبەری رێژیمو دامودەزگاکانی دەوروبەری نیگەران نەکا. رادەی واقعیی کێشەو رقەبەرایەتیی نێوان هاشمیو خامەنەیی ئەو بەشە لە کێوە سەهۆڵەکەیە کە لە ئاوێدایە. لە نۆیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٧٤دا کاتێک لە نێوان هاشمیو کەسێکی بێناوونیشانی وەک مەحموودی ئەحمەدینەژاددا، ئەحمەدی نەژاد کرا بە سەرکۆمار، ئیدی کێشەکان ئاشکرا بوون.

هاشمیی رەفسەنجانی ئیدی لە لایەک کەوتبووە بەر رقو نەفرەتی خەڵکی ئازادیخوازو جیابیرو تەنانەت رێفۆرمخوازەکانیش، بە تایبەتی لەبەر ئەوەش کە هەم هاندەری سەرەکیی خومەینی بۆ فتوای قەتڵوعامی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧دا بووو هەم بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە شانبەشانی خامەنەیی فتوایەکەی بەڕێوە برد.

لە لایەکی دیکەش خامەنەیی مەیدانی دەسەڵاتو مانۆڕی لێ تەسک کردەوە. منداڵەکانی نێوەنێوە دەگیرانو موحاکەمە دەکرانو دەستیان لە کاروباری دارایی کورت دەکرایەوە. لە مەجلیسی خیبرەگانیان نەهێشتو سەرەنجام تریبوونی نوێژی هەینییان لێ قەدەغە کرد. لە بەرامبەر ئەمانەداو تەنانەت لە بەرامبەر بێحورمەتیو سووکایەتیی بەسیجە توندڕەوەکان بە فائیزەی کچیو چەند جار

زیندانیکرانی کچەکەی‌و کوڕەکەی‌دا، هاشمی بە پارێزەوە رەفتاری کردوە، وەک بڵێی خۆی بۆهەڵو دەرفەتێکی لەبار هەڵگرتوە تاکوو جیگەوپێگەی جارانی بەدەست بهێنێتەوەو تۆڵەی ئەو هەمووە سووکایەتی‌یانە بکاتەوە.

هەر بۆیە لە دوای رووداوی گیرانی میرحوسێنی مووسەوی‌و مەهدیی کەڕووبی وردەوردە لە دەرگای ریفۆڕمخوازەکانی داوە، ئەو رێفۆڕمخوازانە کە دەرگای دەسەڵاتیان لێ‌داخراوە بەڵام لە نێو خەڵکدا دەنگیان هەیە.

هاشمیی رەفەسەنجانی لەگەڵ دوو کۆسپی سەرەکی بەرەورووییە؛ یەکەم، هەرچەند پشتیوانیی شووڕای هاوئاهەنگیی رێفۆڕمخوازەکانی لەگەڵە، بەڵام دەبێ بتوانێ متمانەی خەڵکی ناڕازی‌و رێفۆڕمخوازانی دیکە بەدەست بێنێ کە زۆریان لەدەست هاشمی چێشتوە. دووەم، هاشمی جگە لەوە کە بۆخۆی نەیارو رەقیبی خامەنەیی‌یە، لەگەڵ ئەو رێفۆڕمخوازانە یەکی گرتوە کە خامەنەیی هەم لە پووشپەڕی ١٣٧٨داو هەم لە جۆزەردانی ١٣٨٨دا بە زەبری چەک شەقامەکانی پێ چۆل کردن‌و بە تەواوی لە دەسەڵاتی دوور خستنەوە.

لە هەڵسەنگاندنی ئەو رووداوانە بە سێ ئاکامی سەرەکی دەگەین: یەکەم، پشتیوانیی رێفۆڕمخوازەکان لە هاشمیی رفسەنجانی بە مانای شکستو مایەپووچبوونی بزووتنەوەی رێفۆڕمخوازی لە کۆماری ئیسلامی‌دایە. دووەم، ئەگەر پێش بە سەرکەوتنی رەفسەنجانی لەم هەڵبژاردنەدا بگیرێ ، چاوەڕوانیی قەیرانێکی وەک دەورەی پێشوو و تەنانەت قووڵتریش دەکرێ. سێیەم، ئەگەر رەفسەنجانی سەرکەوێ خامنەیی بەو دەسەڵاتە بەرینو بەر بڵاوەیەوە لەگەڵ کەسێک بەرەورووو دەبێ کە هەم لە دەسەڵاتدا زێدەخوازەو هەم لە فێڵوتەڵەکەدا مامۆستاو شارەزایە، بۆیە بە پێچەوانەی جاران کە هەمیشە دوو قۆڵی بە هێزو لاواز لە بەرامبەر یەکدا بوون، ئەمجار دوو قۆڵی بەهێز دەکەونە بەرامبەر یەک.

لە ژمارە ٦٠٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ٢٢ی مەی ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# بەرنامەکانی ڕووحانی لە نێوان میانەڕۆیی و توندڕۆییدا

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی گەلاوێژ ( ٤ی ئووت) حەسەنی ڕووحانی حەوتەمین سەرکۆمارو هەڵبژێراوی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی سوێندی خوارد. ڕۆژی پێشتریش حوکمی سەرکۆمارییەکەی لە لایەن خامەنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە ئیمزاو تەنفیز کرا. ئەگەرچی حەسەنی ڕووحانی لەبەرەی ڕێفۆرمخوازاندا نەبوو، بەڵام ڕێفۆرمخوازان پشتیوانییان لێکرد، هەرچەند لەبەرەی کۆنەپارێزاندا بوو بەڵام ڕوانگەیەکی میانەرۆیانەو ڕێفۆرمخوازانەی هێنایە گۆڕێ کە لەگەڵ باوەڕی هاوچەشنەکانی خۆی گەلێک بێگانەیە.

## ڕوانگەی میانەرۆیانەی ڕووحانی

حەسەنی ڕووحانی چ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، چ لە ڕێوڕەسمی تەنفیزی سەرکۆماری و چ لە ڕێورەسمی سوێندخواردندا سیاسەتەکانی خۆی لەسەر هێندێک بنەما دانان کە وێکچوونێکی زۆریان لەگەل سیاسەتی ڕێفۆرمخوازانەی محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری پێشووتردا هەیە. بەشداریی خەڵک لە ئیدارەی وڵاتدا، شەفافییەت، ئازادی، بەشداریی ژنان لە کاروباری وڵاتدا، بەڕێوەبردنی قانوونو نەهێشتنی گرژی لە نێوان ئێران و وڵاتانی دەرەوەدا هەر ئەو سیاسەتانەن کە لەسەردەمی دەوڵەتی ڕێفۆرمخوازاندا دروشمی سەرەکی بوون. جگەلەمانەش ڕووحانی بە ڕاوێژێکی دیکە لەبارەی مافی کەمایەتییە »قەومی» و ئایینییەکان دواوە کە بۆ یەکەمجارە بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی لەو ئاستەدا بەو شێوەیەو بەو ڕوونییە باسی دەکا. رووحانی لەوەش بەولاتر خۆی بە سەرکۆماری هەموو ئەو کەسانە زانی کە دەنگیان پێداوە و ئەوانەش کە دەنگیان پێنەداوە و تەنانەت ئەوانەش کە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەموویانی لەبەرامبەر قانووندا وەک یەک دانا.

لەکاتێکدا ڕووحانی لەسەر ئەم بنەمایانە سیاسەتەکانی خۆی بۆ دەنگدەران شی دەکردەوە، کاندیدە رەقیبەکانی پێیان لەسەر بنەما کۆنەپارێزەکانی خۆیان دادەگرتو بەستراوەیی زیاتری خۆیان بە ڕێبەر نیشان دەدا و پێیان وابوو هەرچی لە ڕێبەر نزیکتر بن شانسی زیاتریان هەیە. ئاکامی هەڵبژاردن دەریخست بەستراوەیی زیاتر بە ڕێبەر دەنگی کەمتری بەدواوە دەبێ.

## کەندوکۆسپی توندڕەوانە لەبەرامبەر رووحانیدا

گەورەترین کۆسپی رووحانی وەرگرتنی حوکمی تەنفیز لە خامەنەییە، چونکە هەر ئەویش دەتوانێ لەسەر کاری لابەرێ، دیارە لە قانوونی ئەساسیدا ئەو سەلاحییەتە دراوە بە ڕێبەر، بۆیە قانوونی ئەساسییش کۆسپێکی دیکەی سەر ڕێگای ڕووحانییە. هەر لەپاش هەڵبژێرانی توندڕۆیانی سەر بە ڕێبەر دەستیان کرد بە نەسیحەتی ڕووحانی و دارولەلەیان بۆ داناو وشیاریان کردەوە کە نەکا لە کابینەکەیدا کەسانی سەر بە رەوتی «فیتنە« دابنێ.

پشتیوانیی ڕێفۆرمخوازان لە ڕووحانی و لەوەش گرنگتر نزیکایەتیی ناوبراو لە هاشمیی ڕەفسەنجانی کە زیاتر لەهەر کات نێوانی لەگەڵ خامەنەیی ناخۆشە، ڕەنگە لە داهاتوودا سەرئێشەیەکی زۆر بۆ ڕووحانی بە دیاری بێنێ. هێنانەسەرکاری مەحموودی ئەحمەدینەژاد بە زەبری کوودیتا لە دەنگی خەڵک و بەو نرخە زۆرەی بۆیان دا، لەبەر ئەوە بوو کە ڕێفۆرمخوازێک جارێکی دیکە پۆستی سەرکۆماری وەرنەگرێتەوە، بەڵام ئێستا لە ڕیزی خۆیان کەسێک دەرچووە کە هەم بەرنامەی ڕێفۆرمخوازانەی هەیە و هەم لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانیی لێدەکرێ.

لە قانوونی ئەساسیدا سەلاحییەتێکی زۆر بە ڕێبەر دراوە و سەرکۆمار زۆر جار دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامانەی نیە کە دایناون، بۆ وێنە چاککردنەوەی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی لەسەر کێشەی ناوکی. هیچکات دەوڵەت ئیزنی ڕاگەیشتن بەو مەسەلەیەی پێنەدراوە. هیچکات وەزیری دەرەوە لەم بارەیەوە لایەنی وتووێژ نەبووە، هەر خودی حەسەنی ڕووحانی کە نوێنەری ئێران لە وتووێژ لەسەر کێشەی ناوکیدا بوو، لە کابینەی دەوڵەتدا نەبوو، سەعیدی جەلیلییش ئێستا هەر بەم جۆرەیە. کەوابوو سەرکۆمار چۆن دەتوانێ پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە باش بکا، لەکاتێکدا ناتوانێ لەم بارەیەوە لەسەر مەسەلە جیددییەکان بڕیار بدا.

ڕووحانی لەگەل هێندێک کۆسپی گەورەی دیکەش بەرەوڕوویە؛ هێزە نیزامییەکان بە تایبەتی سوپای پاسداران کە لەژێر فەرمانی سەرکۆماردا نین، بەڵکوو ڕاستەوخۆ سەر بە بەیتی ڕەهبەرین. هەروەها هێندێک ناوەندی بەهێزی ماڵی هەن کە جگە لە ڕەهبەر لە بەرامبەر هیچ کەسدا وەڵامدەر نین.

ئاوسانی ئابووری، دابەزینی نرخی دراوو دابەزینی توانای کڕینی خەڵک و لە هەمووی گرنگتر گەمارۆی ئابووری کە زەبرێکی قورسی لە ئابووریی ئێران داوە لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕووحانین.

بۆ ڕووداوی مووسەوی و کەڕرووبی دووپاتە نەبۆوە؟

قەیرانێک کە لە ئاکامی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، لە تەواوی ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە. سیستمی لەرزۆکی ئابووریی ئەم وڵاتەی زیاتر تێک ڕووخاندوە. لە کاتێکی وادا کە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە شۆڕش و گۆڕاندایە و تا ئێستا کۆماری ئیسلامی چەند جار ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانی کۆنترۆڵ کردوە، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ترسی ئەوەیان هەبوو کە جارێکی دیکە بۆیان کۆنترۆڵ نەکرێ. جگە لەمەش ئەزموونی سەرئێشەی ئەحمەدینەژاد کە دیتمان چۆنیان هێنایە سەرکار، بۆ ئەوان لە ئی سەید محەممەدی خاتەمی کەمتر نەبوو. درێژەکێشانی ئەم دۆخە نیگەرانییەکی زۆری بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کردبوو. ئەوان چوار ساڵ لەوە پێش کە بە قەدەر ئەمڕۆ لە تەنگانەدا نەبوون بە زەحمەت توانیان لایەنگرانی مووسەوی و کەڕرووبی سەرکوت بکەن، لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم ڕێژیمە بە زەحمەت بەرگەی ڕاپەڕینێکی ئەوتۆ دەگرێ. هەر بۆیە ناچار بوون حەسەنی ڕووحانی قبووڵ بکەن.

**دەرفەتەکانی بەردەم ڕووحانی**

**ئەوەی باسی کرا ئەو کەندو کۆسپانەن کە لە پێش هەموو سەرکۆمارێک لە ئێراندا هەن، بۆیەش زۆر جار چ لە ئەزموونی بەنیسەدرداو چ لەسەردەمی خاتەمیو ئەحمەدینەژاددا لە نێوان ڕێبەر و سەرکۆماردا کێشەو ناکۆکی هاتۆتە پێش. بەنیسەدر ناچار بوو لە ئێران ڕابکا، بەرنامە ڕیفۆرمخوازییەکانی خاتەمی شکستیان هێناو ئەحمەدینەژاد کۆنترۆڵ کرا. داخوا چارەنووسی ڕووحانی چ دەبێ؟**

**سەردەمی خاتەمی گەلێک دەرسوئەزموونی تێدان، هەرچەند قۆناغی ئێستاو ئەو کات هێندێک جیاوازە. سەرەڕای ئەو کەندوکۆسپانەی هەر سەرکۆمارێک لەسەر ڕێگای هەن، سەرکۆمارێک کە دەنگێکی زۆری خەڵکی لە پشتە، پەناگەیەکی قایمتری هەیە، ئەو پەناگەیەی خاتەمی هیچکات پەنای بۆ نەبرد. حەسەنی ڕووحانی ئەو دەنگە زۆرەی لە پشتە، ئەگەر لەسەر بەرنامەکانی سوور بێ لەکاتی تەنگانەدا دەتوانێ پەنایان بۆ بەرێ. هەر وەک ڕووحانی بۆ خۆی دەڵێ ئەو دەنگانەی دراون بەو، دەنگی ئاڵوگۆڕخوازن. ڕووحانی نزیکەی ١٩ میلیۆن دەنگی لە پشتە. بێگومان ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمکراتیک لە ئێراندا بەڕێوە چووبا، ئەو ١٩ میلیۆن دەنگە لەگەڵ ئەو دەنگانەش کە نەدران، بەکەسێکی دیموکراتو ئازادیخواز دەدران. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران کە بێگومان ئەو ڕێژیمەی ناوێ، ئەمڕۆ بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ. ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ڕووحانی پێک هێناوە ئەگەر بیەوێ و ئیرادەی هەبێ.**

**هەلومەرجی ناوچەو فشاری بیروڕای نێونەتەوەیی لە سەر ئێران و گەمارۆی ئابووری کۆماری ئیسلامییان خستۆتە تەنگانەیەکی جیددییەوە. ئەو هەلومەرجە دەرفەتی هاتنەسەرکاری بە ڕووحانی داوە، هەر لەو هەلومەرجەشدا ڕووحانی دەتوانێ پێ لەسەر بەرنامەو وەعدو بەڵێنەکانی داگرێ. بێگومان قۆڵی پاوانخواز و کۆنەپارێز لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەدا چۆن ناچار بوون مل بدەن بۆ حەسەنی ڕووحانی و بەرنامەکانی، ئەگەر کەڵک لەو دەرفەتانە وەربگیرێ ناچار دەبن پاشەکشەی زیاتریش بکەن.**

**لە ژمارە ٦١٣ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.**

**ڕێکەوتی : ٨ی جوونی ٢٠١٣**

**سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد**

# نیگەرانییەکان لە بارەی کوردستانی سووریەوە

وا چاوەڕوان دەکرا بە هەڵگیرسانی شۆڕش لە سووریە گەلی کورد لەو بەشە لە نیشتمان پاش دەیان ساڵ پشتی لەژێر باری ستەمی ڕێژیمی ئەسەدەکان ڕاست بێتەوە، بە ئەزموون لە ڕابردووی خۆی و شۆڕشی بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕۆڵو دەورێکی گرنگ لەو شۆڕشەدا بگێڕێ بە چەشنێک کە هیچ هێزێک نەتوانێ حاشا لە بوونو تواناو کاریگەرییەکانی بکا.

دوو ساڵو ٥ مانگە شۆڕشی خەڵکی سووریە لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەستی پێکردوە. خاڵی لاوازی ڕێژیمی سووریە وەک هەموو ڕێژیمەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە کوردستانە. چونکە کوردستان لە ئاکامی ستەمی نەتەوایەتیدا هەمیشە خاوەنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بووە، لە دەرفەتی گونجاودا کوردستان بۆتە ناوەندی ڕووداوە سیاسییەکانو هەرکات ڕێژیمە دیکتاتۆرە ناوەندگەراکان تووشی شکست و پاشەکشە بوون کوردستان پشتی ڕاست بۆتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو دوو ساڵو چەند مانگەی سووریە وا دەردەخەن کە بارودۆخی کوردستان ـ ئەگەر کورد بەرەو هەڵوێستێکی دیکە نەچێ ـ بەداخەوە ڕێگایەکی ناڕوونی لەدوارۆژدا لە پێشە.

ئەگەر سووریە بە کردەوە بۆتە مەیدانی ململانێی وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبیو تورکیە لە لایەک، و ڕووسیەو چین و ئێرانو حیزبوڵڵاش لە ناوچەدا لە لایەکی دیکەوە، بە داخەوە کوردستانەکەی بە کردەوە بۆتە مەیدانی ململانێی هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا پ.ک.ک سێ حیزبی بۆ سێ پارچەی کوردستان دامەزراند؛ پارتی ژیانو ئازادیی کورد (pjak)بۆ کوردستانی ئێران، پارتی چارەسەری دیموکراتیی کوردستان (p c d k)بۆ کوردستانی عێراق، و پارتی یەکیەتیی دیموکراتی (pyd ) بۆ کوردستانی سووریە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەگەڵ هەردوو ڕێژیمی ئێرانو سووریە پێوەندیی دۆستانەی هەیە، نە لەگەڵ دەڵەتی عێراق و نە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لانیکەم دژایەتیی نیە. لە دوای شۆڕشی سووریە پارتی یەکیەتیی دێموکراتی ( pyd) وەک دەسترۆیشتووترین هێزی سیاسیی کورد لە سووریە لەگەڵ ١٥ هێزی دیکەی کورد ئەنجومەنی گەلی کوردیان پێک هێناو لە هاوینی ٢٠١١دا دامودەزگا حکوومەتییەکانیان لە ڕێژیمی ئەسەد وەرگرت. پاشان لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد کە لە هێزەکانی باشووری کوردستان نزیکە دەستەی باڵایان پێک هێنا کە بەداخەوە هەماهەنگییەکی زۆر پتەویان لەنێواندا نیەو تەنانەت لەم دواییانەدا مەترسیی هەڵوەشانەوەشی لەسەرە. ئەنجومەنی گەل کە لەلایەن پ.ک.ک.ەوە پشتیوانیی لێدەکرێ وەک دەڵێ خەتی سێیەمی گرتۆتە پێش کە نە لەگەڵ ڕێژیمی ئەسەدە و نە لەگەڵ بەرەی شۆڕشگێڕانی سووریەیە. بەم جۆرە لە شۆڕشی سووریەدا کورد نەک هەر قورسایی خۆی نەخستۆتە پاڵ شۆڕش، بەڵکوو هەر لەسەرەتاوە ڕیزەکانی خۆی لە شۆڕشی خەڵکی سووریە جیا کردەوەو تەنانەت هێزی وا هەیە هەر ئەو وشەو زاراوانە بۆ شۆڕشی سووریە بەکار دێنێ کە ڕێژیمی ئەسەدو ئێران لە دژیان بەکاریان دێنن، ئەوە لە

کاتێکدایە کە کورد لە ژێر سێبەری ڕێژیمی ئەسەددا تەنانەت ناسنامەی هاونیشتمانیشی پێ نەدەدراو وەک پەنابەر و میوان سەیر دەکرا.

ئەو ڕووداوانەی لەم چەند ڕۆژەی دواییدا لە کوردستانی سووریە لە شارەکانی سەریکانی، تەلتەمر، کۆبانیو چەند ناوچەی دیکە ڕوویان دا، جێی نیگەرانین. لە جیاتی ئەوەی کوردستان سەنگەری بەربەرەکانی لە دژی ڕێژیمی ئەسەد بێ بە کردەوە بۆتە سەنگەری ململانێی نیزامیی هەندێک لایەنی بەشدار لە شۆڕشدا لەگەڵ باڵی نیزامیی پ.ی.د واتە یەکینەکانی پاراستنی گەل (ypg) . لەمەش تاڵترو ناخۆشتر ئەوەیە کە ئەو بەشە لە ڕۆڵەکانی کورد کە لەگەڵ شۆڕشی خەڵکی سووریە کەوتوون هێندێک جار دەکەونە سەنگەری بەرامبەری ئەو بەشە کە »خەتی سێیەم»ە و ئەنجومەنی گەل ڕێبەرایەتیی دەکا.

سووریە دوو ڕێگای زیاتر لە پێش نیە؛ یەکەم، ڕەنگە شەڕی سووریە لە ڕێگای وتووێژەوە کۆتایی بێ. لەم حاڵەتەدا ڕێژیمی بەعس و بەرەی شۆڕشگێڕان بە ناچاری حکوومەتێکی هاوبەش و بە شەریکی پێک دێنن. لەو نێوەدا خەتی سێیەم کە کوردە، چارەنووسی دیار نیە. دووەم، ڕەنگە بەرەی شۆڕشگێڕان سەربکەون و ڕێژیمی ئەسەد بڕووخێ ـ کە دیارە ئەگەری ئەمەیان زیاترە ـ لەم حاڵەتەدا خەتی سێیەم کە دژی ڕێژیم نەبووە لەگەڵ شۆڕش نەکەوتوە، یان زۆر بەزەحمەت لە تەرکیبی داهاتوودا جێی دەبێتەوە یان هەر ناتوانێ و دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی پێش شۆڕش و تەنانەت خراپتریش، چونکە حکوومەتی داهاتووی سووریە دۆستی پ.ک.ک نابێ.

لە دواڕۆژدا ئەگەر شۆڕشگێڕان بەسەر ڕێژیمی ئەسەددا سەرکەون نیگەرانیی ئەوە هەیە لە ڕوانگەی خۆیانەوە وەک ناوچەیەکی ئازادنەکراو سەیری کوردستانی سووریە بکەن، ئەوەی ڕێژیمی ئەسەد نەیتوانی بەسەر کوردی بێنێ ئەوان بەسەری بێننو لە هەلومەرجێکی ئاوا ئاڵۆزو پێچەڵپووچدا لایەنەکانی کارەساتێکی لەم چەشنە بۆ کەس ڕوون نیە.

کورد لە شورشی سووریە دەبووا بەشێکی چالاک و کاریگەری بووایە بۆ ئەوەی هەم لە ڕووخاندنی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دژی کورددا بەشدار بووایە و هەم توانیبای لە دیاریکردنی ئامانجەکان و دیموکراتیزەکردنی شۆڕشەکەدا دەوری خۆی بگێڕێ، کورد ئەگەر لەمەودواش بەشدار بێ دەتوانێ بە گوێرەی قورسایی و دەورو کاریگەریی خۆی، ویستو داخوازەکانی بێنێتە گۆڕێو دەتوانێ لە تەرکیبی داهاتووی سووریەدا جێگای شیاوی خۆی هەبێ.

لە ژمارە ٦١٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی : ٢٥ی جوولای ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# ئاکارە دێموکراتیکەکانی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان

لە رۆژی ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٣دا چوارەمین دەوری هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. لە ناوچەی دەروبەری هەرێمی کوردستاندا جگە لە ولاتی تورکیە کە نیمچە دیموکراسییەکی تێدا هەیە، شوێنەوارێک لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیک بەدی ناکرێ. هەرێمی کوردستان لە ولاتیکی وەکوو عێراقدا کە دەیان ساڵ لە ژێر دەسەلاتی دیکتاتۆری‌و توندوتیژی دابووە، ئێستا بە شیوەیەکی دیموکراتیک چوارەمین دەوری پارلمانی خۆی هەڵ بژاردوە کە هەم لە چاو ولاتانی دەوروبەری خۆی کە سەدان ساڵە ئەزموونی دەسەلاتیان هەیە دێموکراتیکترە هەم لە چاو دەورەکانی پێشووی رێکوپێکتر و پێشکەوتووترە. با لەوە گەڕێین کام هێز سەرکوتوەو کامیان نا، گرنگ ئەوەیە پرۆسەکە سەرکەوتوەو ئیرادەی نەتەوەی کورد لەم بەشەدا ئەمە بووە. با لەوەش گەڕێین کە کەموکورتییەکانی ئەم هەڵبژاردنە چ بوون، چونکە هەم هەڵبژاردنی ولاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتیش بێ کەموکورتی نیەو هەم چاوەدێرانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان باشتر کەموکورتییەکان دەبینن کە باسی بکەن.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزانین بەشێک لە نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد کە بە دەیان میلیۆن حەشیمەتەوە حاشا لە بوون‌و لە مافەکانی دەکرێ، لەم بەشەی کوردستاندا کە دەسەلاتی خۆی بەدەستە چۆن‌و بە چ شێوەیەک دەسەلاتەکەی بەڕێوە دەبا. ئەم هەڵبژاردنە خاوەنی هێندێک ئاکارو تایبەتمەندیی دیموکراتیکە کە ئاسۆیەکی روون‌و داهاتوویەکی گەشی بۆ هەرێمی کوردستان تێدا بەدی دەکرێ.

پێشبرکێیەکی توند لە نێوان ژمارەیەکی بەر چاو لە هێزو رێکخراوە سیاسییەکان‌و کەسایەتییەکاندا هەبوو کە ئەمە بۆخۆی لایەنی دیموکراتیکیی ئەم هەڵبژاردنە دەگەیەنێ؛ ١١٤٢ کەس لە ٢٤ لیستدا لەو هەڵبژاردنەدا بۆ پڕکردنەوەی١١١ کورسی لە پێشبرکێ دابوون کە ١١١٧کەس لە زۆرینەی کورد بۆ بەدەستهێنانی ١٠٠ کورسی‌و ٢٥ کەس لە کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئایینییەکان بۆ بەدەستهێنانی ١١ کورسی، هەوڵیان دەدا. دەزگایەک‌و ناوەندێکی بەرز رێ‌وشوێن‌و بیرو باوەڕەکانی خۆی نەکردبووە پێوانە بۆ ئەوەی بەسەر کاندیدەکانیدا بسەپێنێ، بەڵکوو هەر کەس نوێنەرایەتیی بیرو باوەڕێک یان حیزبێکی دەکرد کە ئازادانە تێیدا بۆتە ئەندام.

تایبەتمەندییەکی دیکەی دیموکراتیک بوونی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە لیستو کەسایەتییەکان لە رووی ئیدئۆلۆژی‌و لە رووی سیاسییەوە گەلێک جۆراوجۆر بوون؛ لە حیزبە نەتەوەیی‌و سکۆلارەکانەوە بگرە تا حیزبە ئیدئۆلۆژی‌و مەزهەبییەکان، لە حیزبە چەپەکانەوە بگرە تا راستەکان، لەم هەڵبژاردنەدا لە پێشبرکێ دابوون.

لایەنێکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە لە رووی پێکهاتەی نەتەوەیی‌و ئایینیەوەش جۆراوجۆر بوو؛ لە هەرێمێکدا کە زۆربەی هەر زۆری لە رووی نەتەوەیی‌و ئایینیەوە یەکدەستە، کارێکی وا کرابوو کە مافی کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانی دیکەی وەک تورکمان، کلدانی، ئاشووری ئەرمەنی‌و مەسیحی بە هۆی سیستمی « کۆتا» بپارێزرێ بە گوێرەی رێژەی خۆیان ۱۱ کۆرسیان بۆ

دەستەبەر بکرێ. دێموکراسی ئەو وەختە دیموکراسییەکی راستەقینەیە کە مافی «کەمایەتییەکان» بپارێزرێ.

لە وڵاتێکدا کە سوننەتێکی لەمێژینەی لە پشتگوێخستن‌و تەریک خستنەوەی ژناندا هەیە، بە مەبەستی چالاککردنی ژنان‌و کەڵکوەرگرتن لە تواناو لێهاتووی ئەوان لە کاروباری سیاسیدا، ۳۰%ی کورسییەکانی پارلمان بە پێی سیستمی کۆتا بۆ ژنان تەرخان کراوە. ئەم میکانیزمە لەم هەڵبژاردنەدا بێگومان یارمەتییەکی زۆر بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا دەکا.

بەشداریی زیاتر لە ۷۰%ی خەڵک لە دەنگداندا کە بە حەزو ئارەزووی خۆیان، بێئەوەی دەسەڵاتێک بە میکانیزمی جوراوجۆر ناچاری کردبن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، نیشانەیەکی باشە لە ئۆگریی ئەوان بە چارەنووسی سیاسیی خۆیان‌و حکوومەتی هەرێم.

ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا جێی سەرنجە، بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان دایە. لەم هەڵبژاردنەدا ئۆپۆزیسیۆن پلەی دووەمی لە نێو لیستەکاندا بەدەست هێناوەو بە پێی قانوون دەتوانێ لە حکوومەتدا بەشدار بێ. ئەم ئاڵوگۆڕە نە لە رێگای کوودتاو نە لە رێگای زۆرەوە رووی داوە، بەڵکوو لە رێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە رووی داوە کە نیشانەی روون‌و ئاشکرای دیموکراسییە. ئەمە لە ناوچەیەکدا کە زیندانی وڵاتانی ناوچەکە- بۆ وێنە ئێران - پڕن لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن ئێعدام دەکرێن‌و رەخنەگران ناچارن وڵات بەجێ بێڵن، دەسکەوتێکی گەورەیە.

راستییەکەی ئەوەیە شوێنەواری دەیان ساڵ دیکتاتۆری‌و توندوتیژی لە عێراق ساڵانێکی زۆری دیکەی دەوێ تاکوو بە تەواوی لادەچێ، بۆیە ئەم دیموکراسییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە دیموکرسییەکی گەنجە. هەرچەند تەمرینێکی زۆری دەوێ تاکوو لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگیدا نیهادینە دەبێ، بەڵام لەم دەیەی دواییدا گەلێک کاریگەریی پۆزەتفی هەبووە؛ چالاکیی دەیان حیزب‌و رێکخراو بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە، ئاسایشێک کە ژیانی دانیشتوانی پاراستوەو ئاوەدانی‌و ریفاهی ئابووری لە شوێنەوارەکانی ئەو ئازادییەن. هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش یەکێک لە دەسکەتەکانی ئەو دیموکراسییە گەنگەیە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە.

لە ژمارە ٦١٧ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# خوێندن بە زمانی زگماکیی نەتەوەکانی ئێران

### ئاورێک لە بارودۆخی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران

بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی ئێران سیاسەتی فەرهەنگیی وڵات نموونەی زەق و بەرچاوی سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی زمانو فەرهەنگی نەتەوە بندەستەکان بووە؛ تەنیا زمانی فارسی زمانی سیاسەتو ئابووری بووە. پێداویستییە حەیاتییەکانو کەلوپەلی رۆژانەی خەڵک تەنیا بەرچەسپی فارسییان لەسەرە. منداڵ کە چاو لە فیلمی کارتۆن دەکا بە فارسییە، کە بیسکویتێک هەڵ دەپچڕێ بە فارسی لەسەری نووسراوە، کەلوپەلی یارییەکانی نووسراوی فارسییان لەسەرە، لە قوتابخانەی سەرەتایی تەنیا زمانی فارسی دەبیسێ. دراوی گیرفانی هەمووکەس هەر بە فارسیی لەسەر نووسراوە. کەلوپەلی ماڵو چێشتخانە ئەگەر ئی دەرەوە نەبن هەر بەرچەسپی فارسیی پێوە دراوە. رێکلامەکان، تابلۆی سەر دەرودیواران بە زمانی فارسین. لە یەک قسەدا کارێکی وایان کردوە کە تەنیا زمانی فارسی بە کەلکی ژیانی ئەم سەردەمە بێ. چەندین زمانی بێگانە لە قوتابخانەکانەوە بگرە تا زانکۆکان دەخوێندرێن بەڵام زمانی نیوە یان هێندێک زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران کە لە نەتەوەکانی دیکەن مافی خوێندنیان نیە!

درێژەی ئەم سیاسەتە لە ماوەی دەیان ساڵدا بەرەبەرە ئەم گومانە گشتییەی لە دەروون و بیرو فکری خەڵکدا دروست کردوە کە تەنیا زمانی فارسی شایانی ئەو ئەرکە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە. ئەو باوەڕە چەوتە لە دڵو دەروونی خەڵکدا دەچێنێ کە تەنیا زمانی فارسی زەرفییەتی ئەو باسانەی هەیەو دەکرێ بخوێندرێ، زمانی نەتەوەکانی دیکە زمانی گوند، ناوچە، شوێنە هەژار و دواکەوتووەکانە، بە تایبەتییش ئەو ئاسیمیلەکردنەی زمان و فەرهەنگ زۆر جار فەرقو جیاوازیی ئابوورییشی لەگەڵە. ناوچەی نەتەوە غەیرە فارسەکان جگە لە ستەمی سیاسیو فەرهەنگی ستەمی ئابوورییشی لەسەرە، ئەوکاتە زمانی ئەو ناوچانە لە رووی دەروونیەوە ئەوەندەی دیکەش پلەو بایەخیان دادەبەزێ.

فیلمە کۆمێدییەکان، جۆکو قسە پێکەنیناوییەکان، چاپکردنی وێنەی کەسانێک بە جلوبەرگی نەتەوەکانی دیکە بۆ بابەتی جینایی‌و باس لە دواکەوتوویی‌و رووداوی سەیر و سەمەرەو ناخۆش لە رۆژنامەکاندا، لاسایی کردنەوەو گاڵتەکردن - بە قەول- بە لەهجەکان هەوڵێکن بۆ گرێدانی ئەو چارەڕەشی‌و دواکەوتوویە بە نەتەوەکانی دیکە بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بە نەتەوەکان زمان و فەرهەنگی خۆیان لەبەر چاو بکەوێ وا بیر بکەنەوە کە ئەوکاتە پێشکەوتوونو بەختەوەرن کە پشتی تێبکەن. هەوڵ دەدرێ ئەو حاڵەتە دەروونیە کازیبە بۆ تاکەکان پێک بێنن کە ئەوکاتە دەتوانن خاوەنی کەسایەتی خۆیان بنو نرخ و بایەخیان لەسەرێ دەبێ کە بە فارسی بدوێنو بنووسنو تەنانەت گاڵتە بەو هەوڵانەش بکەن کە نەتەوە بندەستەکان لە پێناوی خوێندنو نووسین بە زمانی

خۆیان دەیدەن. لە یەک قسەدا کارێکی وایان کردەوە کە زمانی نەتەوەکانی دیکە وا دەرکەون کە بە کەلکی ژیانی ئەم سەردەمە نایەن.

**هەوڵی تازە بۆ خوێندن بە زمانی نەتەوەکان**

هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری بابەتی خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی ئێرانی وروژاند. هەرچەند ئەم باسە باسێکی تازە نیە؛ لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام سەرکۆماری هەڵبژێردراو بەڵێنی بەرێوەبردنی ئەو ئەسڵە لە قانوونی بە نەتەوەکانی ئێران دا. ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسی دەڵێ:

«زمان، خەتی رەسمیو هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگەو نامەنووسینەکانو دەقە رەسمییەکانو کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەم زمانەو بەو خەتە بن بەڵام بەکارهێنانی زمانە ناوچەییو قەومییەکان لە چاپەمەنییەکانو راگەیەنە گشتییەکانداو خوێندنیان لە قوتابخانەکاندا، لە پەنا زمانی فارسی ئازادە.»

ئەو ئەسڵە لە ساڵی ١٣٥٨ەوە کە لە قانوونی ئەساسی دایە پشتگوێ خراوە. حەسەنی رووحانی لە ٩ی خەرمانانی ئەمساڵدا ١٥ رۆژ بەر لە هەڵبژێرانی، لە خاڵی ٤ی بەیاننامە ١٠ خاڵییەکەیدا بەڵێنی دا:

« خوێندن بە زمانی دایکیی ئێرانییەکان (کوردی، ئازەری، عەرەبیو...) بە شێوەی رەسمی لە ئاستی قوتابخانەو زانکۆکاندا بە مەبەستی بەرێوەچوونی ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسی لە تەواوەتیی خۆیدا.»

ئەو بەڵێنەی حەسەنی رووحانی، بەتایبەتی بەو سەرکەوتنە بەرچاوەیەوە لە هەڵبژاردندا، هیوا هومێدێکی زۆری لە دڵی چالاکانی مەدەنیو رووناکبیرانی نەتەوە بندەستەکاندا چاند. هیواو هومێدەکان کاتێک زیاتر بوون کە سەرپەرستی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن لە ١٥ی رەزبەردا رای گەیاند کە: «مەسەلەی خوێندن بە زمانی قەومەکان لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانم دایە.»

ئەو هەڵو بەڵێنانە تەنانەت ئەگەر بە ئاکامیش نەگەن هاتنە گۆریان بە سوودە، ئەگەر بە ئاکامیش بگەن دەسکەوتێکی بەنرخن بۆ نەتەوە بندەستەکانو پاشەکشەیەکی بەرچاوە بۆ مەزنیخوازیو ملدانەواندنە بۆ ویستی گەلانی ئێران. ئەم مەسەلەیە دەبێ وەک دەسکەوتێک سەیر بکرێ نەک وەک رێگا چارەی نیهایی کێشەی نەتەوەکانی ئێران. ئەمە مەسەلەیەکی فەرهەنگییە،کە نابێ بە کەم بزانرێ، بەڵام مەسەلەیەکی سیاسی نیە. چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێران رێگای سیاسیی هەیە.

**هەوڵی پێشڕەوانەی خوێندن بە زمانی کوردی**

مەسەلەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ئێراندا مەسەلەیەکە تایبەت بە خۆی، لە هێندێک رووەوە لەچاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران

جیاوازە. خەبات بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە ئێراندا رابردوویەکی درێژ، پڕ لە هەوراز و نشێوو تەنانەت خوێناویی هەیە. گرنگترین قۆناغ لەو هەوڵانەدا بە رەسمی کردنی خوێندنو نووسین بە زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان ( ۲۵-۱۳۲۴)دا بوو. قۆناغێکی دیکە پاش شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ دا بوو کە لە زۆر ناوچەی ئازادی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان قوتابخانەکانی شۆرشی بەرێوە دەبردن کە زمانی کوردیان لەپەنا زمانی فارسی تێدا دەخوێندرا. ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی محەممەدی خاتەمی دا (۸۴-۱۳۷۶) گەلێک ئەنجومەنی ئەدەبی لە شارو ناوچەکانی کوردستان دامەزران کە لە پاڵ چالاکیی ئەدەبی لاوانو منداڵانو تەنانەت گەورەکانیان فێری خوێندنو نووسین بە زمانی کوردی کرد. ژمارەیەک لەو ئەنجومەنانە تەنانەت دوای ئەم قۆناغەش توانیان درەژە بە ئەرکەکانیان بدەن.

بۆیە ئەوەی ئەمرۆ بۆتە بەشێک لە بانگەشەی تەبلیغاتیی سەرکۆماری بەبێ خۆڕانان بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی رۆڵەکانی کوردو رۆڵی پێشڕەوانەی ئەوان دەسەلمێنێ. ئەوە گرنگە کە ئێستا ئەو مەسەلەیە لە نێو دەسەڵاتدا مەترەحە، وا دیارە پەیامی نەتەوەکانی ئێران – با لە لایەنی فەرهەنگییشەوە بێ- بە گوێی دەسەڵات گەیشتوە.

ئەم ساڵ لە کاتێکدا قوتابخانەکانو زانکۆکان کرانەوە کە ئەو وەعدو بەڵێنانە درابوونو وەدی نەهاتن، داخوا حەسەنی رووحانی هێنانەگۆڕی ئەم مەسەلەیەی تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بوو بۆ ئەوەی دەنگی دەیان میلیۆن غەیرە فارس بۆ لای خۆی رابکێشێ، یان ساڵی داهاتووی خوێندن بە خوێندنو نووسینی زمانی زگماکیی رۆڵەکانی سەربە نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەست پێدەکا؟

لە ژمارە ٦١٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی : ۲۲ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۳

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٢

==================================

## روانگەیەکی کۆن بۆ کێشەی لەمێژینەی کورد، شەڕ یا پێشگیری لەشەڕ (بەشی دووهەم و کۆتای)

لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا پاش کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی بێدیفاعی «قارنێ» کە ٦٨ کەس ـ ژن و منداڵیشیان لە نێو دابوو ـ بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە دڕندانەترین شێوە کوژران، ح.د.ک. رایگەیاند کە: «ئێمە داوا لەکۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن، خاچی سووری نێونەتەوەیی و هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین سەبارەت بە جینایەتە ترسناکەکانی پاسدارەکان بە توندی رەخنە لە دەوڵەتی ئێران بگرن .» لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٨٠دا د. عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب نامەیەکی بۆ « هەموو رێکخراوە دیموکراتیک و پێشکەوتووەکانی جیهان، هەموو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان، و هەموو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆست و رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ» نارد. لەم نامەیەدا وێڕای ئاماژە بە سەرکوتی بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بە تۆپ و تانک و فرۆکە و هێلیکۆپتێر و کوژرانی « هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان.. قەتڵ و عامی ژن و پیر و منداڵانی شار و گوندەکانی کوردستان»، دوا دەکا : « لە یارمەتییە ماددی و مەعنەوییەکان بە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی ئێران درێغ نەکەن.»

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمێژە باوەڕی وایە کە نابێ کێشەی کورد وەک کێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە سەیری بکرێ کە کوردستانیان لەنێودا دابەش بووە. لە نامەیەکی د. قاسملووی نەمردا بۆ ئیدڤارد شوارد نادزە، ئەم مەسەلەیە بە روونی و بە ئاشکرا دیارە: « مەسەلەی کورد لە ئێراندا نابێ وەک مەسەلەیەکی نێوخۆیی چاوی لێبکرێ. داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران بە تەواوی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا دەگونجێن. ئێمە لە ئێوە کە لایەنگری دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری دنیادان.. داوا دەکەنی پشتیوانی لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد رابگەیەنن...»

لەوەش روونترو ئاشکراتر نامەیەکی دیکەی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو بۆ بەڕێز پرێزدوکوێلار سکرتێری گشتیی ئەوکاتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە تاریخی ٣/ ٨/ ١٩٨٨ دا نووسراوە و هاتوە: « مەسەلەی کورد لە ئێران مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە. لە کوردستان سەرەتاییترین مافی ئینسانی و میللیی گەلێک پێشێل دەکرێ و، ئێوە وەزیفەتانە بە مەبەستی دیفاع لە مافی مرۆڤ و مافی مەوجوودییەتی یەکێک لە رەسەنترین و کۆنترین گەلانی ئەم ناوچەیە هەنگاوی پێویست هەڵێننەوە. ئێمە

چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکانی ئێوەین و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاریی تەواو لەم پێیەدا رادەگەیەنین.» بەیاننامەی خەرمانانی ئەمساڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو بانگەوازانەی پێشووی دا هەیە بە تایبەتی کە لە زمانی سکرتێری گشتییەوە گوتراون؟

با وای دابنێین ئەمریکا یان بۆخۆی یان لەگەڵ چەند وڵاتی هاوپەیمانی هێرش دەکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ـ هەرچەند بەڕاستی ئامانجی هێرش رێژیم و بنکە نیزامی و سەرکوتکەرەکانی بێ یان وڵاتی ئێران، جیایە ـ دەوڵەتان یان ئەمریکا ئەگەر هێرش بکەنە سەر ئێران نە بەقسەی کورد دێن و نە بە قسەی کورد دەگەڕێنەوە. ئەو کەسانە مەسەلەکە وا مەتڕەح دەکەن هەر وا بزانە ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە ئەرتەشەکانیان لەبەردەستی کورد دایە! بەڵام وای دابنێین ئێران هێرشی دەکرێتە سەر، کورد و هێزە سیاسییەکانی دەبێ چ بکەن؟ ئەگەر بیانەوێ شتێک بکەن، داخوا بە راستی دەتوانن؟ ئەگەر توانای دیفاع لەبەرامبەر هێرشێکی وایان دا هەبێ . کە نیانە ـ ئەو دیفاعەی لە کێ دەکەن؟ لە کۆماری ئیسلامی یان لە خەڵکی ئێران ؟ کورد دیفاع لەکام دەسکەوتی بکا کە پێی دراوە تا بیپارێزێ؟ ئەگەر ـ بۆ وێنە ـ ئەمریکا هات کۆماری ئیسلامی برووخێنێ داخوا ئەو مافانە لە کورد دەستێنێتەوە کە کۆماری ئیسلامی پێی دابوو!! لەم پێوەندییەدا لە ٢٠ ساڵی دواییدا ئەزموونی وڵاتانی دیکەمان لەبەر دەست دایە:

ناکا ئەو کەسانە پێیان وابی کاتێک ناتۆ ( دەیەی ٩٠ ) هێرشی کردە سەر هێزە سێربییەکانی سەر بە میلۆسۆڤیچ، ئەوانەی هەزاران بۆسنیایی کرۆواتییان بە کۆمەڵ کوشت، دەبووا قوربانیەکان لەبەر پاراستنی « یەکپارچەیی خاکی» یوگسلاڤی لە دژی ناتۆ شەڕیان کردبایەو خزمەتیان بە مانەوەی دەسەڵاتی میلۆسۆڤیچ بکردایە! بەڕاستی رەنگە ئەو کەسانە پێیان وابێ کوردەکانی عێراق و شیعەکانی ئەم وڵاتە کە دەیان هەزار کەسیان بە کۆمەڵ بەدەستی سەدام حوسێن کوژران و ئەم رێژیمە چەکی شیمیایی لە دژی کورد بەکار هێنا، لە ١٩٩١دا کاتێک کۆمەڵگەی نێونەتەویی چەتری پاراستنی بۆ کوردەکان و شیعەکان پێک هێنا یان لە شەڕی ٢٠٠٣دا « هەستی نیشتمانپەروەری» وای لێکردبان ببنە سەربازی سەدام حوسێن! رەنگە لە روانگەی ئەم کەسانەوە شۆڕشگێڕانی لیبی خیانەتیان بە وڵاتەکەیان کردبێ کە لە بەرامبەر وەحشیگەرییەکانی موعەممەر قەزافیدا پشتیوانیان لە دەستێوەردانی وڵاتانی رۆژئاوا کرد و لەبەر هەستی نیشتمانپەروەری بە گیان و بەدڵ قەناعەتیان بە کوشتاری قەزافی نەکرد! خۆ ئەو کەسانە ناکرێ پێیان وابێ بوسنیایی و کرۆواتی و عەرەبەکانی عێراق و لیبی و...هتد هەروا بەدەستی دیکتاتۆری وڵاتەکانیان کوژرابان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش دەستی لەسەر دەستی دانابایە و تەنیا تەماشاچی بووایە. دەبووا رێژیمی سوودان هەروا درێژەی بە قەتڵ و عامی خەڵکی باشووری سوودان دابایە و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی مافی ئەوەی نەبووایە رێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە؟ پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەویی لە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و نەژادییەکان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە رەوایە کە دەکەونە بەر هێرشی دڕندانەی حکوومەتە شوڤێنیست و فاشیستییەکان بەڵام بۆ کورد کە بە داخەوە مێژووەکەی پڕە لەم رووداوانە، رەوا نیە؟ لە روانگەی شۆڤێنیستانەوە دیفاع لە هەر نەتەویەکی ستەم لێکراو رەوایە ـ بە قەولی د. قاسملووی نەمر دەڵێ: «بە مەرجێک کورد نەبێ؟» بە راستی جاری وایە دەمارگرژی و شۆڤێنیزم، رووناکبیرێک دەکاتە گاڵتەجار! . زۆر سەیرە! تێکۆشەرانی ئێران کاتێک بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن یان تەنانەت یەکێک لە زیندانەدا هەڵامەتی دەبێ ـ بۆ وێنە ئاغای ئەکبەری گەنجی ـ دەبێ هەموو رێکخرا و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان بزانن و کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن ـ کە دیارە ئەوە زۆر

باشە ـ بەڵام کورد هەقی نەبێ ئیعدامی بە کۆمەڵی رۆڵەکانی بە بیر ورای گشتیی دنیا رابگەیەنێ و دوای یارمەتی بکا بۆ راگرتنی ئەم جینایەتانە؟! داخوا ئەو کەسانە دروشمی خۆپێشاندەران لە تارانیش لە هاوینی ۱۳۸۸دا کە دەیانگوت : «اوباما، اوباما یا با اونا یا با ما» بە « تجزیه طلب» تۆمەتبار دەکەن؟ یان بڕیاریان داوە هەرچی کورد بیڵێ و داوای بکا ناڕەوایە و دەبێ بە شک و گومانەوە لێی بڕوانن! بەڕاستی، ئەو کەسانەی هێندە نیگەرانی چارەنووسی هاونیشتمانانی کوردیانن و پەرۆشی کوردستانی ئێرانن کە نەکا ماڵەخۆ بکەن، بۆچی قەت جارێکی لە بەرامبەر ئەو هەموو بێعەداڵەتی، قەتڵ و عام و ئەشکەنجە و ئێعدامی رۆڵەکانی کورددا نووزەیان نایە؟

تەنانەت ئەوکەسانە لەوە نیگەرانن « هەرکات حکوومەتی مەرکەزی [ ناشڵێن دیکتاتۆری ] لاواز بێ مەترسیی سەرهەڵدانی بزووتنەوە جیاییخوازەکان» دێتە گۆڕێ. ئەوە راستە کە هەرکات دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە ئێران تووشی لاوازی بووە خەڵکی کوردستان بە ئاسوودەیی هەناسەی داوە، دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ۱۳۲۴دا راست لە هەلومەجێکی ئەوتۆدا روویدا. بەڵام ئەمە هەر تایبەت نەبووە بە کوردستان، لەم کاتانەدا لە سەرانسەری ئێران ئازادییەکان بووژاونەتەوە و حیزب و رێکخراوی سیاسی دامەزراون یان گەشەیان کردوە. سێ قۆناغی گرنگی مێژوویی لە ئێران دا ئەم راستییە دەسەلمێنن: رووداوەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵەکانی۱۳۲۴ و ۲۵، سەرکەوتنی بەرەی میللی بە سەرۆکایەتیی د.محمد مصدق لە ساڵانی ۱۳۳۰ تا ۱۳۳۲و شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷دا تا دەگاتە زاڵبوونی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی. لەهەرسێک قۆناغدا حیزب و رێکخراوی سیاسی یان دامەزراون، یان گەشەیان کردوە، رۆژنامەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بووژاونەتەوە و ئەشکەنجە و زیندانیی سیاسی یان نەماوە یان زۆر لە کەمیی داوە. بە ڕای شۆڤێنیستەکانەوە ئەگەر حکوومەتی دیکتاتۆری لە ناوەند لاواز بێ، لەبەر ئەوەی نەتەوەکانی ئێران هەناسەیەکی ئازاد هەڵدەکێشن و ئازادییەکان دەبووژێنەوە، ئەمە هەڕەشە لە «یەکپارچەیی خاکی ئێران «دەکا. واتە لاوازیی دیکتاتۆری و بووژانەوەی ئازادییەکان لە روانگەی ئەوانەوە بەرامبەرە بە هەوڵوەشانی ئێران. کەوابوو بۆ ئەوەی ئێران بە « یەکپارچە» یی بمێنێتەوە دەبێ هەمیشە رژێمێکی ناوەندگەرای دیکتاتۆر لەسەر کار بێ تا ئاگای لە نەتەوەکانی ئێران بێ ئاقڵ لە جێی خۆیان دانیشین. مەنتیقێکی سەیرە!

ئەگەر نەڵێین ناسیۆنالیزمی « ئێرانی» ـ کە خۆی لە فارسدا پێناسەدەکا و ئینکاری نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی تێدایە ـ لەسەردەمی رەزاخان دا دەستی پێ کردکە لە خەرمانانی ۱۲۹۹ ( ۱۹۲۰) ئینگلیسەکان بە کودیتا هێنایانە سەرکار، دەتوانین بڵێین لەوسەردەمەدا پەرەی گرت و لەسەردەمی مەحەممەد رەزاشای کوڕیدا کە ئەویش ئینگلیس و ئەمریکا پاش وەلا نانی باوکی لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا هێنایانە سەر کار، کرا بەو نیمچە ئیدئۆلۆژییە کە ئەمڕۆ هێندێک لەو رووناکبیرە شۆڤێنیستانە لایەنگریی لێدەکەن. تەنانەت ئەو شۆڤێنیزمە قەرزداری کودیتای شوومی ۲۸ی گەلاوێژە کە ئەمریکاییەکان بۆ هێنانەوە سەرکاری حەمەرەزا شا لە دژی د. محەممەدی مصدق بەڕێوەیان برد. ئەوانەی کە بەو دەمارگرژییەوە دیفاع لە « نەتەوەی ئێران» دەکەن و حاشا لە بوونی نەتەوەکانی دیکەی «وڵاتی ئێران» دەکەن هەر کە کورد باسی مافی رەوای خۆی دەکا ناووناتۆرەی جۆراوجۆری لێدەنێن و بە دەسکردی « بێگانە»ی لەقەڵەم دەدەن، لە بیریان دەچێتەوە کە رەوتی ناسیۆنالیزمی ئەوان چۆن شکڵی گرتوە. پاشان ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد دەسکردی «بێگانە»یە، بۆچی ئەو بێگانەیە لە چەندین قۆناغی گرنگی مێژووییدا مانعی گەیشتنی کورد بە مافەکانی بووە: ئەوە سەرکوت و دوورخرانەوەی شێخ مەحموود ( ۱۹۲۱ )، پەیمانی لۆزان (۱۹۲۳ )، یارمەتی بە رژێمی شا لە دژی کۆماری کوردستان (

**١٩٤٦ )، گیرانی عەبدوللا ئۆجالان (١٩٩٨)ء...هتد. بۆچی ئەو یارمەتییەی بە هاتنە سەرکاری مەلیک فەیسەڵ لە عێراق کرا ( ١٩٢٦)، بە ئاتا تورک لە تورکیە ( ١٩٢٣ )، رەزاخان ( ١٩٢٠ )و محەممەد رەزا شا دوو جار ( ١٩٤٢و ١٩٥٣ ) لە ئێران، سەددام حوسێن لە دژی کوردەکان لە عێراق و...هتد. ئەگەر بزووتنەوەی کورد « دەسکردی بێگانە»یە بۆچی جارێکی دەفەتێکی لەم نموونانەی سەرەوە نەدا بە کورد؟!**

**لە بارەی « تەجزییە تەڵەبی»یەوە**

**سەربەخۆیی: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنەوە تا ئێستا زۆر بە روونی و بە ئاشکرا رای گەیاندوە کە کورد وەکوو هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە کە چارەنووسی خۆی بۆخۆی دیاری بکا. مافی دیاریکردنی چارەنووسیش سێ شکلی هەیە: خودموختاری، فیدرالی و سەربەخۆیی. هەرسێکیان لە ئەدەبیاتی حیزبی دیموکراتدا و لەلایەن کەسانی یەکەمی ئەم حیزبەوە ئیشارەیان پێ کراوە، د. قاسملوو دەڵێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە.» لە درێژەدا دەڵێ: « هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە.. ئەوەکە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا،.. نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.» بەڵام لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دروشمی « سەربەخۆیی» نە لە دروشمی ستراتیژی، نە لە تاکتیک و نەلە دروشمی رۆژدا نەبۆتە دروشمی سیاسی و تەنیا وەک «ماف» باسی کراوە و هیچ کات ئەم مەسەلەیە حاشای لێ نەکراوە و بە روونی و بە ئاشکرا پێی لەسەر داگیراوە.**

**د. قاسملوو چەند جار لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە «ئێوە داوای خودموختاری دەکەن، چ دەستەبەرێک هەیە لە داهاتوودا مەسەلەی سەربەخۆی نەیەتە گۆڕێ» د. قاسملوو گوتوویەتی: «ئێمە لە بەرامبەر نەسلەکانی داهاتوودا بەپرس نین.». ئەمە قسەیەکی مەنتیقییە، کەس ناتوانێ بڕیار بۆ چارەنووسی نەسلەکانی دوای خۆی بدا. حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێبەرانی هەتا ئێستا فۆرمۆلیکیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد هێناوەتەگۆڕێ کە جیاوازە لەوەی کە لە سەدەی ١٩و تەنانەت سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ رێبەرانی کورد خستبوویانە روو،کە هەموویان سەربەخۆییخواز بوون: میر محەممەدی رەواندز ( ١٨٤١ ـ ١٨٣٦ )، بەدرخان بەگ ( ١٨٥٠ ـ ١٨٤٧ )، شێخ عوبەیدوللا نەهری ( ١٨٨١ ـ ١٨٧٩ )، سمکۆ ( ١٩٣٠ ـ ١٩١٣ )، شێخ مەحموودی بەزرنجی ( ١٩٢٣ ـ ١٩١٩ )و کۆمەڵەی ژ ـ ک ( ١٩٤٥ ـ ١٩٤٢). هەروەک نەسلی سەردەمی پێشەوا قازی محەممەد، د. عەبدولرەحمانی قاسملووو رێبەرانی دیکەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ناچار نەبوون پێڕەوی ستراتیژی رێبەرانی پێش خۆیان بکەن، نەسلەکانی داهاتووش بۆخۆیان دەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەم مەنتیقە بۆ نەسلەکانی دیکەش رەوایە.**

**لە کەس شاراوە نیە لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشێکی زۆر لە کوردەکانی ئێران لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانیان ئاشنا نەبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەرکێکی زۆر قورسی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئاگادارکردنەوەیان لە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانیانی لەسەر شان بوو. بە تایبەتییش کە هیزی وا هەبوون لە کوردستاندا ئوسووڵەن لەگەڵ مەسەلەی**

نەتەوایەتی نەبوون. ئێستا پێمان خۆش بێ یان نا درێژە کێشانی ۳ دەیە سەرکوتی بێ بەزەییانەی نەتەوەی کورد و بێبەشکرانی لە هەرچەشنە مافێکی سەرەتایی و ئینسانی، دەبێ هێزەسیاسییەکانی کورد لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی رووناکبیرانی دا دیفاع لە دروشمی مانەوە و خەبات لە چوارچێوەی « وڵاتی ئێران»دا بکەن! داخوا ئەمە بەرهەمی دیکتاتۆری و

رەشبینی لەبەرامبەر کوردە کە ئەم وەزعەی پێک هێناوە یان هێزە سیاسییەکانی کورد و لە نێواندا حیزبی دیموکراتی کوردستان؟

ئەو کەس و هێزانەی لە ئێراندا باوەڕیان بە سەربەخۆیی کورد نەبێ وەک ماف، بێگومان باوەڕیان بە مافی خودموختاری و تەنانەت مافە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیشی نابێ، چونکە خودموختارییش بە سەرەتایەک بۆ جیابوونەوە دەزانن. بەڵام ئەو کەس و هێزە دیموکراتانەی باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران هەبێ ـ لە هەر شکڵێکی دابێ ـ کورد و هێزە سیاسییەکانی بە ئاسانی دەتوانن لە چوارچێوەی ئێران دا کاریان لەگەڵ بکەن، بێ ئەوەی بیر لە جیابوونەوەو گیروگرفتەکانی سەر رێی بکەنەوە.

وای لێ هاتوە « تەجزیە تەڵەبی» وەک قسەی ناشیرینی لێ بێ. دەگێڕنەوە لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستان کابرایەکی لایەنگری حیزبی دیموکرات لە کادرێکی حیزب دەپرسێ: ئەرێ «تەجزییە تەڵەبی» چیە بە ئێوەی دەڵێن؟ ئەویش بۆی روون دەکاتەوە کە تەجزییە تەڵەبی جنێو نیە و ئەگەر نەتەوەیەک بیەوێ سەربەخۆیی وەربگرێ لە وڵاتێکی دیکە جیا بێتەوە ئەوە تەجزییە تەڵەبییە. کابراش کە دەزانێ تەجزییە تەڵەبی چیە، قسە بەو کەسانە دەڵێ کە تەجزیە تەڵەب نین! لەبەر چی؟ چونکە ئەوەندەی سەرکوت و جینایەتی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستان بە چاوی خۆی دیوە و لە ئیدارات و دامودەزگای حکوومەتی ئەوەندەی سووکایەتی بە فەرهەنگ و نەتەوەکەی دیوە، هیوای بە پێکەوە ژیان لە ئێراندا نەماوە.

فیدرالیزم: بەر لەوەی دروشمی فیدراڵی ببێتە دروشمی ستراتیژیکیی حیزب لە کۆنگرەی ۱۳دا، زۆر پێشتر ئەم فۆرمۆڵە سیاسییە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێران لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە هاتۆتە گۆڕێ. لە کۆنگرەی ۱۲شدا هاتە گۆڕێ بەڵام نەبوو بە دەستووری کاری کۆنگرە تاکوو پەسند بکرێ. هێنانە گۆڕی مەسەلەی فیدرالیزم زۆر لەوەش کۆنترە: لە تاریخی ۱۳۵۸/۵/۱۴دا ح.د.ک. لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی باس لە « پێکهاتنی رژێمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا کە لە چوارچێوەی ئەودا مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە شێوەی خودموختاری یان فیدراتیڤ دابین بکرێ» دەکا. : « د. قاسملوو لە وتووێژێک لەگەڵ رۆژنامەی اطلاعات، رۆژی ۳ی سەرماوەزی ۱۳۵۸دا دەڵێ: «ئەگەر لە ئێراندا تەنیا گەلێکی ستەملێکراو بۆ وێنە گەلی کورد دەبوو، ئەوکات رێگا چارەی کێشەی نەتەوایەتی تەنیا دەیتوانی بە شێوەی خودموختاری بێ. بەڵام، بەهۆی بوونی چەند گەلی ستەملێکراوی دیکە، شێوەی فیدراتیڤ رێگا چارەیەکی تەواوتر دێتە بەرچاو» پێشتریش لە رۆژی ۸ی خاکەلێوەی ۱۳۵۸دا د. قاسملوو لە نامەیەکدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی باس لە فیدرالیزم دەکا بۆ ئێران.

به کورتی

دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە ئێراندا لە کۆنەوە هەتا ئێستا بە خەستی سانترالیست بووە. نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی کورد نە لەدەسەڵاتدا و نە لە ئیمتیازەکانی وڵاتدا نەک هەر بەشدار نەبوون، بەڵکوو بە توندی سەرکوت کراون. کاتێک کورد داوای مافی رەوای خۆی کردوە لە جیاتی گوێگرتن و وەڵامدانەوە، بە « تەجزییە تەڵەب»و « دەسکردی بێگانە» تۆمەتبار کراوە و تەنانەت حاشا لە هۆوییەت و ناسنامەکەشی کراوە.

ئاشکرایە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەم رێژیمە دەرووخێ، بەڵام روون نیە مەوقعیەتی کورد چ دەبێ. لەهێرشێکی ئەوتۆدا کورد نە هێزێکی وای هەیە بتوانێ یارمەتیدەر بێ نە هێزێکی وای هەیە بتوانێ پێشی پێ بگرێ. ئەگەر بشتوانێ ناکرێ پشتیوانی لە رێژیمێک بکا کە ٣ دەیەیە بە دڕندەترین شێوە سەرکوتی دەکا. ئەگەر گەلانی ئێران بتوانن چارەنووسی کۆماری ئیسلامی دیاری بکەن، بێگومان کورد هێزێکی دیارە، کەوابوو مەوقعییەتەکەشی دیار دەبێ.

کورد و هێزە سیاسییەکانی بە تایبەتی حیزبی ح.د.ک. لە سەرەتاوە تا ئێستا باوەڕیان وابووە کە مەسەلەی کورد، یەکەم، رێگا چارەی سیاسیی هەیە نەک نیزامی، دووەم، لە چوارچێوە ئێران دا یان بە شکڵی « خودموختاری» یان بە شکڵی « فیدراڵی» چارەسەر دەکرێ. ئەگەر نەتەوەکانی ئێران وەک لە دەسەڵات و چارەنووسی وڵاتدا بەشدار بن و سەرکوت نەکرێن هۆیەک بۆ « جیاییخوازی»و گۆڕینی سنووری وڵاتێک یان چەند وڵات نابێ. لە جیهاندا نموونەی ئاوا زۆرە.

بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد گرتنە بەری رێگای پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی ئەو وڵاتانای تێیدا دەژین هەتا ئێستا رێگایەکی سەخت و دژوار بووە و تەنانەت بۆ ئەمەش هەزینەیەکی زۆریان داوە، گرتنە بەری رێگای جیابوونەوە لە وڵاتەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، ئاستەمترو دژوارتریشە. ئەگەر رەوتی سەرکوتکردن و دوورخستنەوەی کورد لە ماف و دەسەڵات لەم وڵاتانەدا هەروا درێژەی هەبێ بەرەبەرە ئەو موعادەلەیە دەگۆڕێ و وای لێدێ کە کورد و رووناکبیرانی رێگای یەکەم ( پێکەوە ژیان )یان پێ لە رێگای دووەم ( جیابوونەوە و سەربەخۆیی ) سەختتر و دژوارتر بێ.

لە ژمارە ٥٧٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ٨ی فێوریەی ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# پێگە لەرزۆکەکانی رووسیە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا

رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا هەرچەند مۆسکۆی لە پلەی زلهێزی دابەزاند و بەهۆی سەربەخۆیی کۆمارەکانی پێکهێنەری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە رووبەری فەرمانڕواییەکەی کەم بۆوە، بەڵام رووسیە کە میراتگری سەرەکیی سۆڤیەتە ئێستاش گەورەترین وڵاتی جیهان لە رووی رووبەری خاکەوەیە. تیکنۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی سۆڤیەت کە بەشی هەرەزۆری لە بواری نیزامی دابوون، بە میرات بۆ رووسیە ماوەتەوە. ئەم وڵاتە خاوەنی نەوتێکی زۆر و گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری گازە. بەڵام لەلایەکی دیکەش، بڕووکراسیی ئیداری، سیستمی تاک حیزبی و تۆتالیتێر، رۆڵی دەوڵەت لە ئابووریی کەلان دا، نەبوونی ئازادیی فەردی و راگەیاندنی ئازاد لەو لایەنە مەنفیانەن کە بە رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت بەرۆکی ئەم وڵاتەی بەر نەدا، هەرچەند لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ ئیدئۆلۆژییەک لە چەشنی مارکسیزم نەبۆتە بنەمای دەوڵەت لەم وڵاتەدا. ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی لە رووی سیستمی ئابوورییەوە بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی ناوە و بەشی تایبەتیی بەهێز کردوە و بۆچوونی لیبرالیی بەسەر دا زاڵە، بەڵام رقەبەرایەتی و بەرەبەرکانی لەگەڵ رۆژئاوا هەروا لە دیارترین سیاسەتەکانیەتی.

رووسیە لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەوڵی داوە رۆڵێکی زیاتر لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان دا بگێڕێ و ببێتە ئەکتەرێکی چالاک، خەریکی دۆزینەوەی دۆست و هاوپەیمان لە نێو وڵاتان لە سەرانسەری جیهان دایە. ئەوەی لەو هاوکێشە سیاسیانەدا گرنگیی تایبەتیی بە رووسیە داوە خاوەنیەتیی مافی ڤیتۆ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەبوونی رێژیەکی زۆر لە چەکی ئەتۆمییە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران بۆی ماوەتەوە. ئەم دوو هۆیە وێڕای ئەو میراتانەی یەکیەتی سۆڤیەت کە باسیان کرا، ئەگەر توانای زلهێزییان بە رووسیە نەبەخشیوە، لانی کەم کردوویانەتە هێزێکی حاشا هەڵنەگر کە بتوانێ ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان بە تایبەتی چین لە کێشە نێو نەتەوەییەکاندا لەگەڵ خۆی هاودەنگ و هاوڕێ بکا.

رووسیە بۆ گێڕانی رۆڵێکی چالاک لە جیهاندا لەسەر ئەو وڵاتانە بە پلەی یەکەم دەسمایەی داناوە کە دوژمنایەتیی کۆن و نەریتیان لەگەڵ رۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکادا هەبووە و هەیە. ئێران، کووبا، ڤێنزۆئێلا، سووریە- رێژیمی لیبییش بەر لە رووخانی لەو رێژیمانە بوو ــ نموونەی ئەو رێژمانەن کە پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ رووسیە هەیە و رووسیە کەڵک لە هەموو توانا دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی بۆ پشتوانی لەوان لە ئاستی نێونەتوەییدا وەردەگرێ. بەشی زۆری توانا نیزامییەکانی ئەو وڵاتانە لەلایەن رووسیەوە بەهێز دەکرێ کە نموونەی هەرە بەر چاوی چالاکییە ئەتۆمیەکان و تیکنۆلۆژیی نیزامیی رووسیە لە ئێرانە کە کۆماری ئیسلامی وەک « غرووری میللی » بە چاوی خەڵکی ئێرانیەوە دەگرێ.

لەم جۆرە وڵاتانەدا کە بە هاوپەیمانی رووسیە حیساب دەکرێن ئاسەوارێک لە دیموکراسی بەدی ناکرێ، دەسەڵاتی تاک حیزبی و دیکتاتۆریی فەردی و درێژخایەن دەرفەتی لە هێزە ئازادیخوازەکان بڕیوە، فەسادی ئیداری و ماڵی، نەبوونی چاپەمەنیی ئازاد باڵی بەسەر ئەو وڵاتانە دا کێشاوە و لە هەموویان دا رێژەی ئێعدام لەسەرەوەیە. هەربۆیە لە هەموویان دا بزووتنەوی ئازادیخوازی لە

گۆڕێ دایە کە لە هێندێکیاندا بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ. هاوکاری و هاوپەیمانەتیی رووسیە لەگەل ئەم جۆرە رێژیمانە بە رادەیەکە کە تەنانەت لە سەرکوتی خەلکەکانیشیاندا یارمەتیان بۆ دەنێرێ، وەک ئامێر و ئامرازی سەرکوت و ئەشکەنجە و تەعقیبی موخالیفان، چەک و چۆڵ بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران و ڤیتۆ کردنی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سزادانی ئەم جۆرە رێژیمانە کە بە توندترین شێوە خەڵکەکەیان سەرکوت و قەتڵ و عام دەکەن ( وەک ئەوەی ئێستا لە سووریە جیهان شاهیدیەتی).

بۆیە دەبینین لەم وڵاتانەدا خۆپێشاندەران وێڕای دروشم دژی رێژیمی فەرمانڕەوای وڵاتەکەیان لە دژی رووسیە و هێندێک جار چین کە هاوپەیمانی رووسیەیە دروشم دەدرێ. وەک ئەوەی ئێستا لە سووریە دەی-بینین، هەروەها لە خۆپێشاندانەکانی دووساڵ لەوەپێشی خەڵکی ئێران دا کە دروشمی دژی روسیە و چین دەبیسرا.

رووسیە رۆلێک لە شانۆی جیهانی دا یاری دەکا کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئەمریکا لە هێندێک ناوچەی جیهان دا یاریی دەکرد، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ رێژیمی پاشایەتی لە ئێران دا،یان پشتیوانیی بریتانیا لە رێژیمی پاشایەتی لە عێراق دا. گۆمانی تێدا نیە کە توانای ئەو کاتی ئەمریکا و بریتانیا لە هاوکێشە جیهانیەکان دا لە چاو توانای ئێستای رووسیە لە هاوکێشە جیهانیەکانی ئێستا دا زۆر زیاتر بوو، بەڵام ئەم پشتیوانیە نەی-توانی ئەم دوو رێژیمە لە رووخان بپارێزێ، لەئاکام دا هەردوو وڵات بوون بە مەکۆی دژایەتی لەگەڵ رۆژئاوا کە لە عێراق بە شەڕی یەکەمی خەلیج کۆتایی هات و لە ئێران دا هەورا بەردەوامە.

هەروەک زۆر ئەزموونی مێژوویی دەریان خستوە، ئەو جۆرە رێژیمانە لە وڵاتەکانیان دا داهاتوویەکیان نیە و پشتوانیی هێزێکی دەرەوە تەنانەت ئەگەر لە ئاستی جیهانیش دا توانا دەسترۆیشتوویی هەبێ، ناتوانێ مانەوەیان دەستەبەر بکا. پشتوانیی رووسیە لەم جۆرە رێژیمانە سیاسەتێکی دووربینانەی لە پشت نیە، قازانجەکانی رووسیە لەم وڵاتانەدا تا ئەو کاتەیە کە ئەو رێژیمانە لەسەر کارن کە پێگەیان لە نێو خەڵکی خۆیان دا نیە.

پشتیوانیی رووسیە لە کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی حەساسییەتێکی زیاتریشی لە چاو وڵاتانی دیکە هەیە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم، ئێران دراوسێی رووسیەیە، دووەم، کێشەی سنووری و خاوەندارەتیی دەریای خەزەر کە پڕاوپڕە لە کانگای ژێر زەوی و وزەی شاراوە کە هێشتا یەکلا نەبۆتەوە. سەبارەت بە پشتیوانیی رووسیە لە کۆماری ئیسلامی وێنەی رووسیە لەلای خەڵکی ئێران خەوشدار بووە و ئەمەش داهاتوویەکی تاریک و ناروونی خستۆتە سەر رێگەی پێوەندییەکانی ئێران و رووسیە لە دوارۆژدا. ئەگەر رووسیە بیهەوێ ببێتە ئەکتەرێکی چالاک لە کێشە نێونەتەوەییەکان دا رەنگە پێویست بێ رۆژێک ـ وەک ئەوەی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی ئێران دا کردی ـ داوای لێبووردن لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بکا .

لە ژمارە ٥٧٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ٧ی مارچی ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

## رووسیه دوای هەڵبژاردن چۆن دەتوانێ ببێته ئەکتەرێکی چالاکتر؟

رۆژی ۴ی مارس له رووسیه هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەڕێوە چوو. جگه له ڤیلادیمیر پووتین، سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاته چوار کاندیدای دیکەش له پێشبڕکێی هەڵبژاردندا بەشدار بوون. له حاڵێکدا که رۆژی دواتر پووتین و لایەنگرانی جێژنی سەرکەوتنیان دەگرت، دەیان هەزاران کەس له شارەکانی رووسیه به تایبەتی له مۆسکۆ و سێن پێترزبۆرگ به ئێعتراز له فرت و فێڵ له هەڵبژاردن دا به قازانجی پووتین خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. به پێی ئاماری دەوڵەتی، پووتین ۶۳.۷۵%ی دەنگەکانی هێناوەتەوە، بەڵام گالووس یەکێک له نیهاده سەربەخۆیەکانی چاوەدێر بەسەر هەڵبژاردندا ئەم رێژیه به کەمتر دەزانێ و پێی وایه که هێندێک زیاتر له ۵۰%ی دەنگەکانی هێناوەتەوە. به پێی قانوونەکانی رووسیه کاندیدای سەرکەوتوو دەبێ لانی کەم ۵۰%ی دەنگەکان بێنێتەوە ئەگینا لەگەڵ کەسی دوای خۆی که زۆرترین رێژەی دەنگەکانی هێناوەتەوە، دەکەوێته دەوری دووەم.

ئەوەی لەم ئامارانەوە دیاره، وا دەردەکەوێ ڤیلادیمێر پووتین بەزەحمەت توانیویەتی لەم هەڵبژاردنە دا بیباتەوە. ئەوە له حاڵێک دایه که پووتین هەرچەند له پۆستی سەرۆک وەزیران دابوو ـ که ئەمە بۆخۆی دووەمین پۆستی به دەسەڵاتە له رووسیەدا ـ بەڵام لەراستی دا دەسەڵاتی سەرەکیی به دەست بوو. پێشتر له ۲۰۰۰ ڕا تاکوو ۲۰۰۸ بۆ ماوەی دوو دەوره سەرۆک کۆمار بوو. به پێی قانوونی ئەساسیی رووسیه وەک زۆربەی وڵاتان سەرۆک کۆمار بۆ کەسێک تەنیا دوو دەوره به دوای یەک دایه، ئەو کارێکی وای کرد که دیمیتری میدویدۆف له دەورەی پێشوو دا وەک سەرۆک کۆمار هەڵ ببژێردرێ که دەسەڵاتی بەسەر دا دەشکا و پێشتر پووتین بۆخۆی له پۆستی سەرۆک وەزیرانی دانابوو. دەکرێ وای لێک بدەینەوە که رۆڵی میدویدۆف لەم چوار ساڵەی رابردوودا رۆڵی پردێکی قانوونی بووه تاکوو پووتین بتوانێ له دوو دەوره سەرکۆماریی پێشووییەوە پێی دا بپەڕێتەوە بۆ دوو دەوره سەرکۆماری داهاتووی. جگه لەمانەش پووتین ئیمکاناتی تەبلیغاتیی بەرینی دەسەڵاتی لەپشت بوو که رقەبەرەکانی به هیچ جۆر ئەو ئیمکاناتەیان نەبوو، هەر ئەو ئیمکاناتەش دەرفەتی ئەو فرت و فێڵانەی به لایەنگرانی دابوو که موخالیفان و چاوەدێرانی بێلایەن باسی لێ دەکەن که به شێوەیەکی بەرین له هەڵبژاردن دا کراوه.

ئێستا پووتین وەک سەرۆک کۆمار هەڵ بژێردراوه، سەرەڕای ئەو مەوقعییەت و دەسەڵاتەش که له حکوومەت دا هەیبوو زۆرایەتییەکی لاوازی بەدەست هێناوه، ئەگەر هەڵبژاردنێکی بێ فرت و فێڵ بەڕێوه چووبایه رەنگ بوو له دەوری دووەم دا هەڵبژێردرێ. ئەوەی لەو هەڵبژاردنه و ئاکامەکانیدا جێی تێبینییه، ئەویه که هەم پووتین له چاو دەورەکانی پێشوو خاوەنی ئەو نفووزو خۆشەویستییه نییه که جاران له نێو خەڵکی رووسیەدا هەیبوو و، هەم خەڵکی رووسیەش له چاو پێشوو زیاتر خوازیاری دێموکراسین و زیاتر به چاوی رەخنەگرانەوە دەڕواننه حکوومەت. بێگومان ئەو بارودۆخه وای کردوه که پووتین چ له نێوخۆی رووسیه

و چ لە پێوەندی لەگەڵ دیپلۆماسیی دەرەوە دا قورسایی جارانی نەبێ، کەوابوو ناتوانێ هەر بە سیاسەتەکانی پێشوویەوە لە نێوخۆ دا حکوومەتەکەی بەڕێوەبەرێ و لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیشدا وەک ئەکتەرێکی چالاک دەرکەوێ.

پووتین لە رابردوو دا لە رووسیە وەک قارەمانێکی نەتەوەیی سەیری دەکرا، دەسەڵاتدارێکی بێ رکەبەر بوو، موخالیفانی کەم و نارێکخراو بوون. بەرینایی خاک ـ وەک گەورەترین وڵاتی جیهان لە رووی رووبەری جوغرافیاییەوە ـ چەکی ئەتۆمی و نەفت و گازێکی زۆری رووسیە توانا و دەسەڵاتێکی زیاتریشیان پێ بەخشیبوو، هەربۆیە وەک ئاڵاهەڵگری رقەبەرایەتی لەگەڵ رۆژئاوا دەجووڵایەوە. رووسیە تا ئێستا پشتیوانیی لە رێژیمە ناوچەییەکانی وەک ئێران و سووریە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڤێنزوئێلا و کووبا لە ئەمریکای لاتین کردوە کە هەموویان لە دیکتاتۆرترین رێژیمەکانی ئەم سەردەمەن و دژی رۆژئاوا و هاوپەیمانی رووسیە بوون. پێشتریش ئەو پشتیوانیەی لە رێژیمی لیبی دەکرد.

داخوا ئێستا کە موخالیفانی پووتین لە رووسیە زۆرترو رێکخراوترن ـ کە بێگومان لە داهاتوو دا بەهێزتر و رێکخراوتریش دەبن ـ بە رێژەیەکی لاوازی دەنگەوە بۆتە سەرکۆمارو هێندێک لە هاوپەیمانەکانی وەک لیبی لە دەست داوە و خەریکەسووریە ــ رەنگە دواتر نموونەی دیکەشیان هەبێ ـ لەدەست دەدا، ناو براو دەتوانێ هەر بە سیاسەتەکانی پێشوویەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا؟ وەک باس کرا هەل و مەرج بۆ پووتین گۆڕاوە، کەوابوو بە پێی مەنتیق دەبێ چ لەنێوخۆ دا چ لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەدا گۆڕان بەسەر سیاسەتەکانی دابێنێ. سیاسەتی پاوانخوازانەی پووتین لە رووسیە، مەجال نەدان بە موخالیفان و بەکارهێنانی دەسەڵات بە قازانجی پتەوکردنی پێگەی خۆی، نفووزی خۆی و حکوومەتەکەیانی لە رووسیەدا لاواز کردوە. سیاسەتی پشتیوانیی پووتین لە دواکەوتوو ترین و دیکتاتۆرترین رێژیمەکان لە هەموو ناوچەکانی جیهان، وێنایەکی دزێویان لە رووسیە لەلای بیر و ڕای گشتیی جیهانی کێشاوەتەوە. لەم بارەیەوە وڵاتێکی خاوەن ئیعتیباری وەک رووسیە لە رووی سیاسییەوە بە رادەیەک بەرەو توتالیتاریزم رۆیشتوە کە لەگەڵ رێژێمێکی وەک کۆماری ئیسلامی بەراورد دەکرێ، چونکە هەڵبژاردنەکانی رووسیە ــ چ هەڵبژاردنی پارلمان لە دیسامبری رابردوو داو چ ئەمەی ئێستا ـ وێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ بەسەرهاتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران دا هەیە. هەر بۆیەش ئەحمەدی نەژاد بە گەرم و گوڕیەکی زۆر و بەر لە هەموو لایەک پیرۆزبایی لە پووتین کرد.

رووسیە هەرچەند نەک وەک زلهێز، بەڵام ئێستاش یەکێک لە هێزە گەورەکانی جیهانە و گرنگییەکی ژێئۆپۆلیتیکیی لە جیهان دا هەیە و میراتگری هێز و توانای زلهێزێکی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوویە. ئەگەر دەسەڵات لەم وڵاتە دا رێز لە ئیردەی خەڵکی خۆی و پێوانە و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بگرێ و هەروەها لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیدا رێز لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللەتانی دیکتاتۆر لێدراو بگرێ و پشتی رێژیمە دیکتاتۆرەکان نەگرێ، دەتوانێ لەنێوخۆدا بەهێزتر بێ و لە دەرەوەش دەوری زیاتری هەبێ و کاریگەریی زیاتری لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دا هەبێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

## بۆ دووەم ساڵرۆژی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوچارەنووسەکانی

دوو ساڵ بەسەر مەرگی فەرزادی کەمانگەر و چوار کەسی دیکە لە ئازادیخوازانی کورد و ئێرانیدا تێ دەپەڕێ. لە رۆژی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩دا فەرزادی کەمانگەر مامۆستا لە قوتابخانەکانی کامیاران و چالاکی بواری رۆژنامەنووسی و مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ شیرین عەلەمهوولی، فەرهادی وەکیلی و عەلی حەیدەریان کە لە ئازادیخوازانی کورد بوون و هەروەها مەهدیی ئیسلامیان لە ئازادیخوازانی فارس زمان لە زیندانی ئێوین ئێعدام کران.

چوار ئازادیخوازی کورد بە تاوانی ئەندامەتی لە یەکێک لە حیزبەکوردییەکانی نەیاری رێژیم و هەوڵدان بۆ کردەوەی تەقاندنەوە لە دار دران. مەهدیی ئیسلامیان بە تۆمەتی بەشداری لە تەقاندنەوەی مەراسیمی عاشوورا لە شیراز ئێعدام کرا. تۆمەتی کاری تەقاندنەوە و تەخریب لەو ئازادیخوازانە نە هیچ کات لە لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە و لە داداگاییەکی عادڵانە دا پشتڕاست کرایەوە و، نە بیروڕای گشتییش سەبارە بەو جۆرە سیناریۆ لە پێشدا ئامادەکراوانەی کە جار و بار کۆماری ئیسلامی بۆ پاساوی ئێعدامی رۆڵەکانی کورد بە کاریان دێنێ باوەڕیان بەو تۆمەتانە کرد.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ٥ کەس لە ئازادیخوازانی بەسەریەکەوە ئێعدام کرد کە حاشای لە هەبوونی زیندانیانی سیاسی کردوە. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە هەرئەو کات و ئێستاش چەند کەس لە زیندانیانی سیاسیی کورد حوکمی ئێعدامیان بەسەر دا سەپاوە. ئێعدامی ئەو پێنج تێکۆشەرە بۆ جارێکی دیکەش ئەوەی سەلماند کە کۆماری ئیسلامی نرخ و بایەخێک نەک هەر بۆ قانوون و رێوشوێنە ئینسانی و نیونەتەوەییەکان دانانێ، بەڵکوو تەنانەت رێز بۆ قەوڵ و قسەکانی خۆشیان دانانێ و پێڕەوی لە هیچ ئەخلاق پرەنسیپێکی ئینسانی و قانوونی ناکا. ئەم جارەش وەک هەمیشە سەلماندی کە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی پێویستی بە مەنتیق و ئیعتیبار نیە، بەڵکوو پێویستی بە زۆرە، وەک هەموو جارەکانی دیکە ئیسباتی کرد منەتی بە مەشروعیەت و باوەڕمەندیی خەڵک نیە. رێژێمێک کە ئاوا لە مەشرووعیەت و پشتیوانیی خەڵک بێ نیاز بێ راست وەک هێزێکی داگیر کەر وایە کە درەنگ یان زوو دەبێ وڵاتە داگیرکراوەکە بەجێ بێڵێ.

هیچ ویژدانێکی سەلیم تاوانێکی ئەوتۆ شک نابا کە پاساوی ئێعدامی بە کۆمەڵی ئەو ٥ کەسە بێ، ئەویش بە دەستی رێژێمیک کە رێبەران و بەڕێوەبەرانی بۆخۆیان هەتا بینەقاقە نوقمی تاوانن. بێگومان کۆماری ئیسلامی بیانوویەکی بۆئێعدامی ئەو تێکۆشەرانە بەدەستەوە بووە کەهەرچی بێ تاوان لە دژی خەڵک و مرۆڤایەتی نەبووە بەڵکوو کاری سیاسی بووە کە لە سایەی رێژیمە دیکتاتۆرەکاندا نەبێ، لە هیچ کوێ تاوان نیە. بەڵام ئەو ئێعدامە بە کۆمەڵە چ مەبەستێکی لە پشت بوو؟

فەرزادی کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، عەلی حەیدەریان، فەرهادی وەکیلی و مەهدیی ئیسلامیان لە کاتێک دا ئیعدام کران کە خەڵکی ئێران لەبەرەبەری یادکردنەوەی یەکەم ساڵرۆژی راپەڕینی خۆی دابوو کە ساڵێک پێشتر لە ئعتراز بە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا بەرپایان کردبوو و بەتوندی سەرکوت کرابوو. کاربەدەستانی رێژیم لەوە نیگەران بوون کە شەپۆلێکی دیکە لە خۆپێشاندانەکان وەرێ بکەوێ کە بە ئاسانی نەتوانن خۆ لە بەرامبەر تەوژمەکانیدا رابگرن. بۆیە بەم کارە رق و بێ بەزەییی خۆیان بە خەڵکی نیشان دا و ئەم تاوانە و چەندین تاوانی دیکەشیان وەک کارەساتی زیندانی کەهریزەک بە ڕێوە برد تاکوو خەڵک سامیان لێ بنیشێ.

مەبەستێکی دیکە کردنەوەی گرێیەکی دیکە لە عوقدەی رق و کینیان لە بەرامبەر کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازانەکەی دابوو کە پاش ٣٠ ساڵ تێرۆر و سەرکوتی بێ بەزەییانە، هێشتا خاوەنی ئەحزاب و رێکخراوی رێکوپێکی سیاسییە و، خەڵکی کوردستان هیچ کات بەدڵی کۆماری ئیسلامی و سیناریۆیەکانی نەهاتوونەتە شەقام. بۆیەش دوای ئەو هەمووە ئیددیعایانە کە گۆیا کۆتاییان بە هێزەسیاسییەکانی کورد هێناوە، چوار کەس بە تاوانی ئەندامەتی لەو هێزانەدا ئێعدام دەکەن!

ئاکامی ئەو ئیعدامانە بەرەو کوێ؟ ئێعدامی ئەو پۆلە ئازادیخوازە بۆ کورد بە تایبەتی و ئێعدامی هەر ئینسانێکی دیکە خەسارێکی گەورەیە و نرخ و هەزینەی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی کورد زیاتر دەکا. ٣٠ساڵ زیاترە کورد نیشانی داوە کە ئامادەیە ئەو نرخە بدا. لە ئیعدامە بە کۆمەڵەکانی خەڵخاڵییەوە بگرە تا ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و تا ئەم پۆلە ئازادیخوازەی لە ١٩ی بانەمەڕدا لەدار دران لە جیاتی چاوترسێن کردنی کورد، کوردی زیاتر بەرەو بێگانەبوون لە رێژیم و وشیاریی نەتەوەیی هان داوە و ئەو خوێنانە مەشرووعیەتی زیاتر بە خەباتە رەواکەی دەبەخشن. ئەو هاودەنگی و هاودڵی و یەک هەڵوێستییەی پاش ئێعدامی ئەو ٥ ئازادیخوازە لە کوردستان و کورد لە ئێران و سەرانسەری جیهان دا دیترا لە رابردوودا ـ تەنانەت لەو کاتانەدا کە بە دەیان کەسی ئێعدام کراون ـ وێنەی نەبووە. لەم رووداو چەندین رووداوی دیکەی لەم چەشنەش کە لە هاو هەڵوێستی و هاودەنگیی شەقامی کورد دا بەدی کراوە، پێویستە لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردیش دا رەنگ بداتەوە. ئەو کاتە ئاسۆی ئەو ئامانجانەی کە فەرزادەکانیان لە پێناودا بەخت بووە روونتر دەنوێنێ.

لە ژمارە ٥٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

رێکەوتی : ٢١ی مەی ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# رۆژنامەنووسیی کوردی و پرسی زمان

**دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی رووداوێکی ئەوەندە گرنگ بوو کە دەکرێ بە سەرەتای قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی زمانی کوردیی دابنێین.**

**رەنگە یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ دا لە قاهیرە دەرچوو، بە هۆی ئەوەی لە دوورە وڵات بوو و ئیمکانی ئەوەی نەبوو لە نیشتیمانی خۆی بە ئازادی دەربچێ، نەی توانیبێ ئەرکی رۆژنامەنووسیی بە شێوەیی حیرفەیی خۆی بەرێوە بەرێ. چونکە رۆژنامە پێویستە رۆژانە لە بارەی هەموو مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی وڵاتدا ئاگاداری و زانیاری بداتە خوێنەرانی. بەڵام یەکەم رۆژنامەی کوردی ئەگەر بە هۆی هەلومەرجەکەی ئەم لایەنانەی لە حیرفەی رۆژنامەنووسی¬دا کەم بوو، سەرەتای قۆناغێکی گرنگ بوو لە تەسبیت و تۆماری زمانی کوردی کە لە هەر چوار لایەوە مەترسیی ئاسیمیلە بوونی لەسەر بوو.**

**تا دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی نووسین بە زمانی کوردی باو نەبوو و ئەوەندەش کە هەبوو زمانی شێعر و هۆنراوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بوو، لە بواری شیعر و هۆنراوەشدا بەشی هەرە زۆر ئەدەبیاتی زارەکی و بەشی کەمی دیوانی شاعیران بوو کە بە ئیملای عەرەبی دەنووسران. یەکەم رۆژنامەی کوردی یەکەم هەنگاوی کورد بۆ نووسینی پەخشان ( نثر ) بوو، گرنگ نییە ئەو یەکەم هەنگاوە بە کام لەهجەی کوردی بوو، گرنگ ئەوەیە پاش ئەم رێکەوتە لە هەر جێیەک کورد هەلی بۆ رەخسابێ و بە هەر لەهجەیەک بێ بە نووسین گەشەی بە زمانی خۆی داوە و لە قۆناغی زمان و ئەدەبیاتی شیفاهیەوە کە مەترسیی فەوتان و دابەشبوونی زۆری لەسەرە، پەریوەتەوە بۆ قۆناغی زمانی نووسین کە قۆناغی تەسبیت و تۆمارە و ئیدی ژیان و مانەوەی دەستەبەر دەبێ.**

**زمانی هەموو نەتەوەیەک لە لەهجەی جۆاوجۆر پێک هاتوە، بەڵام هەر نەتەوەیەک بیەوێ وەک نەتەوە خۆی پێناسە بکا و چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بگرێ دەبێ خاوەنی زمانێک بێ کە زمانحاڵی هەموو نەتەوەکە بێ، واتە زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد. لە نێو هەر نەتەوەیەک دا دوو رەگەز کاریگەریان لەسەر دروستبوونی ئەو زمانە سەرانسەرییە هەیە: شێعر و هۆنراوە لەگەڵ پەخشان ( نثر ). ئەزموونی میللەتانی دیکەش هەر ئەوە دەسەلمێنن. شاعیرێکی مەزن بە بەرهەمەکانیەوە یان شاکارێکی گەورە وای کردوە کە شاعیرانی دوای خۆی لاسای بکەنەوە و هەر لە سەر رێباز و زمانی ئەوان برۆن. پاشان کە رەگەزی رۆژنامەنووسی هاتۆتە نێو ئەو میللەتانە هەر لەسەر ئەو رێچکە و رێبازە زمانییە رۆیشتوون کە شاعیران و شاکارە ئەدەبییەکانی پێشوو لەسەری رۆیشتوون.**

**بەڵام ئەزموونی رۆژنامەنووسیی کورد و زمانەکەی رەنگدانەوەی بارودۆخە سیاسییەکەی بووە. ئەو ئەزموونانە پچڕ پچڕ و هەر جارەی لە ناوچەیەک بە لەهجەیەک بووە. ئەگەر یەکێک لەو ئەزموونانە درێژەی هەبووایە بێگومان زمانی کوردییش بە بواری رۆژنامە نووسییەکەیەوە شتێکی دیکە دەبوو.**

لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە تا ئیمپراتۆریی عوسمانی لێک هەڵوەشا، ڕێکخراوە کوردییەکان بە تایبەتی لەسەر دەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا چەند ئەزموونێکی کاری ڕۆژنامەنووسیان هەیە و بە زاڵبوونی دیکتاتۆریی ئەتاتورک ئەو ئەزموونانە کۆتاییان هات. لەو ماوەیەدا ڕۆژنامە نووسانی کورد بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو کاری ڕۆژنامەنووسیان بەڕێوە بردوە. ڕەنگە ئەو دەرفەتەی لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا بۆ کورد هاتە پێش کە لە پەیمانی سیڤەردا خۆی دەنواند لەدەست نەچووبا، ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی ئەو قۆناغە درێژەی کێشابووایە و کورد جگە لە دەسکەوتە سیاسییەکانی دەبوو بە خاوەنی زمانی یەکگرتوو کە لە سەرانسەری کوردستان ـ ئەگەر نەڵێین زمانی دەوڵەت دەتوانین بڵێین ـ دەبوو بە زمانی سیاسی و ئیداری.

ئێستا لە باشووری کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێک زمانی یەکگرتوو دروست بووە. سەرچاوەی ئەم زمانە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ شاکارە ئەدەبییەکانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک نالی، سالم، مستەفا بەگی کوردی و وەفایی لە سەدەی ١٩دا. لە بزووتنەوی شێخ مەحموود لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٣دا کاتێک دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامە، بەو زمانە ڕۆژنامەیان چاپ کرد. « امید استقلال »، « بانگ حق» لەو ڕۆژنامانە بوون. ئەو ئەزموونە بە هۆی شاعیرانی وەک پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی « ژین » پاشان نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە حیزبی هیوا دا لە دەیەی ٣٠ زایینی درێژەی کێشا. کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا تین و تاوێکی دیکەی بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەخشی. چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە چاپ و بڵاو بوونەوە کە لە ڕووی زمانەوە لە ڕاستیدا ئەم ڕەوتە درێژەی ئەو شێوە زمانە بوو کە لە سەردەمی بزووتنەوە شێخ مەحموود بەم لاوە ڕەواجی هەبوو. پاشان ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەهۆی پەرەگرتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بێ پسانەوە درێژەی کێشا. درێژە کێشانی ئەم ڕەوتە یارمەتییەکی زۆری بە کامڵ بوون و پێگەیشتنی زمانی یەکگرتوو کرد.

زمانی هەموو نەتەوەیەک لە لەهجەی جۆاوجۆر پێک هاتوە، بەڵام هەر نەتەوەیەک بیەوێ وەک نەتەوە خۆی پێناسە بکا و چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە بگرێ دەبێ خاوەنی زمانێک بێ کە زمانحاڵی هەموو نەتەوەکە بێ، واتە زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کوردی بە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و بە هەزاران کتێب چاپ بڵاو دەبنەوە. بە دەیان ڕادیۆ و چەندین تەلەڤزیۆن بەرنامە بە زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوە کە هەموویان دەکەونە خانەی ڕۆژنامە نووسییەوە. بە سەدان سایت و وێبلاگی کوردی لە سەر تۆڕەکانی ئینتێرنێتن.

ئەزموونی ئەم قۆناغەی دوایی لەگەڵ هەموو دەسکەوتەکان و لایەنە باشەکانی، بەڵام لە ڕووی زمانەوە ئاڵۆزییەکی سەیری دروست کردوە، بە چەشنێک کە لە نێو هیچ نەتەوەیەکدا دیاردەیەکی لەم جۆرە بەدی ناکرێ. لە ماوەی ١١۴ ساڵ ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و نووسین بە زمانی کوردی بەگشتی دا بواری ڕۆژنامە-نووسی گەلێک دەسکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە و لە ڕووی چەندایەتی و جۆاوراوجۆرییەوە هەنگاوی گەورەی هاویشتوون، بەڵام لە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوودا بەداخەوە ڕێگەیەکی زۆری لە پێشە و ئەگەر دەسەڵاتی کوردی خەمێک لەو مەسەلەیە نەخوا مەترسیی ئەوە هەیە کە زمانی کوردی بەرەو دوو ستاندارە بوون بچێ.

**راستە دەسەڵات رەنگە نەتوانێ زمانی یەکگرتوو دروست بکا، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە کە دەبێ بە رەسمیی بناسێ و پەرەی بدا و کاری پێ بکا. بەم جۆرە ئەم زمانە جێگیر دەبێ و گەشە دەکا و پێ دەگا. ئەزموونی میلەلەتانی دەوروبەریش بەم جۆرە بووە. ئەمموونی دوو دەسەڵاتی کوردی ( شێخ مەحموودی نەمر و سەردەمی کۆماری کوردستان ) هەرچەند کورتخایەن بوون، بەڵام ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەگەر حکوومەت پشتی ئەم رەوتە لە زمان بگرێ، بێگومان لە درێژماوەدا کورد دەبێتە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو.**

**لە ژمارە ٥٨٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**رێکەوتی : ٤ی مەی ٢٠١٢**

**سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد**

# قەیرانی لوبنان بەرەو کوێ؟

لە ١٩ی ئۆکتۆبەرەوە بە دوای تیرۆری سەرۆکی دەزگای زانیاریی لوبنان دا، قەیرانێکی دیکە شەقامەکانی ئەم وڵاتەی گرتەوەو مەترسیی سەرهەڵدانەوەی شەڕێکی نێوخۆیی جارێکی دیکە باڵی بەسەر لوبناندا کێشا. لەو ڕووداوەدا وەسام حەسەن کە موخالیفی نفووزی سووریە لە لوبناندا بوو، لە تەقینەوەیەکدا لەگەڵ ٨ کەسی دیکە گیانی لەدەست دا. لە یەکەم کاردانەوەدا قامکی تۆمەت بەرەو ڕێژیمی سووریە ڕاداشترا. ناوبراو لە لایەنگرانی ڕەفیق حەریری بوو کە لە ٢٠٠٥دا هەر بەم شێوەیە لە نێو چووو بەڵگەکان دەریان خست کە پیلانەکە لەلایەن ڕێژیمی سووریەوە داڕێژراوە. ئاکامی تیرۆری ڕەفیق حەریری ئەوە بوو کە کۆتایی بە حوزووری چەندین ساڵەی ئەرتەشی سووریە لە لوبنان هات. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی کۆتایی هاتنی نفووزی ئەم وڵاتە لە لوبناندا.

لوبنان هەرچەند وڵاتێکی سەربەخۆیە، بەڵام لە ڕاستیدا بە دەگمەن تامی سەربەخۆیی چێشتوە. ئەم وڵاتە بەردەوام شوێنی ململانێو پاکانە حیسابی وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی ناوچەیەو مێژووی ئەم وڵاتە بریتییە لەو ڕووداوانەی لە ئاکامی دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەر لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا ڕوو دەدەن. لێک هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەربەخۆییەکی وای بۆ لوبنان بەدواوە نەبووو وێڕای سووریە کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرانسە. هەرچەند فەرانسە لە ساڵی ١٩٢٦دا لوبنانی لە سووریە جیاکردەوە بەڵام ئەمەش لوبنانی بە سەربەخۆی تەواو نەگەیاندو هەروا لە لەژێر دەسەڵاتی فەرانسەدا مایەوە. لە ڕاستیدا پاش داگیرکرانی فەرانسە لەلایەن ئەڵمانەوە لە ساڵی ١٩٤١دا بوو کە لوبنان توانی سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێو لە ساڵی ١٩٤٣دا بەو ئامانجە گەیشت.

هێشتا بناخەکانی دەوڵەتی سەربەخۆ پتەو نەببوون کە شەڕی ئەعرابو ئیسراییل لە ساڵی ١٩٤٨دا لوبنانی کردە مەیدانی ئەم شەڕەو بوو بە پێگەی وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی سووریە لەشەڕ لەگەڵ ئیسراییلدا. شکستی ئەعراب لەو شەڕەدا بوو بە هۆی ئەوەی لوبنان ئاگربەس لەگەڵ ئیسراییل ڕابگەیەنێو بۆ ساڵانێکی زۆر لە ئارامی هێمنی دا بمێنێتەوە.

ئەگەر شەڕی نێوخۆیی ( ١٩٧٥ ــ ١٩٩٠ ) لە نێوان هێزە نەیارەکانی نێوخۆی دا نەبووایە، ڕەنگە قۆناغی گەشەکردنو هێمنایەتیی لوبنان کە سەردەمێک بە « سویس»ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ناوبانگ بوو، درێژەی کێشابووایەو لوبنان ئێستا وڵاتێکی بەهێزو سەقامگرتووو پێشکەوتوو دەبوو.

جگە لە سووریە کە هەمیشە ئەکتەرێکی چالاک لە ڕووداوە نێوخۆییەکانی لوبنان دا بووە، هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩دا هاوکێشە سیاسییەکانی لوبنانی ئاڵۆزتر کرد. دەستێوەردانی ئاشکراو ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی لوبناندا کە هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشەی ئەم ڕێژیمە بۆ ناردنەوە دەرەوەی شۆڕشو سڕینەوەی ئیسراییل لەسەر نەخشەی سیاسیی

جیهان، لوبنانی زیاتر لە گێژاوی شەڕو کوشتاروماڵوێرانی وەرداو حەساسییەتی زیاترو سەرەنجام هێرشی ئیسراییل ( ١٩٨٢ ) بۆسەر ئەم وڵاتەی بەدواوە بوو. هەتا ئەمڕۆش لوبنان مەیدانو شەڕگەی لانی کەم سێ وڵات ( ئێران، سووریەو ئیسراییل ) ە.

نفووزی کۆماری ئیسلامی لە نێو شیعەکانی لوبنان بە تایبەتی بزووتنەوەی « امل» دا کە لە حاڵی شەڕ لەگەڵ ئیسراییل دابوون ئەم وڵاتەی بەرەو هەڵدێری شەڕێکی ماڵوێرانکەر برد. چەندین کردەوەی تێرۆریستی لە دژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا بە فەرمانی کۆماری ئسلامی روویان دا. ئەم رووداوانە زەمینەی هێرشێکی بەربڵاوی ئیسراییل بۆسەر لوبنانی لە ساڵی ١٩٨٢دا پێک هێناو ئیسراییل باشووری لوبنانی داگیر کردو تا نزیک بەیرووت چووە پێشو حکوومەتی بەستراوە بەخۆی لە لوبنان دامەزراند. ئەمەش ئاگری شەڕە نێوخۆییەکانی لوبنانی زیاتر تێڵ دا.

لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی بە کردەوەو بە ئاشکرا بوو بەشێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی شەڕی نێوخۆی لوبنان. هەر لەو ساڵەدا بە فەرمانی کۆماری ئیسلامیو بە یارمەتیی نێردراوو ئیمکاناتی ئەم رێژیمە حیزبوڵڵای لوبنان دامەزرا کە بە روونیو بە ئاشکرا پێڕەویی لە فەرمانو بۆچوونەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی دەکرد.

یەکیەتیی تەشکیلاتیو ئیدئۆلۆژیی حیزبوڵڵا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش بەردەوامە. هەرچەند حیزبوڵڵا هێزێکی لوبنانییە بەڵام لە راستیدا زیاتر رووی لە تارانە تاکوو بەیرووت. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەفرادی حیزبوڵڵا لە ئێران دەورەی جۆراوجۆر بە تایبەتی نیزامی دەبینو مەئموورانو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی حزووری ئاشکرایان لە نێو شیعەکانی لوبناندا هەیەو رۆڵی رێنوێنو چاوەدێر بەسەر کاروبارەکانیاندا دەگێڕن.

نفووزی کۆماری ئیسلامی لە نێو حیزبوڵڵاو لایەنگرانیدا بە رادەیەکە کە تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم رێژیمە لە کردەوە تێرۆریستییەکانیدا زۆر جار لەنێو ئەواندا سەربازگیری دەکا. دادگای میکۆنووس لە ساڵی ١٩٩٧دا سەلماندی کە دوو کەس لەو لوبنانیانە ( عباس رائلو یوسف امین ) لەگەڵ تیمی تێرۆری کۆماری ئیسلامی بوون کە لە رێستورانێکدا هەر باو ناوە لە بێرلین د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان وەبەر دەسڕێژی چەکەکانیان دانو شەهیدیان کردن. دوای ئەمەش دادگایەکی ئارژانتین سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی لەپشت تەقینەوەی ناوەندی فەرهەنگیی جوولەکەکان لە بوئنێس ئایرێس لە ساڵی ١٩٩٤دا بووەو لەوێش ژمارەیەک لەو لوبنانیانەی بەکار هێناوە.

حزووری هێزەکانی ئیسراییل لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢ەوە بە بیانووی بوونی خەباتگێڕانی فەلەستینی لە باشووری لوبنانو لە راستیدا بە مەبەستی سەرکوتی حیزبوڵڵا، بە قازانجی حیزبوڵڵا تەواو بوو، چونکە ئەم کارە دژکردەوەی شیعەکانو موسڵمانانی لوبنانی بەدواوە بووو بوو بە هۆی بەهێزبوونی حیزبوڵڵا لەلایەکو پاساوی دەستێوەردانو نفووزی ئێرانو سووریە وەک نەیارانی ئیسراییل لە ناوچەدا لەلایەکی دیکەوە. بەڵام چوونە دەری هێزەکانی ئیسراییل لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە لوبنان، کە ئیسراییل پێی وابوو بە چوونە دەر لە لوبنان حیزبوڵڵا لاواز دەبێو ئێرانو سووریەش بیانووی دەستێوەردانیان لە کارو باری لوبناندا نامێنێ، بە کردەوە مەیدان بۆ ئێرانو سووریە خۆشتر بووو ئەم دوو وڵاتە بوون بە ئەکتەری سەرکی لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا، لایەنگرانیان بەهێز بوونو موخالیفانیان نێوە بە نێوە تێرۆر دەکرێن.

بەستراوەیی هێزو لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی لوبنان بە مەسیحی، دەروزی و موسوڵمانانی سوننی و شیعەوە بە هەر کام لە یەکێک لە وڵاتانی دەستێوەردەرەوە هێزو وزەی ئەم وڵاتەی بە تەواوی بە فیڕۆ داوە، لە حاڵێکدا ئەگەر ئەم هێزو لایانانە پێیان لەسەر سەربەخۆی وڵات داگرتبایە لە جیاتی ئەوەی ببنە پاشکۆی یەکێک لە ولاتانی ناوچە، بە هۆی هەڵکەوتی ژێئۆپۆلیتیکی، سروشتی سەرنجڕاکێش و لەمانەش گرنگتر جۆاوجۆری ئاینی، ئیتنیکی و فەرهەنگی، لەوانە بوو ئەمڕۆ لوبنان ببێ بە مۆدێلێکی سەرکەوتووو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

بێگومان ئاکامی رووداوەکانی سووریە کاریگەریی راستوخۆیان لەسەر بارودۆخی لوبنانیش دەبێ. کۆماری ئیسلامی و رێژیمی سووریە بە هاوکاری و یارمەتیی یەکتر توانیویانە نفووزێکی ئەوتۆیان لە لوبناندا هەبێ. ئەگەر شۆرش لە سووریە سەرکەوێ و رێژیمی بەشار ئەسەد برووخێ، بێگومان لایەنگرانی لە لوبنان بە تایبەتی حیزبوڵڵا لاواز دەبن. ئەگەرێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نفووزو حوزووری کۆماری ئیسلامییش لە لوبناناو لە راستیدا سێگۆشەی ( ئێران ـ سووریە ـ حیزبوڵڵا ) هەڵ دەوەشێ. ئەمە دەرفەتێکی لەبار بۆ لوبنانییەکان پێک دێنێ کە هەوڵ بدەن بناخەی ئازادی و سەربەخۆییەکی پتەو بۆ وڵاتەکەیان دابڕێژن.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

رێکەوتی : ١١ی جووڵای ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

## شوێنی كورد له ڕووداوەكانی سووریەدا

له ماوەی سەرهەڵدانی شۆڕشی خەڵكی سووریا له دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دا، له كاتێكدا ئەوە له كورد چاوەڕوان دەكرێ كه خۆی ڕێك بخاو به هێزو توانایەكی زیاترەوە بەرەو ڕووی ڕووداوەكان بێتەوە، مەترسیی ئەوە هەیه كه ڕۆژئاوای كوردستان ببێته ناوچەیەكی ئاڵۆز له وڵاتێكی ئاڵۆزداو كورد نەتوانێ له پێكهاتەی داهاتووی سووریەدا جێگەی شیاوی خۆی بكاتەوە. پێكهاتنی ئیتیلافی نیشتیمانیی خەباتگێڕانی سووریەو ڕۆڵو حوزووری كەم ڕەنگی كورد لەم ئیتیلافەداو هێندێك كێشەو وردە تێكهەڵچوونی سوپای ئازادی سووریه لەگەڵ هێزەكانی سەر به pyd له نزیك حەڵەب ئەو نیگەرانییەی زیاتر پەرە پێداوە. له كاتێكدا كه لەسەردەمی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا كورد حاشا له نیشتمانو ناسنامەی نەتەوەییو تەنانەت ناسنامەی هاووڵاتیی تاكەكانی دەكرا، جیی خۆی بوو لەم شۆڕشەدا بەشداریورۆڵێكی بەرچاوترو كاریگەرتری هەبوایه. كورد له سوریه نزیكەی ١٥%ی حەشیمەتی ئەم وڵاته پێك دینێ كه له كۆی ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی سووریه نزیكەی ٢ میلیۆن كەس دەبێ. پێكهاتەیەكی حەشیمەتیی ئەتۆ دەتوانێ تەقریبەن توانایەك به كورد بەبخشێ كه كورد له عێراق هەیەتی.

### مەترسییەكانی سەر ڕێگای كورد له سووریه

نەبوونی یەكپارچەییو هەمانگیی پێویست له نێو هێزە كوردییەكانی سووریەدا گەورەترین كێشەی كوردە له سووریه. ئەمە دەبێته هۆی ئەوە كه هیزو توانای كورد لەم بەشە له كوردستان لەسەر مەسەلەی ڕەوای كورد له سەر سووریه خڕ نەبێتەوەو بەرەو جیهەتی جۆراجۆر بڵاو بێتەوە.

ڕووداوی خوێناویی ساڵی ٢٠٠٥ له ڕۆژئاوای كوردستان له كاتی یاریی فووتباڵ دا دەری خست كه نفووزی د.د.ر له نێو كوردانی سووریەداو دۆستایەتیو تەنانەت

هاوپەیمانەتیی ئەو هێزە كوردیه له هێندێك بواردا لەگەڵا ڕێژیمی بەعسی سووریه ناتوانێ كوردی سووریه له كردەوەی دڕندانەی ئەو ڕێژیمه بیارێزێ.

هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی خەڵكی سووریا له ژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، بزووتنەوەی كورد له سووریا له بەر دوو هۆ بزووتنەوەیەكی چالاك نەبوو، یەكەم، سێبەری قورسی دیكتاتۆریو كۆنترۆڵی توندی وڵات بەگشتی و كوردستان به تایبەتی لەلایەن ڕێژیمەوە دەرفەتی له گووڕانو بەهێزبوونی بزووتنەوەیەكی چالاكو ڕەسەن گرتبوو كه خەباتێكی شێلگیرانه له پێناو مافە ڕەواكانی نەتەوەیی كورد لەم پارچەیەی كوردستان دا بكا. دووەم، نفووزو حوزووری د.د.ر له بەشی زۆری ڕۆژئاوای كوردستان دا، ئەمە ببووە

هۆی ئەوەکە بیرو هەستی پەنگخواردووی نیشتمانیو نەتەوەیی کوردی لە سووریا زیاتر بە کانالی ئەم هێزەدا بەتال ببێ، لە حالێک دا ئەم هێزە کوردیە بۆخۆی دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ رێژیمی سووریە هەبووە. بزووتنەوی کورد لە سووریە لە جیاتی ئەوەی رووی لە کێشەکانی سووریەو خودی کوردستانی سووریە بێ، بەرەو دەرەوەی خۆی راکێشراوە وزەو توانای خۆی بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆی تەرخان نەدەکرد. ئاسەواری ئەم بارودۆخە هەتا ئێستاش سێبەری خستۆتە سەر رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان.

مەترسییەکی دیکە بۆ کورد لە سووریە رۆڵی بەرچاوی تورکیە لە رووداوەکانی سووریەو هەماهەنگیو هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سوورەیە دایە. دیارە ئەمە لە لاوازکردنی رێژیمی بەشار ئەسەدو سەرکەوتنی شۆرشی سووریەدا هۆیەکی باشە، بەلام رۆڵ و نفووزی تورکیا لە داهاتووی سووریەدا زیاتر دەکا کە بۆخۆی کێشەو دوژمنایەتیی لەگەڵ کورددا هەیە. هەر بۆیە دەتوانێ بۆ کوردو مافەرەواکانی کورد لە پێکهاتەی داهاتووی سووریەودا مەترسیداربێ.

هیواو هومێدەکانی بەردەم کورد لە سووریە

رێژەی کورد لە کۆی حەشیمەتی سوریە، رێژیەکی کەم نیە، لە حکوومەتی داهاتووی سووریەدا تەنانەت ئەگەر حکوومەتێکی دیموکراتیش نەبێ، سالانێکی زۆری پێ دەچێ کە ببێتەوە بە حکوومەتی بەشار ئەسەد. کەوابوو ئاسان نابێ ویستو ئیرادەی نەتەوەیەک بەو رێژە بەرچاوەوە پشت گوێ بخاو لانی کەم سەرکوتی بکا.

جگە لەوەش ژمارەیەکی بەرچاو هێزو لایەنی کوردی لە سووریە لە میدان دا هەن، ئەو هەولانەی بۆ یەکخستنو هەماهەنگ کردنی ئەو هێزانە لە سووریەدا دەبینرێن، ئاسۆیەکی روونی خستۆتە پێش داهاتووی کورد لە سووریە.

بارودۆخی ناوچەو ئەو شۆرشانەی لە ولاتانی عەرەبی دا کراون، لانی کەمی دەسکەوتەکان ئەوە بووە کە سیستمی تاک حیزبیو دیکتاتۆریی فەردی جێگای خۆیان داوە بە سیستمێکی پلۆرالیستو فەرە چەشن هەرچەند رێگایەکی درێژیان بۆ گەیشتن بە « دیموکراسی « لە پێش دایە. بۆ سیستمی داهاتووی سووریە زەحمەتە کە سیستمی تاک حیزبیو دیکتاتۆریی فەردی بسەپێو کەمایەتییەکی بەرچاوی وەکوو کورد، وەبەرچاو نەگیرێ.

ولاتانی گەورەو خاوەن نفووزی جیهان لە ناوچەدا بە ئاشکراو بە روونی رادەگەیەنن کە هەر چەشنە ئیئتیلافێکی ئالتەر ناتیف لە سووریە دەبێ بەربلاو بێو وەلامدەری جۆراوجۆرەیە ئایینیو نەتەوەییەکانی سووریە بێ، کەوابوو روانگەی نێونەتەوەییش لە قازانجی کورد لە سووریەدا دەچێتە پێش.

سەرەنجام

شۆرشی سووریە دەرفتێکی بێ وێنەی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەم ولاتەو بە تایبەتی بۆ مەسەلەی کورد رەخساندوە. کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان سروشتو هەلومەرجی خۆی هەیە. دۆستایەتی د.د.ر لەگەڵ رێژیمی سووریەو نفووزی ئەم هێزە لە نێو

کوردستانی سووریە پێشی بە سەرکوتو پێشێکرانی مافەکانی کورد لەم پارچەیە دا نەگرتوە، ڕوودای خوێناویی ۲۰۰۵ بە ڕوونی ئەم ڕاستیەی سەلماند. نموونەی لەم چەشنە لە ساڵی ۱۹۹۸دا لە کاتی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کە بە ئیعتیراز لە گیرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان هاتبوونە سەر شەقامو لە شاری سنە ۵۷ کەس شەهید بوون،و زۆر نموونەی دیکە ئەو ڕاسییە دەسەلمێنن. لە حاڵێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ئەو ئیجازەی بە p.k.k دابوو! کە ڕێپێوان بکەن.

ئەگەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان یەکپارچەو هەماهەنگ ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەرتر لە ڕووداوەکانی سووریەدا بگێڕێ، بەو ڕادەیەش دەتوانێ لە سیستمی داهاتوو دا جێگای هەبێو لە دەسکەوتەکانی شۆرشدا بەشی هەبێ. کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی پارچەکانی دیکەی کوردستانو پشتیوانیو دۆستایەتی لەگەڵا هێزەکوردستانیەکان . نەک بەستراوەیی . دەتوانێ خزمەت بە مەسەلەی ڕەوای کورد لە سووریەدا بکا. گە لەمانەش بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی کە زامنی پاراستنی مافە کەمایەتییەکانن، دەتوانێ سەنجی کۆڕوکۆمەڵ و وڵاتانی دنیای پێشکەوتوو بۆلای خۆی رابکێشێ.

لە ژمارە ۵۹۶ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێکەوتی : ۲۱ی نوامبری ۲۰۱۲

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# میسر بەرەو کام ئەزموون؟

لە ٢٢ی ئۆکتۆبرەوە کە محەممەد مورسی سەرکۆماری میسر فەرمانی زیادکردنی دەسەڵاتەکەی دا، میسر لە نائارامیدا بەسەر دەبا. لەو فەرمانەدا مورسی رای گەیاند کە هیچ دادگایەکو ناوەندێک بۆی نیە بریارەکانی هەڵوەشێنێتەوە و هەر هەنگاوێک کە بە پێویستی بزانێ بۆ پاراستنی شۆرش و خەڵکی میسر هەڵی دەگرێ و بە کردوە خۆی لەسەرەوەی هەموو قانوون و دامەزراوە دەوڵەتییەکان دانا. لایەنگرانی دێموکراسی و هێزو لایەنە پێشکەوتنخوازەکان لێی وەدەنگ هاتن و ناوبراویان بە »فیرعەون« ناو برد و شەقامەکانی قاهیرەو شارەگەورەکانی دیکە بوون بە مەیدانی بەربەرەکانیی لایەنگرانی مورسی و موخالیفانی. هەرچەند ئاکامی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی میسر لە دژی فرەوانخوازییەکانی مورسی بووە هۆی ئەوەی ناوبراو بریارەکانی وەربگرێتەوە، بەڵام پێشنووسی ئەو قانوونە ئەساسییەی کە یەکێک لە خاڵە جێی ناکۆکیەکان بوو، سەرەنجام رۆژی ١٥ی دیسامبر لە قۆناغی یەکەم دا خرایە بەر ریفراندۆم و بریارە قۆناغی دووەمی رێفراندۆمەکە لە ٢٢ی دیسامبر دا بەرێوە بچێ.

مورسی، کاندیدای حیزبی » عەداڵەتو تەوسیعە« لقی سیاسیی » اخوان المسلمین« بوو. ئەو ناوە لاساییکردنەی ناوی حیزبەکەی ئەردۆغان لە تورکیەیە کە لە روانگەی خەڵکی ناوچەوە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە دەسەلاتێکی خاوەن بیروبۆچوونی ئیسلامییە. لە کاتی شۆرشی میسر دا « اخوان المسلمین» بە روونی و بە ئاشکرا رایان گەیاند بەدوای هێنانە سەرکاری رێژیمێکی چەشنی ئێران نین. راگەیاندنی ئەم هەڵوێستە لە لایەک بۆ ئەوە بوو بە خەڵکی میسر بڵێن تووشی ئەو رۆژرەشییە نابن کە خەڵکی ئێران تووشی بوونو لەلایەکی دیکەش بیروزەینی خەڵکی بەرەو باردودۆخی تورکیە راکێشن کە خاوەنی سیباتو گەشەکردنی ئابوورییەو دیموکراسیەکی نیوە چڵی تێدا بەدی دەکرێ، دیموکراسییەکی ناتەواو کە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەوەندەش بێبەشن.

هەرچەند اخوان المسلمین خۆ لە ئەزموونی ئێران دەپارێزن بەڵام هەڵوێستو کردەوەکانی مورسی رووداوەکانی شۆرشی ئێران وەبیر دێننەوە. داخوا شۆرشیساڵی رابردووی میسر لە چەشنی شۆرشی ١٩٧٩ی ئێرانە؟ ئایا محەممەد مورسی پێ لە جێ پێی ئایەتوڵڵا خومەینی دەنێ؟ لە حاڵێکدا کە ئەزموونی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێرانو ئەفغانستان بە تەواوی شکستی خواردوە، میسر بەرەو کام ئەزموون دەچێ؟ ئایا میسر بەرەو ئەزموونی تورکیە دەچێ؟

لە حاڵێکدا کە مورسی ئەو پێگەو نفووزەی لە میسر دا نیە کە ئەرۆغان لە تورکیە هەیەتی فەرمانی لەم چەشنە دەردەکا . ئەو فەرمانە راست ئەو فەرمانانە لە بیرەوەرییەکاندا زیندوو دەکاتەوە کە ئایەتوڵڵا خومەینی بەبێ دوودڵی لە ئاکامە ترسناکەکانی دەری دەکردن.

لەم بارەیەوە کە شۆرشی میسر بەرهەمی خەباتو فیداکاریی هەموو چینو توێژو لایەنو کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بوو، وێکچوونێکی سەیری لەگەڵ شۆرشی ١٩٧٩ی ئێران هەیە، لەو بارەیەوە کە ئیسلامگەراکان هەوڵ دەدەن دەست بەسەر هەموو دەسکەوتەکانی شۆرش دابگرنو خەڵکی دیکە بە تایبەتی دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکان بخەنە پەراوێزەوە، دیسان وێکچوونێکی بەهێز لە نێوان ئەو دوو ئەزموونەدا هەیە. لەم بارەشەوە وێکچوون لە نێوان ئەو دوو ئەزموونە دا بەدی دەکرێ: ئیسلامگەراکان بە بەرنامەترو ئامادەترن تا هێزە نیشتیمانیو پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان. هێزە ئیسلامییەکان بە تایبەتی « اخوان المسلمین» رێکخستنێکی رێکوپێکیان هەیەو وەک رەقەبەرەکانیان پەرشو بڵاو نین. هەربۆیەش باشتر توانیویانە بەرنانەکانیان بەرنە پێش.

لە هەڵبژاردنی یەکەم دەورەی سەرکۆماریی پاش شۆرش لە بەهاری رابردوودا محەممەد مورسی ٥١.٧%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەو لە حالێکدا بوو کە هێزە ئیسلامییەکان تێکرا دەنگیان پێ داو دەنگەکانیان پەرشو بڵاو نەبووو توانیبوویان لایەنگرانیان بە باشی بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە. بەڵام رەقەبەر سەرەکیەکەی، ئەحمەد شەفیق هەرچەند خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بەهێزانە نەبوو بەڵام رێژیەیکی زۆر لە دەنگەکانی بەدەست هێنا کە نزیک بوو لە کاندیدای براوە ( ٤٨.٣ % ). ئەگەر هێزە دیموکراتەکان بەرنامەیەکی رێکوپێکو هەماهەنگیان هەبووایە و توانیبایان خەڵکی بێلایەن بە سوودی خۆیان بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە لەوانە بوو ئەمرۆ سەرۆککۆمارێکی دیکە لەسەر کار بووایە.

ئەو پرسیارە جەوهەرییە لەسەر هەر شۆرشێکە کە داخوا توانیویەتی سیستمێکی باشتر لەوەی رووخاندوویەتی بێنێتە سەر کار؟ ئەو دروشمانەی شۆرشیان لە پێناودا کراوە، وەدی هاتوون؟ ئەو دیکتاتۆریو کەموکورییانەی پێش شۆرش هەبوون، لە نێو چوون؟ لە بارەی شۆرشی ئێرانەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە هەموویان مەنفین. وەڵامی ئەو پرسیارانە لە بارەی میسرو هەڵوێستەکانی تا ئێستای محەممەدی مورسیەوەش مەنفین، هەتا ئێستا مورسیو رەوتی ئیسلامیی میسر هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوەتەوە کە لە چاو رێژیمی پێشوو دیموکراتیک تر بێ. هەر ئەوە کە ئیخوانیییەکان لەسەردەمی حوسنی موبارەک دا تەنانەت کاندیدای سەرکۆماریشیان هەبووو نوێنەریان لە پارلماندا هەبووو لە دەسەڵاتدا شەریک کرابوون، لە کردەوەکانی مورسی را وا دیارە ئەو نایەوێ موخالیفانی لەو مافە بەشدار بن.

رێژیمی حوسنی موبارەک لە کاتێکدا رووخا کە لە چاو زۆر وڵاتی ناوچە هەم لە رووی سیاسییەوە سیباتی زیاتری هەبووو هەم لە رووی ئابوورییشەوە لەچاو هێندێکیان باشتر بوو. بەڵام شۆرشی میسر دەری خست کە خەڵکی ئەو وڵاتە شایانی رێژیمی باشترن. حوسنی موبارەک بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکی بەسەر میسر دا هەبوو بەڵام ئیددیعای چەشنی مورسیی نەهێنایە گۆرێ.

شۆرشی میسر شۆرشێکی بەربڵاو بوو کە هێزە ئیسلامیو دیموکراتەکانی لە دژی دیکتاتۆریی حوسنی موبارەک لە دەوری یەک کۆ کردەوە کە ٣٠ساڵ بوو بە ناوی سەرکۆمارەوە پاشایەتیی بەسەر میسر دا دەکرد. بە پێی مەنتیق هێزە شۆرشگێرەکانو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لە بنیاتنانی رێژیمی دوای شۆرشدا بەشدار دەبن. پاوانخوازیو سەرەرۆیی جگە لەوەی کە ئامانجەکانی شۆرش لەنێو دەبا، لە راستیدا ئاکامەکەی تەنیا دەبێتە ئەوە کە: دیکتاتۆرێک جێگای خۆی بدا بە دیکتاتۆرێکی دیکە. لەم کاتە دا وڵات لە جیاتی

ئەوەی بەرەو ئاوەدانیو ئەمنییەتو گەشەکردنی ئابووری بچێ، بەرەو قەیرانو تەنانەت شەڕ دەچێ. بە تایبەتی لە بارەی شۆرشی میسرەوە جیاوازیی نێوان کاندیدای براوە و دۆڕاو لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. کەوابوو داهاتووی میسر لە گرەوی پلۆرالیزمی سیاسیو دووری لە پاوانخوازیی دەسەڵات دایە.

لە ژمارە ٥٩٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە. / ڕێکەوتی : ٢٢ی دێسامبری ٢٠١٢

# بابەتەکانیساڵی ٢٠١١ – ٢٠١٠ و ٢٠٠٩

==========================================

## ئێعدامو توندوتیژی دەرگایەک بەرووی کۆماری ئیسلامیدا ناکەنەوە

رۆژی ٨ی رێبەندان دوو زیندانیی سیاسی بە ناوەکانی ئارەشی رەحمانیو محەممەد عەلیی زەمانی لە زیندانی ئێوین لە تاران ئێعدام کران. لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی رابردوو دا دوو زیندانیی سیاسیی کوردیش، لە سنە ئیحسانی فەتاحیان، لە کۆتاییەکانی سەرمازە داو فەسیح یاسەمەنی لە ورمێ ئێعدام کران. ئێعدام کرانی ئەو چەند کەسە لەم ماوەیە دا لە حالێک دایە کە دەیان کەس لەلایەن دادگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە ئێعدام مەحکووم کراون. کۆمیتەی نێونەتەوەیی دژی ئێعدام لیستی ٦٣ زیندانیی سیاسیی بە ئێعدام مەحکووم کراوی بڵاو کردۆتەوە. لەو ٦٣ کەسە ٢٨ کەسیان لە کوردستانن، ١٢ کەس لە ئەهوازو ١٢ کەسیش لە سیستانو بەلووچستانو ٩ کەسییش لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن. دیارە ئامادە کردنی لیستێکی وا کارێکی ئاسان نیە، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێستاش حاشا لە بوونی زیندانیی سیاسی لە وڵات دا دەکا! کەوابوو لیستی زیندانیانی سیاسیی مەحکووم کراو بە ئێعدام دەبێ لەوەش زیاتر بێ. لە لایەکی دیکەش بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی بێکار نین، بە تایبەتی دوای ئەو راپەڕینانەی لە سەرانسەری ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی کراون، ئاماری مەحکووم کراوان بە ئێعدام زیاتر دەچێتە سەر.

ئێعدامی ئەو چەند کەسە لەم ماوەیە دا بۆتە هۆی نیگەرانیی خەڵکی ئێرانو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان. چونکە جگە لەوەی کە دەیان کەسی دیکە حوکمی ئێعدامیان لەسەرە، بڕیاردەرانو رێبەرانی پلە یەکی رێژیم لە تریبوونەکانی نوێژی هەینیو لێدوانەکانیان دا بەردەوام هەڕەشەی کوشتنو ئێعدام لە خەڵکی ناڕازیو ئازادیخوازان دەکەن. تەنانەت ئەحمەدی جەننەتی دەبیری شوورای نیگاهبانو لە بەرپرسانی دەسترۆیشتووی کۆماری ئیسلامی رۆژێک دوای ئێعدامی ئارەشی رەحمانیو محەممەد عەلیی زەمانی لە نوێژ هەینیی تاران دەسخۆشانەی لە سەرۆکی دەگای قەزایی کردو پێی لەسەر توندو تیژی لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی دا گرتەوە. مەترسیی وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی نوێی ئێعدام لەوەش را زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین ئەو دوو کەسەی دوایی پێش لە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری رووداوەکانی دوای ئەو هەڵبژاردنە گیرابوون بەڵام لە بڕیاری دادگای شۆڕش دا تاوانی ئەم دوو کەسە بە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەوە گرێ دراوە. ئەمەش لەلایەک نیشانەی ئێعدامی لە گۆترەو بێ هۆی زیندانیانی سیاسیە کە بۆ هێندێک ئامانجی دیکە ئەنجام دەدرێنو پێوەندیان بە تاوانی زیندانیی سیاسییەوە نیەو، لەلایەکی دیکەش ئیعدامی بێ سەروبەرەو بە دوور لە هەرچەشنە پرەنسیپێکی قانوونیە وەک ئەوەی لە لە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە خەرمانانی ١٣٦٧ دا بە دەستووری ئایەتوڵا خومەینی کرا.

ئەو چەند ئێعدامەی دوایی تۆزقاڵێک عەداڵەتو قانوون . تەنانەت قانوونە سەقەتەکانی خودی کۆماری ئیسلامییش . یان تێدا

وەبەر چاو نەگیراوەو تەنیا بڕیاری سیاسیی ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامین کە بۆ هێندێک مەبەست ئەنجام دراون. هەر بۆیەش ترسی ئەوە هەیە زیاتر درێژە بکێشێ.

مەبەستی سەرەکیی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو ئێعدامانە وەڕێ خستنی شەپۆلی ترس و خۆف لە نێو خەڵکی ناڕازیو خۆپێشاندەران دایە، بە تایبەتی لە بەرەبەری ٣١ هەمین ساڵرۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندان دا. چونکە ئێستا ئیدی ڕۆژو بۆنە مێژوویی¬یەکانی خودی ڕێژیم لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە گۆڕاون بۆ ڕۆژانی پڕ لە رووداو لە دژی ڕێژیم.

هۆیەکی دیکەی ئەو ئێعدامانە رەنگە نیشاندانی تواناو دەسەڵاتی لایەنگرانی توندو تیژی لە نێو کاربەدەستاندا بێ، چونکە ژمارەیەک لەمانە بە پێچەوانەی هێندێکیان پێیان وایە نابێ تۆزقاڵێک روحمو بەزەیی لە بەرامبەر ناڕازییان دا نیشان بدەن و دەبێ بە توندی سەرکوت بکرێن. ئەو کێشەیە لە قسەکانی کەسانی وەک جەنەتی و میسباحی یەزدی و . تەنانەت خامنەیی لەم دواییانەدا . بە روونی دەردەکەوێ. ئەو کەسانە تەنانەت بەداخبوونی خۆیان لە بە کارنەهێنانی هێزی نیزامیو کوشتو کوشتار لە رووداوەکانی ١٠ ساڵ لەوەپێشەوە . واتە رووداوی کووی زانستگە لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا . تا ئەمڕۆ دەردەبڕن بەڵام بەقسەیان نەکراوەو کوشتاری نزیکەی ١٠٨ کەس لەم چەند مانگەی دوای هەڵبژاردندا (کە لیستەکەیان هەیە) بە کەم دەزانن.

ئێعدامی ئەو چەند کەسە لەم ماوەیە داو هەڕەشەی دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی ڕێژیم لە خەڵک ئەوە دەسەلمێنن کە کوژرانی ٧٢ کەس لە یەکەم حەوتووی ڕاپەڕینی دوای هەڵبژاردن (رەنگە زیاتریش)، ٣٦ کەس لە رووداوەکانی عاشوورا داو کارەساتی شەرماویی زیندانی کەهریزەکیش بە بڕیاری کاربەدەستانی پایە بەرزی ڕێژیم بووەو درۆیەکانیانو ئیدیعاکانیان کە گۆیا دەستی بێگانەو دوژمنانی ئێرانیان تێدابووە پووچەڵ دەکاتەوە.

نیگەرانیی ڕێبەرانی ڕێژیم لەوە دا کە ئەگەر لە بەرامبەر حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دا نەرمی نیشان بدرێ و توندوتیژی بەکار نەیە، خۆپێشاندانەکان زیاتر پەرەدەگرن، نیگەرانییەکی بەجێیە. چونکە خەڵک ویستو داخوازی خۆیان هەیە کە پێوەندییان بە هەڵسوکەوتو شێوەی دژکردوەی ڕێژیمەوە نیەو تاگەیشتن بەو ویستو داخوازانە ڕاناوەستن. بەڵام ئەگەر ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان وایە بە ئێعدامی ڕۆڵەکانی خەڵکو بەکارهێنانی توندو تیژی پێش بە حەرەکەتی ئەوان دەگرن بە هەڵە چوون، چونکە نە لە رابردوو داو نەئێستا، نە لە ئێران داو نەلە هیچ وڵاتێکی دیکە ڕێژیمەکان نەیان توانیوە تاسەر بە توندو تیژیو ئێعدام لەسەر کار بمێننەوە. ئەزموونی ئێرانو خودی کۆماری ئیسلامییش نیشانی داوە ئێعدامو توندو تیژی میللەتێک لە ڕێگەی گەیشتن بە ویستو داخوازەکانی ناگێڕێتەوەو بە تایبەتی میللەتێک کە ئامادە بێ نرخی بۆ بدا، هەر ئەمەش نوختەی بنبەستی کۆماری ئیسلامییە.

ئەم وتارە لە ژمارە ٥٢٨ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوکراوەتەوە

ڕێکەوتی : ١٣ی فێوریەی ٢٠١٠

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

# لە بارەی پێوەندیی ئێرانو چین دا

ئەگەر چاوێک بە پێوەندیی ئێرانو چین دا بخشێنین، لە پێوەندیی دۆستانەی نێوان دوو وڵات بەولاوەترە. ئەو شێوە پێوەندیی‌یە لە کۆنەوە، چ لەسەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتو رووسیەی کۆمۆنیستیو چ لە رووسیەی لیبراڵیی ئەمرۆ دا لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە رەچاو کراوە. کۆماری ئیسلامی لە پێوەندیی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکان دا نەک هەر رەخنە لە هیچ کردەوەیەکی چینی کۆمۆنیستی ناگرێ بەڵکوو وەک هاوپەیمانێک، بە چاکو بە خراپ لەگەڵ چین هاودەنگو هاو هەڵوێستە.

هەردوو وڵات لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیو شەپۆلێکی دێموکراسیخوازی لە نێوخۆدا بەرەرو روون. لە هەردووکیان دا بە سەرکوت و گرتن وەڵامی نارەزایەتیی نێوخۆ دەدرێتەوە. داخستنی رۆژنامە رەخنەگرەکانو گرتنی نووسەرانی جیابیر لەلایەن هەردوو حکوومەتەوە بەرێوە دەچێ. رێژیمی هەردوو وڵات سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام لەلایەن کۆروکۆمەڵە بەشەردۆستەکانی لایەنگری مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێن.  لە هەردووکیان دا رێژەی ئیعدام زۆرە. جیاوازی‌یەکەیان لەوە دایە کە چین بە حەشیمەتێکی نزیکەی یەک میلیاردونیوی‌یەوە بە چەند کەس ژمارەی ئیعدامکراوانی لە ئێرانی ٧٠ میلیۆنی زیاترە. هەروەها جیاوازی-یەکی دیکە ئەوەیە کە سەرکوتی نارازی‌یان لە ئێران دا توندو تیژترە.

چین لە باری سەنعەتیو تێکنۆلۆژی‌یەوە لە ئێران پێشکەوتووترە. لانی کەمی خێری ئەم پێشکەوتنە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ، چین ئامرازو کەرەسەی نوێ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیو ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی ، وەک ئەنواعی باتوومو کەرسەی بەرقیو دەزگای کۆنترۆڵو تەعقیبی خەڵک، لە بەردەستی کۆماری ئیسلامی دەنێ. لە رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان دا کاتێک باس لە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکرێ ،ئەو دوو رێژیمە دەنگ لە دژی مەحکوومکرانی یەکتر دەدەن. بەتایبەتی چین وەک وڵاتێکی گەورەو بەهێز بۆتە چەتری پاراستنی ئێرانو پێش بە مەحکوومکرانو سزادرانی دەگرێ. ئێران جگە لەوەی کە لە باری ئاڵوێری بازرگانی بەهۆی هەبوونی نەوتو گازێکی زۆر سوودێکی زۆری بۆ چین هەیە، بۆتە بازارێکی بەرمێنیش بۆ کاڵاو شتومەکی چینی.

پێوەندیی چینو ئێران هەر بەوەندە خاڵە هاوبەشە سیاسیو ئابووری‌یانە نابرێتەوە. مەسەلەیەکی دیکە ئەم دوو وڵاتە لەدەوری یەک کۆ دەکاتەوە، بریتی‌یە لە رقەبەرایەتیی کۆنو لەمێژینەی چینی کۆمۆنیست لەگەڵ رۆژئاواو کینەو نەفرەتی ئیسلامی سیاسی لە رۆژئاوا کە کۆماری ئیسلامی وەک تاقە حکوومەتی ئیسلامی لە جیهان دا رێبەرایەتیی دەکا، ئەم دوو وڵاتەو وڵاتانی چەپو سوننەتیی وەک کۆرەی باکوورو کووباو رووسیەی پێشتر کۆمۆنیستیی خستۆتە بەرەیەکەوە.

کۆماری ئیسلامی کە لەم بارەیەوە رادیکاڵترە ، لە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم وڵاتانە دا تەنانەت ئامادەیە دەست لە بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یە گەورەکانیشی هەڵبگرێ. ئێران هەر ئێستا لە ناوچەی دەریای خەزەر دا کە لە کانگای ژێر زەوی دا یەکجار دەوڵەمەندە

خەریکە بەشی زۆری خۆی لەدەست دەدا. هەروەک لە رابردوو دا کە یارمەتیی بێ بەرامبەری پێشکێشی سووریە دەکرد، ئێستا ئەو یارمەتییە پێشکێشی ڤێنێزۆئێلاو کووبا دەکا، لە حاڵێک دا ئاستی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەگەر لە ئی ئێران باشتر نەبێ، خراپتر نیە.

ئەگەر تەنانەت رێژیمێکی کۆمۆنیستی لە ئێران دا لەسەر کار بووایە، وەک زۆر لە وڵاتانی کۆمۆنیستیو سۆسیالیستی رەنگ بوو رێگەی خۆی گرتبایە پێشو لەبەر پاراستنی سەربەخۆییو بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەوەندەی ئیمتیاز بە چینو وڵاتانی کۆمۆنیستی نەدابووایە. بەڵام سیاسەتی غەڵەت، رێژیمی ئیدئۆلۆژیکیی ئیسلامیو مەزهەبیی خستۆتە بەرەی رێژیمە کۆمۆنیستە ئیلحادییەکانەوە!

لە هەلومەرجی ئەمرۆ دا چین جێگەی ئەمریکای بەر لە شۆرشی ١٣٥٧ ی گرتۆتەوە. ئەوکات کە خەڵکی ئێران خوازیاری نەمانی رێژیمی پاشایەتی بوون، ئەمریکا بە هەموو توانایەوە لە پشت ئەو رێژیمە بوو. بۆیە کاتێک شۆرش سەرکەوت، لە روانگەی خەڵکی ئێرانەوە ئەمریکا گەورەترین دوژمنی ئێران بوو. تەنانەت یەک هێزیش نەبوو کە بتوانێ باس لە پێوەندییەکی ئاسایی نێوان ئێرانو ئەمریکا بکا. ئێستا خەڵکی ئێران، چینو رووسیە بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی دەزانن. ئەم دوو وڵاتە بە تایبەتی چین نەک هەر جارێک سەرکوتو کوشتاری خەڵکی نارازییان لە ئێران دا مەحکووم نەکرد، بەڵکوو بە جۆرێک لە پشت کۆماری ئیسلامی راوەستاونو وەک گوترا تەنانەت چین کەرەسەی سەرکوتی خەڵک بۆ کۆماری ئیسلامی دەنێری. لەوەش سەیرتر رۆژنامەی رەسمیی حکوومەتی چین لەم دواییانە دا هاتنە سەرشەقامەکانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانی بە پیلانی ئەمریکا ناوبرد.

ئەو شێوە پێوەندییو تێروانینەی چین بۆ رووداوەکانی ئێران بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران دروشمی " مەرگ بۆ چین "و " مەرگ بۆ رووسیە " بدەن. لەم خۆپێشاندانانەی ئەمساڵ دا کاتێک بڵندگۆی حکوومەت دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا"و "مەرگ بۆ ئیسراییل " یان بەرز دەکردەوە، خەڵکەکە دروشمی " مەرگ بۆ رووسیە"و مەرگ بۆ چین"یان دەگوتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە شکستێکە بۆ سیاسەتو ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە دروشمی " خەبات لە دژی فەرهەنگی رۆژئاوا"ی بەرز کردۆتەوە، هەرەشە لە پێوەندی-یەکی ئاساییو دۆستانەی خەڵکی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانە لە داهاتوودا دەکا. ئەزموونی زۆر لە وڵاتانو خودی ئێران ئەوە دەسەلمێنن پشتیوانیی دەوڵەتانی بەهێز لە رێژیمێک ناتوانێ تاسەر ئەو رێژیمە بپارێزێو پێگەی لە نێوخۆ دا بەهێز بکا. هەروەک پشتیوانیی ئەمریکا رێژیمی پاشایەتیی لە ئێران دا نەپاراست، پشتیوانیی چینو رووسیەش لە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ تا سەر ئەو رێژیمە بپارێزێ.

ئەم بابەتە لە ژمارە ٥٢٩ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

رێکەوتی : ٢١ی فێوریەی ٢٠١٠

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

## خیبرەگانی چاوەدێر بەسەر رێبەردا یان رێبەری چاوەدێر بەسەر خیبرەگاندا؟!

رۆژانی ٤و٥ی رەشەمە حەوتەمین كۆبوونەوەی چوارەمین دەورەی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری بە سەرۆكایەتیی هاشمیی رەفسەنجانی بەرێوە چوو.

ئاكامی كۆبوونەوەكانی ئەو مەجلیسە بە ئاسانی قابیلی پێش بینین. هەرچەند ئەم مەجلیسە بەپێی قانوونی ئەساسی دەسەڵاتی گۆڕینی رێبەری هەیەو تەنیا نیهادێكە كە قانوون ئیزنی رەخنەگرتن بە كاروكردەوەكانی رێبەری پێ داوە، بەڵام لەپێش¬دا بۆ زۆر لە شارەزایانی سیاسی روونە كە ئەو مەجلیسە كاری پەسندبێژیی رێبەرو تەئیدی كارو كردەوەكانی رێبەرە.

كۆبونەوەی ئەمجار لە دوو بارەوە گرنگو جێگەی تێڕامان بوو: یەكەم ، لەبەر ئەو رووداوانەی ئەم چەند مانگەی دواییو سەركوتو كوشتارو ئەشكەنجەی خۆپێشاندەران كە بە فەرمانی راستەخۆی خامنەیی رێبەری كۆماری ئیسلامی بەرێوەچوون، دووەم، كێشەو ناكۆكیی نێوان رەفسەنجانی سەرۆكی ئەو مەجلیسەو خامنەیی رێبەری رێژیم. بە تایبەتی ئەمەی دوایی گرنگیی تایبەتیی هەبوو. كەچی وەك زۆر جاری دیكە كە قابیلی پێش بینی بوو، رەفسەنجانی لە كۆتایی دا دەستی كرد بە پێ هەڵگوتنو تەئیدی رێبەرو هەڵوێستو سیاسەتەكانی.

لەم وتارە دا هەوڵ دەدرێ باسی ئەوە بكرێ، مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری كە ئەركی ئەوەیە لە رێبەر بپرسێتەوەو چاوەدێریی بەسەر دا بكا بۆچی بۆتە نیهادی پەسندبێژو گوێڕایەڵی رێبەرو بۆچی رەفسەنجانی كە لەلایەن دەستو پێوەندەكانی خامنەیی¬یەوە خراوەتە پەراوێزو دژایەتیی دەكرێو هێرشی دەكرێتەسەر، كەوتۆتە مەراییو لە رووی ناچاری¬یەوە بە خامنەیی هەڵدەڵێ.

مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری بەپێی ئەسڵی ١٠٧ی قانوونی ئەساسیی كۆماری ئیسلامی ئەركی " دیاریكردنی رێبەر" ی لەسەر شانە. بەپێی ئەسڵی ١١١ ی قانونی ئەساسی " هەركات رێبەر نەی توانی ئەركە قانوونیەكانی خۆی بەرێوە بەرێ، یان خاوەنی ئەو مەرجانەنەبوو كە لە ئەسڵەكانی ٥و ١٠٩ دا هاتوون، یان دەركەوێ كە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی هێندێك لەو مەرجانە نەبووە، لە پۆستەكەی لادەبرێ. دیاریكردنی ئەم كارە لەئەستۆی خیبرەگان "ە. هەروەها لەو ئەسڵە دا گوتراوە كە: " لە هەلومەرجێكی وا دا یان لاچوون یان لابردنی رێبەر، ئەركی سەرشانی خیبرەگانە لە زووترین كات دا بۆ دیاریكردنی رێبەرێكی نوێ هەنگاو بنێن."

با بزانین مەجلیسێك كە دەبێ چاوەدێری بەسەر كارو كردەوەی رێبەر دا بكا، رێبەر لابەرێو رێبەرێكی نوێ هەڵ بژێرێ، چۆن دیاری دەكرێ؟ لە ئەسڵی ٩٩ی قانوونی ئەساسی دا شوورای نیگاهبان كە لەلایەن رێبەرەوە دیاری دەكرێ چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری دا دەكاو ئەندامەكانی دەبێ لەلایەن ئەم شوورایەوە تەئید بكرێن. ئەسڵی ٩٩ دەڵێ:" شوورای نیگاهبان چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری، سەرۆك كۆماری، مەجلیسی شوورای ئیسلامیداو پەنابردن بۆ دەنگی گشتیو رێفراندۆمی لەسەر شانە." سەیر ئەوەیە كە بزانین بەپێی ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسی " دیاریكردنو لابردنو قبووڵی دەست لەكاركێشانەوە"ی " فەقیهەكانی شوورای نیگاهبان" لە ریزی " ئەركو سەلاحیەتی رێبەر " دان.

کەوابوو ئەندامانی شوورای نیگاهبان رێبەر دیارییان دەکا، هەر ئەوانیش دەتوانن ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان دیاری بکەن بۆ هەڵبژێران، واتە ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان کە سەلاحیەتی دیاریکردنی ریبەریان هەیە، ناراستەخۆ رێبەر دیاریان دەکا، هەربۆیەش نە رێبەر موخالیفانی خۆی دیاری دەکاو نە ئەوانیش کە رێبەر هێناونی، رێبەر لادەبەن. جگە لەمانەش ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتدارە تیمێکی سابیتو دیاریکراون کە دەیان هەودای سیاسیو ئابووری لێکی گرێ داون، مەگەر مردن گۆڕان لە پێکهاتەیان دا پێک بێنێ، ئەگینا نایەڵن "بێگانە" یان بێتە نێو.

بەڵام لە بارەی رەفسەنجانی¬یەوە: هاشمیی رەفسەنجانی چ لەسەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینیو چ لەسەردەمی خامنەیی دا بەهۆی جۆراوجۆر هەتا ئەم دوایی¬یانە کەسی دووەمی دەسەڵات بووە. ئەو مەسەلەیە ئەگەر بۆ خومەینی جێگەی نیگەرانی نەبوو، بۆ خامنەیی کە بەردەوام لەژێر پرسیار دایە مایەی سەرئێشەو نیگەرانی¬یە. رەفسەنجانی ئەگەر هاوشانی خومەینی نەبوو هاوشانی خامنەیی هەیەو رەنگە هەورازتریش بێ، بەڵام هاوشانسی ئەو نیە. بەهۆی نفووزێک کە لە دەزگا دا هەیەتی نەلابردنی بۆ رێبەر کارێکی ئاسانەو نە پێش ئاوەڵاکردنی کارێکی ژیرانە. کەوابوو پێویست بوو جەبهەیەکی رەقابەتی لەگەڵ کەسێکی وەک ئەحمەدی نەژاد لە دژی بکرێتەوەو قورسایی خۆیان بخەنە سەر ئەحمەدی نەژادو کێشەی خامنەیی . رەفسەنجانی بە رواڵەت ببێتە کێشەی ئەحمەدی نەژاد . رەفسەنجانی.

رەفسەنجانی لە دەسەڵات دا لەوە بەهێزترو بە نفووزتر بووکە بەو رێگایانەدا لاببرێ. بۆیە لە رووداوەکانی ئەم چەند مانگەی رابردوودا بە بیانووی بەشداری لە خۆپیشاندانەکان دا هێرشیان کردە سەر ئەندامانی بنە ماڵەکەیو تەنانەت خامنەیی لە نوێژی هەینیی تاران دا بە رواڵەت بەناوی دیفاع لە رەفسەنجانی هێرشی کردە سەر نزیکەکانی. دەستو پێوەندەکانی خامنەیی بە ئاشکرا لە راگەیەنە گشتی‌یەکان دا هێرش دەکەنە سەر رەفسەنجانی.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا کە سەرۆکایەتیی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری بەدەست رەفسەنجانی¬یە، سەرەڕای ئەو هەمووە پال پێوەنانو بێ حورمەتیو لاوازکردنی نفووزو دەسەڵاتە، رەفسەنجانی بۆچی ناچارە مۆری تەئیید لە سیاسەتو کردەوەکانی رێبەر بدا؟ رەفسەنجانی رابردوویەکی زۆری لە جینایەتەکان، لە ئێعدامی بە کۆمەڵی رۆڵەکانی ئێران، سەرکوتی توندو بێ بەزەیی¬یانەی موخالیفان، بڕیاری تێرۆری موخالیفان لە دەرەوی وڵاتو لە نێوخۆو...هتددا هەیە. دوو دادگای موعتەبەر لە ئەڵمانو لە ئارژانتین دەستێدابوونی ئەویان لە کۆمیتەیەک دا سەلماندوە کە لە کۆماری ئیسلامی¬دا بەرپرسی تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵاتن. جگە لەمانەش بنەماڵەکەی سەروەتو سامانێکی یەکجار زۆریان بە شێوەی نامەشرووع وەسەریەک ناوە. کەوابوو رەفسەنجانی ئەوەندەی مەوقعیەتی لە لای کۆمەڵانی خەڵکو دنیای دەرەوە لاوازە، ئەوەندە لەلای خامنەییو دەسەڵاتەکەی لاواز نیە. لەیەک قسە دا رەفسەنجانیی لاوازو تەحقیر کراو لە کۆماری ئیسلامی دا شانسی لە رەفسەنجانی تاوانبارو قەرزدار لەدەرەوەی کۆماری ئیسلامی زیاترە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٦ی مارچی ٢٠١٠

## ئەمن پێم وایە لە م قۆناغەدا تا نە تە وەی كورد بە ئازاد ی و مافەكان ی دەگا، لاو ی كورد ئەركی سە ر شانیەتی كاری سیاسی بكا

وتووێژ: چیا كوردستانی

لاوان: كاك مستەفا دەكرێ وەك یەكەم پرسیار پێمان بڵێی لاو كێ یە و سیاسەت مانانی چیە؟

مستەفا مەعرووفی: لاویەتی بەر لە هەموو شتێک بریتی یە لە قۆناغێكی تەمەنی مرۆڤ . ئەو قۆناغە دوای قۆناغی مێرمنداڵی كە تا ١٨ ساڵیە، دەست پێ دەكا. مرۆڤ تا تەمەنی ١٨ ساڵی لە رووی قانوونیەوە بەر پرسیار نیە و پێویستیی بە سەرپەرستە. بەڵام لەو تەمەنە بەرەو ژوور تەواوی بەرپرسایەتییە قانوونییەكانی لەسەرەو لە بەرامبەر كار و كردەوەكانی دا وەڵامدەرە و بۆخۆی لە بارەی خۆیدا دەتوانێ بڕیار بدا و ئەو قۆناغە تا ٣٠ ساڵی دەخایەنێ.

رای دیكەش لە بارەی ئەو قۆناغەوە هەیە كە پێی وایە لە ١۴ ساڵی یەوە قۆناغی لاوەتی دەست پێ دەكاو تەنانەت رای وا هەیە كە تا تەمەنی ۴٠ ساڵی بە قۆناغی لاویەتی دەزانێ.

لەو قۆناغەدا تایبەتمەندی یە جیسمی و دەروونییەكانی مرۆڤ گەشە دەكەن و كاملا دەبن و ئەو قۆناغە قۆناغی بنیاتنان و جێگیربوونی كەساسەتیی مرۆڤە لە رووی جیسم و تا ڕادەیەكی زۆریش لە رووی دەروونییەوە.

بەرهەر حاڵ ئەو قۆناغە لە ناوچەیەكی جیهان بۆ ناوچەیەک جیاوازە. چونكە بە پێی ژینگەی جوغرافیایی و بە پێی ئاو و هەوا هەڵدانی مرۆڤیش جیاوازە، تەنانەت لە رووی نەژادو رەگەزیشەوە جیاوازە، نەژادی وایە جیسمیان پان و پۆڕترو درشتترە لە نەژادێكی دیكە، یان لە رووی جینسەوە كچ لە كوڕ زووتر هەڵا دەدا. بەڵام ئەو قۆناغەی لە سەرەوە باسی كرا نێونجی لەبەر چاو گرتوە.

جگە لەوانەش لاویەتی هەر بە تەنیا تەمەن ناگرێتەوە، بەڵكوو هێندێک تایبەتمەندی لەو قۆناغەی تەمەنی مرۆڤ دا هەن كە لە قۆناغەكانی دیكەی تەمەنی مرۆڤ دا كەمتر بەدی دەكرێن. نەحەجمین و جم و جۆل و چالاكیی زۆر، بێ باكی، ئەوین و سەودا سەری، ئۆگریی لە رادەبەدەر بەو دیاردانەی بۆخۆی بەدڵنی، خەون و ئارەزوو...هتد، ئەو تایبەتمەندیانە لە تەمەنی لاوەتیی مرۆڤ دا لە لوتكە دان. جارێكی فەرماندەیەكی هێزی دەریایی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی دوور لە نامەیەک دا بۆ هاورێیەكی باسی لاویەتی دەكا كە زۆری سەرنج راكێشام. ئەو لەو نامەیەدا دەنووسێ: لاویەتی كاری بە تەمەن و چرچ و لۆچیی پێستی مرۆڤەوە نیە، مادام مرۆڤ دڵی پڕە لە ئەوین، بزۆز و سەر زیندوویە، با تەمەنی لەسەرەوەش بێ، لاوە، بەو رادەیەی ترس و ناهومێدی و وەڕەزی رووت

تێ دەکا، پیری و بەو رادەیەش هیوادار و گەش بینی، لاوی.

بەڵام لە بارەی مانای سیاسەتەوە: دیارە من ئیزن بە خۆم نادەم سیاسەت پێناسە بکەم و زانا و بیرمەندەکان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ سیاسەت کردوە. هێندێک دەڵێن سیاسەت هونەری مومکینە، واتە لەگەڵ ئەو شتانەی ئیمکانیان هەیە، یان دەگونجێن سەروکاری هەیە نەک لەگەڵ خەیاڵ و شتی نـاواقعی. ئەوەش روانگەیەکی واقیعگەرایانەیە بۆ سیاسەت. پێناسەی دیکە ئەوەیە سیاسەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵات دەزانێ. پێناسەکەی هەرچیەک بێ سیاسەت زانستە و وەک هەر زانستێک چ بە تیئۆری و چ بە ئەزموون بۆ فێربوون دەبێ. شارەزایی سیاسی لەگەڵ کاری سیاسی هەمیشە پێکەوە نین. ئەوە بەو مانایەیە کە نەهەموو شارەزایەکی سیاسی کاری سیاسی دەکا و نە هەموو ئەوانەی کاری سیاسی دەکەن شارەزای سیاسەتن. ئەمن وا لە سیاسەت دەگەم و واشم قبووڵە کە بە پلەی یەکەم ئامانجی سەرەکیی سیاسەت بریتی بێ لە چۆنیەتیی ئیدارەی وڵات و خزمەت بە کۆمەڵ. بە پلەی دووەم وەدەست هێنانی دەسەڵات لە رێگەی راکێشانی پشتیوانیی زۆرینەی خەڵک بۆ ئەوەی بتوانی بەرنامە سیاسییەکانت بەڕێوە بەری، واتە دەسەڵات پێوەندیی راستەوخۆی بە رادەی پشتیوانیی خەڵکەوە هەبێ نەک توانای نیزامی و زەبر و زەنگ. ئەو بۆچوونەم زۆر قەبووڵە کە دەڵێ ئەو دەوڵەتانەی پشتیوانیی خەڵکیان لە پشت نیە، بەڵام لە سوپا چەک و چۆڵ دا زۆر بە توانان، ئەوانە دەوڵەتانی لاوازن. ئەمە بۆ حیزبێکی سیاسییش هەر وایە. بەو رادەیەی حیزبێکی سیاسی دەتوانێ سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆلای خۆی و بەرنامە سیاسییەکانی راکێشێ، بەو رادەیەش بە هێزە.

**لاوان: وەک ئاگادارین بەرێزتان هەر لە سەردەمی لاوەتییەوە کاری سیاسیتان کردوەو تا ئێستاش بەردەوامن چۆن بوو کە ئێوە ئاوا دەستان دایە کاری سیاسی، ئاخۆ پێویست دەکا کە لاوی کورد هەر لە سەردەمی لاوەتییەوە خەریکی کاری سیاسی بێ؟**

مستەفا مەعرووفی: هەتا تەمەنی ٢٠ساڵی هیچ چەشنە کارێکی سیاسیم نەکردوە. بەڵام ئۆگرییەکی سەیرم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبوو. گوێگری سابیتی رادیۆی دەنگی کوردستان بووم. وتاری د. قاسملووی نەمر هەبووە لەو رادیۆیە بڵاو بۆتەوە، زەبتم کردوەو وەک شێعر، بێ ئەوەی بڕگەیەکی کەم یان زیاد بێ، لەبەرم کردوە.

نامەوێ منەت لەسەر خەڵکی بکەم و بڵێم هەر لە تەمەنی لاوەتییەوە هەستی شۆڕشگێڕانەم هەبووە و بڕیارم داوە دەست بە خەبات بکەم. نا، زۆر سادقانە عەرزتان دەکەم ئەگەر بابم پێشمەرگە نەبووایە و بنەماڵەکەمان نەهاتبا پەنا بابم، رەنگ بوو قەت کاری سیاسی نەکەم. بەڵام کە بە بنەماڵەوە هاتینە پەنا حیزبی دێموکراتی کوردستان، وردە وردە کاری حیزبایەتیشم کرد و ئەو عەلاقەو ئۆگرییەی پێشووم بوو بە هەوێنی تێکۆشانی سیاسیم. لەگەڵ گۆڤاری "لاوان" وت و وێژ دەکەم و بە جێیە وەبیر بێنمەوە کە یەکیەتیی لاوان و ئەم گۆڤارە لە رابردوو و لە ئەزموونی کاری سینفی و سیاسیم دا قوتابخانەیەکی زۆر بە نرخ بوون بۆ من. هیوادارم رۆژێک نەتەوەی کورد بە جێگەیەک بگا کە لاوەکانی بۆخۆیان بڕیار بدەن کە کاری سیاسی دەکەن یان نا، ئێستا لاوی کورد وەک ئەندامێک لە نەتەوەی کورد هەر کە چاوی کردوە لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی بە هەموو لایەنەکانیەوە بەرەو ڕوو دەبێ، بیهەوێ و

نەیهەوێ، بزانێ یان نەزانێ، قوربانیی ستەمی سیاسییە و ئەگەر کاریشی بە سیاسەت نەبێ، سیاسەت کاری پێیە، سیاسەت چارەنووسەکەی دیاری دەکا. بەڵام لە وڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیکدا فەزایەکی زۆر هەیە کە لاو بە دوور لە سیاسەت بژی ئەگەر بۆخۆی بیهەوێ.

ئەمن پێم وایە لەم قۆناغەدا تا نەتەوەی کورد بە ئازادی و مافەکانی دەگا، لاوی کورد ئەرکی سەر شانیەتی کاری سیاسی بکا. ئەوە ئەرکێکی مێژووییە بۆ ئەوەی نەسڵی لاو لە داهاتوودا ناچار نەبێ کاری سیاسی بکا و بە لاوەتیی خۆشی رابگا.

**لاوان: بە بڕوای تۆ بۆچی بەشێکی بەرچاو لە لاوان خۆیان بەدوور دەگرن لە کاری سیاسی و یان دەتوانین بڵێین بۆچی لاوان ڕقیان لە سیاسەت دەبێتەوە؟**

مستەفا مەعرووفی: ئەوە هەموو لاوێک ناگرێتەوە، لەو خۆپیشاندان و ڕێ پێوانانەی چەند ساڵێکە لە ئێران و کوردستان لە ژێر زەبر و زەنگی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا بەڕێوە دەچن، حەشیمەتی لاو هێزی سەرەکی پێک دێنێ. بەڵام ئەو بەشەی کە ڕەنگە ڕقیان لە سیاسەت بێتەوە لەبەر ئەوەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا هەزینەی کاری سیاسی قورسە. ئەشکەنجە و تەنانەت دەست درێژیی سێکسی بۆ سەر زیندانیانی سیاسی وێنەیەکی ترسناک لەبەر چاوی ئەوان لە سیاسەت دەخاتە ڕوو. ئامانجی کۆماری ئیسلامیش هەر ئەوەیە لاوان کە ئەو ڕێژیمەیان قەبووڵ نیە، نەیەنە مەیدانی سیاسەت و چاوترسێنیان بکا. بەهەر حاڵ ئەم سیاسەتە بۆ ماوەیەک شوێن لەسەر هێندێک کەس دادەنێ، بەڵام بۆ هەمیشە لەسەر هەموو کەس، نەخێر.

**لاوان: زۆر جار دیومانە کورد لە کاری سیاسی دا کەمی هێناوە یان دەتوانین بڵێین کە سەرکەوتوو نەبووە! ڕای تۆ لەو بارەوە چیە؟**

مستەفا مەعرووفی: ئەوە لە ڕابردوودا تا ڕادەیەک وا بووە، بەڵام بە خۆشییەوە ئێستا کورد لەو مەیدانەدا بە باشی دەتوانێ یاری بکا. کورد کە وڵاتی خۆی نەبووەو بەردەوام لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی دابووە، توانا و ئێنێرژیی خۆی سەرفی دیفاع و پاراستنی خۆی کردووەو ئیمکانی خۆ پێگەیاندن و خۆ پەروەردەکردنی نەبووە. بەڵام ئێستا کادر و کەسایەتیی پێگەیشتوو و خاوەن ئەزموونی زۆرن. ئەگەر لە هەموو بوارەکانیش دا جارێ سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە لە ڕووی نائاگاهییەوە نیە، لە ڕووی بێ دەرەتانی و گەلە کۆمەگیی دوژمنەکانیەتی.

**لاوان: پێتان وانیە کە حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان لە سەرنج ڕاکێشان و هاندانی لاوان بە مەبەستی کاری سیاسی و هاتنە نێو دنیای سیاسەتەوە کەم تەرخەم بوون؟**

مستەفا مەعرووفی: وەک عەرزم کردن هەزینەی کاری سیاسی لە ئێران قورسە. مەسەلەن، ئەمن نائێم کورد لە تورکیە بە مافەکانی گەیشتوەو ئازادە، نەخێر بەداخەوە جارێ ماویەتی، بەڵام ئەو کارەی لاوی کورد لە تورکیە بۆ دەربڕینی ئێعتراز دەیکا،

**ئەگەر لە ئێران بیکا، گومانی تێدا نیە دەکوژرێ. کەوابوو حیزبەکانی رۆژهەلات ناچارن زۆر بە نهێنی لاوەکان رێک بخەن و لاوەکانیش بە نهێنی کارە سیاسییەکانیان بکەن کە ئەمەش زۆر لە دنیای تەبلیغات و راگەیاندن دا بەر چاو نیە. دەنا هەروەک دیتوومانە لە بچووکترین دەرفەت دا لاوانی رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان نیشان داوەو نموونەش زۆرە. هاندانی لاوان بۆ کاری سیاسی پێوەندیی بە کەمتەرخەمیی حیزبەکانەوە نیە، بەڵکوو پێوەندیی بە رادەی تواناکانیان لەو کارەدا هەیە.**

**لاوان: سپاسی بەرێزت دەکەین بۆ ئەوەی کە وڵامی پرسیارەکانی ئێمەت دایەوە؟**

**مستەفا مەعرووفی: ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم هیوام سەرکەوتنی هەرچی زیاتری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەلاتی کوردستان و گۆڤاری خۆشەویستی "لاوان"ە.**

***ئەم وتووێژە لە گۆڤاری "لاوان" ژمارە ٣٨، ٣٩ دا بڵاوبۆتەوە**

# هەڵدانی سەرەتانیی سوپای پاسداران

راستە لە ماوەی شەڕی ئێرانو عێراق دا سوپای پاسداران روڵێکی زۆی هەبوو بەلام بە رادەی ئێستا پەلوپۆی ناویشتبووو ئەوەندە بەهێزو بەربلاو نەکرابۆوە. ئەوەی لێرە دا پرسیارە ئەوەیە کە ئێستا بۆ ئەوەی شەڕێک لەگەڵ ولاتێک لەگۆڕێ دابێ یان کۆماری ئیسلامی تووشی شەڕێک لە جێیەک هاتبێ بۆچی سوپای پاسداران رۆژلەگەڵ رۆژ بەهێزتر دەبێو دەست بەسەر ناوەندە نیزامیو ماڵییەکان دادەگرێ؟ داخوا مەترسییەک هەرەش لە ئێران دەکا؟ ئەگەر وایە بۆچی ئەرتەش بەهێز ناکرێ؟سوپای پاسداران کە ئۆرگانێکی سەر بە بەیتی رێبەرییە، لە پاش شەڕی ئێرانو عێراق دا نەک هەر ئەرکی تەواو نەبوو بەڵکوو زیاتر بەهێز کرا، پرۆژە نیزامییەکانی وەک بەرهەمهێنانی چەکی قورس، لەبەر دەستی سوپای پاسداران نران، چالاکیە ئەتۆمییەکان خرانە بازنەی چالاکییەکانی سوپای پاسداران. هەر ئەوەش بۆتە هۆی شکو گومانی ولاتانی جیهان لەوەی کە ئەم چالاکیە ئەتۆمییانە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە . وەک بۆخۆیان دەڵێن . نیە، ئەگینا ناوەندێک یان ئۆرگانێکی مەدەنیو زانستی بەرێوەی دەبرد. سوپای پاسداران وردەوردە دەستی بە چالاکیی ئابووری کردو بوو بە هێزێکی ئابوورییش. چەندین پرۆژەی گرنگی ئابووری بە تایبەتی لە بواری نەفت دا کە بەهەرمێکی ستراتیژییەو بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێرانە کەوتنە دەست سوپای پاسداران. ئەمساڵ سوپای پاسداران بوو بە خاوەنی ٥١% شیرکەتی موخابەراتی ئێران کە بایی چەندین میلیارد دۆلار بوو. سوپای پاسدران هەر بە چالاکیە نیزامیو ئابوورییەکانیش رازی نیەو دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماریو کوودیتا لە دەنگی خەڵکی ئێران، کابینەی دەوڵەتیشی داگیر کرد. سوپا دەیەوەی لە قوتابخانەکانیش دا پیاوی خۆی دابمەزرێنێو سیستمی پەروەردەو فێرکردنیش تەسخیر بکا. بە گشتی سوپا ئەوەندە بەرینو بەربلاو بۆتەوە کە لە هەموو بوارە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریو تەنانەت کۆمەلایەتییەکان دا حوزووری چالاکی هەیەو لە راستی ئێران بە تەواوی " سوپا زەدە" بووە بە چەشنێک کە سوپای پاسداران لە چاو ئۆرگانەکانی دیکەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵدانێکی سەرەتانیی هەیەو تەواوی ئۆرگانو دامودەزگاکانی دیکەی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوەو وای لێ هاتوە سوپای پاسداران بریتی بێ لە کۆماری ئیسلامی.

بەو هەمووە چالاکیە بەربلاوەیەوە پێناسەو ئەرکی سوپا لە هێزێکی نیزامیو دیفاعی بەرەوژوورترە. مەبەست لەبەهێزکردنی سوپا بەم شێوەیە خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەل مەترسیی دەروە نیە. چونکە هێزێک بیەوەێ هێرشی دەروە بەرپەرچ بداتەوە پێویست ناکا دەوڵەتی بەدەست بێ بەڵکوو دەبێ دەوڵەتی لە پشت بێ. ئەو هەلومەرجە تەنیا بۆ سەرکوتی نێوخۆ موناسیبە. بۆ کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرەوروویە مۆرەیەکی سوپا لە کابینە دا بێو بڕیار بدا جێی متمانەترە تا مۆرەیەکی غەیرە نیزامی.

هەر لەبنەڕەت دا کە سوپای پاسداران دامەزرا لە حاڵێک دا کە ئەرتەش هەبوو، بە هۆی نەبوونی متمانە بە ئەرتەش لە لایەن ڕێبەرانی ڕێژیم، بە تایبەتی ئایەتوللا خومەینی‌یەوە بوو. چونکە ئەرتەش هەر لە بنەڕەت دا بۆ سەرکوتی خەڵک هێزێکی جێی متمانە نیە بۆ ڕێژیمەکان. ئەرتش ئەرکی ئەوەیە سنوورەکانی وڵات لە مەترسیی دەرەوە بپارێزێ. لە ساڵی ١٣٥٧ دا ئەو کاتە ڕێژیمی شا رووخا کە ئەرتەش بێلایەنیی خۆی لە نێوان کابینەی راسپێردراوی شا لەلایەکو کابینەی راسپێردراوی خومەینی لەلایەکی دیکە راگەیاند. ئەوە ئەزموونێکە بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم کە دەبێ هێزێکی نیزامیی ئەوتۆ پێک بێنن کە لەو ئەرکانەی لەسەر شانی ئەرتەشن بەدوور بێو نەک هەر بێلایەن نەبێ بەڵکوو بەر لەوەی کە ئەرکی پاراستنی وڵات بێ دەبێ ئەرکی پاراستنی ڕێژیم بێ، سوپای پاسدارانیش راست مانایەکەی بریتی‌یە لە سوپای پارێزەران. ئەرتەش خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی‌یە کە ناکرێ ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامی متمانەی پێ بکا کە بریتن لە: یەکەم، ئەرتەش لە کوڕی خەڵک پێک دێ، پێکهاتەی ئەرتەش پێکهاتەیەکی خەڵکی‌یە، رەنگە ڕێژیم بتوانێ کەڵک لە ئەرتەش وەربگرێ بەڵام ئەو کەڵک لێوەرگرتنە سنووردارەو ئەرتەش ئەگەر ئەرگەر سەرکوتی خەڵک بە ئەستۆوە بگرێ، شیرازەی لەبەریەک هەڵدەوەشێو کاتێک راپەڕینی خەڵک پەرە بگرێ سەربازەکان دەچنەوە نێو خەڵک. بەڵام سوپا پێکهاتەیەکی ئیدئۆلۆژیکیی هەیەو لە کەسانێک پێک دێ کە ڕێژیم تەئیید دەکەنو باوەڕیان پێیەتی. دووەم، سەربازی لە ئەرتەش دا "ئیجباری"یە، بەڵام لە سوپا دا دڵخوازە، سێیەم، سەربازی لە ئەرتەش دا داهاتی نیە، بەڵام لە سوپا دا سەرچاوەیەکی داهاتەو ئیمتیازی مادی، کارو پلەو پایەی لەگەڵە. چوارەم، قۆناغی سەربازی لە ئەرتەش دا کاتی‌یە، بەڵام لە سوپا دا دەکرێ تا سەر بێ. جگە لەمانەش سوپا ڕێکخراوێکە کە چالاکی‌یەکانی هەر بە نێوخۆی ئێران نابڕێتەوە، لقێکی سوپا تایبەتە بە چالاکی لە دەرەوەی وڵات. ئەرکی ئەو بەشە یارمەتی گەیاندن بە گرووپە ئیسلامی‌یەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، جاسووسی‌و کردوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی وڵات.

پەلوپۆ هاویشتنی سوپای پاسداران بۆ هەموو بوارەکان راست بریتی‌یە لە شەڕی نێوان خەڵکو کۆماری ئیسلامی. نارەزایەتیی خەڵک هەموو جێگەیەکی گرتۆتەوە، سوپای پاسدارنیش دەبێ هەموو دامودەزگاکان بگرێتەوە. سوپای پاسداران ئەمڕۆ رۆڵی تاکە حیزبی دەسەڵاتدار لە کۆماری ئیسلامی دا دەگێڕێ، راست لە چەشنی سیستمی تاکە حیزبیی وڵاتانی کۆکمۆنیستیی پێشوو لە سەدەی رابردوو دا. نموونەی دیکەی لەم بابەتە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی دا بوو کە حیزبی رەستاخیز تاقانە حیزبی دەوڵەتی بووو هەموو ئێرانی‌یەک ناچار بە ئەندامەتی لەو حیزبە!! دا دەکرا. ئێستا کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوە دایە کە هەموو کەس لە سوپای پاسداران دا بەسیج بێ. تاکە حیزبی دەسەڵاتدار لە ڕێژیمی سەددام حوسێن دا حیزبی بەعس بوو. هیچ کام لەو سیستمە تاک حیزبیانە نەیان توانیوە مانەوەی ڕێژیمەکانیان دەستەبەر بکەن. بێگومان سوپای پاسدارانیش ناتوانێ دەستەبەری مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر راپەڕینی خەڵکی ئێراندا بێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

ڕێکەوتی : ٣١ی دێسامبری ٢٠٠٩

# ئایەتوڵلا مونتەزیری سەمبولی ئازایەتیو بەخۆدا هاتنەوە

شەوی ٢٩ی سەرماوەز ئایەتوڵلا حوسێنعەلیی مونتەزیری لە تەمەنی ٨٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. ئایەتوڵلا مونتەزیری یەکێک لە دیارترینو بەناوبانگترین کەسایەتیە ئایینیو سیاسیەکانی ئێران بوو کە لە رووی سیاسیەوە باسو هەڵسەنگاندنی جۆاوجۆر هەڵ دەگرێ. رابردووی سیاسیی مونتەزیری لە سەردەمی دوو رژیم دا بریتیە لە سێ قۆناغ : خەبات لە دژی رژیمی پاشایەتی، یارمەتی بە هێنانە سەرکارو جێگیر کردنی کۆماری ئیسلامیو دژایەتی لەگەڵ ئەم رژیمە تا دوایین ساتەکانی ژیانی.

ئایەتوڵلا مونتەزیری لە سەردەمی رژیمی پاشایەتی دا لە ریزی هەرە پێشەوەی موخالیفانی ئەم رژیمە بوو، زیندانی کراو ، لە شارو ناوچەی خۆی دوور خرایەوە. رابردووی تێکۆشانی سیاسیی ئەو لە دژی رژیمی پاشایەتیو ئیمانو باوەڕو پلەی بەرزی لە خوێندنی ئایینی دا بەس بوون بۆ ئەوەی لە داوی کەسانی وەک ئایەتوڵلا خومەینی بکەوێو بیانخاتە بەرەیەکەوە. هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە کە ساڵانێکی زۆر خزمەت بە بیروباوەڕەکانی خومەینیو جێگیرکردنی رژیمەکەی بکا تا سەرەنجام لە خەسلەتی دیکتاتۆرانەو ئینسانکوژانەیان گەیشت.

رۆژگاری تاریکی ژیانی مونتەزیری لە رابردووی سیاسیی ئەو دا لە کاتی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە دەست پێ دەکاو تا کاتی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینو پاییزی ١٣٦٧دا درێژەی کێشا. مونتەزیری لەم قۆناغە دا لە داڕشتنی فەلسەفەی ویلایەتی فەقیە دا یارمەتیدەری خومەینی بوو، لە داڕشتنی قانوونی ئەساسیدا کە جێگەی رەخنەی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بوو رۆڵی سەرەکیی هەبوو، پاشان لە ساڵی ١٣٦٤ دا بە جێگری ئایەتوڵلا خومەینی دیاری کرا. گومانی تێدا نیە کە کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغەش دا وەک هەمیشە، بە تایبەتی لە سەرەتای هاتنە سەر کاری دا، زۆر جینایەتی سامناکی خوڵقاندن کە ئەگەر مونتەزیری لە ئەنجامدانیان دا بڕیاردەر نەبووبێ لانی کەم بەهۆی بێدەنگە کردن تێیاندا شەریک بوو.

رەخنەگرتن لە مونتەزیری سەبارەت بەو خزمەتانەی بە کۆماری ئیسلامیو شەخسی ئایەتوڵلا خومەینی کردنی رەنگە زۆر پێویست نەبێ، چونکە لە ساڵی ١٣٦٧ەوە کە موخالیفەتی خۆی لەگەڵ ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی راگەیاند تا کاتی مردنی، بە دژایەتیو بەربەرەکانیی ئازایانەو راشکاوانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رژیم ئەم رابردووەی قەرەبوو کردەوە. مونتەزیری بە پێچەوانەی رێبەرانی دیکەی رژیم نەیتوانی تا سەر ویژدانی خۆی لە بن چۆکی بنێو لە کاتێک دا لە نێو رژیم دا کەس نەی دەوێرا لە بەرامبەر خومەینی دا بڵێ لەل، ئەو دژایەتیی خۆی لەگەڵ فەرمانی وی بۆ کوشتاری بە کۆمەڵی رۆڵەکانی خەڵکی ئێران بە دەست بەسراوی لە زیندانەکاندا، دەربڕی. سەبارەت بەو هەڵوێستە ئینسانیو ئازایانەی لە لایەن رێبەرانی رژیمەوە بە "شێخی ساویلکە"

ناوی براو کەوتە بەر غەزەبی ئاوانەوە کە لە کاتی مەرگیشی دا لێی خۆش نەبوون، تەنانەت خامنەیی لە پەیامی بە رواڵەت سەرەخۆشی‌یەکەی دا سەبارەت بەو هەڵوێستە ئینسانی‌یەی داوای لە خوا کرد لێی خۆش بێ!

مونتەزیری لە بۆنەی جۆراوجۆر دا پەژیوانیی خۆی لە هێنانە گۆڕی مەسەلەی ویلایەتی فەقیە ـ لانی کەم ـ بە شێوەی مەوجوود دەربڕیوە. لە پێوەندی لەگەل پۆستی جێگریی خومەینی دا دەڵێ "حۆزگە نەبووایەم". کاتێک سەبارەت بە دژایەتی لەگەل کۆشتاری زیندانیانی سیاسی، لە پۆستی جێگری وەلا نرا، بە خومەینیی راگەیاندوە کە "ئەو پۆستەی پێکێش بەمنت کردبوو بۆخۆتو ئابڕووی خۆشم بۆ خۆم." مونتەزیری لەو کاتەوە بێوچان لە بەرامبەر سیاسەتو کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دا راوەستاوەو لە ریزی هەرە پێشەوەی رەخنەگرانی رێژیم دا بووە. سەرەنجام لە ساڵی ١٣٧٦ەوە تا کاتی مەرگی لە ماڵە خۆی دا لە شاری قوم دەسبەسەر بوو، حوسەینی‌یەو نوێنەرایەتی‌یەکانی لە شارەکانی دیکەی ئێران داخرانو دەوری ماڵەکەی تا ساڵی ١٣٧٤ بە هێزی ئەمنییەتی گیرا. ئایەتوڵلا مونتەزیری لە رووداوەکانی هاوینو پاییزی ئەم ساڵ دا بە دەرکردنی چەندین بەیاننامەو وڕاگەیاندن لە پشت راپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی ئێران راوەستاو ببوو بە رێبەری مەعنەویی ئەم حەرەکەتە.

گومانی تێدا نیە ئایەتوڵلا مونتەزیری ئەگەر لە ئەنجامدانی جینایەتو سەرکوتی خەڵک دا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی‌دا بووایە، تەنانەت ئەگەر بێدەنگ بووایە تا کاتی مردنی رێبەری کۆماری ئیسلامی دەبوو، بەڵام ئازایەتی‌و ویژدانی وشیاری ئەو پشتیان پێ لە ماڵو دەسەڵاتی ناڕەوای رێژیم کردو رێگەیەکی دیکەی هەڵبژارد. ئایەتوڵلا مونتەزیری لە هەلومەرجی ناسکی ئەمڕۆدا دەی توانی خزمەتی زیاتر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بکا. هەر بۆیە لە دەستچوونی ئەو خەسارێکە بۆ ئەم بزووتنەوەیە، هەرچەند ئەو کەسانە مەرگیشیان دەبێتە هاندەرێک بۆ سووربوونی خەڵک لە سەر داوای خۆیان، هەوەک هەڵوێستی خەڵکی ئێران لە یەکەم سەعاتەکانی پاش مەرگی ئەو دا بەدی دەکرێ. بەو هیوایەی مەرگی ئایەتوڵلا مونتەزیری ببێتە هاندەرێک بۆ ئەو کەسانەی لە خزمەت ئەو رێژیمە دان بۆ ئەوەی رێگەی گەل هەڵبژێرنو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک ئاشت ببنەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٤ی دێسامبری ٢٠٠٩

# پڕۆژەی کرانەوە بە رووی کورد داو مەبەستو هۆیەکانی

رۆژی هەینی ٢٢ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەیەک لە پاڕڵمانی تورکیە بۆ باس لەسەر پڕۆژەیەک بە ناوی " کرانەوە بەڕووی کورد دا" بە بەشداریی ئەندامانی پاڕڵمان، سەرۆکی وەزیرانو ژمارەیەک لە سەرۆکی حیزبە سیاسی¬یەکان بەڕێوە چوو. ئەوەی گرنگیی زیاتری بە هاتنە گۆڕی مەسەلەی کورد لە پاڕلمانی تورکیە دا قسەکانی سەرۆک وەزیر رەجەب تەییب ئەردۆغان بوو. ئەردۆغان وێڕای رەخنە لە سیاسەتەکانی رابردووی دەوڵەتەکانی پێشوو لە بارەی کوردانەوە بەوپەڕی ئازایەتییەوە دیفاعی لە "پڕۆژەی کرانەوە بە رووی کورد دا" کرد.

ئەردۆغان قامکی لەسەر زۆر لە مافەکانی نەتەوەی کورد وەک خوێندن بە زمانی زگماکی، مەسەلە فەرهەنگی¬یەکان، گەشەسەندنی ئابووریو ئەمنییەت لە ناوچەی کوردستان دانا کە دەیان ساڵە بە توندی پێشێل دەکرێنو هەر باس کردنیشیان قەدەغە بوو. دیارە ئەردۆغانو حیزبەکەی حیزبی دادو گەشەپێدان لەم دواییانە دا هێندێک هەنگاوی گرنگی دیکەشیان لە بارەی مەسەلەی کورد هاویشتوە کە گەلێک هیواو هومێدیان بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کورد پێک هێناوە.

مەستی تورکیە لە پڕۆژەکە سیاسەتی واقیعبینانەی ئاغای ئەردۆغانو دەوڵەتەکەی لە بارەی کردنەوی دەرگاکان بە رووی کورد دا چەند مەبەستی تێدا بەدی دەکرێ: یەکەم، چارەسەری مەسەلەی کورد لە رێگای ئاشتییەوە یارمەتی بە وەدیهاتنی ئاواتی لە مێژینەی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا دەدا. چونکە سەرکوتی کوردانو بارودۆخی نالەباری کورد لەم وڵاتە دا هەمیشە یەکێک لە کۆسپەکانی سەررێگەی وەدیهاتنی ئەو ئاواتەی تورکیە بووە. ئورووپاییەکان بەردەوام ئاماژەیان بە پێشێلکرانی مافە نەتەوایەتیو مرۆڤایەتییەکانی کوردان لە تورکیە کردوەو ئەمەیان بە گرنگترین کۆسپی سەررێگەی وەرگیرانی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپا دا زانیوە.

دووەم، یەکێک لە هۆیەکانی زۆر گەشەنەکردنی ئابووریی تورکیە شەڕو نائارامی لە ناوچە کوردنشینەکان¬دا بووە کە لەلایەک بەهۆی شەڕ ئەم ناوچانە دوا کەوتوونو لەلایەکی دیکەش سەرکوتو میلیتاریزە کردنی ئەم ناوچانە خەرجێکی زۆریان خستۆتە سەرشانی دەوڵەت. خەسلەتی شەڕ ئەوەیە کە لەلایەک پێش بە هەرچەشنە گەشەکردنێکو پێشکەوتنێک دەگرێو لەلایەکی دیکەش تواناو ئیمکاناتی مەوجوود سەرفی خۆی دەکا. بۆیە شەڕی نێوخۆیی تورکیە لەگەڵ کوردان جگە لەوەی کە رەوتی پەرەگرتنو پێشکەوتنی ئابووریی ئەم وڵاتەی خاو کردوە خەرجێکی زۆریشی خستۆتە سەرشانی ئەم وڵاتەو گەلێک تواناو ئینێرژیی سەرفی خۆی کردوە.

سێیەم، سیستمی سیاسیی تورکیە سیستمێکی ئیدئۆلۆژیو تاک حیزبی نیەو لەسەر بنەمای پلۆرالیزمی سیاسی دەچێتە پێش. حیزبەکان لە رەقەبەرایەتیو ململانێی سیاسی دان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا ئیئتیلاف لەگەڵ کەمایەتییە ئایینیو نەتەوەییەکان دا لەوانەیە رۆڵی چارەنووسسازی هەبێ، بە تایبەتی لە تورکیە کە کورد خاوەنی حەشیمەتێکی چەندین میلیۆن کەسییە. پەرەپێدانی نفووزی حیزبی دادو گەشەپێدان لە نێو پێکهاتە جیاجیاکانی ئەم ولاتە دا بە تایبەتی کورد بە حەشیمەتێکی ۱۵، ۲۰ میلیۆن کەسی¬یەوە کە لە ۱۸ ئوستانی ئەم ولاتە دا نیشتەجێن دەکرێ مەستێکی دیکەی ئەردۆغانو حیزبەکەی بێ.

چوارەم ، دەیان ساڵ شەرو سەرکوتی کوردان و قووڵبوونەوەی هەستی دوژمنایەتی لە نێوان دوو پێکهاتەی سەرەکیی ئەم ولاتە دا واتە تورکو کورد کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێو کۆمەڵگەی تورکیە بە گشتی. هەرچەند لە رووی نەخشەی سیاسی دا ولاتێکی یەکپارچەو خاوەن سنووره بەلام لە نێوخۆ دا لە راستی دا دوولەتو دوو پارچەیە. ئەو مەسەلەیەش لە رووی ئاسایشی میللییەوە بە هیچ جۆر بە قازانجی ئەم ولاتە نیە. سەرکەوتنو بەرێوەچوونی ئەم پرۆژەیە دەتوانی کۆتایی بە شەڕ و خوێنرێژیی دەیان ساڵەی نێوخۆیی بێنێو ئاساییشو ئەمنییەت باڵ بەسەر ولات دا بکێشێو یارمەتی بە پڕ بوونەوەی کەلێنو بۆشایی نێوان دوو نەتەوەی سەرەکیی ئەم ولاتە بکا کە لە ماوەی دەیان ساڵ دا پێک هاتوە.

## کۆسپەکانی سەررێگەی پرۆژەکە

ئەگەری سەرکەوتنوسەرگرتنی ئەم پرۆژەیە لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە زۆرە، چونکە لە لایەن سەرۆک وەزیرانو حیزبێکەوە هاتۆتە گۆڕێ کە ئەم ساڵ زۆرینەی دەنگەکانی بۆ پارڵمانی ئەو ولاتە بەدەست هێناو پشتیوانیی زۆرینەی خەڵکی تورکیەی لە پشتە. بەلام لەگەل ئەمەش دا هێندێک کۆسپی لەسەر رێگەن: ئەرتەش کە ئەرکی سەرکوتی هێزە سیاسی¬یەکانی کوردی لەسەر شانە لە رابردووش دا کۆسپی هەرە گەورەی سەررێگەی هاتنە بەر باسی مەسەلەی کورد بووە. هەرچەند وا دیارە ئەرتەش دەورو رۆڵی جارانی لە کارو باری سیاسی دا نەماوە، بەلام ئێستاش وەک کۆسپێک ناکرێ وەبەرچاو نەگیرێ. پاشان حیزبی موحافیزەکاری وەک پارتی مللیی تورکیە بە رێبەرایەتیی دەوڵەت باغچەلی لێبڕاوانە موخالیفی ئەم پرۆژەیەن. ئەوان ژمارەیەک نوێنەریان لە پارلمان دا هەیەو نوێنەرایەتیی بەشێک لە کۆمەڵگەی تورک دەکەن. ئەگەر نەشتوانن رێگەی پرۆژەکە بگۆرن، دەتوانن کەندو کڵۆی بخەنە سەر رێ. ئەوان هەر لە یەکەم دژکردەوە دا نوێنەرەکانیان کۆبوونەوەی پارڵمانیان بە نیشانەی ئیعتراز بەجێ هێشت.

## ئاکام

نابێ لەبیرمان بچێ ئەم هەنگاوە گرنگە لە لایەک لە ئازایەتیو واقعبینیی ئاغای ئەردۆغانو حیزبەکەیەوەو لەلایەکی دیکەشەوە لە خەباتو فیداکاریی رۆڵەکانی کورد لە ماوەی دەیان ساڵ خوێنو قوربانیدانەوە سەرچاوە دەگرێ .

**بە لەبەرچاوگرتنی رابردووی خوێناویو خەماویی کوردان لە تورکیە ئەم هەنگاوەی بەرێز ئەرۆغانو دەوڵەتەکەیو زۆرینەی پارڵمان هەنگاوێکی زۆر گرنگو موسبەتن. بەڵام بۆ چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی کورد هێشتا رێگەیەکی دوورودرێژی لە پێشە. هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیە لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردو هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەرامبەر بەو پرۆژەیە دەتوانێ لە سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی پرۆژەکە دا رۆڵی بەرچاویان هەبێ. لە داهاتوو دا بەبێ بەشداریی هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی کورد مەسەلەی کورد چارەسەر نابێ، چونکە ئەوان نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کورد دەکەنو ناکرێ وەبەرچاو نەگیرێن. نموونەی مێژوویی ئەم مەسەلەیە راگەیاندنی یەک لایەنەی خودموختاریی کوردستانی عێراق لە ١٩٧٤ زایینی دا لەلایەن دەوڵەتی ئەم ولاتەوە بوو کە بە هیچ جۆر مەسەلەی کوردی چارەسەر نەکرد. لە لایەکی دیکەش هەڵوێستی ئەو هیزە سیاسیانە بەرامبەر بەم پرۆژەیەیە کە دەتوانێ کاریگەریی موسبەت یان مەنفی لە سەر پرۆژەکە دابنێ.**

**سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**رێکەوتی : ٢٥ی نوامبری ٢٠٠٩**

## تەمەنێک تاوانباری

رۆژی هەینی ٢٩ی خەزەڵوەر ی١٣٨٨(٢٠ی نۆڤامبری٢٠٠٩) بۆ جاری بیستو پێنجەم رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کرا. ٧٤ وڵات دەنگی موسبەتیان بە مەحکوومییەتی کۆماری ئیسلامیدا، ٥٩ وڵات دەنگی بێلایەنو ٤٨ وڵاتیش دەنکی مەنفیيان پێ دا

لێرە دا مەبەست باس کردن لە بوارەکانی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە نیە. چونکە پێشێل کرانی ئەو مافانە ئەوندە زۆرو بەربڵاون ناکرێ هەموویان باس بکرێنو باسکردنی هێندێک بواریش لە رادەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی کەم دەکاتەوە. ئەگەر بیروڕای گشتیی جیهان پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا بە هەواڵ دەبیسن، خەڵکی ئێران دەیچێژنو بە رەگ پێست هەستی پێ دەکەن، کەوابوو هەر خەڵکی ئێران رادەی تاوانو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەزانن.

ئەوەی لێرە دا گرنگە باسی بکەین سەنگو وەزنی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دایە. سی ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم رێژیمە دا تێ دەپەڕێو ٢٥ جار لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کراوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین رێکخراوی نێونەتەوەییە نەک تاقە رێکخراو. دەیان رێکخراوی نێونەتەوەیيو بنکە بنیاتی فەرهەنگیی دیکە وەک هیوومن رایتس واچ، رێکخراوگەلی لایەنگری مافی ژنان، هەواڵنێرانی بێسنوور، پزیشکانی بێسنوور، ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەمو زۆری دیکە کە هەرکامیان بە جۆرێک لە بواری مافەکانی مرۆڤ دا کار دەکەن لە جیهان داهەن کە ئەوانیش ناسیاویيەکی کۆنیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەو کارنامەی رەشی ئەم رێژیمە بەردەوام لەسەر مێزەکانیانە.

بەو حاڵەش وڵاتانی جیهان لە مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی دا یەکدەستو هاوبیروڕا نین. لە ژمارەی دەنگی مواوفیقو موخالیفو بێلایەنی وڵاتانەوە وا دەردەکەوێ کە بەداخەوە مەسەلەی مافی مرۆڤ هەروا لەژێر کاریگەریی پێوەندیيە سیاسیيەکانی وڵاتانو بەرژەوەندیيە سیاسیو ئابووریيەکان دایە.

ئەوەی جێی سەرنجە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە رووی ئابووریو تیکنۆلۆژییەوە بەهێزنو خاوەنی سیستمێکی دیموکراتن وەک، فەرانسە، کانادا، ئەمریکاو ئەڵمان، سوئێدو چەندین ولاتی دیکە رۆڵی هەرە بەرچاویان لە مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی دا هەبوو. ئەمەش بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێرانە. بەڵام ژمارەیەک لە وڵاتان وەک چینو رووسیە بەهۆی لاوازبوونی فەرهەنگی دیموکراسی لە نێوخۆیان دا لەلایەکو ئەو قازانجە ئابوورییانەی کە لە کۆماری ئیسلامی دەستیان دەکەوێ لە لایەکی دیکە کاریان بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێرا دا نیە, هەربۆیەش دروشمی مەرگ بۆ رووسیەو چین لە شەقامەکانی ئێران دا دەبیسرێ. ژمارەیەک لە ولاتانیش کە خاوەنی سیستمێکی چەشنی کۆماری ئیسلامینو ئەوانیش کارنامەیەکی رەشیان لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دا هەیە لەوپێوەندییە دا هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامین، وەک سوودان، ڤێنزۆئێلا، کووباو چەند ولاتی دیکە. دەنگی موافیقی عەرەبستانی سەعوودی بە مەحکوومییەتی کۆماری ئیسلامی نیشانەی لاواز بوونی مەوقعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە دایە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری وڵاتانی ناوچە بە تایبەتی ولاتانی عەڕەبی کە عەرەبستانی تووڕە کردوە. هەر ئێستا شەڕێکی ناراستەوخۆ لە نیوان ئێرانو عەڕەبستان لە سنوورەکانی یەمەن دا لە گۆڕێ دایە.

ئەوەی لە مەحکووم کرانی ئەمساڵی کۆماری ئیسلامی دا بۆ کورد وەک یەکێک لە گەورەترین قوربانیانی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی جێگەی دڵخۆشییە مەحکوومییەتی کۆماری ئیسلامی بەهۆی پێشێل کردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێرانە. تا ئێستا کەمتر ئاماژە بەم بوارە دەکراو زیاتر مەسەلەئاییینییەکان باسی لێوە دەکرا. دەکرێ وا لێک بدرێتەوە کە وردە وردە پەردە لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لا دەدرێنو پێشێل کرانی مافە ئینسانی¬یەکانی کورد لەبەر چاوی جیهان شاراوە نیە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

ڕێکەوتی : ٢٢ی نوامبری ٢٠٠٩

## خەلاَتی ئاشتیی نۆبێل بۆ ئۆباما هەڵگری چ پەیامێکە؟

**لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١ دا مرۆڤایەتی لە زانستو پێشکەوتن دا گەیشتۆتە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر،**

**بەلاَم هێشتا نەی توانیوە بەسەر ئیرادەی شەڕ دا زاڵ بێو جیهانێکی بە دوور لە شەڕو ئاژاوە پێک بێنێ. تەنانەت زۆر جار پێشکەوتنەکانی بوونەتە هۆی لەمەترسی کەوتنی ئاشتیو خودی خەلاَتی ئاشتیی نۆبێل هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتوە. جیهانی ئەمڕۆ ئەوەندەی چەکی ئەتۆمیو چەکی قورس تێدایە ئەگەر بەشێکی کەمیشیان بەکار بێن دەتوانێ تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەنێو بەرێ. هەر ئێستا لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە شەڕ لە گۆڕێ دایە بەتایبەتی لە ئاسیاو ئەفریقا. گەرمبوونی تەشقی زەویش هەڕەشەیەکی دیکەیە لە سەر جیهان. لەسەرەتاکانی سەدەی ٢١ دا تیرۆریزم یەکێک لە گەورەترین هەڕەشەکانە لەسەر مرۆڤایەتیو ئۆقرەییو ئارامیی لە جیهان هەڵگرتووەو ترسو خۆفی خستۆتە نێو دڵی خەڵکی سەرانسەری جیهان. تیرۆریزم سنوورێک ناناسێو دوژمنێکی نادیارە کە هەمیشە لە کەمینی مرۆڤایەتی دایە. بەتایبەتی مەترسیی تیرۆریزم کاتێک زیاتر هەستی پێ دەکرێ کە وای دابنێ رۆژێک تیرۆریستەکان دەستیان بە چەکی ئەتۆمیو کومەڵکوژ رابگا.**

**دیارە مەسەلەی تیرۆریزم وەک گەورەترین هەڕەشە لە سەر ئاشتیو هێمنایەتی لە جیهانی ئەمڕۆ دا لە دانی خەلاَتی ئاشتی بە ئۆباما دا ئیشارەی پێ نەکرابوو، لە حاڵێک دا ئەمریکا لە ٨ ساڵی رابردوو دا بە رێبەری بەرەی دژە تیرۆریزم ناسراوە. رەنگە هۆیەکەی ئەوە بێ کە ئەمریکا لە زانینی ئەوە دا کە تیرۆریزم چیە، لە ناسینی ئەوە دا کە تیرۆریست کێیەو لە شێوەی خەبات لە دژی تیرۆریزم دا زۆر سەرکەوتوو نەبووبێ.**

**باراک ئۆباما لە ماوەی ٩ مانگ سەرکۆماریی خۆی دا چەند هەنگاوی هەڵگرتن کە لەلایەک یارمەتییان بە پتەوبوونی ئاشتی کردو لەلایەکی دیکەشەوە پێشیان بە شەڕی زیاتر گرت. هەڵگرتنی سپەری دیفاعی لە ئورووپای رۆژهەلاَت کە دەبووە هۆی ورووژاندنی رووسیەو پێکهێنانی دڕدۆنگیو لێک دوورکەوتنەوە، یەکێک لەو هەنگاوانە بوو. هەوڵدان بۆ گرتنەبەری رێگەی دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان لە سەرانسەری جیهان دا هەنگاوێکی دیکەی ئۆباما بوو. کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق کە لەم بارەیەوە بیروڕای گشتیی جیهان بە چاوێکی رەخنەگرانە دەیانڕوانییە ئەمریکا، یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی بوو. هەر وەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمیو کۆمەڵکوژو هەوڵی جیددی بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رانەگا، هەنگاوێکی دیکەی ئۆباما بوو. لە قسەکانی سەرۆکی کۆمیتەی خەلاَتی نۆبێلیش دا ئیشارە بە سێ هۆ کرابوو: پەرەپێدانی دیپلۆماسی لە جیهان دا، پەرەپێدانی هاوکاریی میللەتان لەگەڵ یەکترو پێشگیری لە پەرەگرتنی زیاتری چەکی ئەتۆمی. ئۆباما بۆ خۆشی بێ ئەوەی ناوی ئێران بێنێ وێڕای ئەوەی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کەڵکوەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە مافی هەر ولاَتێکە، گوتی کە ولاَتان دەبێ بیسەلمێنن کە لە چالاکیە ئەتۆمیەکانیان دا مەبەستی ئاشتیخوازانەیان هەیە.**

دانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە ئۆباماو ئەو قسانەی ئەو، راست لە کاتێک دابوون کە تازە کۆماری ئیسلامی ناوەندێکی دیکەی ئەتۆمیی خۆی لە نزیک شاری قوم ئاشکرا کردبوو. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەڕەشە لە ولاتان بە تایبەتی ئیسرائیل دەکا، دەست لە کاروباری وڵاتانی دراوسێو ناوچە وەردەدا ، پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستەکان دەکابە جۆرێک کە تەنانەت رێبەران و کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو رێژیمە لە لایەن دوو دادگای بێلایەنی دەرەوە واتە دادگای میکۆنووسو دادگای ئارژانتینەوە بە تیرۆریست ناسراون، هەرورها لە حاڵێکدا کە ئەو رێژیمە هەوڵ دەدا دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگا، دانی ئەم خەڵاتە بە ئۆباما هەڵوێستی ئەو لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەهێزتر دەکا.

ئەگەر لە جیهان دا دەوڵەتانێکو کەسانێک هەن کە هەوڵ دەدەن ئاشتیو ئاسایشی جیهان بشێوێننو هەڕەشەن بۆ سەر خەڵک، کەسانێکیش هەن کە هەوڵ دەدەن پێش بە شەڕو ئاژاوە بگرنو فەرهەنگی دیالۆگو لێک تێگەیشتن پەرە پێ بدەن. هەزاران مرۆڤ لە جیهان دا دڵیان بۆ ئاشتی لێ دەداو هەوڵەکانیان لە پێناوی جێگیر کردنی ئاشتی دایە، باراک ئۆباما یەکێکە لەو کەسانە نەک تاقە کەس, بەڵام ئەو لە جێگەو مەوقعیەتێک دایە کە رەنگە لە هەر کەسێکی دیکە کاریگەرتر بێ. ئۆباما سەرۆک کۆماری تاقە زلهێزی جیهانە، بەدەنگێکی زۆرو مەودایەکی زۆر لە رقەبەرەکەی بردوە، لە قانوونی ئەساسیی وڵاتەکەی دا دەسەڵاتێکی زۆری پێ دراوە، هێزە نیزامییەکانی وڵاتەکەی لەسەرانسەری جیهان دا حوزووریان هەیە، وڵاتەکەی لە رووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندترین و لە رووی تێکنۆلۆژییشەوە پێشکەوتووترین وڵاتی جیهانە. سەرۆک کۆماری وڵاتێکی ئاوا چ لە ئاشتیو چ لە شەڕ دا لە جیهان رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە. ئۆباما لە ناوەندی بڕیاری نێونەتەوەییو تەنانەت لە لووتکەی بڕیار دایە. بڕیارێکی ئەو دەتوانێ یارمەتی بە پەرەگرتنی ئاشتی یان پێچەوانەکەی بدا. ئەوە کە سەرکۆماری وڵاتێکی ئاوا بەهێز خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل وەردەگری هیواو هومێدەکان بە پەرەگرتنی ئاشتیو کەمبوونەوەی شەڕو ئاژاوە زیاتر دەکاو دوورە دیمەنێکی روون دەخاتە پێش چاوی مرۆڤە ئاشتیخوازەکان. وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە لایەن ئۆباماوە نیشانەی ئەوەیە کە رێبەرانی ولاتانی بەهێز لە بەرامبەر قەیرانەکانی جیهان دا مەسئوولانەتر دەجووڵێنەوە. جێی خۆشحاڵییە کە ئەوان لە جیاتی ئەوەی بە توانا نیزامیو تێکنۆلۆژییەکانیان بخوڕن زیاتر بیر لە بەرپرسایەتییەک دەکەنەوە کە بەهۆی بەهێزبوونیان لە جیهان دا کەوتۆتە سەرشانیان.

دانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە ئۆباما ئەو "تعهد"و بەرپرسایەتییەی بۆ پێک دێنێ کە لەبەرامبەر ئەمنییەتی گیانیی مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهان دا هەست بە بەرپرسایەتی بکا. ئێستا ئۆباما، ئەو مەسئولییەتە ئەخلاقییەی کەوتۆتە سەرشان کە لەبەرامبەر دەوڵەتانی نا مەسئوول دا کە هەڕەشە لە ئاشتیو ئاسایشی ناوچەو جیهان دەکەن هەنگاو هەڵبگرێو لە بەرامبەر پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو دا هەست بە بەرپرسایەتی بکا. ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر هەڕەشە لە ئاشتیی جیهان دەکا نەک شەڕی نێوان وڵاتان بەڵکوو سەرکوتی بێ بەزەیییانەی گەلانی ئازادیخوازی وڵاتان لە لایەن رێژیمە دیکتاتۆرەکانەوەیە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩

# قەیرانی ئەتۆمی بۆ داپۆشینی قەیرانی نێوخۆ

لە ٢٥ی سێپتامبرەوە کە یەکێکی دیکە لە ناوەندە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە نزیک شاری

قوم ئاشکرا بووە، فشاری وڵاتانی بەهێز بە تایبەتی وڵاتانی ناسراو بە ٥ + ١ بۆسەر ئەم رێژیمە زیاتر بووە. ٦ رۆژ دوای ئەم رووداوە لە یەکی ئۆکتۆبر دا ئەم گرووپە لە ولاتان لە سویس کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێک هێناو بریاریان دا وتووێژەکانیان درێژە پێ بدەنو پشکێنەرانی سەر بە ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەردانی بنکەی ئەتۆمیی قوم بکەنو پیتاندنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی کاروباری پزشکی لە وڵاتی سێیەم ئەنجام بدرێو بدرێ بە ئێران.

کۆماری ئیسلامی لەحاڵێک دا ئەو ناوەندە ئەتۆمی‌یەی خۆی ئاشکرا کرد کە بوونی ناوەندێکی ئەوتۆ لێرەو لەوێ باسی دەکراو دنیای دەرەوە هەستی بە بوونی شتێکی ئاوا دەکرد. دوو ناوەندی ئەتۆمیی نەتەنزو بووشێهریش بۆ ماوەی ١٨ ساڵ بە نهێنی کاریان تێدا دەکراو لە ژێر فشاری دنیای دەرەوە کۆماری ئیسلامی ئاشکرای کردن. ئەوە بۆ ٦ ساڵ دەچێ قەیرانێک دروست بووە بە ناوی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران.

لەوە دا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی لە چالاکیی ئەتۆمی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی‌یە شکو گومانێک لە گۆڕێ دا نیە. چونکە نهێنی کاری‌یەکانی ئەم رێژیمە لە چالاکیی ئەتۆمیی خۆی دا لە لایەکو پیتاندنی زیاد لە رادەی پێویستی ئۆرانیۆم بۆ کارو باری پزیشکیو بەرق لە لایەکی دیکەو هەورەوها تاقیکاری‌یە مووشەکی‌یەکانی ئەم رێژیمەو زۆر هۆی دیکە بەسن بۆ ئەوەی دنیا تێ بگا ئە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ.

کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی حاشا لەو مەبەستەی دەکاو بەڵگەیەکی زانستیو سیاسیی بۆ ئەم مەسەلەیە نیەو ئیددیعا دەکا کە بەهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لە روانگەی ئێمەوە "حەرامە". حەرام راگەیاندنی ئەو مەسەلەیەش یارمەتی بە رەواندنەوەی نیگەرانی‌یەکانی دنیای درەوە لە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ناکا. چونکە کوشتنی ئینسانەکان بە تایبەتی کوشتنی مسوڵمان، ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکو دەستدرێژی کردنە سەر ناموسی خەڵک بە تایبەتی دسدرێژی بۆ سەر پیاوان بە توندی لە روانگەی ئیسلامەوە مەحکوومو حەرامن بەڵام کۆماری ئیسلامی بەو جۆرە کردەوە دزێوو دژی ئینسانیانەوە دەناسرێتەوە.

چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی گەلێک ئامانجو مەبەستی لە پشتن: ئەو چالاکیانە لانی کەم دوو قازانجیان بۆ کۆماری ئیسلامی تێدا هەیە.یەکەم، ئەگەر لەو چالاکیانەی دا دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگا بە مەبەستی سەرەکیی حۆی گەیشتوە. لەو

حاڵەتەدا ئەو رژێمە دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیو پێشتر کە بە کردەوە تیرۆریستی¬یەکانیو بە یارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستییەکان ئاشتیو هێمنیی دنیای شێواندوە، ئەوکات ئاشتیو ئاسایشی جیهان زیاتر دەکەوێتە مەترسییەوە. هەڕەشەو نیگەرانیی ئێرانی تەیار بە چەکی ئەتۆمی لەسەر ئاسایشو ئەمنییەتی جیهانو ناوچە لەبەر ئەوە نیە کە ئەو رژێمە ئەو چەکە لە دژی خەڵکی خۆی یان وڵاتێکی دیکە بەکار دینێ، چونکە ئەو چەکە چەکێک نیە بۆ سەرکوتی نێوخۆ کەڵکی لێوەربگیریو لە دژی وڵاتانی دیکەش کۆماری ئیسلامی دەست بۆ خۆکوشتنێکی ئەتۆ نابا. مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیو ئەو شۆرشەی لە ئێران دا دەستی پێ کردوە سەربکەوێو ، چارەنووسی ئەو چەکە چ دەبێ. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئەو نیگەرانی‌یە بۆ جیهان پێک بێنێ.

دووەم، ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی رانەگەیشت بە چالاکی‌یە گوماناوی‌یەکانی خۆی هەمیشە هەوڵ دەدا دنیای دەرەوە لە نیگەرانی دا رابگرێو ئەو قەیرانی بە زیندوویی بێڵێتەوە تا لە کاتی پێویست دا کەڵکی لێ وەربگرێ. هەر ئێستا توانیویەتی ئەمریکا بکێشێتە پای وتووێژو مەترسەیکانی هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆسەر رژێمەکە کەم بکاتەوە. پاشان بە وەرێ خستنی قەیرانێکی ئەوتۆ هەوڵ دەدا ئیمتیازی ئابووریو سیاسی لە وڵاتانی بەهێز وەربگرێو سەرەنجام هەرکات کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ دا لەگەڵ قەیرانی جیدی بەرەوڕوو بوو کێشەیەکی ئەتۆمیی دیکە هەڵ دایسێنێ بۆ ئەوەی کێشە نێو خۆیەکەی پێ داپۆشێو کەم رەنگی بکاتەوە.

تا ئێستا کۆماری ئیسلامی لە مەبەستی دووەمی دا کەڵکی لەو قەیرانە وەرگرتوەو سەرنج راکێش ئەوەیە کە لە کاتێک دا ناوەندی ئەتۆمیی قوم ئاشکرا دەبێ کە شەقامەکانی ئێران بوونەتە مەیدانی بەربەرەکانیی خەڵکی ئێرانو لایەنگرانی رژێم. بەڵام دژکردوەی وڵاتانی بەهێزو تەنانەت رووسیەو چین دەری دەخەن کە خەونی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بۆ کۆماری ئیسلامی وەدی نەیە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩

# بەڵێ بۆ هەموو شێوە مەشرووعەكانی خەبات

**لە كۆتاییەكانی گەلاوێژی ئەم ساڵ دا ١١ تێكۆشەری كورد لە سێ حیزبی ڕۆژهەڵاتی**

**كوردستان : حیزبی دێموكراتی كوردستان، كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستانو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، كەوتنە بەر پەلاماری هێزە نیزامییەكانی كۆماری ئیسلامی و شەهید بوون. ئەم ڕووداوە لەگەڵ هەڵوێستی جۆراوجۆرو تەنانەت دژبەیەک بەرەو ڕوو بوو. كەسانێک هەن زیندوویەتیی شۆڕشو خەبات زیاتر لە خەباتی چەكداری دا دەبینن‌و كەمتر سەرنج دەدەنە لایەنە تەشكیلاتیو ڕاگەیەندنەكانی حیزبە كوردییەكانو هەست بە كاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵكو پووچەڵ كردنەوەی سیاسەتەكانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ناكەن. هەر بۆیەش بە هۆی لە گۆڕێ دا نەبوونی خەباتی چەكداری زۆر جار لە فكری "زیندوو"! كردنەوەی خەبات دەكەون. لە بەرامبەر دا كەسانێک هەن خەباتی چەكداری مەحكووم دەكەنو بێ ئەوەی سەرنج بدەنە هەوڵی بێوچانی ئۆپۆزیسیۆنی كورد بۆ چارەسەری سیاسیو ئاشتیخوازانەی مەسەلەی كورد لە لایەكوماهیەتی شەرخوازانەو دەستدرێژیكەرانەی كۆماری ئیسلامی لە لایەكی دیكە، ئەو شێوە لە خەباتی چەكداری كە لە ڕاستی دا دیفاعی چەكدارانە بووە مەحكووم دەكەن.**

**سەرەڕای ئیدیعای كەسانێک كە حەرەكەتی ئەم دواییانەی سێ هێزی كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە خەباتی چەكدارانە لە قەڵەم دەدەن، ئەم حەرەكەتە تەنیا لایەنی سیاسیو تەبلیغیی هەبووەو مەبەست حزووری فیزیكیی تێكۆشەرانی كورد لە نێو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دا بووە. ئەم كەسانە ئەو چەكەی كە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پێیان بووە بە نیشانەی خەباتی چەكداری دەزانن‌و هەر وا بزانە لە ماهیەتی دڕندانەی كۆماری ئیسلامی شارەزا نین كە لە هەر شوێنێک دەستی بگاتە تێكۆشەری كورد چەک بەكار دێنێ. ئەم كەسانە جگە لەوەی حوزووری ئەم تێكۆشەرانە بە خەباتی چەكداری ناو دەبن، لە جیاتی هاودەردیو بە داخبوون لە لەدەستچوونی پۆلێک تێكۆشەر، مەحكوومی دەكەن، كەچی باسێک لە مەحكووم كردنی هێزە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم ناكەن. جگە لەمەش ئەم حەرەكەتە بە زەرەری خەباتی مەدەنی ناو دەبەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە نێو ئەمانە دا كەسانێک هەن كە پێشتر ڕەخنەیان لە "كەمپنشینی"ی هێزە كوردییەكان دەگرتو تەنانەت میكانیزمیان بۆ "زیندوو" كردنەوەی خەبات واتە وەڕێ خستنەوەی خەباتی چەكداری دادەنا!**

**هەرچۆنێک بێ حەرەكەتی ئەم دوایەیانەی تێكۆشەرانی سەر بە سێ هێزی كوردی هەرچەند شەڕی نیزامیی تێدا ڕوو داو ١١ تێكۆشەری كورد شەهید بوون، بەڵام ئەمە خەباتی چەكداری نەبوو. خەباتی چەكداری یان لە ڕاستی دا دیفاعی چەكدارانە پاش هاتنە سەر كاری كۆماری ئیسلامی بە فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی كورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەست پێ دەكاو تا نێوەڕاستەكانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی درێژەی كێشا. ئەم شێوە لە خەباتەش سەرەڕای هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی كورد بۆ چارە سەری كێشەی**

کورد لە ڕێگەی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەوە بەسەر کورد دا سەپا. تەنانەت هێزە سیاسی‌یەکانی کورد بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەل‌و دەرفەت‌و سەرمایەی زۆر بە نرخی لەم ڕێگەیە دا لەدەست دا. دیفاعی چەکدارانە بۆ چەند مەبەست بوو: یەکەم، بۆ ئەوە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بسەلمێنێ کورد واز لە ویستو داخوازەکانی ناهێنێ‌و بەربەرکانی دەکا تاکوو ناچاری بکا مل بۆ وتوویژ رابکێشێ‌و لەوە حاڵی بکرێ کە مەسەلەی کورد هەیەو ناتوانێ خۆی لێ گێل بکاو بیخاتە پشت گوێ. دووەم، شکاندنی هەیبەت‌و جەبەڕووتی ئەرتەش‌و هێزە نیزامی‌یە پۆشتەو پەرداخەکانی دەوڵەت کە تا هەلومەرجی ناوچە نەگۆڕا نەی توانی بەسەری دا زاڵ بێ‌و ئێستاش ترسی لە سەرهەڵدانەوەی ئەم شێوە لە خەباتە هەیە. سێیەم، بە مەبەستی خۆپاراستنی هێزە کوردی‌یەکان لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی. چوارەم دەستەبەری حوزووری فیزیکیی کادرو پێشمەرگە لە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک دا

حەرەکەتی ئەم دوایی‌یانەی کادرو پێشمەرگەی هێزە کوردی‌یەکان بە چەکەوە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان نەبێ هیچ کام لەو مەبەستو تایبەتمەندیانەی خەباتی چەکدارانەی تێدا نەبوو. تیمی هیچ کام لە تێکۆشەرانی ئەم هێزانە لە قامکەکانی دەست تێ نەدەپەڕین. لە حاڵێک دا خەباتی چەکداری بە هێزێکی زیاترەوە دەکرێ. ئەم تێکۆشەرانە لە سێ تیمی بچووکی جیاواز دا کە هەر کامیان لە لای یەکێک لە حیزبەکانەوە مەئموورییەتیان وەرگرتبوو بۆ لە کەمین خستن و زەبر لێدان لە هێزەکانی دوژمن‌و پایەگا گرتن نەچووبوونەوە، لە حاڵێک دا خەباتی چەکداری بۆ ئەم مەبەستانە ڕێک دەخرێ. ئەگەر مەبەست خەباتی چەکداری بووایە ١١ تێکۆشەری کورد لە ماوەیەکی کورت دا هەر وا بە ئاسانی بێ ئەوەی دوژمن تەلەفاتێکی زۆری دابێ لە داو نەدەکەوتن‌و شەهید نەدەبوون.

هەرچەند حەرەکەتی ئەم دوایی‌یانەی هێزە کوردی‌یەکان ناوی خەباتی چەکدارانەی لەسەر دانانرێ بەڵام داخوا با بزانین هەر لە جێ دا خەباتی چەکداری زەرەی بۆ خەباتی مەدەنی . وەک هێندێک کەس ئیدیعا دەکەن . هەیە؟ ئەو حیزبانەی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران باوەڕیان بە خەباتی چەکدارانە نەبوو داخوا کۆماری ئیسلامی روحمی پێ کردن؟ ئەو هێزە سیاسی‌یانەی لە بەرامبەر دەستدرێژی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی دا بۆ سەر دەسکەوتو ئازادی‌یەکانی دوای شۆڕش دیفاعی چەکدارانەیان نەدەکرد یان ناچار بەم ڕێگایە بوون یان لەنێو چوون. حوزووری حیزبی دێموکراتو هێزە کوردی‌یەکان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەندین ساڵ‌و مانەوەیان لە مەیدانی خەبات دا بەرهەمی ئەو شێوە لە خەباتەیە. ئەگینا کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی زەفەری پێ دەبردن‌و تووشی چارەنووسی حیزبی توودە دەبوون.

لە لایەکی دیکەش ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێندێک دەرفەت لە بواری فەرهەنگی‌و ئەدەبی‌و تەنانەت کاری ڕێکخراوەیی بە شێوەی مەدەنی ڕەخساوە نەتیجەی بوونی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردو خەباتو خۆڕاگریی ئەوان بووە. هەربۆیەش لە نێو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران دا بە رادەی کوردستان ئەم جموجۆڵانە نابینرێن. ئەم دەسکەوتانەو ئەو پاشەکشانەی کۆماری ئیسلامی هەرچەند زۆر کەم‌و وەڵامدەری ویستو داخوازی کورد نین، بەڵام ئەگەر هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کورد نەبووایەن وەدی نەدەهاتن. ئەزموونی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر ئەوەمان پێ دەڵێ، ئەو دەسکەوتو ئیمتیازانەی کورد لە باشووری کوردستان لە نزیکەی ٤٠ ساڵ لەوە پێشەوە دەستی کەوتوون ئاکامی بەخشش‌و کەرەمی ڕژێمی بەعس‌و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسێن نەبوون،

بەڵكوو لە ئاكامی خەباتو فیداكاریی رۆڵەكانی نەتەوەی كوردو هێزە سیاسییەكانی دابوو. ئەمرۆ لە توركیە كە دەسەڵاتدارانی تورك پاش دەیان ساڵ حاشا كردن لە بوونی كورد دان بە بوونی نەتەوەی كورد دادەنێنو تەنانەت باس لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی كێشەی كورد دەكەنو هێندێك ئیمتیازی بە كەلكیان لەم دواییانە داوە بە كورد، لە ئاكامی خەباتی چەكدارانەی كوردەكان دایە، ئەگینا دەسەڵاتدارانی تورك قەت شتی ئاوایان بە بیر دا نەدەهات. لەو نموونانەوە دەتوانین بەو ئاكامە بگەین خەباتی چەكداری یان ئیحتیمالی سەرهەڵدانی خەباتی چەكداری تەواوكەری خەباتی مەدەنیو دەسكەوتەكانیەتی. خەباتی چەكداری دەستەبەرو پاڵپشتی خەباتی مەدەنییە. دەوڵەتانی دیكتاتۆر هەركات ئەو مەترسی¬یە لەسەر خۆیان هەست پێ نەكەن بوار بەوەندە تێكۆشانە مەدەنیانەش نادەن.

لەگەڵ ئەمانەش دا دیفاعی چەكدارانە بۆ كورد ـ لانی كەم بۆ حیزبی دێموكراتی كوردستان ـ نە ئامانجەو نە ستراتیژی، تەنانەت بوونەكەشی بەدەست خۆی نەبووەو ئەگەر هەبووە داسەپاوە. خەباتی چەكداری تاكتیكە لە كاتی پێویست دا بەكار دەبرێ. خەباتی چەكدارانە شێوەیەكە لە شێوەكانی خەباتو تەنانەت لە خزمەتی شێوەكانی دیكەی خەبات وەك خەباتی تەشكیلاتیو راگەیاندن دا بووە. نە نەبوونەكەی نیشانەی دەست لە سەر دەست دانانو دانیشتنەو نە هەبوونەكەی بە زەرەری خەباتی جەماوەریو مەدەنییە. كاتێك لە خۆپێشاندانە مەدەنیو هێمنانەكانی خەڵكی ئێران پاش هەڵبژاردنی سەركۆمار دەیان كەس شەهید بوونو سەدان كەسیش بریندار بوون لە هیچ كوێ خەباتی چەكداری لە دژی كۆماری ئیسلامی لە گۆڕێ دا نەبوو. لە زستانی ١٣٧٧یش دا لە خۆپێشاندانی خەڵكی شاری سنە دا بە دەستی بەتاڵ دەیان كەس شەهید بوون لە حاڵێك دا خەباتی چەكداری لە گورێ دا نەبوو. كەوابوو كۆماری ئیسلامی لە سەركوتو بەكارهێنانی توندو تیژی دا تەنانەت لە بەرامبەر حەرەكەتە مەدەنییەكان دا یەكی بە بیانووی هەبوونی خەباتی چەكدارانە نەكەوتوەو لە هەر حاڵ دا بەكاری دێنێ. لە هەلومەرجی ئێستا دا خەباتی چەكدارانە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی كورد بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەو ئێران شێوەیەكی زۆر گونجاو نیە، بەڵام كورد مادام دوژمنی خوینرێژو ئینسانكوژی وەك كۆماری ئیسلامیی هەیە نابێ بۆ هەمیشە پشت لەو شێوە خەباتە بكاو هەركات پێویست بێ دەبێ كەڵكی لێ وەرگرێ.

سەرچاوە : ماڵپەری كوردستان و كورد

رێكەوتی : ٦ی سێپتامبری ٢٠٠٩

# سی ساڵەی شەڕی کوردستان‌وهەوڵەکانی کورد بۆ ئاشتی

**لە ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ دا کاتێک دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە میتینگێکی گەورە دا پێی لەسەر چارەسەری سیاسیو ئاشتخوازانەی مەسەلەی کورد دادەگرتو رای دەگەیاند:" سیاسەتی ئێمە ئەوە نیە هەرکەس دۆستمان نەبی دوژمنانە، سیاسەتی ئیمە ئەوەیە هەرکەس دۆژمنایەتیمان نەکا ئێمە پێمان خۆشە دۆستایەتیی بکەین"، دوژمنانی کورد بیریان لەوە دەکردەوە پادگانەکانی ئەرتەشی شا کە لە کاتی شۆرش دا کەوتبوونە دەستی خەڵک، لە کوردستان نەک هەر نابی بکەونە دەست خەڵک بەڵکوو لەدژی خەڵک بەکار بێن. ١٨ رۆژ دوای ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک بەرچاوترین هێزی سیاسیی کورد، لە پادگانی شاری سنەوە ئاگرو ئاسن بەسەر خەڵکی شار دا باریو دەیان کەس لە نەورۆزی ١٣٥٨ دا شەهیدبوون. بە دوای ئەمەش دا لە سەرانسەری کوردستان هێزە چەکدارەکانی لایەنگری ئایەتوڵلا خومەینی جموجۆڵی شەڕیان لە دژی خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد. ئەوە لە حاڵێک دا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی لە رێبەرایەتیی خومەینیو دەوڵەتی کاتی دەکرد کە ئەو دای مەزراندبوو.**

**لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا ئایەتوڵلا خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی گەلی کورد راگەیاندو شەڕێکی قورس بەسەر کوردستان دا سەپا. ئەگەر لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ەوە تا ئەم تاریخە هێزە چەکدارەکانی لایەنگری خومەینی لە سنەو چەند ناوچەی دیکەی کوردستان هێرشیان کردە سەر خەڵکو هێزە سیاسییەکان، دەکرا بە هەلومەرجی دوای شۆرشو کەفو کوڵی شۆرشو نەبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەتی تازە بەسەر هەلومەرجەکەو نەبوونی رابردووی دێموکراسیو فەرهەنگی تەحەممولو مودارا پاساو درابا. بەڵام فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان دەری دەخست کە ئەمە شەڕێکی بەبەرنامەو سیاسیو ئیدۆلۆژیکی‌یە کە خومەینی لە کوردستانەوە دەستی پێ کردوە..**

**٣٠ساڵ بەسەر ئەو رووداوانە دا تێ دەپەڕێ. هەڵسەنگاندنی رووداوێک دوای ٣٠ ساڵ زۆر لە هەڵسەنگاندنی رووداوێک ئاسانترە کە تێیدا دەژی. ئەو کات جارێ زۆر زوو بوو کە مرۆڤ بزانێ ئەم جموجۆڵانە ستارتی ماشێنێکی زۆر بەهێزو بێ رەحمی شەڕێکی درێژخایەنن کە سوکانەکەی بەدەستی ئایەتوڵلا خومەینی بوو. سووربوونی حیزبی دێموکرات لەسەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانە هەرچەند لە جێی خۆی دابووو لە سیاسەتی دروستو ئینسانیو ئەخلاقیی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت بەڵام ئەگەر ئەم رێگە چارەیە بۆ کورد ستراتیژی بوو، بۆ رێبەرانی کۆماری ئیسلامیو خودی خومەینی تاکتیک بوو. رێبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چ ئەو کات کە**

لە کوردستان شکستیان دەخوارد بۆ خۆئامادە کردنەوەو خۆ تەیارکردنەوە کەڵکی زۆریان لەو تاکتیکە وەرگرت، چ ئەو کات کە خەریکی وتوویژ بۆ چارەسەری سیاسییانەی کێشەکان دەبوون لە راستی دا خەریکی داوو تەڵەکە نانەوە بۆرێبەرانی کورد بوون. ئەو ئەزموونانە بۆیە دەبن لە داهاتووی سیاسیی کورد بەکاربێنۆ بزووتنەوەی کورد دەبێ وێڕای پاراستنی ئوسووڵی سیاسیو ئامانجی ئاشتیخوازانە بە شکو گومانەوە بڕوانێتە بەرامبەرەکانی و تاکتیکی موناسب بگرێتە بەر. بە تایبەتی ئێستا کە ئێران لە دەروازەی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو دایەو ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دواییش بەروونی ئەمە دەردەخەن.

لە ساڵی ١٣٥٨دا گەشبینیو هیوا بەسەر بزووتنەوەی کورد دا زاڵ بوو، هەر لەو سەروبەندەش دابوو کە کۆماری ئیسلامی بناخەکانی خۆی پتەو کرد. لە لایەکی دیکەش بوونی جەناحی سەر بە حیزبی توودە لە حیزبی دێموکرات دا کە دیفاعی رەواو بەرهەقی بزووتنەوەی کوردی دەخستە ژێر پرسیار بەڵام ئامادە نەبوو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان مەحکووم بکا، بێ تەئسیر نەبوون.

شەڕی کوردستان یەکەم هەنگاوی پرۆسەیەکی درێژخایەنو شەڕخوازانەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە دروشمی "ناردنە دەرەوەی شۆرش" دا خۆی دەنواند. گەلانی ئێرانو هێزولایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە سەرخستنی شۆرشی ١٣٥٧ دا بەشدار بوون. رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەنگاوی یەکەم دا دەبووا وردە وردە بە فێڵ و تەڵەکە هەموویان لە مەیدان دربکەن. کوردستانو بزووتنەوە دیموکراتیکەکەی یەکەم مەبەستی ئەم پیلانە بوون. هەرچەند شەڕی کوردستان درێژەی کێشاو زەبرێکی قورس وەرێژیم کەوت، بەڵام هەرکە ئەو رێژیمە بناخەکانی خۆی پتەو کرد بە هێزە سیاسی¬یەکانی دیکەش دا هاتو هەموویانی لە مەیدان دەرەکرد، چ ئەوانەی کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بەشیان پێ دەداو چ ئەوانەی کە کۆماری ئیسلامیان پێ رێژیمێکی شۆرشگێڕو دژی ئیمپریالیست بوو، هەموویانی وەک یەک قەڵتوبڕ کرد.

سەرەڕای ئەمانەش بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان قەت وازی لە هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە رێگای وتوویژو ئاشتیخوازانەوە نەهێنا. لە ساڵی ١٣٥٨ دا بەو رادەیەی هەوڵەکانی خومەینیو رێبەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان دا زیاتر دەبوو، هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ پێشگیری لەشەڕ زیاتر دەبوو. بە دوای کوشتاری خەڵکی شاری سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨ دا دەستەیەک لە نوێنەرانی کورد سەردانی خومەینیی لە قوم کردو پاشان سەردانی موهەندیس مەهدیی بازرگان سەرۆکی دەوڵەتی کاتیی کردو وێڕای هێنانە گۆڕی ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان سووربوونی خۆی لەسەر رێگا چارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد دەربڕی. بەو حاڵەش رێژیم دەستی لە پیلانگێڕیو شەڕ فرۆشی هەڵ نەگرت. هەر بەدوای ئەم هەوڵانە دا نەک هەر شەڕێکی دیکەیان لە شاری نەغەدە دا سەپاند بەڵکوو فیتنەو ئاژاوەیان لە نێوان دوو گەلی دراوسێ واتە کوردو ئازەری دا گێڕا. د. قاسملووی نەمر لە وتوویژ لەگەڵ گۆڤاری "تهران مصور" دا ئەوکات گوتی:" ئەوەی لە نەغەدە رووی دا بەسەرمان دا سەپا. شەڕیان لە دژی ئێمە دەست پێ کردو ئێمە کۆتاییمان پێهێنا."

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١۴ رۆژ بەر لە فەرمانی جیهادی خومەینی نامەیەکی بۆ ناوبراو نارد کە لە نامەکە دا هاتوە:" حەزرەتی ئایەتوڵلا! هەتا رێگا چارەی سیاسیی مەسەلەکان نەبەستراوە، هەتا رێگای ئاشتیو لێکتێگەیشتنو

وتووێژ ئاوەڵایە، هەنگاوێک هەڵگره. دەستوور بفەرموون ئەرتەش دەست لە لەشکرکێشی هەڵگرێ، فەرمان بدە تەبلیغاتی ژاراویی رادیۆو تەلەویزیۆن کۆتایی پی بێنن، ...فەرمان بدە ئەم ڕێگایە هەڵبژێرن، ڕێگای ئاشتیو برایەتیو دۆستایەتی هەڵبژێرن نەک ڕێگای شەڕو براکوژی". لە چەندین بۆنەو بەیاننامەی دیکە پێ لەسەر ئەم ڕێگا چارەیە داگیرایەوە.

ئەم هەوڵانەو ئەم هەڵوێستە روونو ئاشکرایانە سەریان نەگرتو شەڕێک کە لە ناوچەی پاوەو دەوروبەری لە گەلاوێژی ١٣٥٨ دا بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی زەبرێکی قورسیان تێدا خوارد بیانووی پێویستی بۆ خومەینی رەخساند کە بەو ئامانجەی بگا کە شەڕی بە "نیعمەتێکی ئیلاهی "دەزانیو فەرمانە بەدناوەکەی لە دژی کورد دەرکرد. بەدوای ئەم فەرمانە دا شەڕێکی هەمەلایەنە لە دژی کورد دەستی پێ کردو لە کاتی شەڕ دا دەیان جینایەتی سامناک لە دژی خەڵکی بێتاوانی کوردستان خوڵقان کە کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی قارنێ لە ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ دا نموونەیەکی ئەم درندەییو بێبەزەییەی سەربازانی خومەینییە.

بەوحاڵەش هەوڵەکان بۆ ئاشتی هەروا درێژیان کێشا. پاش فەرمانی جیهادی خومەینیو دەست پێکرانی کوشتاری خەڵکی کوردستان، لە حاڵێک دا هێزەپەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی بەربەرەکانیو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان دا شکستیان دەخوارد، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکی سەرئاوەڵا لە ٣٠ی رەزبەری ١٣٥٨دا بۆ بیروڕای گشتیو هێزولایەنەکانی سەرانسەری ئێران نووسی:"ئێمە زۆرجار گوتوومانەو جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێگاچارەی سیاسیو ئاشتیخوازانە دەبێ تاقە ڕێگا چارەی مەسەلەی کورد بێو دەبێ ڕێگای ئاشتیخوازانە جێگای شەڕی دەستدرێژیکەرانەوماڵوێرانکەر بگرێتەوە".

هەوڵەکان بە مەبەستی پێشگیری لەشەڕ لەوەش بەولاوەترو بەربڵاوتر بوونەوە. هێزو لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد"یان پێک هێنا. لە راستی دا ئەو چەند جارەش کە دەستەی نوێنەرایەتیی کورد توانی لەگەڵ خومەینی و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سەرەوەی رێژیم وتووێژ بکەنو تەنانەت جاروباریش هێندێک وەعدی ناروونیان بە نوێنەرەکان دەدا، لە ئاکامی دوو شت دابوو: یەکەم، ئەرتەشو هێزەچەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوکات ئەوەندە مونەزەمو بەهێز نەبوون تا بەسەر بەربەرەکانیی گشتیی خەڵکی کوردستان دا زاڵ بن. دووەم، بە فێرۆدانی کاتو کەڵک وەرگرتن لە تاکتیکی وتووێژ ـ هەروەک لەسەرەتا دا باسی کرا ـ بۆ کۆکردنەوەو بەهێزکردنەوەی هێزەکانیان بوو.

سەرەنجام هەوڵی کورد بۆ ناچار کردنی کۆماری ئیسلامی بە وتووێژو ئاشتی بە هیچ کوێ نەگەیشت. دوایین زەبری قورس کە وەمێتۆدی ئاشتیخوازانە کەوت تێرۆری د.عەبدولرەحمانی قاسملوو لە سەر مێزی وتووێژ لەگەل نوێنەرە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش لە ١٣٦٨ی هەتاوی دا بوو. بەو حاڵەش بزووتنەوی کورد دوای ٣٠ ساڵ خەباتی ئاشتیخوازانە لە لایەکو دیفاعی مەشرووع لە لایەکی دیکەوە، بە وەبەرچاوگرتنی هێندێک ڕێوشوێنو میکانیزمی پێویست، بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتخوازانەوە، وتووێژی رەت نەکردۆتەوە.

بەربەرەکانیو دیفاعی مەشرووعی کورد لە خۆی زۆر جار بە ئەنفەستو زۆر جاریش لە رووی نائاگاییەوە خراوەتە ژێر پرسیار. بەڵام رووداوەکانی دواتر لە هێرش بۆسەر رێکخراوی موجاهیدین کە تا ساڵی ۱۳۶۰ باوەڕیان بە دیفاعی چەکدارانە لە بەرامبەر رێژیم دا نەبوو، هێرش بۆسەر حیزبی توودە کە کۆماری ئیسلامیی بە "هاوسەنگەری"ی خۆی لە دژی ئیمپریالیزم دەزانیێ، درێژەدانی ۸ سال شەڕێکی بێسوود لەگەڵ عێراق، دەبێ ماهییەتی شەڕخوازانەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینیی بۆ هەموو لایەک دەرخستبێ. جێگرەوەکانی خومەینی تەنانەت هەستی شەڕخوازانەی خۆیان لەوەش زیاتر تین دا. ئەم جار نەک هەر هێزە بەرهەڵستکارەکان، تەنانەت نووسەرانو شاعیرانی رەخنە گریش وەبەر تفی رقو کینی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی کەوتن. کوشتاری رووناکبیران لە پاییزی ۱۳۷۷ دا کە بە "قەتڵە زنجیەریی¬یەکان" ناسراوە نموونەی ئەم راستییەیە. تیرۆری دەیان تێکۆشەری سیاسی لە دەرەوەی وڵات نموونەیەکی دیکەی سیاسەتی شەڕخوازانەو تێرۆریستیانەی ئەم رێژیمەیە. لە خۆپێشاندانی هێمنانەو ئاشتیخوازانەکانی ئەم دواییەیانەی خەڵکی ئێران دەیان کەس بە گوللەی هێزەنیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون. لە ۳۰ ساڵەی شەڕی کوردستان دا لە شەقامو کووچەو کۆڵانەکانی شارەکانی ئێران دا خۆپێشاندانی هێمنانەو مەدەنیانەی خەڵکی سەرانسەری ئێران لە خوێن وەردەدرێ. رێژیمەکە هەر ئەو رێژیمەیە بانگەوازی ئاشتیخوازانەی کوردی بە گوللەو ئاگرو ئاسن وەڵام داوەتەوە، دەسەڵاتدارانیش هەر هەمان دەسەڵاتدارانن.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**رێکەوتی : ۲۳ی ئاگۆستی ۲۰۰۹**

# با مەنتیقی سیاسی بەسەر رقەبەری و ململانێی ناسالم دا زاڵ بێ

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەی رۆژانی ٢٣ تا ٢٥ی بانەمەڕ دا پەسند کراوێکی لە ژێر ناوی "لە بارەی پێویستیی هەبوونی پێوەندیی سالمو دۆستانەو هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا" بلاو کردەوە. لە بەشێکی ئەو پەسندکراوەی کۆمیتەی ناوەندی دا هاتبوو کە: "حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژە لەسەر پێویستیی هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا پێی داگرتووەو، لەم پێوەندییە دا لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێک درێغی نەکردوە. کۆمیتەی ناوەندی جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەو هەولانە دادەگرێتەوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەبوونی هاوکاری و هاوخەباتیو پێوەندیی سالم لە نێوان حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا زەرەرو زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان گەیاندوەو درێژە کێشانی ئەم وەزعە هەڕەشە لە داهاتووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانو پێوەندیی نێوان حیزبو رێکخراوەکان دەکا." ئەو پەسندکراوە هەروەها دەڵێ:" کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هێزو لایەنەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا هەن کە ئەوان دەتوانن ببنە بناغەی رێککەوتنو بەبێ خستنە پەراوێزی هیچ لایەنێک بیانکەن بە بنەمای رێککەوتنێکی هەمەلایەنە".

لەو پەسندکراوە دا بەشێکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ لایەنی بەرامبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان. پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی لەو بەشە دا وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر ئەو هەولانەی بەمەبەستی پێکهێنانی پێوەندیی سالمو بەدوور لە کردەوەی ناشارستانیانەو هەوڵدان بۆ مودارا لەگەڵ یەکتر داونی، دەڵێ:" کۆمیتەی ناوەندی ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەو هەولانەی لە رابردوو دا حیزبی دێموکراتی کوردستان داونی بەجێو کاریگەر بوون، بەلام دەبێ لە داهاتوو دا هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی پێوەندی¬یەکی سالمو دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هاورێیانی پێشوومان دا زیاترو جیددی¬تر بکەین." هەروەها دەڵێ:" کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی مێژووی هاوبەش، بەرنامەو سیاسەتی لە زۆر بوار دا لێک نزیک، سەمبولو هێمای هاوبەش لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، پێکهێنانی پێوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەو حیزبە لە پێش هەر حیزبێکی دیکە دا بە پێویست دەزانێ.". ئەم پەسند کراوە وێڕای ئاماژە بە ئامادەیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ دانیشتنو دیالۆگ لەگەل لایەنی بەرامبەر، هاوکاریو هەماهەنگی لە بەرێوەبردنی یادی ٢٠ ساڵەی شەهادەتی د. قاسملووی نەمرو کاری جۆراوجۆر لە دەرەوەی ولات بۆ ئەم یادە بە دەسپێکێکی باش دەزانێ.

ئەمانەو زۆر رێگاچارەی دیکە کە بە مەبەستی هەنگاونان بۆ پێوەندیی سالمو دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا لە پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندا دا هاتبوون، نەک هەر لە لایەن هاورێیانی پێشوومانەوە پێشوازییان لێ نەکراوە، بەڵکوو پێچەوانەکەی بینرا.

هەڵوێستی جیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا، بیانووی بۆ لایەنی بەرامبەر پێک هێنا کە وەک زۆر جاری دیکە، راگەیاندنی خۆی تەرخان بکا بۆ هێرش کردنەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان. لایەنی بەرامبەر بەپێی لیکدانەوەی خۆی . کە ئەگەر باوەڕمان بە دێموکراسی هەبێ، شتێکی سروشتییەو پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە . ئەم هەڵبژاردنەی تەحریم کردبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش پێی وابوو دەبێ ئەم هەڵبژاردنە بکرێ بە مەیدانی ململانێی نێوان خەڵکو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیو بکرێ بە دەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی ویستو داخوازەکانی خەڵک، بە تایبەتی کە بۆ یەکەمجار بوو مەسەلە نەتەوایەتییەکانو مافە مەدەنیو ئایینییەکان لە بەرنامەی دوو کاندیدای رێفۆرمخواز دا هاتبوون.

راگەیەنەکانی لایەنی بەرامبەر و ئەندامانی رێبەرییان لەجیاتی باسکردنو شیکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی خۆیان و هۆیەکانی تەحریم کردنی هەڵبژاردن بۆ خەڵک، دەستیان کرد بە هێرشێکی تەبلیغیی تێکەڵ بە سووکایەتیو بوختان ناوو ناتۆرەی سەیرو سەمەرە لە، دژی حیزبی دێموکرات کوردستان. هەروابزانە ڤەت لە حیزبی دێموکراتی دا نەبوون و نەیانبیستوە کە حیزبی دێموکرات هەمیشە تاکتیکی جۆراوجۆی لە پێوەندی لەگەل هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی دا هەبووە. حیزبی دێموکرات جاری وابووە بەشدار بووە، وەک یەکەم دەورەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای میللی کە نزیکەی ٨٠ لەسەدی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی هێنایەوە، هەڵبژاردنی یەکەم دەورەی سەرکۆماری لە پێش داو پاشان گۆڕینی هەڵوێست لە ئاکامی لابردنی کاندیداتۆریی مەسعوود رەجەوی¬دا، هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان کە د. قاسملووی نەمر لە ئازەربایجانی رۆژئاوا یەکەم دەنگی هێنایەوە، هەڵبژاردنی شووراکان، هەروەها جاری وابووە بەشداریی مەرجداری پێشنیار کردوە و بە خەڵکی گوتراوە کە تا دەکرێ نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدانو ئەگەر ناچارن بچن دەنگەکانیان سپی بن یان دروشمیان تێدا بنووسن. زۆر جاریش هەڵبژاردنەکان تەحریم کراون. لایەنی بەرامبەر لە هەموویان دا بەشداربووە. ئێستا چۆنە وێڕای بێحورمەتیو ناوونـاتۆرەی نـاڕەوا ئیددیعا دەکەن کە ئەوانەی خەڵک هان دەدەن لە دەنگدان دا بەشدار بن تەمەنی رێژیم درێژ دەکەنەوە؟ ئەوە جگە لەوەی بە سەرنجدان بە هەڵوێستەکانی رابردوو تاوانبار کردنی خۆشیانە، لە نەبوونی وشیاریی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ. لایەنی بەرامبەر ناکرێ نەزانێ کە دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی رێژیم ئەوانەن کە هەڵنابژێردرێنو ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانیش ئۆرگانە ئینتیخابی¬یەکان نین. کێشەو ململانێی نێو رێژیم زیاتر لە هەڵبژاردنەکان دا دەردەکەونو تەنانەت قووڵتر دەبنەوەو لەم چەند ساڵەی دوایی¬دا خەڵک زۆر بەباشی توانیویانە بیانکەن بە مەیدانی هێنانەگۆڕی ویستو داخوازەکانیان. ئەوکاتانەی خەڵک هەڵبژاردنەکانی تەحریم کردوە نەک تەمەنی ئەو رێژیمەیان کورت نەکردۆتەوە بەڵکوو مەیدانیان بۆ چۆل کردوە مۆرەی هەرە موخلیسو توندڕۆی خۆی دابنێ. ئەوەش بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێک کەس، رێژیمی توندو تۆڵترو یەکپارچە تر کردوە.

پاشان ئیددیعا دەکەن بە بەشداریکردن مەشرووعیەت دەدەن بە رێژیم. هەر لە جێدا رێژیمی ویلایەتی فەقیە وەک رێبەرانی ئەو رێژیمە بۆ خۆیان ئیدیعا دەکەن مەشرووعیەتی ئیلاهیی هەیەو مەشرووعییەت لە خەڵکی وەرناگرێ. بەپێی ئەو مەنتیقە رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ٣٠ ساڵە لەسەر کارە لە هەڵبژاردنەکان دا تەمەنی درێژکراوەتەوەو مەشرووعییەتی پێ دراوە. ئەو مەنتیقە راست خەباتی ئازادیخوازانەو دیموکراسیخوازانەی ئێمە لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا دەخاتە ژێر پرسیار. پاشان ئەوان کە لە رابردوو دا چەند جار لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی دا بوون، مەشرووعییەتیان بەم رێژیمە داوەو تەمەنیان درێژ کردۆتەوە؟ لایەنی بەرامبەر

کە پێی وایە بەشداری لە هەڵبژاردن دا مەشرووعیەت دانە بە ڕێژیم کەوابوو دەبێ پێیان وابێ ئەم جار کە نزیکەی ٨٥ لەسەدی خەڵک بەشدار بوو، ئەو ڕێژیمە مەشرووعیەتی ٨٥ لەسەدیی هەیە! لە حاڵێک دا بەشداریی بێ وێنەی خەڵک لەو هەڵبژاردنە دا ئیمکانی لە مەشرووعیەت خستنی زیاتری کۆماری ئیسلامیی پێک هێنا.

سەبارەت بەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان رای گەیاندبوو کە بەیاننامەی ئاغای کەڕوبی هێندێک شتی موسبەتی بە قازانجی نەتەوە بندەستەکانو یەک لەوان کوردو کەمایەتییە ئایینییەکانو... تێدایە، لایەنی بەرامبەر هێرشیان کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانو گوتیان کاندیداکان هەموویان یەک شتنو فەرقیان نیەو لێرەش دا دەستیان بە قسەی ناڕەواو بوختان کرد. لە حاڵێک دا کاندیداکان فەرقیان هەبووو دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکەش کاندیداکان سەلماندیان کە فەرقیان هەیە.

لە پاش لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لایەنی بەرامبەر هەموو ئیمکاناتە تەبلیغیو تەشکیلاتی¬یەکانی لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسیج کردووە ئەوەندە لەو دژایەتیکردنەدا چۆتە پێش کە زۆر جار دوژمنی سەرەکیی لەبیر کردوە. تەنانەت هەڵوێستە سیاسی¬یەکانی لە ژێر کاریگەریی ئەو رقەدا دەگرێو هەوڵ دەدا هەڵوێستو بیرو بۆچوونە سیاسییەکانی وەک ئی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەچن. هەر بۆیەش بەردەوام تووشی هەڵەی سیاسی دەبنو بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە لە راگەیەنەکانیان دا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیم دا بەشدار مەبنو تەماشاچی بن، چونکە ئەگەر لەو راپەرینە دا بەشداربن واتایەکەی ئەوەیە کە دانیان بە بەشداریی بەرینی خەڵک لە دەنگدان دا ناوەو ئەوەش بە پێچەوانەی سیاسەتی تەحریمە!

ئەو رقە لەحیزبی دێموکراتی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دا تووشی چەند هەڵەی دیکە کردن بۆ وێنە پاش هەڵبژاردن بەهۆی ئەوەی تەحریمیان کردبوو دەبووا رابگەیەنن کە:" جگە لە ژمارەیەک جاشو پاسدار و بەکرێگیراوی ڕێژیم" خەڵک بەشدار نەبووە. سەیر ئەوەیە کاتێک ئەوە ژمارەیە لە ئاکامی کوودیتای قۆڵی پاوانخوازی ڕێژیم دا هاتنە سەر شەقامەکانو ئەو راپەرینە بە شکۆیەیان وەری خست، قۆڵی پاوانخواز رای گەیاند ژمارەیەک "خسو خاشاک" (پووشو پەلاش) خەریکی گێرە شێوێنین. هەڵەیەکی دیکەی ئەو لایەنە ئەوەیە لە حاڵێکدا قۆڵی پاوانخواز کە زەندەقی لە راپەرینی خەڵکی ئێران چووەو بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ پاشەکشە بەخەڵکی بکاو دەماڵێیان بکاتەوە، رادەگەیەنێ، نابێ خەڵک لەو خۆپێشاندانانە دا بەشدار بن بیانوویەکەش ئەوەیە کە ئەوە شەڕی دەسەلاتە!! بەلام دیتمان سەرەڕای میلیتاریزە بوونی کوردستان لە ناوەندی سێ ئوستانی کوردستان دا، کرماشان،سنەو ورمێ خۆپێشاندانی بەرین بەرێوە چوو. سەیر ئەوەیە ساڵی ١٣٥٧ـ ڕێبەرانی حیزب زۆر پێش ئایەتوڵلا خومەینی هاتنەوە نێو خەڵکو خۆپێشاندانەکانیان لە کوردستان رێک دەخستو تەماشاچی نەبوون. هیچ کات هێزە کوردی¬یەکان لەبەرامبەر هیچ رووداوێکی ئێران دا تەماشا چیو پاسیڤ نەبوون، تەنانەت لە بەرامبەر رووداوە سرووشتی¬یەکانیش دا. هەمیشە هەوڵەکە ئەوە بووە ببن بە بەشێک لە موعادلەکان. تەماشاچیبەتی لە نەبوونی هێزو نفووزەوە سەرچاوە دەگرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان ناتوانێ تەماشا چی بێ، کۆمەلانی خەڵک هەم چاوەڕوانییان لێی هەیە و هەم لێی قبووڵ ناکەن. هەر لەبەر ئەم هۆیەش هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تەحریم نەکرد.

داخوا بەراستی وەختی ئەوە نەهاتوە هاورێیانی پێشوومان دەست لەو رقە بێمانایە هەڵ بگرن و مەنتقێکی سیاسی بگرنە بەر؟ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە داخوا چ سوودێکی بۆ وان هەبووە تا درێژەی بدەن؟ ئێستا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو مەیدانەکان دا چالاکو ئەکتیڤە و راستییەکان بۆ هەموو لایەک روون بوونەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئێستا کە هەلومەرجی نوێی ئێران، هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی کردوە بە پێویستییەکی بەپەلە، پێکهێنانی جەوێکی ئاوا قوڕاو سوودی نیەو دەبێ لاپەڕێکی دیکە هەڵ بدرێتەوە…

سڕینەوەی جەوێکی ئاوا ناسالم بەر لە هەموو شتێکو پاشان لەو هەلومەرجە ناسکەی ئەمڕۆ دا پێکهێنانی پێوەندی¬یەکی دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتیی هێزو رێکخراوە سیاسی¬یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر کاتێکی دیکە پێویست¬ترەو چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەمەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکەش پێ لەسەر ئەم پێویستی¬یە دادەگرێتەوەو ئامادەی هەرچەشنە هەنگاوێکە لەو پێناوە دا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٩ی جوونی ٢٠٠٩

# راسیزم لە تەمومژی کۆنفرانسی ژنێڤ دا

لە رۆژانی ١٩ تا ٢١ی ئاوریل (٣٠ی خاکەلێوە تا ای بانەمەڕ) دا کۆنفرانسێک لە شاری ژنێڤی ولاتی سویس لە پێناو نەهێشتنی راسیزم واتە رەگەز پەرستی دا

لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان پێک هات.

لە جیهانی پڕ لە شەڕو شووری ئەمڕۆدا، لە حاڵێک دا دەوڵەتانی دیکتاتۆرو مڵهوڕ لە چەندین ولاتی ئەندام لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بەو پەڕی بێ‌رەحمی‌و دڵڕەقی‌یەوە موخالیفانو نەیارانیان فەڵتو بڕ دەکەن، لە حاڵێک دا چەندین نەتەوەی بێ ماف لە لایەن نەتەوەی باڵادەست یان دەسەلاتی فەرمانڕەواوە سەرکوت دەکرێنو قەتڵو عامیان لێ دەکرێ، پێکهێنانی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە کارێکی بە جێیە. لەم جۆرە کۆنفرانسانە دا رەگەز پەرستی کە لە مەزنیخوازی بەهۆی جیاوازیی رەنگی پێست، ئایین، نەتەوە، جینس یان هەر جیاوازی‌یەکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ، مەحکووم دەکرێو لانیکەم بیروڕای گشتیی لە دژی ئامادە دەکرێ و کۆسپو تەگرە دەخرێتە سەر رێگەی رەگەز پەرستانەوە.

بەلام گیروگرفتی سەرەکی لەم جۆرە کۆنفرانسانە دا لەوە دایە کە نوێنەری دەوڵەتانی ئەوتۆیان تێدا بەشدارە کە بە هیچ جۆر نوێنەری میللەتانی ژێر دەسەلاتی خۆیان نین. لەوەش بەولاوەتر دوژمنو سەرکوتکەری میللەتانی ولاتەکەیانو کارنامەیەکی رەشیان لە کوشتو کوشتاری خەڵکی ئەو ولاتانەدا هەیە کە خەڵکەکە یان لەرووی نەتەوەیی یان لە رووی ئایینی یان لە هەر روویەکی دیکەوە بێ، لەگەڵ دەسەلاتدرانی ئەو ولاتە جیاوازن.

ئەم وەزعە وای کردوە ئامانجی ئەسڵیی ئەم کۆنفرانسانە بکەوێتە ژێر پرسیارو لە تەمومژ دا بمێنێتەوەو زۆر بە جیدی سەیریان نەکرێ. هەروەک لە کۆنفرانسی ژنێڤ دا دیتمان جاری وایە لە گاڵتە نزیک دەبێتەوە. لووتکەی سەرسوڕمان لەو کۆنفرانسە لەوە دابوو کە کاتێک مەحموودی ئەحمەدی نەژاد لە پشت تریبوونی کۆنفرانسی نەهێشتنی رەگەزپەرستی‌یەوە هەڕەشەکانی لە دژی ئیسرائیل دووپاتە کردنەوە. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە نوێنەری ٢٧ ولات بە نیشانەی ناڕەزایەتی لەو قسانە کۆنفرانسەکە بەجێ بێڵن. دیارە پێشتریش نوێنەری ئەمریکاو ئیسرائیل سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئەحمەدی نەژاد لە ئیسرائیل نەهاتبوونە ئەم کۆنفرانسە.

سەرەڕای ئەمەش قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لەو کۆنفرانسە دا لە دژی ئیسراییل هەموو مەسەلەکە نیە. عەیبی بەشداریی ناوبراو لەو کۆنفرانسە دا زۆر لەوەش بەولاوەترە، ئەو نوێنەری رێژیمێکی فەندەمین تالیستە کە ساڵ نیە لە لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی

خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی کەمایەتی¬یە ئایینیو نەتەوەیی¬یەکان مەحکووم نەکرێ. هەق وانەبوو نوێنەری ڕیژیمێکی ئاوا لە کۆنفرانسی نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی دا بەشدار بێ. ئەحمەدی نەژاد نوێنەری ئەو ڕێژیمەیە کە جینایەتی سامناکی قارنێ، قەلاتان، فەرەگۆل، سەوزیو سەرچنار، ئیندرقاش، کۆشتاری شاری سنەو شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی وەک پەڵەیەکی رەش بە نێوچاوانی ریبەرانی وەیەو دامەزرێنەری ئەو ڕێژیمە "فەرمانی جیهاد"ی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان راگەیاندو ئەو فەرمانە بوو بەهۆی کوژرانی هەزاران کەس لە ژنو منداڵو پیرو لاوی کورد. بەرێوبەرانو فەرماندەرانی ئەم جینایەتانە ئێستاش لە ئێران هەروا لەسەر کارن. ئەوان نەک هەر نەدەبووا نوێنەریان لەو کۆنفرانسەدا نوتقی دابا، بەڵکوو دەبێ لە دادگایەکی بێلایەنی نێونەتەوەی دا سەبارەت بە سیاسەتی رەگەزپەرستانەیان موحاکەمە بکرێن.

سیاسەتی رەگەزپەرستانەی کۆماری ئیسلامی کە لە دەمارگرژیی ئایینیو شۆڤینیزمی فەرمانڕەواوە سەرچاوەی گرتوە، کەمایەتی‌یە ئایینیو نەتەوەیی‌یەکانی دیکەشی کردۆتە قوربانی. رەگەزپەرستیی کۆماری ئیسلامی نەک هەر لەنێوخۆ دا بەڵکوو لایەنی نێونەتەوەییشی بەخۆیەوە گرتوە. هەمووی چەند حەوتوو لەوەپێش کاتێک دادگای نێونەتەوەیی لاهە عومەر حەسەن ئەلبەشیر دیکتاتۆری سوودانی سەبارەت بە ژینوسایدکردنی دارفووری‌یەکان مەحکووم کردو حوکمی گرتنی بە پۆلیسی نێونەتەوەیی دا، کۆماری ئیسلامی لایەنگریی لەوکرد.

هەر بۆیەش بەشداریی ئەحمەدی نەژاد لەو کۆنفرانسە دا لەگەڵ دژکردوەیەکی بەرین بەرەوڕوو بوو. جگە لەوەی کە ئەمریکاو ئیسراییل پێشتر بەشدار نەبوونو نوێنەری ٢٧ وڵات کۆنفرانسەکەیان بەجێ هێشت، لە نێو ساڵۆنی کۆنفرانسەکەو لە دەرەوەی ساڵۆنەکەش ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لە ماهیەتی رەگەزپەرستانەی کۆماری ئیسلامیو سەرکۆمارەکەی ئاگادارن، دروشمیان لە دژی داو رەخنەو ئیعترازی خۆیان لە بەشداریی بە ناهەقی ناوبراو لەو کۆننفڕانسە دا دەر بڕی.

هەرچەند بەشداریی ئەحمەدی نەژاد وەک نوێنەری کۆماری ئیسلامی لەو کرنفرانسە دا هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی رەگەزپەرستی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەلام ئەم کۆنفرانسەو رووداوەکانی، نزمیی وەزنو ئیعتیباری کۆماری ئیسلامی¬یان لە لای بیروڕای گشتیی جیهان دەرخست.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٥ی ئاوریلی ٢٠٠٩

# رۆژنامەنووسیو بزووتنەوەی سیاسی دوو باڵی ناسیۆنالیزمی کورد

(بۆ پێشوازی لە ١١١یەمین ساڵی رۆژنامەنووسیی کوردی)

رۆژی ٢٢ی ئاوریل ( ٢ی بانەمەڕ) وەک رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی دیاری کراوە. لەو رۆژە دا ساڵی ١٨٩٨ی زایینی، یەکەم رۆژنامە بە زمانی کوردی بە ناوی "کردستان" لە قاهیرە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخان نەوەی بەدرخان پاشاوە لە بنەماڵەی بەناوبانگو رووناکبیری کورد لە باکووری کوردستان دەرچوو.

"کردستان" لە دەرەوەی کوردستان، لەپێش دا لە قاهیرە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە پاشان لە ژنێف، دیسان لە قاهیرە، ئینجا لە لەندەن، دواتر لە فۆلکستۆن، دیسان لە ژنێفو ئاخیر جارلە قاهیرە لە لایەن عەبدولرەحمان بەدر خان برای میقداد میدحەت بەدرخانەوە تا ساڵی ١٩٠٢، ٣١ ژمارەی لێ دەرچوو.

رۆژی ٢٢ی ئاوریل سەرەتایەکی یەکجار گرنگ لە گووڕانی بیری نەتەوەیی‌و هەنگاوێکی مەزنو قۆناغێکی نوێ لە گەشە کردنی فەرهەنگو رووناکبیریی کوردە. یەکەم رۆژنامەی کوردی بە ناوی نەتەوەو نیشتمانی کورد دەرچوو کە هەڵگری بیری نەتەوەیی‌و رزگاریخوازانەی کوردە. ئەمڕۆ لە ١١١یەمین ساڵی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دا بە هۆی رۆڵو کاریگەریی بەرچاوی رۆژنامە لە ژیانی سیاسی‌و رۆژانەی خەڵک دا، زیاتر لە هەرکات گرنگیی رۆژنامەنووسیی کوردی‌و یەکەم هەنگاو بۆ دەست پێکردنی رۆژنامەنووسیمان بۆ دەردەکەوێ. گومانی تێدا نیە تا زیاتر لەو تاریخە دوور دەکەوینەوە گرنگیی ئەم کارە زیاتر خۆی دەردەخا.

دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لەو هەنگاوە سەرەتاییانە بوو کە دەرفەتو ئیمکانی ئەوەی پێک هێنا فەرهەنگو بیرو ئەندێشەی کورد بنووسرێو تۆمار بکرێو بمێنێتەوەو هەر لەسەر زمانانو لە زەینی تاکەکەسەکان دا نەبێ تا بە تێپەڕینی کات لە نێو بچێ.

بە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی قۆناغێکی گرنگ لە زمانی نووسین، زمانی ئەدەبی یان هەر ناوێکی دیکە دەستی پێکرد. ئەوە لە نرخو بایەخی رۆژنامەی "کوردستان"ی بەدرخانییەکان کەم ناکاتەوە کە ئەم مەسەلەیە چەند چووەتە پێش، زۆر یان کەم، بەڵام زمان وەک گرنگترین تایبەتمەندیی نەتەوە کە هاتە سەر نووسین و هەر لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی شیفاهی دا نەمایەوە، لە مەترسیی دابەشبوونو لە نیوچوونو ئاسیمیلە بوون لەژێر کاریگەریی زمانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان رزگار دەبێ.

هەرچەند بەداخەوە "کردستان" لە دووسێ ساڵ زیاترو زیاتر لە ٣١ ژمارەی لێ دەرنەچوو، بەڵام گرنگیی ئەم کارە لەوە دابوو کە رەچەشکێن بوو، بوو بە بناخە بۆ هەموو ئەو کارە رۆژنامەنووسیانەی دواتر کران .

ئەوە گرنگە کە وشیاریی نەتەوییو گۆورانی بیری ناسیۆنالیزمی کورد بە رۆژنامەو لە رێگەی کاری فەرهەنگیو مەدەنی¬یەوە دەست پێ دەکا. هەر ئەو کەسایەتیو کۆڕو کۆمەڵە کوردیانە بوون کە لە درێژەی کارە فەرهەنگییەکانیان دا یەکەم رێکخراوو پاشان یەکەم حیزبە کوردییەکانیان دامەزراند.

یەکەم رێکخراوی کوردی کە لە ساڵی ١٩٠٨ لە لایەن کۆمەڵێک بژاردەی کوردەوە دامەزرا (جمعیت تعالیو ترقی کرد) ئەمین عالی، لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان تێی دا بەشدار بوو. هەر ئەو بنەماڵە روناکبیرەی کورد لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای کوردستانیش دا گەرای رۆژنامەنووسیی کوردییان داڕشت، میر عەبدولرەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩٠٨دا یەکەم رۆژنامەی کوردیی بە ناوی "کوردستان" لە شاری ورمێ بڵاو کرۆتەوە. گۆڤاری "هاوار" یەکەم چاپەمەنیی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن میر جەلادەت ئالی بەدرخانەوە دەرچووە.

بەدوای ئەم هەوڵانە دایە کە رۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکەی کوردی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان دا چاپو بڵاو دەبنەوەو بژاردەو روناکبیرانو خوێندەوارانی کورد لە دەوری خۆیان کۆ دەکاتەوە. هەر ئەم هەوڵانەش بوونە سەرتای بیری سیاسیو ئازادیخوازانەی کوردو دامەزراندنی حیزبو رێکخراوی کوردی بە شێوەی مۆدێرن لە قۆناغەکانی دواتر دا. دەکرێ رۆژنامەنووسیی کوردی وەک لایەنی نەزەریو تیئۆریی ناسیۆنالیزمی کوردو دامەزرانی حیزبو رێکخراوە کوردییەکان وەک لایەنی پراکتیزە کردنی ناسیۆنالیزمی کوردیو هەوڵدان بۆ بەدەستەوە گرتنی ئیرادەی نەتەوەیی سەیر بکەین.

دەتوانین رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی وەک سەرتایەکو زەمینەیەک بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد چاو لێ¬بکەین، بەڵام بە هۆی باردۆخێک کە کورد تێی دا دەژیو بە هۆی دابەشبوونی بەسەر چوار وڵات دا رۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ بەرهەڵستیو دژایەتیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا بەرەوڕوو بوو. یەکەم رۆژنامەی کوردی لەگەڵ ئەم سەرکوتە بەرەوڕوو بوو. هەر بۆیەش لە دوورە وڵاتی¬داو بە چەند جار جێگۆڕکێ ئەو ٣١ ژمارەیەی لێ دەرچووو سەرەنجام راوەستا. رۆژنامە نووسیی کوردی ئەگەر دواتر لەلایەن بزووتنەوەی کورد یان لە پەنا بزووتنەوەی کوردو حیزب و رێکخراوە خەباتگێرەکانی کورد دا نەبووایە ئیمکانی ئیدامەکاری . لانی کەم لە کوردستان دا. ی نەدەبوو.

لە مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردوو دا لەو قۆناغانە دا کە بزووتنەی نەتەوایەتیی کورد لە گەشەسەندن دایە، بەهێزە یان دەسەڵاتی بەدەستە، رۆژنامەنووسیی کوردییش لە گەشەسەندن دایە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تەقریبەن هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی رۆژنامەیەک یان چەند رۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردیی لەگەڵەو لەو رۆژنامانە دا کۆمەڵێک قەڵەم بەدەستی پێشەنگو بە توانا دیارن. لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست لە بزووتنەوەی سمکۆ دا رۆژنامەی "کورد"بڵاو بۆتەوەو زانایەکی وەک مەلا محەممەدی تورجانی زادە مودیری بووەو نووسینی تێدا بڵاو کردۆتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی شێخ مەحموودی نەمر دا کە

هاوكاته لەگەڵ بزووتنەوەی سمكۆ چەند رۆژنامەی كوردی چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەم رەوتە لە دوای خۆشی دا بەردەوام بوو و لە سەردەمی تێكۆشانی كۆمەڵەی ژ ـ ك كەسانی وەک زەبیحیو ماموستا هەژار لە گۆڤاری "نیشتمان" دا كاریان كرد.

بە دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی)داو بە دوای ئەویش دا كۆماری كوردستان، سەردەمێكی زێرین لە رەوتی رۆژنامەنووسیی كوردی دەست پێ دەكا. چەند گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوكراوەی كوردی چاپو بڵاو بوونەوەو چەندین نووسەرو رووناكبیر لە رۆژهەڵاتو باشووری كوردستان كاریان تێدا كرد. پاش رووخانی كۆماریش هێزە سیاسییەكانی كورد چ بە نهێنی چ لە حاڵی شۆرشو خەبات دا چەندین بڵاوكراوەی كوردیان چ لە كوردستان چ لە دەرەوەی كوردستان چاپو بڵاو كردەوە. لە دەیەی ٩٠ی سەدەی رابردووەوە لە باشووری كوردستان لە سایەی دەسەڵاتی كوردیو حكوومەتی هەرێم دا بە سەدان رۆژنامە، گۆڤارو بڵاوكراوەی كوردی چاپ و بڵاو دەبنەوە.

ئەگەر رادیۆو تەلەڤزیۆنەكانو سایتە ئینتەرنێتییەكان وەک رۆژنامەنووسیی بواری دەنگو دیمەن وەبەرچاو بگرین، لەگەڵ رێژەیەک بەرەو روو دەبین كە تەنیا لە نێو میللەتانی سەربەخۆو خاوەن دەوڵەت دا بەدی دەكرێ.

رەوتی رۆژنامەنووسیی كوردی بەرادەیەک جیدیو حاشا هەڵنەگرە كە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر كوردستان دا بێ ئەوەی مەبەستیان خزمەت بە زمانو فەرهەنگی كورد بێ، بۆ گەیشتن بە هێندێک ئامانجو مەبەستی خۆیان پەنایان بۆ رۆژنامەنووسیی كوردی بردووەو كەڵكیان لێ وەرگرتوە. تەنانەت هێندێک جار ئیزنیان بە بڵاوكراوەی كوردییش داوە لە چوارچێوەیەكی تەسک دا كار بكەن بەمەرجێک خۆ لەو مەسەلە سیاسیانە نەدەن پێی تووڕەن. تەواوی ئەو بڵاوكراوە كوردیانەی لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەكانو یان لە لایەن ئەنجومەن یان كەسانی سەربەخۆوە چاپو بڵاو دەبنەوە دەسكەوتێكن بۆ كورد كە هۆیەكەی دەگەرێتەوە بۆ بزووتنەوەی كورد بە هەموو هێزو لایەنەكانیەوە. بوونی بزووتنەوەی كوردو رۆژنامەنووسیی كوردییە كە دەوڵەتانو تەنانەت نەیارانی كوردیشی كێشاوەتە ئەو مەیدانەوە ، یان بوارێكی هەرچەند بەرتەسكیش بێ، بە رۆژنامەنووسیی كوردی دراوە .

رۆژنامە نووسیی كورد دوای ١١١ ساڵ لە دەست پێكرانی، بەهۆی نەبوونی حكوومەتی سەربەخۆی كوردی لە لایەكو نەبوونی ئازادی لەو ولاتانە دا كە كوردستانیان بەسەر دا دابەش كراوە لە لایەكی دیكە، جارێ نەبۆتە رۆژنامەنووسییەكی ئازاد بە مانای واقعیی خۆی. جگە لەوەش رۆژنامەنووسیی كوردی هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغێک كە پێرەوی لە زمانێكی ئەدەبیی یەكگرتوو یان زمانێكی هاوبەشی نووسین و تەنانەت خەتێكی هاوبەشی نووسینیش بكا. هەرچەند ئەو قۆناغە پێشكەوتووو پێگەیشتوویە لە باشوورو رۆژهەلاتی كوردستان دا بەدی دەكرێ بەڵام بەداخەوە رێگەیەكی درێژی لە پێشە.

سەرچاوە : ماڵپەری كوردستان و كورد

رێكەوتی : ٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٩

# ٣٠ ساڵەی دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی، ٣٠ ساڵ بەسەر میتینگی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە شاری مەهاباد تێ دەپەڕێ.**

**لەو ڕۆژە مێژووییە دا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شاری مەهابادو شارو ناوچەکانی سەرانسەری کوردستان لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباد کۆبوونەوەو د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو بە پەیامێکی گرنگو مێژوویی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.**

**لەو میتینگە گەورەیە دا ژمارەیەک کەسایەتیو نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە ئێرانیو کوردستانییەکان پەیامیان خوێندەوە. د. قاسملووی نەمر وێڕای ئیشارە بە مێژووی خوێناویی حیزبی دێموکرات، باسی لە چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد لە دەوڵەتی تازە بە سەرۆکایەتیی موهەندیس مەهدیی بازرگانو بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی کرد. پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد، چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی سیاسیو ئاشتیخوازانەوە، پێویستیی یەکریزیو تەبایی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئازادیی تێکۆشانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان، پێویستیی دەخالەت نەکردنی ئەرتەش لە کارو باری وڵات دا لەو مەسەلانە بوون کە ئێوە ڕۆکی پەیامەکەی د. قاسملووی نەمریان پێک دێنا.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی را تا ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ واتە بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ بە شێوەی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا درێژەی بە خەباتی خۆی دا. ئەم شێوە لە خەباتە دوو گیرو گرفتی سەرەکی بۆ هێزێکی سیاسیی شۆڕشگێر پێک دێنێ کە لەلایەن حکوومەتی دیکتاتۆرەوە دەسەپێ: یەکەم، مەترسیی ئاشکرابوونی ئەندامانی هێزو ڕێکخراوی شۆڕشگێر، دووەم، پێشگیری لە گەشە کردنو بەهێزبوونی خێرای ئەم هێزو ڕێکخراوانە. حیزبی دێموکرات لەو ماوەیە دا لەگەڵ ئەم دوو گیروگرفتە سەرەکییە بەرەو ڕوو بوو. بەڵام هەر کە تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد، لە فەزای ئازادی ئەوکاتی ئێران دا کە جارێ هێشتا دیکتاتۆری نەی توانیبوو بە تەواوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بە سەدان هەزار کەس وەک ئەندامو لایەنگر ڕوویان کردە حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**پێشوازیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە کە دەکرێ ئاماژە بەهێندێکیان بکەین: ئەم حیزبە لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵ قوڵابووو دروشمو ویستو داخوازەکانی لە هیواو ئاواتو ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەیان دەگرت. بەستراوە بە هیچ هێزێکی دەرەوەیی نەبوو تا قازانجو بەرژەوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیدای قازانجو بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزە بکا. سوور بوونی ئەم حیزبە لە سەر سەربەخۆیی سیاسی، جگە لە ئیعتیبارو**

پڕستیژ لە نێو کۆمەلانی خەڵک دا، وای لەم حیزبە کردبوو بە پێی ناسینو شارەزایی خۆی لە بارەی مەسەلەکانی کوردستان دا بڕیار بدا. ئەم حیزبە خاوەنی رابردوویەکی دوورو درێژو پڕ لە هەورازو نشێو بووو دەیان کادرو ئەندامی بە ئەزموونو شارەزای لە کوورەی خەبات دا پەروەردە کردبوو. شکستو سەرکەوتنەکان گەلێک دەسکەوتیان بۆ حیزبی دێموکرات بە دیاری هێنابوو، لە شکستەکان ئەزموونو لە سەرکەوتنەکان شانازی. کەوابوو حیزبی دێموکرات تا رادەیەکی باش خاڵە لاوازو بەهێزەکانی خۆی ناسیبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک میراتگری شانازیيەکانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی بووو لە لایەکی دیکەش فیداکاریو گیانبازیی رۆڵەکانی لە پێشەوا قازی محەممەدەوە بگرە تا شەهیدانی خەباتی چەکدارانەی ۴۷ ـ ۱۳۴۶ و دواتریش. ئەمانەو زۆر تایبەتمەندیی دیکە لە گرنگترین سەرمایەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونو هەر ئەم تایبەتمەندیانە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا ئەم حیزبەیان کردەوە بە حیزبی سەرەکیو کاریگەر وشوێندانەر لە رۆژهەلاتی کوردستاندا.

۱۱ی رەشەمەی ۱۳۵۷ بۆیە دەبێ زۆر دەرسو ئەزموونی لێ وەر بگیرێ. لە راستی دا حیزبی دێموکرات بە هێندێک تەئخیرەوە تێکۆشانی خۆی ئاشکرا کرد. ۱۹ رۆژ بوو شۆرشی گەلانی ئێران سەرکەوتبوو کە تێکۆشانی حیزب بە ئاشکرا راگەیەندرا. لە ئاڵوگۆڕە خێراو یەک بە دوای یەکەکانی ئەو کات دا ئەو تەئخیرە بەهۆی درێژەدانی خەباتی نهێنی پێشی بەوە گرت هەر لە سەرەتاوە بە هەموو هێزو دەسەلاتی خۆیەوە بێتە مەیدانو هەر لە سەرەتاوە وەزنو ئیعتیباری حیزب بۆ هێزو کەسایەتیيە سیاسیيەکانی سەرانسەری لە ئێران دا دەر بکەوێ. ئەم حیزبە دەی توانی بە هێزی زیاترو ئامادەیی زیاترەوە شوێن لەسەر رووداوەکان دابنێو رەنگە دەسکەوتی زیاتر وەدەست بێنێ. رەنگە هەر ئەمەش یەکێک لەو هۆیانە بێ پادگانە نیزامیيەکانی رێژیمی پاشایەتی کە لە قەراغ شارو لە نێو شارەکانی کوردستان بە مەبەستی سەرکوتی خەڵکی کوردستان دامەزرابوون درەنگ تەسلیم بن یان هەر تەسلیم نەبن کە بە داخەوە زۆری پێ نەچوو بە فەرمانی ئایەتوڵلا خومەینی ئەرکی پێشووی خۆیان درێژە پێ دا.

ئەم تەئخیر هەرچەند زۆریش بێ هۆ نەبوو بەتایبەتی ئەزموونی سەردەمی حکوومەتی نیشتمانیی د. مصدق کە بە هۆی کرانەوەیەکی سیاسی کە ئەوکات هەبوو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب ئاشکرابوونو پاش کوودیتای ۲۸ی گەلاوێژ تەشکیلاتی حیزب لە لایەن رێژیمی شاوە زەبری وێ کەوت. لە ساڵی ۱۳۵۷یش ئەو نیگەرانیيە هەبوو کە ئەگەر شۆرش بەهەر هۆیەک شکست بخوا تەشکیلاتی حیزب زەبرێکی قورسی وێ دەکەوێ.

بەهەر حاڵ رۆژی ۱۱ی رەشەمە دەری خست کە چاوەروانیيەکانی خەڵک لەو حیزبە چۆنی پەنگ خواردۆتەوە، ئەم حیزبە چۆن لە گەڵ شەپۆلی پێشوازیی خەڵکی کوردستان بەرەورووبە، دەری خست کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی رەسەنەو رەگو ریشەی لە نێو کۆمەلانی خەڵک دا داکوتاوە.

بەداخەوە هەلومەرجی ئازادی دوای شۆرشی گەلانی ئێران تا زالبوونەوەی دیکتاتۆریيەکی خوێنرێژترو بێ روحم تر لەوەی پێشوو، زۆری نەخایاندو حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو شێوە خەباتی نەخوزراوو داسەپاوی بەسەر دا سەپا: خەباتی نهێنی لە لایەکو خەباتی چەکدارانە لە لایەکی دیکەوە. هەرچەند دوای ۳۰ ساڵ لەو تاریخە بە داخەوە هێشتا گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مافە سەرەکیيەکانیان کە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیيەکانو دابین بوونی ئازادیو دێموکراسیيە، نەگەیشتوون،

بەڵام ئەم قۆناغە زۆر دەسکەوتیشی بۆ بزووتنەوەی کوردو گەلی کورد هەبووە. لەو قۆناغە دا بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکرات لە بەشی هەرەزۆری رۆژهەڵاتی کوردستاندا پەلوپۆی هاویشتو مەیدانی تێکۆشانی لە رووی جوغرافیاییەوە بەرینتر بۆوە. خۆی بە هێزی کۆمەڵانی خەڵک تەیار کردەوەو سەرمایەیەکی سیاسیو هێزێکی ئینسانیی ئەوتۆی وەسەریەک نا کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی کورد دەتوانێ پێی بژی.

بەداخەوە هەلومەرجێک کە دیکتاتۆریی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە دا سەپاندوویەتی هەلومەرجی نهێنیی بەسەر بەشی هەرە زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زاڵ کردوە. هێزی سەرەکیو هەرە زۆری ئەم حیزبە ئەم رۆڵە تێکۆشەرو خەباتگێرانەن کە ئازایانەو چاونەترسانەو وەک سەربازی ون لە ژێر حاکمییەتی جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامی دا بە شێوەی نهێنی درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەنو لە راستی دا پاڵپشتی ئەسڵیو هۆی سەرەکیی مانەوەی تێکۆشانی ئەو بەشە لە حیزبی دێموکراتن کە بە ئاشکرا خەبات دەکەنو ئەم حیزبەیان زیندوو راگرتوە.

ئەزموونی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ زۆر دەرسی بەنرخی بۆ بزووتنەوەی کورد بەگشتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی تێدایە کە بە هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەی لایەنەکانی، ئەم حیزبە لە ئاڵوگۆرەکانو پێشهاتەکانی دوارۆژ دا بەکاریان بێنێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ١ی مارچی ٢٠٠٩

# بەسیجی یان جاشەتی

ماوەیەک لەوە پێش هەر لە وتارێکی دیکەدا باسمان لە دیاردەیەک بە ناوی بەسیج کرد کە کۆماری ئیسلامی هەوڵو تەقەللایەکی زۆر بەکار دێنێ بۆ ئەوەی لە نێو خەڵک، بەتایبەتی لە نێو لاوان دا پەرەی پێ بدا. باسمان لە هۆیەکانی ئەم هەوڵەی کۆماری ئیسلامی کردبوو، دوو هۆی سەرەکیمان لە پەنا بردنی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرە پێدانی ئەم دیاردەیە باس کردبوو کە بریتین بوون لە: ترس لە پەرەگرتنی رەخنەو نارەزایەتیی خەڵکو ئەگەری هێرشی دەرەوە بۆسەر ئەم رێژیمە. هەر لەو باسە دا ئیشارەمان بەوە کردبوو کە ئەزموونی رێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ نموونە رێژیمی پاشایەتی لە ئێرانو رێژیمی سەددام حوسێن لە عێراق دا دەری خست کە ئەم جۆرە هەنگاوانە ناتوانن لە کاتی تەنگانە دا دەهانایانەوە بێن. رێژیمی شا هەوڵی دا هەموو ئێرانییەکان بکا بە ئەندامی حیزبی رەستاخیز، تاقە حیزبی دەسەلاتدارو دەسکردنی بنەماڵەی پەهلەوی. بەلام کاتێک راپەرینی بەشکۆی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، ئەو حیزبە بەو هەمووە ئەندامەوە هەروا بزانە هەر بوونی نەبووە. رێژیمی سەددام حوسێن هەوڵی دا بە شێوەی جۆراوجۆر جاشەتی بەسەر خەڵکێکی زۆر دا بسەپێنێ، کاتێک خەڵک لێی راپەڕی ئەو چەکانەی بە زۆری لە ملی خەڵکی کردبوو بەرەو رووی خۆی بوونەوە. داهاتووی کۆماری ئیسلامییش لە پەرە پێدانی جاشەتی دا ناتوانی لەوە بەدەر بێ.

لەم وتارەشدا هەوڵ دەدەین لە سەر دیاردەی جاشەتی کە کۆماری ئیسلامی ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر هەوڵ دەدا بە ناوی بەسیج پەرەی پێ بدا بدوێین.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە کوردێک کە پشتی لە نەتەوەکەی کردوەو حزمەتی رێژیمێک دەکا کە دژی کوردە، بە مەبەستی سووکایەتی کردن بەو جۆرە کەسانە ناوی جاشیان لەسەر داناون. کۆماری ئیسلامی لەسەرەتا دا هەوڵی دا بە گۆڕینی ناویان ئەو سووکییەیان لەبەر چاوی خەڵک کەم رەنگ بکاتەوەو تۆزێک لە بەر چاوی خەڵکیان جوان بکاو زاراوەی " پێشمەرگە مسوڵمانەکان"ی لەسەر دانان. ئەم ناوە قەت نەچەسپا، چونکە ئەمانە نە پێشمەرگە بوونو نە کارەکەیان کاری مسوڵمانان. ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بە ناوی بەسیج پەرە بەم دیاردەیە بداو وشەی جاش لە بیرو زەینی کۆمەلانی خەڵک بسڕێتەو فارس گوتەنی کەمێک "با کلاس"یان بکا. بەلام ئەم ناوە وا لە نێو کۆمەلانی خەڵک دا جێی گرتوە کە جاری وایە جاشەکە بۆخۆی پێی رازییە. ئەم مەسەلەیە لە سەردەمی رێژیمی سەددام حوسێنیش دا لە باشووری کوردستان بەم شێوەیە هەبوو. رێژیمی سەددام حوسێن هەوڵی دا ناوی " فورسان"( سوارە)یان بۆ بەکار بێنێ بەلام قەت جێی نەگرت.

جاشەتی بەر لەوەی دیاردەیەکی سیاسی بێ دیاردەیەکی کۆمەلایەتیو ئابوورییە. ئەو کەسەی دەبێتە جاش نەک لە رووی تێبینیی سیاسیو بیرو باوەڕەوە بەڵکوو لەبەر نەبوونی ئاگاهیو وشیاریی نەتەوەیی مل بۆ ئەم کارە رادەکێشێ. بێکاری، یان ترس لە

زەحمەتو کوێرەوەریی کار یەکێک لەو هۆیانەیە کەسێکی ئاگا بۆ جاشەتی هان دەدا. لە لایەکی دیکەش هێندێک ئیمتیازی کەم بایەخ کە رێژیم دەیخاتە پێش چاوی، هۆیەکی دیکەیە کە ئەو کەسە دانەخۆرە بکاو بیکێشێتە نێو ئەم دیاردە پڕ شوورەیی یەوە. ئەم ئیمتیازانە رەنگە ماددی بن. رەنگە وەعدو وەعیدی شوغلێک لە جێگایەک دا بێ. رەنگە ئەو کەسە بە هێندێک لەو ئیمتیازانە بگاو زۆر جاریش وەعدو وەعیدەکان جگە لە سەراب شتێکی دیکە نین. بەڵام لە بەرامبەر دا ئەو کەسانە شتێک لە دەست دەدەن کە زۆر لەو جۆرە ئیمتیازانە بەنرخترن. کۆماری ئسلامی هوویەتی نەتەوەییو تەنانەت ئینسانیان لێ دەستێنێ.

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بەشی زۆری کردەوە دژی ئینسانیو ئەخلاقییەکانی بەهۆی ئەم جاشانەوە ئەنجام بدا. زۆر جار مەئموورانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی ریاکارانەی خۆیان لە ئەزیەتو ئازاردانی خەڵک دا جاشەکان دەگیانی خەڵک بەر دەدەن، بەڵام بۆ دڵدانەوەی خەڵک بۆ خۆیان دەچنو روویەکی دیکە بە خەڵکی نیشان دەدەن. مەئموورانی کۆماری ئیسلامی بەشی زۆری کاری جاسووسی، رێگری، دزیو جەردەیی بە جاشەکان دەکەن. لە بەرەو روو بوونەوە لەگەڵ تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی کورد دا جاشەکان دەنێرنە ریزی پێشەوەو ئەوان بە کوشت دەدەن. چونکە بۆ ئەوان فەرق ناکا لەهەر حاڵ دا کورد دەکوژرێ. کۆماری ئیسلامی لە کاتی تێکهەڵچوون دابە ناردنی جاش بۆ مەیدانی شەڕ، شەڕێک لە کوردستان دا دەکا کە زەرەرەکەی بۆ ئەو نەگەڕێتەوەو بە جۆرێک شەڕو تێکهەڵچوون لە کوردستان دا بکا بە شەڕێکی نێو خۆییو ئاکامو کاریگەرییەکانی هەر لە چوارچێوەی کوردستان دا بمێنێتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا زیاتر لە نێو ئەو لاوانە دا جاشبگیری بکا کە مەوقعیەتێکی کۆمەڵایەتیی باشیان نیە. هەوڵ دەدا کەسانێک بکا بە جاش کە لە باری کەسایەتییەوە زۆر لاوازنو لە بەرامبەر داوا دژی ئینسانیو دژی گەلییەکانی مەئموورانی رێژیم دا نایان نیەو ئامادەن هەموو کردەوەیەکی دزێو ئەنجام بدەن. کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا کەسانێک بکا بە جاش کە بەئاسانی بتوانێ ئیرادەو هوویەتی ئینسانییان لێ بستێنێو لە دژی نەتەوەو دەرو جیرانو تەنانەت ئەفرادی بنەماڵەی خۆشیان دا بەکاریان بێنێ. لە راستی دا پێگەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا زیاتر لە نێو ئەم جۆرە کەسانە دایە.

کەمبوونەوەی رێژەی بێکارىو پەروەردەی دروستی بنەماڵەو بردنە سەری ئاستی ئاگایی وشیاریی سیاسی دەتوانێ لە کەم کردنەوەی ئەم دیاردە پڕ لە شوورەییە دا تەئسیریان هەبێ. ئەمانە رێگەی سەرکین. بەڵام لە پاڵ ئەمانەش دا هەوڵی راگەیەنە گشتییەکانی کورد، کەسایەتییە کۆمەڵایەتیو ئایینیو فەرهەنگییەکان، ناوەندە وەرزشیو فەرهەنگییەکان، دڵسۆزانو نیشتمانپەروەران لە تێگەیاندنی لاوانو گێرانەوەیان لەم کارە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە دا کاریگەر بن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢١ی فێوریەی ٢٠٠٩

## لە پێشوازی ٢ی رێبەندانساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا

رۆژی چوارشەممەی داهاتوو ٢ی رێبەندان، ساڵرۆژی رووداوێکی گرینگ و مێژوویە کە لە باری گرینگی و نرخ و بایەخەوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەرزترین جێگەی گرتووە. لەم رۆژەدا لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) یەکەم حکوومەتی کوردی بە شێوەی کۆماری لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدی نەمرەوە لە شاری مەهاباد دامەزرا. لە رۆژگاری تاریک و تنووکی دواکەوتوویی و دیکتاتۆری ئەو سەردەمەدا کۆماری دێموکراتیکی کورد و دەسکەوتە بەنرخەکانی لە ناوچەدا درِی بە شەوەزەنگی کۆنەپەرستی و سەرەرۆیی داو گەلێک دەسکەوتی زێرِینی بۆ کورد بە دیاری هێنا کە هەتا هەتایە نەتەوەی کورد دەبێ لێیان فێر بێ دەرسیان لێ وەرگرێ و شانازییان پێوە بکا.

کۆماری کوردستان هەر چەند بەداخەوە تەمەنی کورت بوو و لە رووی خوغرافیاییەوە بەشێک لە خاکی رۆژهەڵاتی گرتبۆوە بەڵام خەسڵەت و نێوەرۆکە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکانی ئیعتیبار و پرستیژی ئەم حکوومەتە ناوچەیی و کەم تەمەنەی لە بەرچاوی خەڵکی بەئینساف و بێ-لایەنی ناوچە و تەنانەت جیهان دا بردۆتە سەر. ئەمە لە بەرهەمی نووسەرانی بێگانەش دا رەنگی داوەتەوە و بە دەیان نووسەر و رۆژنامەنووسی بێگانە لە دوور و نزیک شاهیدی بۆ ئەم راستییە دەدەن و تەنانەت لە هێندێک لەو بەرهەمانەدا سەرسوورمان لەو دەسکەوتە مەزنانە و لەو ئەمنییەت و ئازادییەی لە کۆماری کوردستان دا هەبوو، دەربرِاوە.

کۆماری کوردستان بە هەق شایانی ئەو سەرنج و گرنگی پێدانەیە. سەبارەت بەوەی ئەو حکوومەتە هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی نەتەوەیەکی مافخواز و چەوساوە بوو، سەرکۆمارەکەی کەسایەتییەکی هەرە خۆشەویستی کورد بوو و خەڵکی کوردستان بە دڵەوە خزمەتیان دەکرد و خۆشیان دەویست، بە تین و تەوژمێکی کەم وێنەوە گەشەی دەکرد و لەو ماوە کورتەدا ئەوەندەی دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێنان کە زۆر نەتەوە لە ماوەیەکی دوورودرێژدا وەدەستیان نەهێناوە.

لەو دەرفەتە کەمەدا قوتابخانەی کوردی دامەزران و منداڵانی چاوگەشی کورد بە زمانی زگماکی دەیان خوێند کە تا ئەوکات لێیان قەدەغە کرابوو. چاپخانە هێنرایە کوردستان و چەندین گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوبوونەوەو شۆرِشێکی فەرهەنگی لەو ناوچەیەی کوردستان دا وەرِێ کەوتبوو کە وەک نووسەرێکی بێگانە باسی دەکا "رێنسانسێک" لەو ماوەیەدا رووی دا. لەو سەردەمەدا دوو رێکخراوی سینفی و مەدەنی واتە یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان دامەزران تا بتوانن ژنان و لاوان بێننە نێو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. سوپای میللی دامەزراو بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە چاو ئەوکات و لە چاو خەڵکی دەوروبەر بەرەو باشی چوو بازرگانی رەمێنی پەیدا کردو زۆر دەسکەوتی دیکە، کە بەهەق لەو ماوە کورتەدا جێی سەرسورِمانە.

جگە لەمانە ئەمنییەت و ئازادییەک کە لەو سەردەمدا هەبوو، نە لە مێژووی ئێران و ناوچەدا دیترابوو و نە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێ لە ئێراندا دیتراوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە تەنیا ئەوەندە بەسە کە دوو نموونە باس بکەین: لە ماوەی تەمەنی ۱۱ مانگەی کۆماردا تاقە یەک کەس کوژراو تاقە یەک کەس بە هۆی تاوانی قەتڵەوە زیندانی کرا. زیندانیی سیاسی هەر نەبوو، دزی، رێگری و جەردەییش نەمابوو.

لە کۆماری کوردستاندا دەرگا بۆ ئازادیخوازانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاوەڵا بوو و ئەوانەی روویان کردە رۆژهەلاتی کوردستان نەک وەک پەنابەر، بەڵکوو وەک خانەخوێ سەیریان کراو تەنانەت لە کاروباری حکوومەتدا بەشدار کران و هەم کۆمار خزمەتی بەوان کردو هەم ئەوان خزمەتیان بە کۆمار کرد. نموونەی هەرە بەرچاویان بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بوو. کۆماری کوردستان ببوو بە مەکۆی ئازادیخوازانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان.

کۆماری کوردستان و دەسکەوت و شانازییەکانی بە رادەیەک پڕ بایەخ و گرنگ بوون کە شوێنیان لە سەر رووداوەکانی دوای خۆیان هەبووەو ئێستاش هەیانە. ئەزموونی سەرکەوتووی حکوومەتی کوردی ئیلهامدەری خەبات و شۆڕشی نەتەوەی کورد لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەبووەو ئێستاش خەباتگێڕانی کورد بۆ ئەو ئامانجانە خەبات دەکەن کە کۆماری کوردستان هەوڵی بۆ دەدان.

رۆژی چوارشەممەی داهاتوو ساڵرۆژی لەدایکبوونی ئەو قۆناغە پڕ لە شانازییەی کوردە کە هەموو ساڵێ رۆڵە بەوەفاو بە ئەمەگەکانی کورد لە سەرانسەری کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بە پێی دەرفەت و ئیمکان بە پێکهێنانی باس و سمینارو جێژن و شایی بەرەو پیلی دەچن و رێزی لێ دەگرن، خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هەڵ دەسەنگێنن، بۆ ئەوەی لە خەبات و تێکۆشانی داهاتوویان دا بەکاریان بێنن. بە خۆشییەوە لەم ساڵانەی دواییدا یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان بۆتە جێژنی هاوبەش و نەتەوەیی زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنەکانی کورد لە سەرانسەری کوردستان. لەو رۆژەدا خەڵکی نیشتمانپەروەری ئازادیخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بە بڵاوکردنەوەی دروشم و وێنەی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و رێبەرانی شەهیدی حیزبی پێشەوا قازی واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان قاسملوو و شەرەفکەندی، بە سەردانی گڵکۆی شەهیدان، سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بە پێی ئیمکان پێشکێش کردنی دیاری و شیرینی بە یەکتر، یادی ئەو رۆژە پیرۆزە زیندوو دەکەنەوە و بە پێشوازی ئەو رۆژە مێژووییەوە دەچن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ۲۰ی ژانویەی ۲۰۰۹

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە فەلەستین

لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردووی زایینییەوە شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان ئەرتەشی ئیسرائیلو ڕێکخراوی حەماس، لایەنگری سەرسەختی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە گۆڕێ دایە. لەو شەڕەدا تا ئێستا نزیکەی ٤٠٠ فەلەستینیو چەند ئیسرائیلی گیانیان لە دەست داوە. بە ڕەتکردنەوەی هەوڵی ئاشتیخوازانەی وڵاتانی جیهان بە تایبەتی فەرانسە لە لایەن ئیسرائیلو حەماسەوە ڕەنگە شەڕەکەو شوێنەوارە ماڵوێرانکەرەکانی لەوەش زیاتر درێژە بکێشێ.

لە بەر دوو هۆی سەرەکی بەشی هەرە زۆری قوربانییانی ئەم شەڕە لە لایەنی حەماسو خەڵکی بێدیفاعی فەلەستینین، یەکەم، ئەرتەشی ئیسراییل دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی نیزامی زەبری زۆر قورس لە فەلەستینییەکان بوەشێنێ. دووەم، حەماس کە بە سەر باریکەی غەززەدا زاڵە بنکە ئیداریو نیزامی‌یەکانی خۆی لە نێو شاری غەززە دا دامەزراندوەو لە کاتی هێرش بۆ سەر ئەم بنکە نیزامییانەی حەماسدا خەڵکی بێدیفاعو مەدەنی وەبەر دەکەون. بە داخەوە لە بەر ئەم هۆیە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان لە ژنو منداڵو پیرو لاو بوونەتە قوربانی. لە بەرامبەردا حەماس بە هاویشتنی مووشەک بۆ نێو خاکی ئیسرائیل جگە لە کوشتنی چەند کەسی بێدیفاع، نەی توانیوە زەرەرو زیانێکی گیانیو ماڵیی ئەوتۆ بە ئیسرائیل بگەیەنێ.

ئەم شەڕە لە حاڵێکدا کە خەڵکی جیهان بەرەو ساڵی تازە دەچنو هەموو خێرخوازانو ئاشتیخوازان بە هیوای ئەوەن جیهانی پڕ لە شەڕو ئاژاوەو تێرۆر لە ساڵی تازەدا ڕووی ئاشتیو ئاسایش بە خۆیەوە ببینێ، ڕووداوێکی تاڵەو هیواو هومێدەکان لەگەڵ ناکامی بەرەو روو دەکا.

ئەم شەڕە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ناوچەیەکی پڕ لە کێشەو ململانە و ڕقەبەرایەتیی دەوڵەتانی ناوچەو جیهانە، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ پێوە بچێو ڕووبەڕووبوونەوەی بەربڵاوتری لێ بکەوێتەوە.

شەڕی نێوان ئیسرائیلو حەماس هەر ئێستا بە تەنیا شەڕێکی نێوان ئەم دووانە نیەو هۆیەکانیشی هەر بەتەنیا بۆ ئەو دوو لایەنە ناگەڕێنەوە.

ڕۆڵی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدانو قووڵکردنەوەی شەڕی نێوان ئیسراییلو فەلەستینییەکاندا هەمیشە ڕۆلێکی بەرچاو بووە. تەنانەت ئەو کاتانەی خودی فەلەستینییەکان ویستوویانە لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە کێشەکانیان لەگەڵ ئیسراییل چارەسەر بکەن، کۆماری ئیسلامی دەستی هەڵ نەگرتووە هەوڵی داوە لە ڕێگەی هێزو ڕێکخراوی لایەنگرو بەستراوە بەخۆ-یەوە هەر چەشنە هەوڵێکی ئاشتیخوازانە پووچەڵ بکاتەوە. ئەم کارەی لە لوبنانیش لە ڕێگەی حیزبوڵڵاوە کردوە. ئێستاش لە فەلەستین لە ڕێگەی حەماسەوە دەیکا. لە ڕاستیدا ئەم شەڕە لە ئاکامی کێشەو ململانێی نێوان ئیسراییلو کۆماری ئیسلامی دایە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کە ئەحمەدی نەژاد بۆتە سەرکۆماری رژێمی کۆماری ئیسلامی، ناوبراو چەندین جار داوای لەنێوبردنی ئیسرائیلی کردوە. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی ئیسرائیل سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی نیزامیی لەو رژێمە کردوە. هەرچەند ئێرانو ئیسرائیل سنووری هاوبەشیان نیەو تا رادەیەکی زۆر لێک دوورن، بەڵام لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی سنووری هاوبەشیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. مەترسییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران سەبارەت بەوەی خاوەنی تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووتری نیزامییە، زیاترەو کۆماری ئیسلامی لەم بارەیەوە لاوازترە. جگە لەوەش ئیسرائیل پشت ئەستوور بە زلهێزێکی وەک ئەمریکایە کە یارمەتی دەدا.

کەوابوو بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە بە هاندانو قووڵکردنەوەی کێشەی ئیسرائیلو فەلەستین سەرنجی بیروڕای دنیای دەرەوە لە مەڕ چالاکییە ئەتۆمییەکانو کردەوە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەکەدا لە سەر خۆی لابەرێو بیروڕای دنیای دەرەوە بە شەڕو کێشەی ئیسرائیلو فەلەستینەوە خەریک بکا. هەر بۆیەش کاتێک ئاگربەسی ٦ مانگەی نێوان حەماسو ئیسرائیل کۆتایی هات، حەماس لە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی دا رای گەیاند ئامادە نیە ئاگر بەسەکە نوێ بکاتەوەو بە هاویشتنی چەند مووشەکێک، بیانووی هێرشێکی ئاوا گەورەو ماڵوێرانکەری دایە دەست ئیسرائیل. کۆماری ئیسلامی بۆ دڵگەرم کردنی حەماس بە توندی پشتیوانی لێ دەکاو فۆڕمی "استشهاد"و بەشداریی بەسیجەکان لە عەمەلیاتی خۆکوژی لە دژی ئیسرائیلدا بە هەڵخەڵەتاوان پڕ دەکاتەوە کە زیاتر لایەنی تەبلیغی هەیە. چونکە روون نیە ئەو هێزە خۆ کوژە بە کوێدا دەبێ بچێتە ئیسرائیل!!

جگە لەمانەش کۆماری ئیسلامی کە ترسێکی زۆری لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی هەیە، هەوڵ دەدا دەوڵەتی ئیسرائیل لە سنوورەکانی خۆیدا بە شەڕێکەوە خەریک بکا کە دەرفەتی داڕشتنی بەرنامەیەکی لەم چەشنەی نەبێو زەمینەی دیپلۆماسیو ناوچەیی بۆ هێرشێکی لەم چەشنە لەنێو بەرێ. وێڕای ئەمانەش لە بەرەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا کە لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆری نێوخۆیی بەرەو روویە، بە جۆرێک کەڵک لەو مەسەلەیە وەربگرێو بە وەڕێ خستنی هەرایەکی زۆر کێشە نێوخۆییەکانی لە بەر چاوی بیروڕای نێوخۆو دەرەوە کەم رەنگ بکاتەوە.

ئەگەر ئەم شەڕە دەسکەوتێکی بۆ لایەنێک هەبێ بێگومان بۆ فەلەستینییەکانی نابێ. یان ئێران بە هێندێک لەو مەبەستانەی خۆی دەگا کە ئیشارەمان پێ کرد، یان ئیسرائیل بە سەرکەوتنی نیزامی، هێندێک ئیمتیازی زیاتر لە فەلەستینییەکان دەستێنێ. ئەوەی لەو شەڕە دا دۆڕاوی سەرەکییە فەلەستینییەکانن. ئەوەی لەو نێوە دا جێی داخەو لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵی تازەی زایینیدا رووی داوە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوانو خێر لەخۆ نەدیوی فەلەستینە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ١٠ی ژانویەی ٢٠٠٩

## داگیرسانی پێنج سەدەمین مۆمی کوردستان

رۆژی ٣٠ی سەرماوەز پێنج سەدەمین ژمارەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو بۆوە.

یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بلاو بۆوە و تا روخانی کۆماری کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ دا ١١٤ ژمارەی لە چاپ درا و ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو بۆوە.

چۆن مێژووی شەشسەد وچەند ساڵەی رابردووی رۆژهەلاتی کوردستان لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان جیا نیە، مێژوو و دەوری رۆژنامە نووسییەکەشی لە مێژوو و دەوری" کوردستان" ئۆرگانی ئەم حیزبە جیا ناکرێتەوە. لە هەر قۆناغێکی مێژووی رۆژهەلاتی کوردستان حزووری هەبووە یان لە هەلومەرجێکی باش دابووە، رۆژنامە نووسی کوردی بە تایبەت رۆژنامەی کوردی لە گەشەکردن دابووە وئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری دروستی بۆ کۆمەلانی خەڵک بە جێ گەیاندووە. لە راستی مێژووی رۆژنامەی کوردستان رەنگدانەوەی مێژووی رۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی بووە و هەوراز ونشیوەکانیان شان بە شانی یەک بڕیوە.

"کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناغی جۆر بە جۆری لە مێژووی خۆی دا بڕیوە. دەورانی دەسەلاتدارێتی کوردی لە سەردمی کۆماری کوردستان دیوە کە وەک رۆژنامەیەکی رۆژانە واتە حەوتووی سێ ژمارەی لێ بلاوبۆتەوە کە ئەو کات لە گەڵ چەند بڵاوکراوەی دیکەی کوردی وەک شۆڕشێکی فەرهەنگی وابوون بۆ کورد.

"کوردستان" قۆناغی نهێنی، تاراوگە و شۆڕش وخەباتی دیون و هەڵگری ئەزموونی هەموو ئەو قۆناغە جیاوازانەیە لە ساڵی ١٣٣٢و١٣٣٣ لە قۆناغی نهێنی دا چەند ژمارەیەکی لە چاپخانەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بە نهێنی بلاوبۆوە. لە قۆناغی تاراوگەدا لە ماوەی ساڵانی ١٣٢٦ تا ١٣٤٠ لە باکۆ لە لاپەرەیەکدا لە گەڵ رۆژنامەی "ئازەربایجان" ئۆرگانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان بلاو دەبۆوە. پاشان لە ساڵی ١٣٤٣ دا لە پراگ لەلایەن شەهیدی نەمر کاک دوکتور عبدالرحمانی قاسملوو چەندین ژمارەی لێ بڵاوبۆوە. بە تێکرایی ئەم قۆناغانەوە واتە لە ساڵی ١٣٢٤وە تا ١٣٤٣ "کوردستان" نزیکەی ١٥٠٠ ژمارەی لە شوێنی جۆراوجۆر و لە لایەن چەندین کەسەوە لێ چاپ و بڵاوبۆتەوە.

قۆناغی ئێستای کوردستان لە رێبەندانی ١٣٤٩وە دەستی پێ کردوە و تا ئێستا درێژەی هەیەو لەو ماوەیەدا ٥٠٠ ژمارەی لێ دەرچووە. "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگری گەلێک تایبەتمەندیی بەرز و گەلێک سەرکەوتنی مایەی فەخر و شانازییە کە هەموو ئەم رابردووە پڕ لە هەوراز و نشیوەی بۆ نووسەران و بەرێوبەرانی جێی شانازییە و هەر ئەم تایبەتمەندییانەش وای کردوە کە ئەم رۆژنامەیە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی رۆژنامەنووسان و رۆژنامەی خوێنان دا خۆشەویست و خاوەنی رێز و ئیعتبارێکی زۆر بێ. زمانی "کوردستان" زمانێکی روون و پاک و پاراو بووە. هونەری بە کوردی نووسین و نووسینی کوردی بە شێوەی بەرز تێیدا

بەکارهاتوە. هەوڵی داوە لە دەربڕین دا کوردانە بنووسێ و کەمترین کاریگەری رستەسازی زمانی دەورووبەری لە سەر بێ. گرینگی ئەو تایبەتمەندییە لەوە دایە کە دوژمنانی کورد بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن سووکایەتی بە زمانی کوردی بکەن و نەیەڵن بخوێندرێ و وردە وردە ئاسێمیلە بکرێ.

نەزاکەت و خۆپاراستن لە بەکارهێنانی قسەی سووک و دزێو تەنانەت لە بەرامبەر دوژمنە جنێو فرۆشەکانیشی دا حورمەت و ئیعتباری ئەم رۆژنامەیەی تارادەیەکی زۆر لە لای خوێنەرانی بردۆتە سەر.

هەرچەند تا ئێستاش لانی کەم لە رۆژنامەنووسیی کوردی دا هەڵەی چاپی و گیروگرفتی ئیملایی خۆی لێ لانادرێ، بەڵام بەو حاڵەش رۆژنامەی "کوردستان" کارنامەیەکی سەرکەوتووی هەیە. نووسەران و بەڕێوەبەرانی ئەم رۆژنامەیە بە وردبینی و رەچاو کردنی رێنووسی پەسند کراوی کوردی کارێکیان کردوە کە خوێنەر لە نەبوونی رێنووسی یەکدەست دا سەری لێ نەشێوێ.

دەیان نووسەری بەتوانای کورد، شاعیر، کەسایەتیی سیاسی قەڵەمەکانیان لەم رۆژنامەیەدا بەکار هێناوەو کاریان تێدا کردوە، رێزو خۆشەویستی ئەو کەسانە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بۆتە هۆی رێزو خۆشەویستیی رۆژنامەی کوردستان لە نێو خوێنەرانی دا.

"کوردستان" لە قۆناغی ئێستای دا سەرەرای ئەوەی لە قۆناغی خەبات و شۆڕش دا دەژی، بەو حاڵەش لە مەسەلە فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری، و بواری جۆراوجۆری دیکەی وەک کۆمەڵایەتی و مەسەلەکانی تایبەت بە ژنان و لاوان و منداڵان غافڵ نەبووە، هەر بۆیەش خوێنەرەکانی جۆراوجۆرن و خۆشەویستی و ئیعتباری بەربڵاوترە.

لەگەڵ هەموو ئەو سەرکەوتن و شانازییانەدا "کوردستان" بێ کەموکووڕی و بێ گیروگرفت نیە. ئەم دەورەیەی "کوردستان" کە نزیکەی ٣٨ ساڵە درێژەی هەیە و ٥٠٠ ژمارەی لێ دەرچووە، ئەگەر لە حاڵەتی ئاسایی دا و بە ئازادی بڵاو بووبایەوە خۆی لە چەند هەزار ژمارە دەدا، بەڵام هەلومەرجی سەخت و دژواری خەباتی گەلی کوردو شەڕی داسەپاو لە دژی بزووتنەوەی کورد هەلومەرجی دەرچوونی کوردستانیشی یەکجار زۆر سەخت دژوار کردوە. ئەگەر ئیرادەی بەڕێوەبەرانی نەبووایەو ئەوین و سەوداسەریی بەڕێوەبەران و نووسەرانی بە رۆژنامەنووسی و گرنگیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە راگەیاندن و ئازادیی بیروراو دەبڕین نەبووایە، "کوردستان" ئەوەندە سەرکەوتنەشی وەدەست نەدەهێنا.

نەبوونی ئیمکانات، جێ گۆڕکێی بەردەوام بە هۆی هێرشی هێزەکانی دوژمن، تۆپباران و بۆمبارانی دوژمن ئیزن و دەرفەتی ئەوەی بە بە رۆژنامەی کوردستان نەداوە کە ژمارەی زیاتری لێ دەرچێ. لەم چەند ساڵەی دواییدا مانگێ دوو ژمارەی لێ دەرچووە ئەگینا بە شێوەی مانگانە چاپ و بڵاو بۆتەوە.

لە هەمووی ئەمانە گرنگتر دەرکردنی رۆژنامەی "کوردستان" مەترسیدارەو نووسەران و بەڕێوەبەرانی لە روانگەی کۆماری ئیسلامی و رێژیمی پێشووشەوە جیاوازیی نەبووە لەگەڵ کاری پێشمەرگەی کوردستان کە لە سەنگەری بەربەرەکانێ دایە. بەداخەوە ژمارەی

شەهیدانی قەڵەم لە "کوردستان" دا کەم نین. دێڕو لاپەڕەکانی "کوردستان" نەک هەر بە فرمێسک بەڵکوو بە خوێنیش نووسراون و دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە هەلومەرجی دژواری خەبات و بەربەرەکانی دا بۆ خۆی حەماسەیەکە.

ڕۆژنامەی "کوردستان "سەرەڕای ئەو هەورازو نشێوە سەخت و دژوارەی تێپەڕی کردوە، ڕۆژنامەیەکی بەنەزاکەت، سەنگین و لە رووی جۆراوجۆریی بابەتەوە ڕۆژنامەیەکی پڕ نێوەڕۆک و جۆراوجۆر بووە. لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە گرنگتر ڕۆژنامەیەکی ئازادیخوازەو شانبەشانی راگەیەنەکانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵ و دەورێکی گەورەی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازانە لە نێو کورددا هەیە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠٠٨

# شەپۆلێکی دیکەی ڕەشبگیری

لە مێژووی ٣٠ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا قەت ڕۆژێک نەبووە گرتە و زیندانی کردنی خەڵک بە هۆی تێکۆشانی سیاسی و هەبوونی بیرو باوەڕی جیاوازی تێدا نەبێ. بەڵام جاری وایە شەپۆلێک لە گرتن و زیندانی کردنی خەڵک وەڕێ دەکەوێ کە حەددی "معمول" تێ دەپەڕێ و وەکوو قەیرانێک بۆ خەڵک خۆی دەنوێنێ.

لەم چەند مانگەی دواییدا کۆماری ئیسلامی شەپۆلێکی دیکەی لە دەسبەسەرکردنی خەڵک وەڕێ خستوە. لەو ماوەیەدا سەدان کەس لە خەڵکی کوردستان لە لایەن مەئمووورانی ڕێژیمەوە گیراون و ڕەوانەی زیندانەکان کراون. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەئموورانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم خەریکی چاوەدێری و کۆنترۆڵی جموجۆڵی خەڵکن و دەستیان لە گرتن و دەسبەسەر کردنی خەڵکدا ئاواڵایە. ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، ئایینی، بازاڕی، کاسبکار، خوێندکار، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی لە کونجی زیندان پەستێوراون. بەڵام هێرشی ڕەشبگیریی کۆماری ئیسلامی زیاتر بۆ سەر ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسان، خوێندکاران و چالاکانی مەدەنییە.

ئەزموونی ٣ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ڕەشبگیری و زیندانی کردنی خەڵک وا دەرخستوە کە ئەم ڕێژیمە هەرکات تووشی قەیرانێکی نێوخۆیی یان ناوچەیی بووە، دەست بۆ ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە دەبا بە خەیاڵی ئەوەی کە لە ڕاست ڕەخنەو ناڕەزایەتیی خەڵک بێ خەم دەبێو چاوترسێنیان دەکا. هەر دوو مەرجی نێونەتەوەیی لە پێوەندی بە چالاکیی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیدا و هەڕەشە لە ئیسرائیل و کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدا وڵاتانی دەرەوەی نیگەران کردووە ئەوانی لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا لە هەرکات یەکدەنگ و یەکگرتووتر کردوە. حوزووری نیزامیی ئەمریکا لە دەوروبەری ئێران هەلومەرجێکی دژوارتری بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێناوە. لە نێوخۆشدا نەفرەت و ناڕەزایەتیی خەڵک هەروا لە پەرەگرتن دایە، دوای چەندین ساڵ سەرکوت و پیلانی جۆراوجۆری ئەم ڕێژیمە لە دژی کوردو بزووتنەوەکەی، ئەمساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان حزوورێکی هەمەلایەنەو فەعالی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیەو گیانێکی نوێی وەبەر بزووتنەوەی کورد ناوەتەوە. ئەم هەلومەرجە فشارێکی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی هێناوەو ترسێکی زۆری وەبەر ناوە.

کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجەدا دژکردەوەی جۆراوجۆر لە خۆی نیشان دەدا کە یەکێکیان ڕەشبگیری و وەڕێخستنی شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و زیندانی کردنی خەڵکە. مەبەستی کۆماری ئیسلامی پێشگیری لە پەرەگرتنی ناڕەزایەتیی خەڵک و چاوترسێن کردنی ئەوان و پێشگیری لە هەڵسوڕانی چالاکانی مەدەنی و ڕووناکبیرانە کە کاریگەریی موسبەتیان لە سەر خەڵک هەیە. بەڵام ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی جگە لە ئازارو ئەزیەتدانی بەندکراوان و بنەماڵەکانیان هیچ دەسکەوتێکی سیاسی نەبووەو نابێ و بەم کردەوەیەی ناتوانێ هەلومەرجی خراپی سیاسی بە قازانجی خۆی بگۆڕێ. جگە لەوەی تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵک لەو ڕێژیمە زیاتر دەبێ و مەودای نێوان ڕێژیم و خەڵک لەوە زیاتر لێک دەترازێ، شەرمەزاریی و مەحکوومییەت لە نێو کۆڕو کۆمەڵەکانی

لایەنگری مافی مرۆڤ بۆ خۆی دەگێڕێ، هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نابێ. ئەگینا ئەزموونی هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرو تەنانەت ئەزموونی ٣٠ساڵ گرتن و زیندانی کردنی تێکۆشەران و خەڵکی ئازادیخواز ئەوەی سەلماندوە کە ئەو حکوومەتانە بەم کردەوانە بتوانن شتێک بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. گرتن و زیندانی کردنی سەدان و تەنانەت هەزاران کەس رەنگە ئیمکانی هەبێ، بەڵام گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵانی ناڕازی و بێزار لە رێژیم نە ئیمکانی هەیەو نە لە توانای هیچ رێژیمێک دایە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا جێی نیگەرانییە تەنیا بارودۆخی خراپی بەندکراوان و زیندانییانە. چونکە زیندانییانی بەندکراو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ چەشنە مافێکی زیندانی و ئینسانییان نیە. ئەشکەنجەو ئێعدامی ناڕەوا لە کۆماری ئیسلامیدا باوە، نەبوونی دادگایەکی عادڵانە، پێڕانەگەیشتن بە وەزعییەتی لەشساغیی زیندانییان، تێکەڵکردنی زیندانییانی سیاسی لەگەڵ قاچاغچی و تاوانباران هەڕەشە لە زیندانییانی سیاسی دەکا.

بۆ پێشگیری لە رەشبگیریی کۆماری ئیسلامی و شەپۆلی نوێی گرتن و زیندانی کردنی خەڵکی کوردستان لە پێشدا لە سەر هێزە سیاسی و ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە وشیار کردنەوەو ئاگادارکردنەوەی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی سەرانسەری جیهاندا یەکدەنگ و چالاک بن بۆ ئەوەی دنیای دەرەوە بە تایبەتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن دەست لەو کردەوە دژی ئینسانییانە هەڵ بگرێ. پاشان لە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە لە بەرامبەر گرتن و دەسبەسەر کرانی رۆڵەکانیاندا بێ تەفاوەت نەبن و بە رەخنەو ئیعترازی مەدەنی، فشار بۆ دامودەزگاکان و بەرپرسانی رێژیم بێنن و پێش بە درێژەکێشانی ئەم رەشبگیرییە بگرن. رابردوو نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای زەبرو زەنگ و سەرکوت لە بەرامبەر ئیرادە و حەرەکاتی جەماوەریدا پاشەکشە دەکا و بە ئاسانی ناتوانێ درێژە بە کردەوە دژی ئینسانییەکانی بدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٨

# لە دە ساڵی قەتڵە زنجیرەییەکان دا

دە ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی ١ی سەرماوەزی ١٣٧٧دا داریووشی فرووهەر سیاسەتمەداری ئازاو رەخنەگرو ناسراوی ئێران و هاوسەرەکەی پەروانەی ئەسکەندەری لە ماڵی خۆیان دا بە شێوەیەکی دڵتەزێن تیرۆرکران. زۆری پێ نەچوو دوو رووناکبیرو دوو نووسەری دیکەش بە ناوەکانی محەممەدی موختاری و محەممەد جەعفەری پوویەندە بە دەستی مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی وەحشیانە تیرۆرکران. پاشان نۆرە گەیشتە ئیبراهیمی زال زادە یەکێکی دیکە لە نووسەرە رەخنەگرەکان و گیانی لێ ئەستێندراو دەستدرێژی کرایە سەر گیانی چەند کەسی دیکەش. ئەم ریزە تیرۆرە کە لە ئێران دا بە "قەتڵە زەنجیرەییەکان" ناوبانگی دەرکرد وەک بوومەلەرزەیەک کۆمەڵگەی ئێرانی دوای هاتنە سەرکاری محەممەدی خاتەمی سەرۆک کۆماری رێفورمخوازی هەژاندو ئەوانەی لە شیرین خەوی رێفورمخوازیی دەوڵەتی خاتەمی دا بوون و لە ماهیەتی ئەسڵیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی غافڵ ببوون، راچڵەکاند.

لە سەرەتا دا رێبەرانی کۆماری ئیسلامی تاوانی ئەم کوشتارەیان دایە پاڵ دوژمنانێکی خەیاڵی کە مەبەستیانە ئاسایشی ئێران بشێوێنن و ئەم کردەوانەیان بە کاری دوژمنانی خەڵکی ئێران لە قەڵەم دا. زۆری نەخایاند بە هۆی خەباتی شێلگیرانەو یەکگرتووانەی خەڵکی ئێران و رەخنە و ئیعتراز و بەدواداچوونی بەردەوامیان لە سەر ئەو مەسەلەیە سەرەداوەکان چوونەوە وەزارەتی ئیتلاعات و گەلاڵە دارێژو بەرێوەبەرانی ئەم جینایەتانە بۆ خەڵکی ئاشکرا بوون و دەرکەوت ئەم جینایەتانە کاری بێگانەو دوژمنانی خەیاڵیی خەڵکی ئێران نین، بەڵکوو کاری دوژمنانی واقعیی ئەوان واتە دامودەزگا تیرۆریست و جەهەننەمی یەکانی کۆماری ئیسلامییە.قوربانیانی قەتڵە زەنجیرەییەکان لە راستی قوربانیی کێشەو ململانی نێو دەسەلات بوون. دەسەلاتدارانی ئەسڵیی رێژیم ترس و نیگەرانییان لە پەرەگرتنی رێفورم و لاوازبوونی دەسەلاتیان هەبوو. بۆیە بۆ پێشگیری لە پەرەگرتنی رەوتی ریفۆرم کە بەشی زۆری لە سەرشانی رووناکبیران بوو، ئەم ترس و وەحشەتەی وەرێ خست. ئەگەر خەباتی شێلگیرانەی خەڵکی ئێران نەبوایە، ژمارەیەکی زۆری دیکە لە نووسەران، روناکبیران و رۆژنامە نووسان کە لە "لیستی رەشی" وەزارەتی ئیتلاعات دا بوون دەبوونە قوربانی. دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو بە هۆی ئەو هێزە نیزامی و ئەمنیەتییانەی لە بەردەستیان دایە دەتوانن ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگرو ئازادیخوازان قەلاچۆ بکەن و ئاشکراش نەبن. لە لایەکی دیکەش بە هۆی ئەو تەوەهومەی لە دنیای دەرەوە سەبارەت بە دروشمە بریقەدارەکانی خاتەمی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا دروست ببوو، پێیان وابوو کەس شک و گومانی بۆ ئەوان ناچێ. جگە لەمانەش، کۆماری ئیسلامی بە دەیان تیرۆری دیکەی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دابوون جگە لە رووداوی میکۆنووس کە بە تەڵەوە بوو لەمانەش دا بێ ئارەقە دەمێنێتەوە. ئەزموونی رابردووی کۆماری ئیسلامی ئەوە دەسەلمێنێ هەرچەشنە بێ تەفاوەتی یان هەڵەیەک لە بارەی ئەم رێژیمەدا کارەساتی ئینسانیی لێ دەکەوێتەوە کە بەداخەوە خەڵکی ئێران دەبێ نرخەکەی بدەن. ئەو کات زۆر کەس فریوی وەعدو بەڵێنەکانی خاتەمییان خواردو زۆر وڵاتی جیهان مرخیان لە دروشمەکانی خۆش کرد کە قازانجە ئابووری یەکانیان لە ئێران دا بکەوێتەگەڕ. لە ئاکامدا ژمارەیەک لە بەوەجترین رۆڵەکانی خەڵکی ئێران بوونە قوربانی.

مەسەلەی قەتڵە زەنجیرەییەکان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، هەرچەند دە ساڵ لەو رووداوانە تێدەپەڕی و ئێستاش بڕیاردەرانی ئەم جینایەتانە هەروا لە دەسەڵات دان و خوێنی بە ناهەق ڕژاوی ئەو پۆلە ڕووناکبیرە هەروا بە فیڕۆ دەچێ، بەڵام مەودای قەتڵە زەنجیرەیی یەکانی کۆماری ئیسلامی یان باشتر بڵێین تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە زیاترە. لە کوردستان دا ماوەیەک دوای ئەم جینایەتانە، تیرۆری مەلای ئاییینی و نیشتمانپەروەری کورد مەلا محەممەدی ڕەبیعی لە شاری کرماشان، نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە تیرۆرانەیە.

قەتڵە زەنجیرەیی یەکانی سەرماوەزی ١٣٧٧ تەنیا بەشێک لە شێوەو تاکتیکە تیرۆریستی یەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە باری زمانی یەوە ڕابردوویەکی بە قەد تەمەنی ئەو ڕێژیمەی هەیە. لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تیرۆر بەشێک بووە لە کردەوەکانی. تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە رووی مەکانەوە سنوورێکی نەبووە، لە چەندین وڵاتی ئورووپایی دا دەیان کەس لە ناودارانی سیاسی، ڕووناکبیرو تێکۆشەری ڕیگەی ئازادی بە دەستی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندرا. ڕۆڵەکانی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قوربانیی سەرەکیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بوون کە دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان د. عەبدولرحمن قاسملو و د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان لە بەناوبانگترین قوربانییەکانن. لە عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەیان کەسی دیکە لە خەباتگێران و ناڕازییان بە دەستی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران، کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قوربانییانی سەرەکی بوون.

قوربانیانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە رووی بیروباوەڕەوە جۆراوجۆرن بەڵام خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەمووان زیاتر تامی تاڵی ئەو تیرۆریزمەیان چێشتوە.

بەداخەوە تا ئێستا دژکردەوەی دنیای دەرەوەو تەنانەت بیرورای نێوخۆش لە بەرامبەر کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی وەک یەک نەبووە. ئەگەر بێدەنگی و تەنانەت هاوکاری – بۆ وێنە هاوکاری دەوڵەتی ئوتریش لە کاتی تیرۆری د. قاسملووی نەمردا لەگەڵ ئێران – لە بەرانبەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا نەبووایە، کار نەدەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە نووسەران و شاعیرانیش ئاوا بێبەزەییانە قەڵت و بڕ بکرێن.

قەتڵە زەنجیرەییەکان و کردەوە تیرۆرستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆو دەرەوە ئەزموونێکین بۆ هێزە ئازادیخوازەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران و تەنانەت دنیای دەرەوە کە دەبێ لانی کەم لەم مەسەلەیەدا لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا یەک دەنگ بن.

هەر ئەم جینایەتانەی ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدەن و ڕۆژ نیە چەند کەس لە ڕۆڵەکانی کورد بە هۆی مینی چێندراو لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە یان دەسرێژ لە خەڵکی کاسبکارگیانیان لە دەست نەدەن، ئەگەر لەگەڵ دژکردەوەی خەڵکی سەرانسەری ئێران و بیرورای گشتیی دەرەوە بەرەوڕوونەبێ، سبەی لە سەرانسەری ئێران دا دووپات دەبنەوە.

با یادو بیرەوەری دەساڵەی قەتڵە زەنجیرەیی یەکان بکەین بە سەرەتایەک بۆ هەوڵدان لەپێناوی وەگەڕ خستن و بە ئاکام گەیاندنی پەروەندەی هەموو ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون.

بەرزو بەڕێز بێ یادی قوربانیانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە سەرماوەزی ١٣٧٧ دا و هەموو قوربانیانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

ڕێکەوتی : ٢٢ی نوامبری ٢٠٠٨

# لاوی کورد لە پێناوی چ دا بەسیج دەبێ؟

ماوەیەکە ڕێژیمی کوماری ئیسلامی هەوڵێکی زۆرترو بەربلاوتری لە چەکدارکردنی خەڵک، بە کریگرتنیان لە بواری نیزامی یان ئەوەی بۆ خۆی پێی دەڵێ بە بەسیج کردنی خەڵک دا، بەکارهێناوە. ئەم هەوڵە زیاتر ڕووی لە توێژی لاو دایە و لە ڕێگەی جۆراوجۆر یەک لەوان بە تەماع وەبەرنان و بەکارهێنانی پووڵ و پارە هەوڵ دەدا بیانکاتە ئامرازی دەستی خۆی.

کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی زەمینەی بێکاری و هەژاریی لە نێو خەڵک دا پێک هێناوە. هەوڵ دەدا لە نێو لاوانی بێکارو بێ دەرەتان دا بەسیج گیری بکا. هەوڵ دەدا لایەنی ئابووری و مادی بەو دیاردەیە بدا و بەسیجی وەک شوغڵ و سەرچاوەیەک لە داهات دێنێتە پێش چاوی لاوانی بێکارو بێ داهات و بێ داهاتووی وڵات. بەڵام بەداخەوە کەسانێک فریوی ئەم تاکتیکەی کۆماری ئیسلامی دەخۆن و بێ خەبەرن لەوەی کە لە بەرانبەر پووڵ و پارەیەکی کەم بایەخ دا غروورو کەسایەتیی ئینسانی، نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازییان لێ دەستێنێ و لە دژی خەڵک و نەتەوەکەیان دا بەکاریان دێنێ.

چەکدارکردنی خەڵک بە تایبەتی لاوان لە ڕێگەی بەسیجەوە لە کۆماری ئیسلامی دا دیاردەیەکی تازە نیە. ئێران سەرەڕای ئەوەی خاوەنی هێزی ئەرتەشە، هەرکات کۆماری ئیسلامی هەستی بە مەترسیی دەرەکی یان نێوخۆیی کردوە دەست دەکا بە بەسیج کردنی خەڵک. ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و ناوچەکەدا نیشان دەدا کە ئەم ڕێژیمە ترسی لە هەلومەرجێک هەیە کە ئێستا بە سەر ئێران و ناوچەدا زاڵە. چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە نهێنی، وڵاتانی بەهێزی دنیای لە دژی ئەم ڕێژیمە لە دەوری یەک کۆکردۆتەوە. هەرۆشە لە ئیسرائیل و پشتیوانی لە تاقمە تیرۆریستەکانی لوبنان و فەلەستین و هەروەها ئاژاوەگێری لە عێراق دا زیاتر لە هەمووکات دنیای دەرەوەی لەو ڕێژیمە تورە کردوە. هەردوو کاندیدای سەرکۆماریی ئامریکا مەسەلەی بەکارهێنانی هێزی نیزامی لە دژی کۆماری ئیسلامییان بە تەواوی و یەکجاری وەلا نەناوە.

لە نێوخۆدا ڕەخنەو نارەزایەتیی چین و توێژەکانی خەڵکی وڵات لە پەرەگرتن دایە، مانگرتنی کرێکاران، مامۆستایان و بازاڕیان لەم دواییانەدا، نارەزایەتی لە بەرانبەر بارودۆخی خراپی ئابووری بە شێوەیەکی بێوێنە ڕوودەدەن. لە کوردستان سەرەڕای ئەمانە بووژانەوەیەک لە بزوتنەوەی کورد دا بە دی دەکرێ، حوزووری سیاسی و تەبلیغیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا گۆمی مەندو راوەستاوی رابردووی شڵەقاند.

دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەو ترس و نیگەرانییانەدا خۆ توندوتۆڵ کردن لە باری نیزامی دایە. لە خەلیجی فارس پێگەی نیزامیی خۆی، دادەمەزرێنێ، تۆپ و مووشەکی دوورهاوێژ بە تاقی دەکاتەوە، سنوورەکانی لەگەڵ عێراق لە هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکا و پەرە بە دیاردەی بەسیج دەدا.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەم هەنگاوانە و ئەم قایمکاری یە چ سوودێکی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ؟ ئەگەر وا دابنێین کۆماری ئیسلامی لە بەسیج کردنی خەڵک دا وەک حیزبی رەستاخیز لە سەردەمی پاشایەتی دا توانی زۆربەی خەڵک بکاتە ئەندام، دیسان نابێ دڵنیا بێ لەوەی کە لەو مەترسییانەی لە سەر رێگەیەتی رزگاری دەبێ. نمونەی ئەم جۆرە کردەوانە لە مێژووی دیکتاتۆرەکان دا زۆرن. هەر لە پەنا ئێران و لە وڵاتی عێراق دا رێژیمی سەدام حوسێن توانیبووی وەک ئەوەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەیکا، خەڵکێکی زۆر بە پووڵ و پارە و بە فێڵ و تەڵەکەیان بە زۆرە ملی چەکدار بکا. کاتێک کەوتە تەنگانەوە هەرئەو چەکانە رووبەرووی خۆی بوونەوە.

پاشان کەسێک کە لە بەر هەژاری و نەداری و بۆ دەرباز بوون لە ژیانی کولەمەرگی ناچار دەکرێ ببێتە بەسیج کوا دەکرێ ببێتە سەربازێکی فیداکار بۆ ئەو رێژیمە و گیانی خۆی لە مەترسی باوێ؟ بیروباوەڕو هەستی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی و وڵاتپارێزیی خەڵک بەرەو بەسیج هان نادەن، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەگەر کەسێک خاوەنی ئەو هەستە پیرۆزانە بوو، راست ئەو کاتە کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر خۆی دا دەبینێ.

لاوی کورد کە فریوی بەسیج دەخوا و لە کوردستان دا پێی دەڵێن "جاش" نەک لە رووی هەستێکی پیرۆزی شۆڕشگێڕانە، وڵاتپارێزانە و گەلدۆستانەوە بەڵکوو لە بەرانبەر کرێیەکی نزم دا بە تەڵەی دوژمنەوە دەبێ. ئەو کەسانە دەبێ وشیاربن و لە سەر دڵسۆزانی کوردە وشیاریان بکەنەوە کە رێژیم ئەم جۆرە کەسانە لە دژی نیشتمانەکەیان، نەتەوەکەیان و تەنانەت دەرو دراوسێ و بنەماڵەی خۆیان دا بە کاریان دێنێ. ئەو کەسانەی جگە لە شەرمەزاری و سەرشۆڕی شتێکی دیکەیان بە نسیب نابێ و کۆماری ئیسلامی تا سەر بۆ وان ناژی و رۆژێک دا دێ کە دەبێ لەگەڵ نەتەوەکەیان پاکانە حیساب بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ١٦ی نوامبری ٢٠٠٨

# بیدەنگی بیروڕای گشتی لە ئاست پەرەگرتنی تاوانەگانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا

لە ماوەی چەند رۆژی رابردووو کەمتر لە مانگێگ دا شاهیدی پەرەگرتنی زیاتری توندوتیژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بووین. لەو ماوەیەدا ٢٥ کەس بە گوللەی مەئمورانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی کوژران وبریندداربوون ئەم ژمارەیە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە کوژران و بریندداربوونیان زانراوە، ئەگینا رەنگە ئامارەکە لەوەش زیاتر بێ.

راستییەکی تاڵ و لە رووی زەمانییەوە لە مێژینەیە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوویە و بەداخەوە هەموو رۆژێ دووپات دەبێتەوە کە هێزی نیزامیی دەوڵەتی ناوەندی لە جیاتی پاراستنی سنوورەکان و بەرقەرارکردنی ئەمنییەت و ئاسایش، بۆخۆیان دەبنە هۆی هەڕەشەو، ئاسایش لە خەڵکی ناوچەکان هەڵ دەگرن.

رۆژ نیە خوێنی کوڕە کوردێک و کاسبکارێک بە ناهەق بە دەستی هێزەکانی رێژیمەوە نەڕژێ. ئاماری کوژراوو برینددارانی ناوچە کوردنیشیەکان کە رۆژانە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تەقەیان لێ دەکرێ لە ئاماری کوژراوو بریندداری زۆر ناوچەی دنیا کە بە ناوچەی شەڕلێدراو دەژمێردرێ زیاترە. لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دا کە سەردێڕی هەواڵی راگەیەنە گشتییەکانی جیهانە زیانی ئینسانی بەو رادەیە نیە.

بەشی زۆری ئەو کەسانەی رۆژانە بە دەستی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن یان برینددار دەبن لەو چینە هەژارو کاسبکارە زەحمەتکێشانەن کە بوونەتە قوربانیی سیاسەتی فەرق و جیاوازیدانانی سیاسی و ئابووریی رژیمی ئیسلامیی ئێران لە دژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان. رۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆی بەشێکە لە وڵاتێک کە بە هۆی سیاسەتی غەڵەتی رێژیمەوە لە قەیرانێکی قووڵی ئابووری دا دەژی. جگە لەوەش کوردستان لە باری ئابوورییەوە زۆر دواکەوتووتر راگیراوە. رێژیم وای کردوە کە ئیمکاناتی ئابووری زیاتر لە ناوەند دا کۆبێتەوەو تا لە ناوەندەوە بەرەو سنوورەکان دەڕوا ئەو ئیمکاناتە کەمڕەنگ دەبێتەوە، بە تایبەتی لە کوردستان دا کە هەم لە رووی نەتەوەیی و هەم لە رووی ئایینییەوە لەگەڵ ئایین و نەتەوەی دەسەڵاتداران جیاوازە. هەربۆیە رادەی هەژاری و کەمداهاتی لە کوردستان دا زۆر زیاترە.

کۆماری ئیسلامی نەک هەر رێگە چارەیەک بۆ ئەم قەیرانە ناگرێتە پێش، بەڵکوو کەڵکی سیاسیی لێ وەردەگرێ و هەوڵ دەدا بە دانی هێندێک ئیمتیازی ئابووری و پووڵ و پارە کەسانێکی موحتاج بۆ لای خۆی راکێشێ و لە دژی خەڵکی ناوچەی خۆیان کاریان پێ بکا. بەڵام کەسانێک هەن بۆ دابین کردنی بژیوی ماڵ و منداڵ و بنەماڵەکانیان ناچارن رێگایەک بگرنە بەر کە زۆر پڕمەترسییە لە کۆڵبەری و هێنان و بردنی شتومەک لە سنووری دەستکردی نێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دا.

لەو هەلومەرجەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی رق و کینی خۆیان بەو کاسبکارە هەژارو بێدەرەتانانە دەرێژن و بەو پەڕی بێ روحمییەوە دەیان دەنە بەر دەسڕێژو گیانیان لێ دەستێنن. لە حاڵێک دا ئەم کەسانە تەنیا کارێکی ئابووری دەکەن، نە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵات و نە هێزی بێگانەن. بە پێی هیچ یاساو دەستوورێک تەقەلێ کردن و کوشتنی ئەو کەسانە رەوا نیە و ئەمە تەنیا شێوەیەکە لە شێوەکانی لە نێوبردنی نەتەوەی کورد.

ئەم جینایەتانەی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان روو دەدەن بە داخەوە دەنگیان لێ نایەو لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان ونن. رۆڵەکانی نەتەوەیەک لە بێدەنگی و سانسۆردا خەریکە قەڵت و بڕدەکرێن بەڵام بەڕادەی زۆر رووداوی لەمانە بچووکتر لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان دەنگدانەوەی نیە. تەنانەت بیروڕای غەیرە کوردی نێوخۆی وڵاتیش ئاوڕ لەو مەسەلەیە ناداتەوە. ئەوەندی خۆی بە رووداوی رۆژانەی تاران و چەند شاری گەورەی دیکەی ئێرانەوە خەریکە، گوێ بەو جینایەتانە نادا کە رێژیم لە کوردستان لە پەنا خۆی و لە بەر چاوی خۆی دەیان خوڵقێنێ.

ئەگەر بڕوانینە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، جگە لە کوشتاری خەڵکی ناوچە سنوورییەکان، کارەساتەکە لەوەش گەورەترو تاڵترە. بێ تەفاوەتیی بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوە لە بەرانبەر ئەو جینایەتانە لە کوردستان دا دەرەتانی هاوارو بەرزبوونەوەی دەنگی دادخوازانەی لە کورد بڕیوە.

لە رۆژگارێکی ئاوا شووم و سەخت دا لە سەر هێزە کوردییەکانە کە ئەو بێدەنگییە بشکێنن و سەرنجی دنیا بۆ کارەساتێکی ئینسانی کە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان شاراوەیە رابکێشن. ئەرکی سەرشانی هێزە کوردییەکان و راگەیەنە گشتییەکانیانە کە گرنگی بەو مەسەلانە بدەن. پێویستە لە قاودانی ئەم جینایەتانە و راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی، بەشێکی بەرچاو لە دیپلۆماسیی هێزە کوردییەکان بێ.

لە هەلومەرجێکی ئاوا تاڵ و ناخۆش دا لە سەر هێزە کوردستانییەکانە کە یەکگرتوو و یەک دەنگ هاواری لە گەروودا خنکێندراوی رۆڵەکانی نەتەوەکەیان بە گوێی دنیا بگەیەنن تا کۆماری ئیسلامی ئاوا بە ئاسانی و بە دوور لە رەخنەی خەڵکی جیهان درێژە بەو جینایەتانەی نەدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

رێکەوتی : ١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨